

# خاڵ لەسەر پیت



# خاڵ لەسەر پیت

پ.د. سەباح بەرزنجی

# خاڵ لەسەر پیت

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (١٠٠)

- نووسینی: پ.د. سەباح بەرزنجی
- بابەت: ئایینی
- دیزاین: ڕەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ٢٠٢٠ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٠٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

# ناوەڕۆک


پێشەکی سەنتەری زەهاوی ........................................................ ٧
پێشەکی ......................................................................... ٩

**بەشی یەکەم: بابەتە ڕۆشنبیرییەکان ..................... ١١**
پەیڤێک لەسەر کەلەپوور و ڕێکارەکانی دووبارە خوێندنەوەی ............ ١٣
بانگەواز و سیاسەت، دوانەی لێکدانەبڕاو .......................... ٢١
فەتوای شەرعی شرۆڤەیەکی هزریی و بنەمایی ....................... ٢٨
زمان لە فەرهەنگ و هزری ئیسلامیدا .................................... ٣٨
پەیڤێک لەسەر بەها زانستییەکان و ڕەنگدانەوەیان لەتوێژینەوە ئایینییەکاندا ٤٧
هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە (گفتوگۆ) ............... ٥٧
سیاسەتگوزاریی پەروەردەیی وەک مەرجێکی بنەڕەتیی سەروەریی ........... ٦٧
"ڕووناکبیر و ڕۆڵی لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا"لە (گفتوگۆیەکی کراوە) ....... ٨٣
ڕەمەزان فێرگەی قورئان و پەروەردەی مرۆڤ ......................... ٩٥
تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی ......................... ١١٢
عیرفان و عاریف ........................................................ ١١٩
پوختەیەک لەسەر تەریقەت، سوهرەوەردییە و نەقشبەندییە ............... ١٢٣
لاوان وەک چەمک و ڕوانینی قورئان و فەرهەنگی ئیسلامی .................. ١٢٩
هاوڵاتیبوون وەک چەمک و ڕاستییەکی مێژوویی دیدێکی ئیسلامییانە ....... ١٣٥
نەخشەی بیری سیاسیی لە ئیسلامدا ......................................... ١٥٤
سەرنجێک بۆ پەروەردە و بنیاتنان لە ڕوانگەیەکی قورئانییەوە ................ ١٥٩
میانڕەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروەردەیەکی ئیسلامیی هاوسەنگدا ....... ١٦٢
پەیڤێک لەسەر مەرجەعییەت ........................................................ ١٦٥
تەڵاق وەک چارەسەرێکی تاڵ ...................................................... ١٧٢

لەبارەی سەری ساڵەوە .......................................................................... ١٧٥
مانگی مەولوود: مەوسیمێک بۆ مەحەببەت و پەیڕەویی ........................... ١٨٠
پێغەمبەرناسیی لای مەحوی ........................................................................ ١٨٣
توێکاریی مەعریفەی سیاسیی لە شیعرێکی شاهۆدا .............................. ١٩٨
تەسەوف: چەند راستیی و چەمکێک ..................................................... ٢٠٦
پەیڤێک لەسەر رەسەنایەتی عەقلانییەت لەمەنزومەی مەعریفەی ئیسلامیدا ٢١٢
ئازادی رادەربرین وەک مافێکی شەرعی و دەستووری ............................. ٢٢٠
پەیڤێک لەسەر پەیام و فەلسەفەی حەج .................................................. ٢٢٣
سەرنجیکی خێرا لە وڵاتی سوید و سیستەمە پەرلەمانییەکەی ...................... ٢٣٠
ئیسلام گەردوونیک لە هزر و ئەندیشە ....................................................... ٢٣٧

**بەشی دووەم: کەسایەتییەکان ..................................................... ٢٤١**
پەیڤێک لەسەر سەردەمی موسەنیف و میتۆدی لە (الوضوح) و (الطبقات)دا .. ٢٤٣
مەلا حامیدی بێسارانیی چمکێک لە ژیان و بەرهەمی ................................ ٢٥٦
فەخرولعولەما ناسراوی سەردەمی خۆی و گومناوی ئێستا ......................... ٢٦٠
شەمسەدینی شارەزووری گەورە ڕاڤەکاری حیکمەتی ئیشراق ...................... ٢٦٦
مەلا عەبدولکەریمی مودەریس دەریایەکی زانست و گەنجینەیەکی نەتەوەیی ٢٦٩
زانا و بەهرمەندی گەورە: ئەحمەدی تورجانی زادە ..................................... ٢٧٤
خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ بزاڤی ئیجتیهاد لە بیری نوورسیدا ........................ ٢٧٩
لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی مامۆستا هەژار ........................................ ٢٨٦
عەللامەی زەڵمی، هەڵکەوتووی رۆژگار ..................................................... ٣٠٥
سەجادی، بیرێکی گەورە و قەڵەمێکی نەمر ................................................. ٣٠٨
لە ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستای زانا و نووسەری دانای کورد:
(ئەحمەد کاکە مەحموود)دا، پەیڤێک بۆ قەدردانی لە مەلای کورد ............. ٣١٣

# پێشەکی سەنتەری زەهاوی

لە سەرەتای دامەزراندنی سەنتەری زەهاوییەوە، بنەمای کاری ئێمە لێکۆڵینەوەیە لە پرسە هزریی و رۆشنبیرییە هەنووکەییەکان، لەم پێناوەدا بە نووسینی وتار و پێشکەشکردنی سمینار و بەستنی کۆنگرە ویستوومانە نەوەی نوێی کوردستان لەگەڵ چەمکە هزریی و بەهاییەکان ئاشنابێ و دەروازەیەکی بۆ بکەینەوە بۆ ڕوانین و بیرکردنەوەی دوور لە دەمارگیری و دۆگمابوون، پێنج کۆنگرەی زانستیی نێودەوڵەتیمان گرێدا بۆ ڕۆشنگەریی و وروژاندنی پرسیارە جیددیە فیکرییەکان، زۆر بەرهەمی فیکریی و زانستییمان وەرگێڕا بۆ سەر زمانی شیرینی کوردیی، لە هەمان کاتدا بەرنامەی خوێندنی بنەما و ئاراستە هزریی و زانستە مرۆییەکانمان بۆ بژاردەیەک لە دەرچووانی زانکۆ بەناوی دیبلۆمی باڵای هزر جێبەجێکرد، لە ئەنجامدا نزیکەی (٢٠) توێژینەوەی شایستەمان بەرهەمهێنا کە برۆنە سەر مەڵۆی خەرمانی هزریی کوردیی بە ڕوانگەیەکی ئەکادیمیی و ناوەرۆکێکی قورئانیی و نەبەوی و لە چوارچێوەی کەلتووری رەسەنی ئیسلامیی و تازەگەریی ئامانجداردا.

ئەم بەرهەمەی ئێستاشمان کە لە زنجیرەی بەرهەمەکانی زەهاوییدا ژمارە (١٠٠) وەردەگرێت، بریتییە لە کۆبەندی هەندێک وتاری ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی و هزریی سەرۆکی سەنتەر پرۆفیسۆر دکتۆر سەباح بەرزنجی، کە لەماوەی ئەم چەند ساڵەی کارکردنی لەبواری هزریی ئیسلامیی کوردییدا نووسیونی و تێکڕا دەشێت ئیزافەیەک بن بۆ سەر خەرمانی سەنتەرەکەمان.

هەندێکیان بابەتی هزریی و ڕۆشنبیرین و هەندێکیشیان ئەدەبین، هەر هەمووشیان خزمەت بە پرسی بنیاتنانی هزری ئیسلامیی کوردیی دەکەن. وێڕای جەختکردنەوەمان لەسەر ئەوەی کە پەیامی ئێمە پەیامی هزری ڕۆشنگەر و بنیاتنەرە و دەمانەوێ لەم ئاسۆی هزرەوە بەرەو دوارۆژی پرشنگداری کۆمەڵگەی خۆمان بڕوانین، لە هەمان کاتدا بڕوامان وایە کە هێشتا لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردیی و ئیسلامیمان زۆر توانا و وزەی گەورە و کاریگەر هەیە کە دەبێ بیاندۆزینەوە و بیانخەینە جووڵە، بە تایبەت نەوەی نوێمان زۆر ئامادەیە بۆ گۆڕانکاریی و داهێنانی ئەرێنی لە بەستێنی هزر و ئەندێشەی باڵادا.

وێڕای دەستخۆشیی لە بەرێز د. سەباح و هیوای بەردەوامیی و بەرهەمی باشتر، داواکارین لە خوێنەران و خوێندەوارانی لۆکاڵیمان بەجیددییەتەوە لەگەڵ ئەم پەیامی سەنتەرە و لەگەڵ بەرهەمەکانی ئاوێتەببن، بۆ ئەوەی داهاتوومان باشتر و بەرهەممان کاکڵدار تر بێت.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
٢٠٢٠/١٢/٢٥

# پێشەکی

ئەم بابەتانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە هەمەرەنگ و فرەچەشنن و دەچنە بوارگەلی هزر و ڕۆشنبیریی و ئەدەبیات و عیرفان و پرسە هەنووکەییەکان، زۆرترینیان لە گۆڤاری خاڵ و یەکێکیان لە گۆڤاری کۆچ و ئەوانی تریش لە ماڵپەڕی زەهاویی و بۆنەی فەرهەنگیی جیاوازدا پێشکەش کراون. هەر هەمووشیان خزمەت بە بواری هزری ئیسلامیی و فەرهەنگی کوردیی دەکەن.

بۆ ئەوەی بیکەمە ڕشتەی پێکەوە بەستن و قیبلەنمای هزری نوێی ئیسلامیی کوردیی، کە باشتر وایە لەمەولا جەخت بکاتەوە لە سەر ڕۆشنکردنەوەی بابەت و پرسە هەنووکەییەکان کە هەرچەندە جیاوازبن دەتوانن لە بۆتەیەکدا کۆببنەوە و خزمەت بە ستراتیژی فیکریی و ڕۆشنبیریمان بکەن.

"خاڵ لەسەر پیت" کۆکردنەوەی چەند بابەتێکی هەمەڕەنگە کە لە بۆنە و قۆناغی جیاوازدا بۆ بەشداریکردن لە کایەی مەعریفی و هزری کوردی نووسراون و هەرکام ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگ و پێویست لە ژیانی ئێستامان.

لەم ڕێگایەوە مەرجیعییەتی فیکریی جارێکی تر پێناسە دەکرێتەوە، زمان دەبێتە گۆیندەی ویست و حەزە جوان و باڵاکان، خولاسە هەموو بابەتەکان لە دیدی مندا دەچنەوە سەر ئادابی مەحەببەت.

لێرەشەوە سوپاسی هەموو ئەو برا بەڕێزانە دەکەم کە ئەرکیان کێشا بۆ کۆکردنەوە و ئامادەکردنی ئەم بەرهەمە بەتایبەت برایانی چاپ و پەخشی سەنتەری زەهاویی، بەتایبەت کاک رەوشت و کاک وریا عەلی، کە هەردووکیان رۆڵی باشیان هەبوو لە دیزاین و هەڵەچنیدا.

هەروەها سوپاسی دکتۆر حسین محەمەد ئیبراهیم و مامۆستا یاسین و مامۆستا رێدار ئەحمەد کە هاوکاریی ئیجرائاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوی بوون.

ناشکرێ سوپاسی هەموو برایانی دەستەی کارگێریی بەڕێزی زەهاویی نەکەم کە ڕەزامەندییان دەربڕی بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی ئەم بەرهەمە و ژمارەی ١٠٠ یان لە زنجیرەی بڵاوکراوەکانی پێدا. زۆر سوپاسی هاوکاریی و هاوبیریی ئەوانیش دەکەم. خوای گەورە سەری هەموولایەکیان بەرز و تەمەنیان پر خێر و بەرەکەت بکات.

بەوهیوایەی ئەم کتێبە جێی ڕەزامەندیی خوای داداری بەخشەر و پۆشەر بێت و سوودی بۆ هاوزمانان و هاوبیران و نەوەی ئەمڕۆمان هەبێت.

نووسەر:

٢٠٢٠/١٢/٧ ـ سلێمانی

# بەشی یەکەم

# بابەتە ڕۆشنبیرییەکان

# پەیڤێک لەسەر کەلەپوور و
# ڕێکارەکانی دووبارە خوێندنەوەی

کەلەپووری ئیسلامیی بە هەموو ئەو بەرهەمە نووسراوانە دەوترێت کە لە زانایانمان بە درێژایی پازدە سەدە بۆیان جیهێشتووین سەبارەت بە بیروبڕوا، کردەوە، ئاکار، پەروەردە، سیاسەت و حیکمەتەکانی دیکەی ژیان. لەو ساتەوەختانەوە کە ویستوویانە بیر و هزریان پاراو بکەن بە دەقەکانی قورئان و فەرموودە و لەسەر لاپەڕەی زیهن و بیری نەوەکانی دواى خۆیان بینەخشێنن.

ئەم کەلەپوورە زۆرترینی بە زمانی عەرەبی، هەندێکیشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی، تورکی، هیندی، ئوردوو و پشتۆ نووسراوە و ئێستاش بە زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا دەنووسرێت. کەم جێگا هەیە لەم جیهانە فراوانە کەلەپووری ئیسلام و بەرهەمی زانایەکی وابەستەی ئەم ئایینەی پێنەگەشتبێت و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی خەڵکەکەی دانەنابێت. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کەلەپوورە فرەچەشن و فرەڕەهەندە و بگرە لە هەندێک ڕووەوە ناتەبا و پڕ لە تەوژمە، هەنووکە بابەتێکی هەستیاری ناوەندەکانی ئەکادیمییە و لەم پێناوەدا گۆشەنیگای جیاواز پەیدابووە.

کەلەپوور ڕەگەزێکی گرنگە لە پێکهاتەی شوناسی هەر گەل و نەتەوە و ژیار و ئایینێکدا، کە بەردەوامیی جەوهەریی پێدەبەخشێت و جیای دەکاتەوە لەوانی تر، ئەم کەلەپوورە بۆی هەیە زۆر یان کەم، کراوە یان داخراو، لێبوردە یان پەڕگیر، بێت. چونکە کەلەپوور خۆی وابەستەیە بە مرۆڤەوە، بە هەموو خەسڵەت و ئاڵۆزییەکانیەوە، بە جوانی و

ناشیرینییەوە، بە گەشبینی و ڕەشبینییەوە، لە هەموو قۆناغەکانی ڕەوتی مێژوویی ئەودا، بە کاتەکانی سەرکەوتنیەوە، بە ساتەکانی شکستییەوە.

لە کەلەپووردا هەم گیانی تاک و هەم گیانی (کۆ) بەرجەستە دەبێت، بە هەموو ئاڕاستەیەکی مرۆڤانە و نامرۆڤانەوە. واتە بۆی هەیە کەلەپوور تەواو مرۆڤانە و خێرخوازانە و پڕ لە بەرژەوەندیی و گیانی بڵند بێت، بەپێچەوانەوە بۆی هەیە زۆر بەرتەسک و شەڕخواز و دەمارگیر بێت.

بەم پێشەکییە دەمەوێت بڕۆمە ناو باسەکەوە سەبارەت بە کەلەپووری ئیسلامیی، کە بێگومان کەلەپوورێکی گەورە و ئێجگار پەلوپۆدارە، فرەچەشن و فرەڕەهەندە، فرەزمانە، خاوەنی خەسڵەتگەلی ناتەبا و پڕ لە ئیشکالە، بەبوونی فێرگە و ڕەوتی جیاواز و ناکۆک، لەمپەڕی کراوەیی و لێبوردەییەوە تا ئەوپەڕی داخران و پەڕگیریی، لە هەموو کێڵگە و بوارە مەعریفییەکاندا، بیرمەند و زانای موسڵمان کاریکردووە و نووسیویەتی، بە کەرەستەگەلی بەرایی یان پێشکەوتوو، بە نەفەسی کورت، یان درێژ لەمەڕ ڕووئیاکانی خۆی بۆ ژین و بۆ دین قسەی کردووە، ئەوەندەی دەرکی پێکردبێت لە کێشە و گرفتە بڕوایی و ئاکارییەکان، لە بابەت و پرسە مێژوویی و مرۆییەکان نزیکبۆتەوە، بۆ ئەوەی بە دیدگا و میکانیزمێکی ئیسلامیی شیکارییان بۆ بکات و بڕیاریان لەسەر بدات.

ئەوەی کە دەبێتە بەردی بناغە بۆ کەلەپووری ئیسلامیی بریتییە لە مەنهەجیەتی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و دووبارە خوێندنەوە و هێنانە کایەی ڕەگەزە نەمر و نەگۆڕەکانی، کە ئەمانیش بریتین لە دیاریکردنی سەرچاوە و میکانیزمی بەکارهێنان و تەوزیفی بەردەوامی بڕگەکانی، بەپێی گۆڕانکارییە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی دۆخی کۆمەڵگا، چ کۆمەڵگای بچووک و لۆکاڵی، چ کۆی پێکهاتەی مرۆڤایەتیی.

بۆ ئێمە زۆر گرنگە چ مەنهەجێک هەڵبژێرین بۆ دووبارە خوێندنەوە و خستنەگۆی کەلەپوور، ئایا بەپێی مەدرەسە و فێرگە جیاوازەکانی موعتەزیلە، ئەهلی حەدیس، ئەشاعیرە، ماتوریدییە، سۆفییەکان و فەیلەسووفان لەو کەلەپوورە بڕوانین، یان بەپێی بوارەکانی تەفسیر، فەرموودە، ئوسوڵ، کەلام، ئەخلاق، زمان، فەلسەفە، حیکمەت، سیاسەت و زانستە سروشتییەکانی وەک پزیشکی، دەرمانناسی، ئەندازیاری، بیناکاری، هونەر، ئەدەبیات و.... تاد، لێی بڕۆینە پێشەوە، یان یەکە یەکەی زانایان و بیرمەندان و نووسەرانی ناو مەنزوومەی شارستانییەتی ئیسلامیی بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. لەمەش گرنگتر دیاریکردنی ڕوانگەیە، کە بە چ ڕوانگەیەک لەم کەلەپوورە بڕوانین، مەبەستمان لە دووبارە خوێندنەوە و دووبارە خستنەگۆی چییە؟ ئایا دەمانەوێت وەک خۆی بیهێنینەوە کایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆژانەی خەڵک؟ یان دەمانەوێت دەستکاریی بکەین ئەوسا بیهێنینەوە ناو ژیانی خۆمان؟ ئەگەر دەستکاریی دەکەین، ئایا بەشێوەیەکی دەستەبژێریی (انتقائی)، یان بەشێوەیەکی شیکاریی و ڕەخنەگرانە ئەو کارە دەکەین؟ چونکە تەبیعەت و سروشتی کارەکەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە، لە پرسێکەوە بۆ پرسێکی دیکە دەگۆڕێت، ئنجا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەم کارە کاری تاکە کەسە، یان کاری گرووپ و دەزگای تایبەتمەند و پسپۆڕ؟ کێن ئەوانەی دەبێت ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ؟ لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا بە چەند خاڵێک بۆچوونی خۆم تۆمار دەکەم:

یەکەم: کەلەپووری ئیسلامیی هەموو ئەو بەرهەمە بڕوایی، فیقهیی، کەلامیی، فەلسەفیی، زمانەوانیی، مێژوویی، ئاکاریی و زانستییانە دەگرێتەوە، کە لەبەرەبەیانی ئیسلامەوە زانایەکی موسڵمان بە هەر زمانێکی زیندووی ئەم جیهانە نووسیویەتی، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاست و

ڕادەی کاریگـەریی ئـەو بەرهەمـە، چونکـە بـۆی هەیـە ئـەو بەرهەمـە شاکارێک بێت لـە شـاکارەکانی بیری مرۆڤایەتی وەک شـارە جوانەکەی فـارابی، قـانون و شـیفای ئیـبن سـینا، ئیحیـای غـەزالی، نیهایـەی ئیمامولحـەڕەمـەین، تەفسـیری فـەخری ڕازی، ئـەغانی ئەبولفـەرەجی ئەسفەهانی، مەسنەویی مەولانا جەلالـەدینی ڕۆمـی، مـەم و زینـی خـانی، یـاخود تـەنها بەرهـەمێکی لۆکـاڵی بێـت، وەک زۆرێـک لـەو نامیلکـە و کتێبانەی لە پەراوێزی یەکێک لە کتێبە باشەکاندا نووسراون.

دووەم: بەرهەمی کاریگەر و ناوازە پێویستی بە بڕیار نییە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە کەلەپووری مرۆیی، مرۆڤەکان زۆر بـە ئاسـانی دەتـوانن جیای بکەنەوە لە بەرهەمی نەشیاو، بەو پێودانگەی کە سروشتی مـرۆڤ سروشـــتێکی هەســـتیارە و درک بـــە ڕیزبەندییـــە فیکرییـــەکان و ڕۆشنبیرییەکان دەکات، گرنگە ئاستی هۆشیاریی خەڵک بەرز ببێتەوە، بۆ ئەوەی لە مەغزای باسەکان تێبگات.

سـێیەم: کەلـەپوور حاڵـەتێکی کەڵەکـەبووی هەیـە و ناکرێـت هـەمووی بەیـەکجار پەسـەند بێـت، یـاخود بـە یـەکجار ناپەسـەند بێـت، لـەم بـارەوە پێویستمان بە عەقڵ و ئالیەتێکی هەڵبژاردن هەیە بۆ دیاریکردنی پەسـەند و ناپەسەند، بەو مانایەی چ بەشێک لە کەلـەپوور وەڵامـدەرەوەی ویسـت و خواسـتەکانی سـەردەمە و دەبێتـە ڕەگـەزێکی کـەلتووری ئێسـتا، چ بەشـێک لـە کەلـەپوور کـارایی بـۆ ئـەمڕۆ نـەماوە و نابێتـە ڕەگـەزێک لـە کەلتووری ئێستامان.

چوارەم: کەلەپوور شایستەی پۆلێنکردنە بەپێی بابـەت و ئاسـتی جیـاواز و ڕاسـتەوانە لەگـەڵ ئاسـتی ژیریـی و هۆشـیاریی خەڵکدا بـەرەوپێش یـان بـەرەودوا دەچێـت، بۆیـە ناکرێـت هـەمووی بەیـەک چـاو و بەیـەک پێوانـە مامەڵـەی لەگـەڵ بکرێـت، هەنـدێک لـە بابەتـەکانی زیـاد لـە پێویسـت قەبـە و

قەڵەو بوون، وەکو بابەتەکانی پەرستن، هەندێکیش بە لاوازی و ڕەنجووری ماوەتەوە، وەک بابەتە گشتییەکانی سیاسەت و ماف.

پێنجەم: ئالیەتی خوێندنەوەی کەلەپوور تەنها بریتی نییە لە یاساکانی زمان، بەڵکو لە پەنای ئەو یاسایانەدا، ژمارەیەک بیردۆزە و یاسای ژیربێژانە و زانستەکانی سەردەم هەیە، کە دەبنە ڕێنما بۆ خوێندنەوەی گونجاوی سەردەمیانە، کە پێویستە ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

شەشەم: وێڕای ئەو زانستانە کۆمەڵێک ڕێگر و کۆسپی گەورە هەیە لەبەردەم دووبارە خوێندنەوەی کەلەپووردا، وەکو تەقلیدگەرایی و پیرۆزدانانی ڕابردوو و جەزمیەت و دەمارگیری بۆ مەزهەب و گرووپەکان کە بووەتە ڕوخساری زۆرینەی خوێندەواران و بانگخوازان، ناکرێت لە کاریگەریی سەلبی ئەم حالەتەش بێدەنگ بین کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، ناوەندەکانی خوێندنی کلاسیک و تەقلیدی کارێکی نییە جگە لە چەندبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم جۆرە لە خوێندەوار و زانایانە کە تەنها و تەنها نوسخەگەلێکن لە ڕابردوو بە هەموو لایەنە باش و خراپەکانیەوە، کەمتر لەگەڵ سەردەم و پێداویستییەکانی دەچنە پێشەوە، زیاتر ئاوڕیان لە سەردەم و نموونەگەلی پێشینانە، وەک ئەوەی خوای گەورە ئەم ئایینەی بۆ ئەم سەردەمانە نەناردبێت و عەقڵی خەڵکانی ئێستای نەکردبێتە مەبەستی وتار و بڕیارەکانی.

حەوتەم: خوێندنەوەی کەلەپوور پێویستە بە مەنهەجێکی ڕەخنەیی و شیکارییانە بێت، بەدوور و بەدەر لە ئسلوبی پیاهەڵدان و تەمجید و تەقدیس، ڕەخنەیەکی ڕاستەقینەی زانستیی کە مافی تەواو بدرێت بە خوێنەر لە سۆنگەی پێداویستی و چاوەڕوانی ئەو لە دەق و لە دینداریی‌یەوە لە پرسەکان بڕوانێت، تۆمەتبار نەکرێت بە تۆمەتە باوەکانی تەکفیر، تەفسیق و تەبدیع، کە هەنووکە یەخەی هەموو ڕەخنەگرێکی جیددی گرتووە و ناهێڵێت ئازادانە قسەکانی بکات. ئەم ڕەخنە و

ڕەخنەکاریی و شیکارییەش بەجێیە هەموو نووسینە فیقهی و کەلامی و مێژووییەکان بگرێتەوە بەبێ هەڵاواردن، بەتایبەت پێویستە سیمای ڕاستەقینەی ژیانی ڕەسوولی ئەکرەم (سەڵات و سەلامی خوای لەسەر) لە هەناوی دەق و تێکستەکانی سیرەنووسان نیشان بدەین، نەک بەم شێوەیەی ئێستا تەنها تەرکیز بکرێت لەسەر غەزەوات و لەشکرکێشییەکانی کە بە بەراورد لەگەڵ ڕاستی مێژوویی لاوەکین و هەرگیز ناگەنە بەرنامە بڕوایی، فیکریی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی.

هەشتەم: کاری خوێندنەوەی کەلەپوور پێویستی بە دابەشکردن و جیاکردنەوەی پسپۆڕییەکانە و زیاتر پێویستی بە کاری گرووپی و دامودەزگایی هەیە، بەپێی خشتە و بەرنامەیەکی داڕێژراوی ورد و تۆکمە. واتە کارێکی سەرپێیی نییە لە شەو و ڕۆژێکدا ئەنجام بدرێت و بگاتە ئامانج، لەم پێناوەدا دەبێت زۆرترین ناوەند و کەسانی تایبەتمەند بەشداریی بکەن، بۆ ئەفراندنی دیدگا و ڕوانگەیەکی گشتی و ورد، لەسەر کۆی پرسی کەلەپوور و یەکبەیەکی بابەت و ڕەهەندەکانی، چونکە ناکرێت تەنها کەسێک، لایەنێک، یان دەزگایەک، بەم کارە هەستێت، هەرچەندە دەگونجێت کەسێک لایەنێک دەزگایەک ببێتە پێشەنگ و ئاڵاهەڵگر و زۆرترین پشکی لەم پرۆسەیەدا هەبێت و کاریگەریی لەسەر کۆی کاروان و ڕێبوارەکانی دابنێت.

نۆیەم: کەلەپوور نابێت بکرێتە هۆکاری دابەشبوون و پەرتەوازەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، هەمیشە دەبێت ئەو ڕاستییەمان لەبەرچاو بێت کە بەرهەمی مرۆڤ شایستەی وەرگرتن و ڕەتکردنەوەیە و بە پێودانگە مرۆییەکان دەپێورێت، هەرگیز ناگەنە ئاستی دەقە پیرۆزەکانی خودا و پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر). بە پەیڕەوکردنی ئەم مەنهەجە زۆر لە ململانێ توندوتیژەکان خاو دەبنەوە و نامێنن و فەزایەک لە ئاڵوگۆڕی

فەرهەنگی و هزری دەخولقێت، کە ئەنجامەکەی بەخێری کۆمەڵ و تاک تەواو دەبێت.

دەیەم: کەلەپووری ئاینیی و مرۆیی، هەمیشە ئامادەیە بۆ دەستکاریکردن و گۆڕانکاریی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی تازە، گشت کەسێک بەپێی ڕێکاری مەنهەجییانەی چوارچێوەدار بۆی هەیە شەن و کەوی تێدا بکات، لێی زیاد و کەم بکات، تەنانەت تەجاوزی بکات و ناکرێت بە بیانووی پاراستنی کەلەپوور ڕێگا لەو شیکارییانە بگیرێت.

گەلانی زیندوو لە ڕێگای گونجاو خوێندنەوەی کەلەپوورەوە دەتوانن ببنە فلتەرێکی داهێنەر بۆ پەڕینەوەی خەسڵەتە ئیجابی و نەمرەکانی کەلەپوور بۆ ئێستا و لە ئێستاشەوە بۆ داهاتوو.

کەلەپووری ئیسلامیی هەنووکە بەدەست کەسانی دەمارگیرەوە دووچاری قەیران و دابڕان بووە، لە سەردەمی نوێدا کێشەی بۆ دینداران و لادینان دروستکردووە، چونکە لە لایەکەوە هەندێکجار زمانەکەی زمانێکی نامۆیە، لە لایەکی تریشەوە، هەندێک لە پرسەکانی وابەستە نین بە جیهانی ئەمڕۆوە.

هەربۆیە پێگەی کەلەپوور، یان زۆر جێگیرە، وەک لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، یان زۆر لەرزۆکە، وەک لە کۆمەڵگایەکی لیبراڵدا دەبینرێت، بێگومان لەم سەروبەندەدا باشتروایە ڕێگایەکی میانەی هاوسەنگ بگرینەبەر، ئەویش بە خستنەسەرپشتی دەرگای ڕەخنە و پیاچوونەوە و هەڵبژاردنەوە.

ڕەخنەی بابەتیانە، پیاچوونەوەی ورد، هەڵبژاردنی لەبارترین ڕێژگەی گوتار بۆ تێگەیشتن لە دەق، لە جێکەوتە و داکەوتەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، کە ئەمەش بژاردەی نوخبەی بیرمەند و دانا و خوێندەواری نەوەی نوێی ئەم گەلانەی جیهانی ئیسلامەیە.

لەم ڕێکارەدا پێویستە واز لە وتاری ئاگرین و حەماسەی سەربازانی فتووحات بهێنین، بە عەقڵیەتی غەزالی، رازی، ئامێدی و عەقلانیەتی فەیلەسوفانی ڕەخنەگر و ڕۆحانیەتی پیرانی خواناس و دەستگیر لە پرۆسیسی بوژاندنەوەی بیر بڕۆینە پێشەوە.

دەکرێت لە ئەزموونە گەورەکانی مێژووی گۆڕانکاریی فیکر پەندی پێویست وەربگرین. وەکو ئەزموونی ئیحیای غەزالی و تەجدیدی شاتیبی و فەلسەفەی محەممەد ئیقبالی لاهووری و پرۆژە ئیمانییەکەی نوورسی و پەیمانگای جیهانیی هزری ئیسلامیی، کە هەر کام مۆدیلیکی گونجاوە بۆ سەرلەنوێ هێنانەگۆی دەق و فیکر و خستنەسەرڕێی مرۆڤ بەرەو ئایینداری و مرۆڤخوازی.

# بانگەواز و سیاسەت، دوانەی لێکدانەبڕاو

دوانەی بانگەواز و سیاسەت لەم ڕۆژانەدا بوونەتە باس و خواسی زۆر ناوەندی هزریی و هەرلایەک دەیەوێ بەجۆرێک ئەویتر بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، قسە لەسەر ئەوەیە لە ڕیزکردنی ئەولەویاتدا کامیان لەپێشترن؟ بانگەواز یا سیاسەت؟ لە پەیامی ئیسلامیدا کامیان گرنگترە؟ بانگکردنی خەڵک بۆ پابەندبوون بە ئایینی خودا؟ یان سیاسەتکردن واتە بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵک لە ڕێی دەسەڵاتەوە؟

بابەتەکە لە عەینی سادەییدا ئاڵۆزە، سادەییەکەی لەوەدایە تا ئەندازەیەک سنوور و پێناسەی (بانگەواز) و (سیاسەت) دیار و بەرجەستەیە و کافییە بتوانین سنوورێک لە نێوان پێناسەی بانگەواز و پێناسەی سیاسەت، یا باشتر بڵێین جیاوازیی نێوان بانگخواز و سیاسەتمەدار دیاری بکەین.

بانگخواز بە سرووشت کەسێکە هەڵگری خەمی هیدایەتدانی خەڵکە، خەمی لاڕێبوون و گومڕابوونی خەڵکیەتی، بە هەموو شێوەیەک بیر لە ڕاستکردنەوەی چەمک و بەهاکان دەکاتەوە، خەڵک بانگێشت دەکات بۆ بەرزڕاگرتنی بەها بڕوایی و ئاکارییەکان. بەڵام سیاسەتوان ئەو کەسەیە کە سەرقاڵی دەسەڵاتی سیاسییە، یا دەسەڵاتی بەدەستە، یان ململانێی دەسەڵات دەکات. کاری بانگخواز پەروەردە و بارهێنانی ڕۆحی و فیکرییە، بەڵام سیاسەتکار کاری بە ئاراستەکردنی دەزگاکانی بەڕێوەبردن و کارگێڕییەوە هەیە.

ئەم دوو کاراکتەرە جیاوازە، لە کوێدا بەیەک دەگەن و لە کوێدا جیا دەبنەوە؟ ئایا دەکرێت کەسێک، گرووپێک، حیزبێک لە یەککاتدا هەم کاری بانگخوازیی بکات، هەم کاری سیاسەت؟

بانگخواز دەتوانێت سیاسەت بکات، واتە هیچ ڕێگرێکی یاسایی و شەرعی نییە بۆ ئەوەی کەسێکی بانگخواز بەشێک بێت لە دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی وڵات، بەڵام دەبێت لە کاتی مومارەسەی دەسەڵاتدا ئاگاداری ئەوە بێت کە ئەرکی بانگەوازەکەی جیایە لە ئەرکی دەسەڵاتەکەی واتە نابێت کارەکانی تێکەڵ بکات، هەرچەند کۆبوونەوەی ئەم دوو سروشتە لە کەسێکدا، لە حیزبێکدا و پابەندبوون بە سنوور و سرووشتیانەوە کارێکی ئیجگار ئەستەم و دژوارە. لە مێژووشدا نموونەی زیندوومان هەیە بۆ کەسایەتیی سیاسەتمەدار و بانگخوازی سەرکەوتوو، وەک خەلیفە ڕێناسەکان، کە لەیەککاتدا بانگخواز و فەرمانڕەواش بوون. بانگخوازیی لەم هەلومەرجەدا تەماهییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ سیاسەتکردن و یەکتری تەواو دەکەن، عومەری کوڕی خەتتاب دەسەڵاتەکەی تەوزیف دەکات بۆ پەرچڤەکردنی بنەماکانی بیرو بڕواکەی و گەیشتن بە ئامانجەکانی و تیایشیدا سەرکەوتوو بووە، چونکە نە لە بانگخوازییەکەی بەتەمای بەرژەوەندیی تاکەکەسی بووە و نە لە سیاستەکەشیدا خودی خۆی مەبەست و ئامانج بووە، ئەو تەنانەت سیاسەتەکەشی بە ئیمتیدادی بانگخوازییەکەی زانیوە، واتە سیاسەتەکەی لە ژێر تیشکی بانگەوازەکەیدا بووە، بەهەمان شێوە خەلیفەکانی دوای ئەو، کاری خیلافەتیان وەک ئەرکێکی بانگخوازیی ڕەچاوکردووە.

لە فیقهی سیاسیی ئیسلامدا، ئیمامی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە هەمان کاری کارگێڕیی و سیاسەتمەدارییدا، کەسێکی شارەزا و پسپۆڕە لە شەریعەتدا، چونکە ڕێکبوونەوەی سستەمی سیاسیی، هەمیشە

پێویستی بە دینداریی و زانایی داعییان و هێز و توانای میران و فەرمانڕەوایان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار بینیومانە کە بانگخوازان لە سیاسییەکان جیابوونەتەوە و کاریان و سیما و ڕەفتاریان، بەتەواوی لەیەک جودا بووە، بانگخواز لە مینبەر و میحرابی مزگەوت و سەکۆی مەدرەسەکانەوە خەریکی وەعز و ئیرشاد و ئەمر بە مەعرووف و نەهی لە مونکەر بووە، لەولاشەوە میری دەسەڵاتدار خەریکی کارەکانی وڵات و سوپا و ئیدارە و سەروەت و سامان بووە، خەڵکی هێناوەتە ژێربار و حوکمی کردوون و بانگخوازانیش بەشێک بوون لە ڕەعییەت و موحاسەبەی کردوون، ئەگەر قسەیەکیان کردبێ پێچەوانەی سیاسەت و میزاجی حوکمدار و فەرماندار، واتە بەشێوەیەکی کردەیی دەزگای دەسەڵات و دەزگای بانگەواز لێکجودابوون.

سیاسەت بەمانا گشتییەکەی تەدبیر و پلان و بەڕێکردن و بەداواداچوونە، کە بێگومان هیچ بانگەوازێک ناتوانێت بەبێ تەدبیر و پلان و بەدواداچوون هەبێ و بەردەوام و سەرکەوتوو بێ، تەنانەت بەبێ پشتگیری دەسەڵاتیش ناتوانێت کار لەسەر تاکەکان بکات، واتە بانگەواز لە چوارچێوەی دەزگایەک و لە ژێر قەڵەمڕەویی فیکرێکی سیاسی و سیاسەتێکی دیاریکراودا ڕەنگ و بۆ دەگرێت و بۆی هەیە کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر تاک و کۆمەڵ دابنێت، بەڵام سیاسەت بە مانا تایبەتییەکەی کە بریتییە لە دەزگا فەرمییەکانی میریی، پەروەردەکردن و بارهێنانی خەڵک لەسەر بەرنامە ئایینییەکان بە حوکمی مامەڵەکردن لەگەڵ تاک و کۆمەڵ وەک ڕووبەری هاوبەشی کارکردن، کاری بانگەواز دەکەوێتە نێوان دوو جەمسەری ناهەماهەنگ، لەلایەکەوە دەسەڵاتێک سنوور و کۆت و بەندی بۆ دادەنێت و دەیخاتە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوورییەوە، لەلایەکی تریشەوە موقتەزای

دین و ویستی بیر و بڕواکە دەیخاتە بەردەم بەرپرسیاریتییەکی ئایینی، کە فەرمان بە چاکە و ڕێگریی لە خراپە بکات، هەرچەندە بەپێچەوانەی مەیلی دەسەڵاتدار بێت، لە ساتەوەختێکی وەهادا، سیاسەتمەدار و بانگخواز تێکدەگیرێن و جاروباریش پێگەیان دەگۆڕنەوە، بانگخوازەکە وەک سیاسییەک مامەڵە دەکات و سیاسییەکەش دەبێتە بانگخواز و جۆرێک لە دینداریی بە فەرمی دەناسێنێت. بانگخواز بە ڕوانگەی بانگخوازییەکەی بڕوای بە سنوورە یاسایی و دەستوورییەکان لاواز دەبێ و سیاسەتمەدار ئەو سنوورانە بەپێویست و بەشێک لە ئایین ناوزەد دەکات. هەم بانگخوازەکە دەیەوێ سیاسەت بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، هەم سیاسەتمەدار دەیەوێت بانگخوازیی بەشێک بێت لە دەسەڵات و شوناسێکی فەرمی هەبێت.

لێرەدا تێکگیران دروست دەبێ و درێژ دەبێتەوە بۆ ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان و گرووپە جیاوازەکان. بە بڕوای من پێویستە پێش هەموو شتێک پێناسەمان بۆ بانگەواز و سیاسەت ڕێکبخەین ئەوسا لە پێگە و پەیوەندیی نێوانیان قسە بکەین.

سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هیچ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی ناتوانێت خاڵی بێت لە بارو سروشتی سیاسی، هەربۆیە دەسەڵاتدار هەرگیز لێ ناگەڕێت بانگخوازەکان بە کەیفی خۆیان ئاڕاستەی خەڵک و تەشکیلی هۆشیارییان بکەن. دیسانەوە پێویستە ئەو ڕاستییەش بزانین، کە لە ڕوانگەی بانگخوازییەوە، ناکرێت دەسەڵاتی سیاسی، خزمەتکار یان لانی کەم هاوکاری پرۆژەی بانگەواز نەبێت، ئەگینا ئەو دەسەڵاتە فاقیدی شەرعییەتی ئایینییە.

کەواتە بەم پێودانگە بێت، مادام ئەم دوانەیە پێکەوەن و پێکەوە کار لەسەر تاک و کۆمەڵ دەکەن، دەبێ بگەنە ڕێگاچارەی میانە کە تا ئەندازەیەک مەعقوولیەتی تێدایە بۆ کۆمەڵگای ئەمڕۆمان، کە

کۆمەڵگایەکی کراوە و فرە بیر و فرە بڕوایە، کە پێویستە دەزگاکانی دەوڵەت لە بەرامبەر دەزگای ئایینیی و بانگخوازیدا هەڵوێستی ئاسانکارییان هەبێت، نەک سەپاندن و سنوور بۆ دانان، جگەلەوەی دەزگای ئاینی و بانگخوازی خاوەنی تایبەتمەندیی و پێگەی دیاریکراو بێ و هەماهەنگ بێ لەگەڵ کۆی فەلسەفەی حوکمڕانی وڵات، بەهەمان ئەندازە کە پێویستە دەزگاکانی دەوڵەتیش هەماهەنگ بن لەگەڵ ئایین و بیروبڕوای مەزهەبی ناو خەڵک و بە هیچ جۆرێک دژایەتی گەوهەری ئاینداریی و بەها ئاینییەکانی خەڵک نەکات.

کە دێینە سەر کایەی دەسەڵات و نەریتی حیزبایەتی، ئەمانیش پێویستە وێڕای هەڵگرتنی بەها و بایەخە ئاینییەکان وەک پابەندبوون بە شوناسی مەزهەبیی و ئاینی خەڵک، بۆ خۆیان کاری حیزبایەتی تێکەڵی بانگەوازی ئاینی و مەزهەبیی نەکەن، چونکە کاری سیاسیی بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری ڕۆژانە و دنیایی خەڵکە و ناگونجێت دەستوەردەنە ڕۆحانییەت و کرۆکی ناوەوەی مرۆڤەکان، بەڵام ئەمە بەومانایە نا کە بۆ خۆیان ئینتیمایان بۆ ئایین و مەزهەبی خەڵکەکە نەبێت، لەگەڵ پاراستنی ئەو پەیوەندیی و ئینتیمایە پێویستە کاری دینداریی لە سەرووی کاری حیزبایەتی و سیاسەتەوە بێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگا نەبێتە کۆمەڵگایەکی دژبەیەک و ناتەبا و دەرگیری ململانێی مەزهەبی و ئایینیی.

کاری بانگخواز پێشنیازی دنیایەکی پاک و بێخەوشە بۆ ئەندێشە و هزری خەڵکانی دیندار و هەوڵدانە بۆ دیندارکردنی کەسانی دوور لە دین، بەڵام کاری سیاسیی و حیزبی، بریتییە لە بەڕێکردن و بەڕێوەبردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەبێ ڕەچاوکردنی ڕادەی پابەندبوونی ئەوان بە بەها و بایەخە ئایینییەکانەوە.

دینداریی وەک بنەما بەشێکە لە شوناسی دەستەجەمعیی خەڵک، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە نابێت لەناو خەڵکدا کەسی بێ ئیمان هەبێت، ئەم بڕیارە هیچ پاساوێکی نییە، لانی کەم بۆ ئایینی ئیسلام کە ئازادیی ئایینیی داوە بە هەموو کەسێک، زۆر سرووشتییە لەناو کۆمەڵگای موسڵماندا کەسی بێ بڕوا و تەنانەت مونافیق و تاوتاو بوونیان هەبێت، دەزگاکانی سیاسەت تەنها بۆیان هەیە پارێزگاریی لە ڕۆحی دەستەجەمعی و شوناسی ئەو خەڵکە بکەن، بەڵام بۆیان نییە ئەمنییەت و کەرامەتی تاکەکان بخەنە مەترسییەوە، با ئەو تاکانەش لە خۆیاندا کەسانی بێ بڕوابن. دەزگای ئایینیی و بانگخوازەکان دەبێ بە حیکمەت و کارایی و عەقڵانیەت و زانست، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیی، کەشوهەوای دینداریی سازگار بکەن، بۆ ئەوەی بتوانن قەناعەتی فیکریی و بڕوایی خەڵک بە بنەماکانی دینەکەیان، زیاتر و بەهێزتر بکەن.

ئەمە ئەو حیکمەتەیە کە قورئان کردوویەتی بە میکانیزمی بانگەواز: (ادع إلى سبيل ربك بالحكمة....هتد)، کە تەنها جەخت لەسەر میکانیزمی دانایی و بیرخستنەوەی جوان و جەدەلی ڕێکوپێک دەکات و هەرگیز باس لەوە ناکات کە بیر و بڕوا و قەناعەت بەزۆر بسەپێنرێت بەسەر خەڵکیدا.

لە هەرێمی کوردستان هەست بەوە دەکەین کە دەسەڵاتی سیاسی نیسبەت بە ئینیتیمای ئیسلامەتی خەڵک هیچ هەستیاریی و بەرپرسیارێتییەکی نییە، وەک ئەوەی بەرچاو دەکەوێت، جۆرێک لە دوورکەوتنەوەی مەنهەجی هەیە لە بەها و بایەخەکانی ئایینی ئیسلام، کە ئایینیی زۆرینەی گەلی کوردستانە، لە بەرامبەردا ڕێخۆشکردنێکی بێ مانا و بێ پاساو و تەنانەت بێتام و ناشیگەرانە بۆ بیر و هزرە دژ و ناتەبا و گرووپە لادەرەکان هەیە، ئەم حاڵەتە وایکردووە بانگخوازەکان

هـــیچ حەماســـێکیان بـــۆ دەســـەڵاتداری خۆمـــاڵی نـــەمێنێت و دژە جەمســـەرییەکی ترســـناک دروســـت ببـــێ جگـــە لـــە بـــەدحاڵیی بـــوون و لێکترازانی سیاسیی، لێرەدا ئەرکی سەرشانی بانگخوازان و سیاسییەکانە هەڵوێســـتەیەک بکـــەن و بەخۆدابێنـــەوە بـــزانن، گرێکـــوێرە و گرفـــت لـــە کوێدایـــە؟ بـــۆ گەیشـــتن بـــە چارەســـەرێکی ژیرانـــە و میانـــە، ئەگـــەرنا سەرەنجام یەکێکیان سەری ئەوی تریان دەخوات و کایەکەش جگە لە دۆڕاندنی زۆر وزە و توانا و ئیمکاناتی ماددی و مەعنەوی هیچی تری لێ ناکەوێتەوە.

ئـاییـنی کۆمـەڵگا شـتێک نییـە مامەڵـەی سیاسـی پێـوە بکرێـت، ئـەو مامەڵەیـە هـەر کەسـێک بیکـات و بـە هـەر نـاو و دروشـمێکەوە بیکـات دەستکاریکردنی پیرۆزییەکانی میللەتە و ئەنجامەکەی بە زیانی هـەموو لایەک تەواو دەبێت.

حیزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتان و بانگخوازەکـان پێویسـتە بگەنـە تەفاهومێکی وا کە هەردوولایان پارێزگاری لە شوناسی ئـەم گەلە بکـەن و کارەکانیـــان و ئەرکـــەکانیان لەســـەر ئـــەم بنەمایـــە دابـــەش بکـــەن، سیاسـییەکان پارێزگـاری لـە بـوونی سیاسـیی و قـەوارەی سیاسـیی و دامـەزراوە فەرمییـەکانی بکـەن و ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ بیر لـە پێشخسـتنی ژیـــانی سیاســـی و موشـــارەکەی سیاســـی خـــەڵک بکەنـــەوە، بـــەبێ دەســـتوەردان لـــە بیروبـــڕوا و پیرۆزییـــەکانی خـــەڵک. بـــانگخوازانیش دەربەستی پاراستنی بەهاو پیرۆزییـەکان و ئـایین و مەزهـەب و ئاکـارە ڕەسەنەکان بن. ئەگەرنا نە حیزبی سیاسی دەگات بە ئامانجـەکانی و نـە بانگخوازەکانیش ئەرک و فرمانی ڕاستەقینەی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

# فەتوای شەرعی
## شرۆڤەیەکی هزریی و بنەمایی

مـرۆڤ کـائینێکی بیرمەنـد و سـەرنجدار و کـارایە، سـەرتۆپی ئەفرێندراوەکانی خودایە، داوای لێکراوە بە ئاوەزو ژیریی مامەڵە لە گەڵ خـۆی و دەوروبەری بکـات بـۆ دەسـتەبەری پێداویسـتییە مـاددی و مەعنەوییەکـانی. کـار و چالاکییەکـانی لە تەرازووی کـار و لۆجیکیـدا بایەخدارن و قابیلی هەڵسەنگاندن، کەواتە مرۆڤ کائینێکی ئاکارمەند و ئەخلاقییە، بڕوا بەم ڕاستییانە وامان لێدەکات بەرەو سەلماندنی تەکلیف بـرۆین. تەکلیفیش واتە بەرپرسیارێتی، بەرپرسیارێتیش وابەستەیە بە بوونی فەرمان و ڕێگرتن (الأمر والنهي) و سیستەمی پاداشت و سزا (الثواب والعقاب)، واتە بوونی یاسا و ڕێسا و دەستوورێکی ئەخلاقی نووسراو یان نەنوسراون.

مـرۆڤ بـۆ ئەوەی کـاراکتەرێکی ڕەوشـمەند بـێ، پێویسـتە ئەرک و فرمانەکان، هەروا ماف و جیاووکەکانی خۆی بزانێت، بە گەڕانەوە بۆ دەقە ئایینیی و یاساییەکان، یان بە پرسیارکردن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ، یان بە مامەڵەیەکی عەقڵانی و وردبینانە لە خیاراتی بەردەمی.

کەواتە بۆ زانینی ئەرک و فرمان، هەروەها ماف و جیاووک، مرۆڤ یا خۆی دەبێ زانا بێت، یان بە قسەی کەسی زانا بکات؟ لە زانا بپرسێ و دەربەستی ناسینی ئەو و زانینی وەڵامی ئەو بێ. لێرەوە فەتوا دەبێتە دیاردەیەکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی، دەرهاویشتەی فیکری و مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لێ دروست دەبێت.

له کـۆنەوە مـرۆڤ پرسـیاری کـردووە و هەڵـوەدای وەڵام بـووە، پرسـیار لە هەمـوو شـتێک، هەمـوو دیـاردە و ڕووداوێـک، بەتـایبەت ویستوویەتی خۆی و کارەکانی هەڵبسەنگێنێت و بڕیاریان لەسەر بدات.

هەمیشە فتوا لەو گریمانەوە سەردەردەهێنێت کە هەر کارێک هەڵگری بارگە و نرخێکی ئەخلاقییە و مرۆڤ پێویستە بزانێت ئەو کارە ڕێپێدراوە یان نا؟ پلەی ڕێپێدانەکەی چەندە؟ پلەی ڕێپێنەدانەکەی چەندە؟

بە ڕواڵەت زۆر ئاسـانە، کە مـرۆڤ نرخـی ئەخلاقیـی کارێـک و هەڵوێسـتێک دیـاری بکـات، بەڵام لەڕاسـتییدا نرخانـدنی ئەخلاقـی هەر کارێک، پێویستی بە چەند پێوانەیەک هەیە، کە گرنگترینیـان شـەریعەتی وەرگیراو لە دین و فیترەتی پاک و عەقڵی وردبینە، عەقڵێک کە ڕوونـاک بووبێـت بە زانسـت و مەعـریفەی پێویسـت و خڵـتەی چـاولێگەریی و خورافات و ئافەتی موتڵەقگەرایی پێوە نەبێت.

شەرع و عەقڵ دەبنە مەرجیع و پێوانە بۆ هەر پرسیارێکی مرۆڤ لە هەر بـابەتێکی بڕوایـی، کردارییـی، ڕووحـانی و ئاکـاریی، دەقەکـانی شـەرعیش جۆراوجـۆر و دەریـای بێ کەنـار و شـەپۆلاویین، دەریـاوانی دانـای دەوێ کە گەوهەری یەکتـای حـوکم و نـرخە بایەخییەکـانی هەر کردەوە و ئاکارێکیان لێ هەڵبگۆزێت. لە هەمانکاتدا دەبێ خـاوەنی هـۆش و ئـاوەزێکی فـراوان و کـراوەی وابێـت کە بەرژەوەنـدییە ڕاسـتەقینەکان ببینێت، بەرژەوەندیی تاک و کۆمەڵ، کاتی و بەردەوام.

فتوا لە بۆشاییەوە نایەت، ئەو کەسەی پرسیار دەکات، خـاوەن کێشـە و گـرفتە و دەیەوێ بەرمەبنـای مەرجیعییەتێـک ئەو کێشـەیە چارەسـەر بکات، کە جێی متمـانەی ئەوە، لەهەمانکاتـدا زانسـتی پێویسـتی سـەبارەت بەوکێشەیە پێیە، زانستێک متوربەکراو بە ئەزموون و ئەمانەتداری.

جاری واهەیە لە پرسیاری بچووکەوە یاسا و بڕیـاری گەورە لەدایک دەبێت، وەک زۆرێک لەو پرسیارانەی یـارانی پێغەمـبەر (دروودی خـوای

لەسەر) لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار کراون، دواتر ئایەتیان لەسەر هاتۆتە خوارەوە، لە وەڵامدا خودای پەروەردگار بڕیاری لێداون بۆ هەموو کاتێک و هەموو سەردەمێک.

لە ڕوانگەی مێژوونووسانی ئایینەوە، فتوای ئاینی پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ بەرەبەیانی هاتنی سرووش لە ئاسمانەوە بۆ زەوی، لەو ساتەوەختانەوە کە مرۆڤ پرسیاری لەسەر بابەتەکان کردووە و وەڵامدارەوەتەوە.

ئەم پرسیار و وەڵامە، هەنووکە بووەتە سیستەمێکی بەرنامەدار، واتە یاسا و ڕێسا و میکانیزمی تایبەتی هەیە. موفتییان لە ناو کۆمەڵگا و لەلایەن دەسەڵاتەوە پێگەی بەرزیان هەبووە، تەنانەت ئیفتا بووەتە پلە و پۆستێکی فەرمیی و فرمانی بۆ دەرچووە، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی نوێ پەیدابووە و کەم کەم لە ڕۆڵی فەرمی و گشتی ئەو کەم بۆتەوە و کاریگەریی فتوا ئایینییەکان کەمڕەنگ بووە، بەڵام هێشتا لە جومگە مێژووییەکاندا فتوای فەقیهە گەورەکان بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ورووژاندووە و دەسەڵاتی هەراسان کردووە، ئەم بابەتە پرسێکی گرنگە لە دەسەڵاتی مەزهەب بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی موسڵمان، نموونە: فتوای شێخ عیزەدینی کوڕی عەبدولسەلام لە دژی خواستی مەمالیکی میسر، کە دەیانویست فتوایان بۆ بدات وێڕای وەرگرتنی زەکات لە بازرگان و سەرمایەداران، باج و سەرانەیەکی زیاتریان لێوەربگیرێت بە پاساوی بەرگریی لە وڵات، بەڵام ئەو ملی نەدا و گوتی هەرکاتێک ئێوە ماڵ و موڵکی خۆتان فرۆشت و خستتانە سەر بودجەی وڵات و بەشی نەکرد، ئەو کاتە بوارێکی تیایە کە ئەو فتوایە بدەم، تەنانەت مەشرووعییەت و ڕەوایی دەسەڵاتی ئەوانی خستە ژێر پرسیارەوە، پێی وتن ئێوە بۆ خۆتان زەڕخریدە بوون و هێشتا

بەتەواوی ئـازاد نەکـراون، بۆتـان نیـیه ببـنه خـاوەن موڵـک و دەسـەڵات بەسەر خەڵکەوە!

نمـوونەیەکی تـر: فتـوای میـرزای شـیرازییه له دژی بەریتانیـا و ناسرەددین شای قاجار، بووە هۆی گۆڕینی سیاسـەتی دوو ئیمپراتۆری ئێران و بەریتانیا، بەجۆرێک تەنانەت شاژنیش نەیتوانی فتواکه جێبەجێ نەکات.

موفتی ڕاستەقینه جگه له ڕەصیدێکی گەورەی زانست و ئەزمـوونی کۆمەڵایەتی و دانایی، دەبێ خـاوەنی هەڵوێست و کەسایەتی بەهێز بێ، ئەگینا کاریگەری ئەو لەسەر ڕووداوەکان و کەسەکان سنووردار دەبێت.

ئیجتیهاد ئەو پرۆسه گرنگەیه که بەرهەمی فتوای لێدەکەوێتەوە، بەبێ ئیجتیهاد فتوا مانـایەکی نـابێ، ئەوەی هەنـووکه له ناوەندەکانی خوێندنی ئیسـلامی و مەجمەعـه فیقهییەکانـدا ئامـادەیه به نێـوی فتـوا، لەڕاسـتیدا زۆربەی زۆریـان گێـڕانەوە و سـەرد و لێکدانەوەی بۆچـوونی زانایـانی پێشـینه لەمەڕ پرسـه مێژوویـی و کۆمەڵایەتییەکـانی سـەردەمی خۆیـان، کەمتر دەچنه بابی تازەگەریی و کردنەوەی گرێکوێرەکانی ئەمڕۆ.

فتوای تازە، واته چۆن به نەفەسێکی ئایینیی ڕاسـتەقینەوە له دەرگـای بـابەته زینـدووەکانی خولیـا و بیـری نەوەی نـوێ بـدرێ، نەک بـۆ ئەوەی ئیسلامەتییەکی مرۆڤپەسەند نیشانی نەوەی نوێ بدرێ، بەڵکو بـۆ ئەوەی لەگەڵ پاراستنی هێڵه گشتییەکانی ئیسلام، کار بۆ تـازەبوونەوەی ڕۆحـی ئیسـلامخوازییەکی هـاوچەرخ بکرێـت، که لەهەمانکاتـدا ببێـته فێرگەیەکـی تیۆری و کردەیی بۆ مرۆڤ پابەندیش بێت به ئینتیما و بـازنه گەورەکەی ئوممەتەوە.

مـوفتی تـازە داوای ئەوەی لێـدەکرێت تەجـاوزی چەمکـی کلاسـیکیی واجبـات و موحەڕەمـات بکـات، بەتـایبەت له مەسـەلەکانی پێکەوەژیـان و دابەزانـدنی ئەحکـامی تاکەکەسـیی وەک هەڵسـوکەوت و جلـوبەرگ و

ئازادییەکان و گرنگیدان بە هونەر و عیرفانییات، بەڵام ئایا ئەمە مومکینە لە حاڵێکدا دەبینین سەلەفیەتێکی بەهێزی بێ پێچ و پەناو هەژمووندار دەوروبەری گرتووە و دەقەکان بەکاردەهێنێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەر تازەگەریی و داهێنانێک.

لەم سەروبەندەدا، هیچ میکانیزمێک وەکو زانستەکانی ئوسوڵی فیقە و قەواعیدی فیقهی ناتوانێت کارساز بێت بۆ سەرلەنوی دارشتنەوەی بیرکردنەوەی فیقهیی، کە مامەڵە لەگەڵ دەق و پرسە شەرعی و ئایینییەکان دەکات بە ڕوانگەیەکی تەجریدی و زانستیی ڕەها لە کۆت و بەندی مەزهەبی پێشینان.

جگە لەوەی مێژووی تەشریع لە ئیسلامدا ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە هەر بڕیارێکی شەرعی و فتوایەکی فیقهی لە عورفی گشتیی خەڵک هەڵنەقوڵابێت بەردەوام نابێت، کاریگەرییشی بەسەر خەڵکەوە نابێت.

ئەمڕۆکە خراپ حاڵیبوونێکی وا لەسەر فتوا بڵاوبۆتەوە، کە خەڵکانێک هەبوونی فتوا بە کۆت و بەند لەسەر ئازادیی فیکر ڕەچاو دەکەن، بە حساب مرۆڤایەتی ئەوەندە گەشەی کردووە هەرکەسێک بۆی هەیە لە سۆنگەی حەز و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بڕیار لەسەر کار و هەڵوێستەکانی بدات، غافڵ لەوەی هەر بڕیاردانێک دەبێ سەرچاوە و بایسی خۆی هەبێ، ناگونجێت بەبێ زەمینەیەکی هزری و مەعریفی هیچ بڕیارێک بدرێت. هەر ئەو کەسەش کە ئیدیعای ئازادی فیکر و مەعریفەی فراوانی بەدەر لە مەعریفەی دینیی دەکات، لەڕاستییدا وا لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵە گوزارەیەکی دیکەدا کە بۆ ئەو بووەتە ئایین و مەعریفەی پێشوەخت، با ناوی تریشی لێ بنێ و نەیخاتە خانەی ئایینەوە.

فتوا لەڕاستی و ماهییەتیدا شتێک نییە جگە لە ڕوانگەیەک بۆ پێکەوەبەستنی دەق و مەقسەدی ئاینی لەگەڵ واقیع و مومارەسەی

ویست و ئیرادەی تاک و کۆمەڵ، ئەم پێکەوەبەستنە مرۆڤێکی بەرپرسیاری کارا بەرهەم دەهێنێت. ئەم ڕوانگەیە لە خۆوە دروست نابێت و ناڕسکێ، پڕۆژەیەکی درێژخایەنە و پێکهێنەرەکانی زۆر و زەبەندن، ڕێگایەکە تویشووی فرە و ماندووبوونی زۆر و نیەت و قەسدی بەرزی دەوێ، مامۆستا و ڕێنما و هاوکاری دەوێ.

مەجمەعە فیقهییەکان باشترین نموونەن بۆ پەرەپێدانی فتوا لە پرۆژەیەکی تاکەکەسییەوە بۆ دەستەجەمعی، کە دەقی شەرعیی دەبەستێت بە باقی دەزگا زیندووەکانی بیر و زانست و ئەندێشە، ئەم مەجمەعانە هەر چەند بە فرمان و بڕیاری فەرمی دەسەڵاتداران پێکدێن، بەڵام بەرهەمیان زیاتر و بەهێزترە بەو مەرجەی ڕەگەزی گەیاندن و پەیوەندییان بە خەڵکەوە زیاتر و فراوانتر بێت، لە میدیا و کەناڵەکانی میدیاوە کار و بیر و دەستکەوتەکانیان ڕەنگ بداتەوە.

حزووری دەقی شەرعی لە خولیا و بیرکردنەوەی نوێ تەنها بە فتوای فیقهیی نابێ، جگە لە فیقهـ بۆی هەیە عیرفان و کەلام و فەلسەفە و هونەر و ئەدەبیاتی دینی وەلامدرەوەی زۆر لە ویست و ئاتاجیە زیندووەکانی ڕۆژانەی مەردوم بێت.

ئەو کەسانەی فتوا تەنها لە بازنەی عیبادات و موعامەلاتدا کورت دەکەنەوە، بیانەوێ و نەیانەوێ غەدرێکی گەورە لە فتوا و پاساوە ئەخلاقیە کۆمەڵایەتییەکانی دەکەن. فتوا وەک لە ئیستیقرای قورئان و سیرە و سوننەتی پێغەمبەری ئازیزمانەوە دەردەکەوێ و بە کردەوەش لە مێژووی چەندین سەدەی حزووری فیقە و فوقەها و زانایان بەرجەستە بووە، هەموو کایەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبەر دەگرێ، هەر لە پرسیارە سەرەتاییەکانی پاکژیی و نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەجەوە تا دەگاتە پرسە قووڵەکانی عەقیدە و بڕوا و عیرفان و سەیر و سلووک، لە ئادابی نان خواردن و هەستان و دانیشتنەوە تا ئەدەبیاتی

سـوکر و سـەحوی عاریفـان، لە چارەسـەری کێشـەی خێـزانییەوە تـا ڕاسـتکردنەوەی ڕەوتـی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی و کـۆی سیسـتمی بەڕێوەبردن. لە تاکێکەوە بۆ خێزانێک، بۆ مەملەکەت و وڵاتێک بۆ کۆی مرۆڤـایەتی و کۆمەڵگـا نێـودەوڵەتییە ئاڵۆزەکـان. بـۆ ئەوەی فتـوا مەبەستەکانی بپێکێت، پێویستە سەرەتا بیر لەوە بکەینەوە تا چەندە لە جەوهەری ڕاسـتەقینەی دینـداریی تێگەیشـتووین، ئایـا دینـداری بـۆ چـاککردنی دەروون و جەوهەری تاکەکـانە، یـان بـۆ دەسـتکاریکردنی ڕواڵەت و ڕوخساریان؟

پاشان چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان جەوهەر و ڕوخساردا؟ لەنێوان فیکر و کردەوەدا؟ لە نێوان ناخ و ڕواڵەتدا؟ لە بنەڕەتدا فیقە بۆ ئەوە هـاتووە مـرۆڤ بە قـووڵی لە دیـنەکەی حـاڵی ببـێ و بە جـوانی مومارەسەی بکات، بۆیە لە سەرەتاوە کە تازە بزاڤی دینداریی کەوتەڕێ و خـاوەنی پەیـامی ڕزگـاریی مـرۆڤ بـوو لە هەوا و هەوەس و ئارەزووپەرسـتی و بتپەرسـتی، نـاخ و ڕواڵەت و جەوهەر و مەزهەر پێکەوەبـوون، ڕۆحـی دینـداریی و پەیامـداریی لە ڕواڵەت و ڕوخسـاری خەڵـکەکەدا بەتـایبەت فەقیهـان و زانایـان دیـار بـوو دەدرەوشـایەوە – هەرچەنـد لە هەمـوو چـاخ و قۆناغێکـدا کەسـانی مونـافیق و دووڕوو هەبـوون -، بەڵام بە تێپەڕینـی کـات و لەقاڵبـدانی چەمـکە ڕەهاکـان و دروستبوونی مانیفێستی دەسەڵاتداری و قۆرخکاریی فیقە وردە وردە دابڕا لە ناخ و دەروون و پەرژایە سەر کردەوە زاهیرییەکان و فەقاهەت و فتـوا بـوو بە وەسـیلەی خۆژیانـدن و بەرزبـوونەوەی پـلەو پـایە و ناوبانگ، هەر بۆیە ڕیفۆرمخوازێکی وەک ئیمامی غەزالی لە کاردانەوەی ئەم بارودۆخەدا بیری لە ئیحیای علومی دین کردەوە، بۆ گرێدانی فیقە بە ئەزموونی ڕۆحی و باتینییەوە.

له هەمانکاتـــدا بـــۆ ئەوەی کـــاری عیرفـــان و تەســـەوفیش لە چوارچێوەیەکدا پێناسە بکرێت و بێ زابیتوڕابیت نەبێ.
ئەم کـارە نـاوازەیە کـاری تریشـی بەدوادا هـات، ڕەنـگە باشـترینیان کتێبەکەی ئیبنولقەییمی جەوزییە (أعـلام المـوقعین) بێت، کە فتـوای کـردە بەرپرســـیارێتییەکی گەورەی ئیلاهیـــی، بـــۆ ئەوەی کەس بەبـــێ فەراهەمبـوونی مەرج و پێداویسـتییەکانی ئیـدیعای نەکـات، دوای ئەوەش بە وردبینی و نیەت و ئیخلاسەوە ئەنجامی بدات.
ئیـدی بـاس لەو هەمـوو یاسـا و ڕێسـایە نـاکەم کە ئوسـوڵییەکان و شـــەرعزان و قەواعیدناســـەکان دایاننـــاوە، بـــۆ ئەوەی فتـــوا لە گرێـــژنە دەرنەچێ و مەبەستەکانی بپێکێت.
مـوفتی وێـڕای شـارەزایی لە قورئـان و فەرمـوودە و ڕای زانایـان و مێـژووی فیقهـو فوقەهـا و ڕێکارەکـانی وەک قیـاس و ئیستیحسـان و مەساڵیح و سەددی زەرائیع، پێویستە ئاگاداری وەزعـی گشـتی خەڵـک و باری دەروونی موستەفتی و خسوسیەتی قۆناغەکە بێت.
هەستیارترین فتوا ئەو فتـوایەیە کە ڕاسـتەوخۆ دەڕواتە نـاو خەڵـک و بە ئیجابی یا سـەلبی مامەڵە لەگەڵ دەسـەڵات دەکات، ئەم فتـوایە دەبێتە هۆی دابەشبوونی خەڵـک، یـار و نەیـاری بۆ دروسـت دەبێت. مەبەسـتم فتوای سیاسییە، کە نـاکرێ فتـوایەکی تـازە بدرێ و کـاریگەریی لە سـەر سیاسەتی گشتی نەبێ، چونکە بۆی هەیە ئەو فتوایە ئەرک و فرمـانێکی وا لە خەڵـک داوا بکـات کە هەڵوێسـتیان لەسـەر سیاسـەتێکی دیـاریکراو بگۆڕن، بۆیە حسابی فتوای سیاسـی لە هەلـومەرجی ئەمڕۆدا حسـابێکی تایبەتە و نابێت فتوای سەرپێی بدرێت لەسەر پرسە سیاسـییەکانی وڵات بەبێ گەڕانەوە بۆ لای سیاسەتمەداران و تیۆری پەردازانی ئەو بـوارە و بەبێ هەڵسەنگاندنی ورد و بابەتییانە بۆی. بۆ نموونە: قسەکردن لەسـەر هەڵبژاردنەکـــان، لەســـەر هاوپەیمانێتییەکـــان، لەســـەر حیزبەکـــان و

بەرنامەکانیـــان، لەســـەر کـــاراکتەرە سیاســـییەکان و مێـــژووی ژیـــانی تاکەکەســـییان، لەســـەر پەیوەنـــدییە نێودەوڵەتییەکـــان، لە کوردســـتاندا پرسەکە هەستیارترە، چونکە ئەم وڵاتە بێناسنامەی سیاسیی و حقوقییە، بە قۆنـــاغێکی ئـــاڵۆز و مەترســـیداردا تێـــپەڕ دەبێـــت، فتـــوای ئـــاینی لە کوردســـتان پێویســـتە میســـداقیەتی خـــۆی بســـەلمێنێت، فتـــوایەک بێـــت گەورەتر لە ویست و داواکاریی دەسەڵاتدار و هێزە نـاوخۆیی و ئیقلیمـی و نێودەوڵەتییەکان، تەنها و تەنهـا بەرژەوەنـدیی ئەم گەلە و ئەم خـاکە و دواڕۆژی نەوەکانی لەبەرچاو بێت، وێڕای پاراستنی شوناسـی ئـاییني و میللـی و کەلتـووری و مـانەوەی ئەم گەلە وەک گەلێکـی ئـازادی خـاوەن ئیرادە.

لیژنەکانی فتوا لە شار و شارۆچکەکانی کوردسـتان، پێویسـتە کـاراتر و ئازاتر و وریاتر بن لەوەی ئێسـتا هەن، لەسـەر مەزهەبێکـی دیـاریکراو چەق نەبەسـتن، ڕووبـکەنە فیقهـی بەراوردکـاریی کە ئەمـڕۆ زیـاد لە نـۆ مەزهەبی مودەووەنمان هەیە و شارەزاش بن لە یاسا کارپێکراوەکان، بە هەمـوو لقەکـانیەوە (مەدەنـی و جینـائی و دەسـتووری و کـارگێڕی و بازرگانی و...هتد) و تێکەڵی دنیای تـازە و خولیـای نەوەی نـوێ بـن و لە هەموو زانستەکانی ڕۆژ و هونەری ئەدەبیـاتی تـازەش بەهرەمەنـد بـن و لینکیان هەبێت بە مەجمەعە فیقهییە ڕەسـەنەکان و ناوەنـدەکانی خوێنـدن و سەنتەرەکانی ڕووناکبیری و ڕێکخراوە مەدەنییەکان.

خۆشـــبەختانە هەنـــووکە دەسترەســـی بە ســـەرچاوە و مەوســـوعە فیقهییەکـــان لە جـــاران زۆر ئاســـانترە، تەکنۆلۆژیـــا زۆر کـــاری بـــۆ ئاسانیکردوون، تەنها هیممەتی پێویستی دەوێ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر کۆی بابەت و پرسەکان.

زۆریـــش گـــرنگە زانـــا و موفتییـــان دیـــداری مانگـــانە و وەرزی و ساڵانەیان هەبێت بۆ شیکاریی و لێکدانەوەی بابەتە تازەکان و کۆنگرەی

ساڵانەی ئامانجدار ببەستن بۆ دیاریکردنی هەڵوێست و بڕیاری دروست لەسەر کێشە و گرفتەکان.

سـەنتەری زەهـاوی بـۆ لێکـۆڵینەوەی فیکریـی لە سـاتەوەختی دروستبوونیەوە ویستوویەتی خزمەتێک بە هزری ئیسلامیی بکات لە قوڵی یەکەمین و دووەمین سەرچاوەیەوە کە کیتاب و سوننەتە، پاشان خوێندنەوەی زانستی مەنهەجی بۆ کەلەپووری دێرین و ڕەسەنی زانا موسڵمانەکان بکات و بڕوای وایە فیقهی نوێ بەبێ ئاوێتەکردنی مەعاریفی ڕۆژ و مەعاریفی وەحی بەرهەم نایەت، سووربوون لە سەر توراسی فیقهی بەبێ لەبێژنگدان و شەن و کەوکردنی بەرهەمێکی نابێ جگە لە دووبارە و چەندبارە کردنەوەی سەردەمانی زوو، واتە هەناسەدان بە هەوای ڕابردوو کە بێجگە لە چۆڵکردنی پێگەی شایەتیدان و ڕێبەرایەتی ئوممەت و پاشکۆبوون لە ڕەوتی شارستانێتی و لە ئەنجامدا کۆیلە بوون و ڕەدووکەوتنی حەزارەتی یەکچاوی غەربی هیچی تری لێ دروست نابێت.

# زمان لە فەرهەنگ و هزری ئیسلامیدا

زمان لە چەند ڕووەوە قسەی لەسەر دەکرێت، وەک خود و وەک بابەت، وەک تایبەتمەندیی مرۆڤ و جیاکەرەوەی لۆجیکی، وەک پانتاییەکی هزر و بیرمەندیی، وەک تەجەللیگای تەعاروفی مرۆڤایەتی، وەک ڕازێک لە ڕازەکانی بوونەوەر، ئاوی ژیانی عەقڵانی و دیاریکەری ئاستی هۆشیاری. مرۆڤ لە بەرامبەر زمانەوە، لە دێر زەمانەوە، تاوێک بە ئەدەبدانی و تاوێک بە حەیرانی هەڵوێستە دەکات.

ناو و ناوەرۆک، لە یەکەمین گفتوگۆی نێوان حەق و فریشتەکاندا، بوونە بابەت، تا تەواوی شایستەگی مرۆڤ بۆ جێنشینایەتی نیشان بدەن، (وعلم آدم الأسماء كلها ثم عرضهم على الملائكة...).

لەو ساتەوە چارەنووسی مرۆڤ بەسترا بە زانستەوە و بڕیاردرا بەبێ زمان و بەبێ ناو، شتێک نییە ناوی زانست بێ، زانست ئەو یاسا و ڕێسا گەردوونیی و مرۆییانەن کە لە جیهانی ڕەهاوە دەرکەوتوون و هاتوونەتە ناو هزری ئێمە و زمان مامەڵەی ژیرانەیان پێوە دەکات پێکەوە گرێیان دەدات و لە ئاوێتەکردنیان و دووبارە و چەندبارە خوێندنەوە بۆیان، جیهانێکی نوێ لە ژیریی و خەیاڵدانی ئێمەدا بەرهەمدەهێنێت.

زانا موسڵمانەکان لە بەرامبەر زمانەوە، بەوپەڕی گرنگییەوە وەستاون، یەکەم پێیانوایە ئەم زمانە بەهرە و دیارییەکی بەردەوامی خواوەندی ئەفرێنەرە، کە لە عەینی یەکبوونی کانگا و خود و بابەتدا جیاواز دەردەکەون.

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ﴾. (الروم: ٢٢).

زمان وەک سیستەمێکی موتەکامیل چوار ئاستی هەیە، ئاستی دانان (الوضع) و ئاستی بەکارهێنان (الإستعمال) و ئاستی مانادان (الدلالة) و ئاستی لێتێگەیشتن (الفهم). بۆ هەر کام لەم ئاستانە، زانستی سەربەخۆ و فرە ڕەهەند ڕەچاوکراوە.

لە ئاستی یەکەمدا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کێ زمانی داناوە و چۆنی داناوە و چۆن دەکرێت بۆ بێ کۆتایی مانا، ژمارەیەکی سنووردار لە وشە دابنرێت و چۆن لە گۆزەی وشەدا دەریای مانا جێی دەبێتەوە؟ پەیوەندیی جەدەلیی نێوان موتڵەق و نیسبی چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ کاتێک مانا کە بریتییە لە جەوهەر و ماهییەتێکی زیهنی لە قاڵب دەدرێ و وشەیەکی بۆ دادەنرێت و دەخرێتە سەر گەنجینەی فەرهەنگی بەکارهاتووی ناو خەڵک، ئەم پرۆسەیە گەمە و گاڵتە نییە، بەڵکو مرۆڤی دانا سەرسام و حەیران دەکات، بنەما و هۆکار و ئامانج و ئەنجامی خۆی هەیە.

لە ئاستی دووەمدا کاتێک وشەیەکی ناو فەرهەنگ دەهێنین بە زاردا، ڕەنگە مەبەستمان لێی گەیاندنی خودی مانا بنەڕەتییەکە بێت، یان مانایەکی نزیک لەو یان هاوشێوەی ئەو بێت، لێرەدا مرۆڤی بێژەر ئازادییەکی ڕێژەیی هەیە بۆ بەکارهێنان و دەبێ لە سنووری مانا و فەزای دیاریکراوی ئەودا ئەو وشەیە بەکاربهێنێت، لەم ئاستەدا قسە لەسەر حەقیقەت و مەجاز و سەریح و کینایە، قسە لەسەر ڕەوانبێژیی و ڕوونبێژیی و جوانبێژی دەکرێ. مرۆڤ لەم ئاستەدا بەپێی هۆشیاریی و ئاگاهی خۆی وشەکانی ناو گەنجینەی هزر بەکاردەهێنێت، هەرچەند هۆشیارییەکەی و گەنجینەکەی دەوڵەمەندتر و هەستی بە واقیعە

تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتییەکەی زیاتر بێت بەکارهێنانەکەی ڕوونتر و ڕەوانتر دەبێت.

لە ئاستی سێیەمدا قسە لەسەر مەنتووق و مەفهوومی زمان دەکرێت، مەنتووق واتە مانای پڕاوپڕی وشە و ڕستە و تێکستەکان و مەفهوومیش واتە مانای وەرگیراو لە هەناوی دەق، جگەلەوەی باس لە سێ جۆر دەلالەت: دەلالەتی پڕاوپڕ (المطابقة)، دەلالەتی دەبەرگر (التضمن) و دەلالەتی هەڵێنجراو (الإلتزام)، دەکرێت و موناقەشەیەکی زۆر هەیە، کە جۆری سێیەمیان ئایا لەفزی و وەزعییە، یان عەقڵی و ئیستیدلالییە؟

ئاستی چوارەم بریتییە لە بەکارهێنانی تێکڕای ئەزموونی مرۆڤ بۆ وەرگرتنی مانا و مەبەست لە زمان، واتە ئاوێتەبوونی هۆشیاریی و ژیریی لەگەڵ دەربڕینە جیاوازەکان و پێکەوەبەستنیان لە ڕشتەیەکی مەعریفیدا.

کە سەیری درەختی زانستە ئیسلامیی و عەقڵی و نەقڵییەکان دەکەین، دەبینین تۆوی بنەڕەتییان موفرەداتی زمان و بایستەکانی زمانە، لەوێوە قسە لەسەر سەرچاوەی زمان و دانەر و لق و پۆپەکانی دەکرێت، پاشان دێنە سەر ئیمکانی تێگەیشتن و ڕووبەری هاوبەشی پەیوەندییەکان کە زمان بۆ مرۆڤەکانی دەڕەخسێنێت، مرۆڤ لە ڕێی زمانەوە دەتوانێت بیربکاتەوە و تەعبیر لە ویست و نیازمەندییەکانی خۆی بکات. شکڵگرتنی بیر و هزر و هۆشیاریی بەبێ بوونی زمان، مەحاڵی مەحاڵە، لێرەوە تێدەگەین بۆچی خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (الرحمن. علم القرآن. خلق الإنسان. علمه البيان). (الرحمن: ١- ٣).

دەتوانین زمان بشوبهێنین بە تەلارێک کە بناغە و دیوار و پایە و بانی هەیە، دیوی ناوەوە و دەرەوەی هەیە، خاڵی دەستپێک و ئامانج و مەبەستی هەیە، ئەم تەلارە لە هەر ڕۆژگار و قۆناغێکدا بەپێی

تازەبوونـــەوەی ویســـت و پێداویســـتییەکانی مـــرۆڤ پێویســـتی بـــە گەورەبوون و تازەبوونەوە و تەنانەت گۆڕانکاریی هەیە، لەهەمانکاتدا کە بۆخۆی خەڵکانی ناوی کۆدەکاتەوە و مانایان پێدەبەخشێت و خزمـەتیان دەکات، ئەوانیش مانا بەو دەبەخشن و خزمەتی دەکەن.

مـرۆڤ لەگـەڵ زمانـدا داسـتانێکی دوورودرێـژ و دۆسـتانەی هەیـە، زانایـانی لۆجیـک زمانیانیـان کردۆتـە جیاکـەرەوەی مـرۆڤ لـە بـاقی زیندەوەران، بەڵێ مەبەستیان لـە نـاتیق کـە فەسـڵی جیاکـەرەوەی مرۆڤـە، هێـزی ژیریـی و بیرکردنـەوەی مەنهەجییـە، بـەڵام ئـەم هێـزی ژیریـی و هزرمەندییە بەبێ مەنزوومەی زمان فیعلییەت پەیدا ناکات.

لـــە ســـۆنگەی ئـــەم ڕاســـتییەوە ڕازی خیلافـــەت و جێنشـــینایەتی و حەقیقەتی ئاوەدانیی و ژیار و شارستانێتی تێدەگـەین، کـە ئەگـەر مـرۆڤ فێری زمان و نووسین و تۆمارکردن و سەرنجدانی لۆجیکی لە دیاردە و ڕووداوەکـان نەبایـە، هـیچ کـام لەلایەنـەکانی ژیـانی مرۆڤایـەتی گەشـە و پەرەی نەدەسەند و شتێک نەدەبوو بەناوی کۆمەڵی مرۆڤایەتی و گـەل و نەتەوە جیاجیاکان و قوتابخانە فیکریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ئاییـــەکان وەک تەجـــەللیگای پەیوەنـــدیی ڕۆحـــانی نێـــوان خـــالق و مـــەخلوق و وەک ڕێکخـــەری ژیـــانی تـــاک و خێـــزان و کۆمـــەڵ، لـــە ڕێـــی میکـانیزمی زمانـەوە دەرکـەوتوون و ماونەتـەوە، دەقـەکانیان بـە نـەمریی ماون و ماهییەت و نەمرییان بەخشیوە بە نەتەوە جیاوازەکان.

هەمیشە ئەو پرسـیارەش لای مـرۆڤ دروسـتبووە کـە جمکـی پێکـەوە بەستراوی وشە و مانا کامیان لەپێشترن و کامیان لە خزمەتی کامیاندایە و لـەم ڕووەوە بیـر و بۆچـوونی جـودا و تەنانـەت دژبەیـەک باسـکراون، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە لەلای ئەو کەسەی بێژەرە یان نووسـەرە، مانـا لە پێشـە، واتە سـەرەتا ماناکان سـەرواز دەکەن بۆ سـەر عـەقڵ و ژیریـی، پاشان دێت وشەی گونجاویان بۆ هەڵدەبژێرێت، بـەڵام لای بیسـەر، یـان

خوێنـەر، ئەولەوییـەت بـۆ وشـەیە، واتـە بـۆ ئـەو دەسـتەواژەیەیە کـە دەیبیستێت یان دەیخوێنێتەوە ئینجا دێت مانای گونجاوی لێ دەفامێت.

دوای ئەمـە دێینـە سـەر زانایـانی عەقیـدە و بیروبـاوەڕ، ئـەوانیش بـە گرنگییـەکی زۆرەوە لـە زمـان دەڕوانـن، تەنانـەت زانسـتەکەیان ناونـاوە زانستی کەلام، چونکە زۆرترین قسـەیان لەسـەر کـەلامی ئیلاهییـە، تێکڕا بڕوایـان وایـە، خـودا دەبـێ کـەلامی هـەبێت، چونکـە بۆخـۆی لـە قورئانـدا باسی لێکردووە، خوداوەندێک کەلامی نـەبێت، چ لـە ڕووی وجوودییـەوە، چ لە ڕووی ئەخلاقییەوە ناتوانێت خوداوەندیی بکات. ئینجـا مشـتومڕیان لەسـەر ئـەوەبووە ئـەم کەلامـە ئایـا سـیفەتێکی زاتییـە بـۆ خـودا یـان سـیفەتێکی فیعلییە؟ کـە ئەمـەش هـەر پەیوەسـتە بـە گـەورەیی و شـکۆ و گرنگی زمانەوە.

لـە کەلـەپووری ڕەوانبێژیـی ئیسـلامیدا، کـە ڕوویـەکی درەخشـانی زانسـتە ئیسـلامییەکانە و زۆر بـە جـوانی گـەلانی موسـڵمانی پێکـەوە گرێداوە، ئێمە دەبینین زمان بابەتی حەوت زانستی بایەخدارە: ڕوونبێژی (المعـاني)، ڕەوانبێژیـی (البیـان)، جـوانبێژیی (البـدیع)، هاوسـەنگبێژیی (العـروض)، سـەروابەندیی (القافیـة)، سـاغکردنەوە (النقـد) و هۆنـەریی (قرض الشعر). بەرهـەمی ئـەم درەختـە زانسـتییەش میوەگـەلی غـەزەل و قەسیدە و چیرۆک و دەقی ئەدەبی و زانسـتی و فەلسـەفی و ئـەخلاقیی و بەرهەمی هونەرییە، بە هەموو جۆر و ژانرەکانییەوە، هونەری موزیک و گـۆرانیی و موەششـەحات و مـەدائیح و سـەما و سـەماعی سـۆفییانە و دڵدارانە. کافییە سەرنجێک لە کتێبی (الأغـانی) ئـەبو فـەرەجی ئیسفەهانی بدەین لە ٢٤ بەرگدایە، کە دەگێڕنەوە خەلیفە حەکەمی موستەنسـیر بیللا لە ئەندەلووس هەزار دیناری ناردووە تا نوسخەیەکی لێبگرنـەوە و بـۆی بنێرن، پێش ئەوەی لە عێراق بڵاوببێتەوە.

ئەم گرنگیدانە بە زمان و زانستەکانی، بووەتە ئیلهامبەخشی زانایان و ئەدیبان لەناو گەلە جیاوازەکاندا، بۆ ئەوەی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا، کە زمانی فەرمی بیر و بڕوا و ئایینەکەیان بووە، گرنگییەکی زۆر بە زمانی خۆماڵیی و دایک بدەن. ئەگەر وانەبایە، لە کوێوە فارسەکان و تورکەکان و کوردەکان و هیندییەکان و قەفقازییەکان و ئۆزبەک و ئەمازیغییەکان، ڕوویان لە شیعر و فۆلکلۆر و زیندووکردنەوەی زمان دەکرد و لە کوێوە سەعدی و حافز و مەولانا و نالی و مەولەوی و مەحویی و حاجی قادر و فزوولی و نازم حیکمەت و...پەیدا دەبوون.

زمان لەم شارستانێتییەدا ئەو کەشتیی نووحە بووە کە گەلانی لە تۆفانی ڕۆژگار پاراستووە و ماهییەتی پێبەخشیون. فەرهەنگ نووسین کەلتوورێکی دیکەی بەربڵاوە لەناو گەلانی موسڵماندا، کە جگە لە ڕوونکردنەوەی مانا و مەبەست و باسی وشەکان، بوونەتە گەنجینەی پاراستنیان و ئاڵوگۆڕی باری مەعریفیی و پەیوەندییە سەرسوڕهێنەرەکانیان. لە هەناوی فەرهەنگەوە بەراوردی نێوان وشە و ڕستە و بڕگەی نێوان زمان و زارەکان و بەراوردی نزیکایەتی و خزمایەتیان لەدایکبوو. تێگەیشتین تەنانەت لە پەڕاوی ئاسمانیدا دەرفەتی حزوور بۆ زۆر وشەی غەیرە عەرەبی ڕەخساوە، کە بە موعەڕەب ناوزەد کراون و جیاکراونەتەوە.

کە بزاڤی وەرگێڕان لەناو ئوممەتدا دەستیپێکرد، فەیلەسوفانی وەک کیندی و ئەبو حەییان و بیرمەندانی موعتەزیلە هیچ کێشەیان نەبوو لە وەرگرتن و داتاشین و داڕشتنەوەی هزر بە زمانێکی تازەی نامەئلووف، وێڕای بوونی خەڵکانێکی زۆر، کە ئەم کارەیان بە بێهوودە و تەنانەت بە بیدعە دەزانی، بەڵام تێگەیشتن لە ڕۆڵی دەلالیی زمان و نەبوونی ڕێگرێکی لۆجیکی و شەرعی کارە دژوارەکەی ئەوانی ئاسان کرد و سەدەیەک تێنەپەڕی تا حیکمەتی پێشینانی گەلانی دیکە گوازرایەوە بۆ

مەنزومەی هزری ئیسلامیی و هاوڕیتمییەکی سەرنجڕاکێش لە نێوان فیکر و هزرە ئینسانییەکەدا هاتە ئاراوە، کە هەنووکە شانازیی پێوە دەکەین و بووە پردێک بۆ گواستنەوەی هزری سەدەکانی پێش زایین بۆ سەردەمی نویٚ و هاوچەرخ. عەقڵی هەڵبژێری مەنتیق پەسەند بەوشێوە زمان و زانستەکانی زمانی خستە خزمەتی ئەو پەیامە ئینسانییەی قورئان هێنابووی بۆ هەموو مرۆڤایەتی و ئاستە مەعریفییە جیاوازەکانی.

لە ئوسوڵی فیقهیشدا ئامادەگی زمان و زانستەکانی زمان زۆر بەرچاو و بەرجەستەیە، سەرەتا دەرکیان بەوە کردووە کە ئەم زانستی ئوسوڵە دەبیٚ باس و پاساوی خۆی لە بیر و بڕوا و بوار و مەیدانی خۆی لە فیقهو یاسا و میکانیزمی مامەڵەکردنی لە زمان وەربگرێت، بۆیە وتوویانە: کانگا و کارگای ئوسوڵ بریتییە لە سیٚ زانستی: زمانی عەرەبی و فیقه و کەلام.

بەڵام با بزانین لە کانگای زمانی عەرەبی چییان وەرگرتووە:

یەکەم: باسەکانی دانان و داتاشینی زمان.

دووەم: مانای پیت و ئامڕازەکان.

سێیەم: دەلالەتی وشە لەسەر مانای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ.

چوارەم: جۆرەکانی گەیاندنی مانا بە بەرامبەر.

پێنجەم: ڕیزبەندي و ئاستە جیاوازەکانی مانا، کاتێک تێکدەگیرێن لە ڕووی هێز و لاوازییەوە.

شەشەم: یاساکانی چۆنیەتی داڕشتنی گوزارە و فرمان و ڕێگرتن، (قواعد تكوين العبارة و الأمر و النهي).

تائێستا زانیمان زمان لە درەختی زانستە فەرمییەکاندا چەند گرنگ و کاریگەر بووە و چەندە جێی بایەخی یاساناس و موتەکەلیم و بانگخواز و ئەدیبەکان بووە.

لایـەنێکی تـر و ئێجگـار نـاوازەی زمـان، ئـەو کاتـە دەردەکـەوێت کـە بڕۆینـە جیهـانی عاریفـان و سـالیکان، کـە مامەڵەیـەکی تایبـەتیان لەگـەڵ زمـان کـردووە، ئـەوان زمانیـان کردۆتـە ئاوێنـەی دەرکـەوتنی ڕاسـتییە میتافیزیکییە زەوقییەکان کە لە ئەنجامی ئەزموونی نزیکبوونەوە لە خودا و لە کانگای زانستی ڕاستەقینە بۆیان حاسڵ دەبێت.

زمـان لای ئـەوان ڕەمـز و ڕاز و هێمایـە بـۆ جیهـانێکی بـاڵاتر لـەوەی ئێمە دەیبینین، مرۆڤ دەگاتە مەقامێک کـە زمـان و دەفتـەر دەسـووتێن و شتێک نامێنێت جگە لە (ئەو)، ئەوێک کە جودا نییە لـە (مـن)، لـە جێیەکدا کە (من)ێک نامێنێت و هەمووی دەبێت بە (ئەو).

ئـەم زمانـە ڕەمزییـە شـیعرییەتێکی بـاڵا و ئێجگـار بـەرزە، کـە مەگـەر خۆیـان بتـوانن مـافی شایسـتەی پێبـدەن. لـە زمـانی عاریفانـەوە ئێمـە لـە بوون و لـە مـرۆڤ و لـە خـالق و مـەخلوق و عاشـق و مەعشـووق نزیـک دەبینەوە و هەست بە عیللەتی غائیی خۆمان دەکەین، ئەم زمانە ڕەمزییـە ئەفسوونگەرە، لە بەرهەمەکانی مەولانا و ئیبنولفاریز و ئیبن عـەرەبی و شەبەستەري و مەحوی و جزیری و جامی و حافز و سـەعدی شـیرازیدا دەبینین، کە جوانترین حاڵـەتی تـەفاعول و جۆشـخواردنی مـرۆڤ بـوون، مرۆڤ و زمان نیشان دەدەن.

گەشــتێکی خێــرا بــە ئــەدەبیاتی عیرفــانیی کوردیــدا ئــەوەمان بــۆ دەسـەلمێنێت کـە زمـان تـەنها ئامڕازێکـە بـۆ گەیانـدن و قووڵکردنـەوەی ئەزموونی ئاینی و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگیی یەکترقبووڵکردن، زمـان لـە فۆرمـە تەجریدییـە مەعنەوییەکەیـدا دەتوانێـت بیـرە جیاوازەکـان نزیـک بکاتــەوە و بیانگەیەنێتــە خــاڵی هاوبــەش بــۆ ئــاڵوگۆڕی مەبەســت و پێکـەوەژیان. بۆئـەوەی مرۆڤـەکان تێبگـەن لـەوەی کـە ئـەوان لـەودیوی زمانەوە شەیدا و هەڵوەدای ڕوخسارێکن کە هـەر ڕۆژەی بـە جۆرێـک و

بۆ هەر کەسێک بە نمایەک خۆی نمایش دەکات و زمان دێت ناونیشـانی جیاوازی بۆ دادەنێت.

زمان لە ماهیەتی خۆیدا شتێک نییە جگە لە هزرێکی نیشانەدار، کە لـە جیهـانی مانـادا پـەنگی خواردۆتــەوە و بـۆ زەمــین و زەمـانێکی لـەبار دەگـەڕێت تـا خـۆی دەربخـات و ببێتـە وتـار و ئامـاژە و هێمـا، پەیوەنـدی نێـوان کەسـەکان کـە بـە کـەلتوور و تێگەیشـتن و سـەلیقەی جیـاوازەوە دەیانەوێت لەسەر سفرەی ژیانێک و جیهانێک و گەردوونێک کۆببنەوە.

لە فەرهەنگی قورئانیشدا زمان لە ناوەڕۆکدا بیر و تێفکرین و سەرنج و ڕامانە و لە فۆرم و ڕواڵەتیشـدا نیشـانە و ئایـەت و بەڵگـەی تـەواوێتی خوداوەندێکـــە کـــە زمـــانی کردۆتـــە ڕێگـــای دۆزینـــەوەی حـــەق و جیاکردنەوەی لە ناحەق.

**ألم نجعل له عينين و لساناً وشفتين وهديناه النجدين....**

# پەیڤێک لەسەر بەها زانستییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە توێژینەوە ئایینییەکاندا

مرۆڤ بە سروشتی خواکرد هەڵوەدای ڕاستییەکانە لە هەموو شتێک دەکۆڵێتەوە، لە خۆی، لە کات و شوێن، لە سروشت و ژیان، لە ڕابردوو، لە ئێستا و داهاتوو، هێز و توانستەکانی ئەوی شییاندووە بۆ هەموو ئەم بابەتانە، بۆ توێژینەوە و وردبوونەوە. بە سروشتی کۆمەڵایەتیشی مرۆڤ هەوڵیداوە هاوکاری برا و هاوشێوەکانی بکات لە پێناوی بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان، بۆ نموونە بۆ ئەوەی بە خۆشیی و کامەرانی بژی و لە بەهرە و سوودەکانی خاک و سروشت بەشدار بێت، هەر بۆیە ئەڵقەکانی توێژینەوە و سەرنجدانی زانستیی زنجیرەوار پێکەوە بەستراون. لەگەڵ بوونی ڕێباز و ڕێگای جیاواز بۆ توێژینەوەی زانستی و وردبوونەوە لە داتا و زانیارییەکان و دەروازە و ڕەهەندەکانی، بەهای زانستیی یەک لەو پایە گرنگانەن کە پێویستە لە قۆناغ و هەنگاوەکانی هەر توێژینەوە و توێژەرێکدا بەرجەستە ببن و ڕەنگ بدەنەوە، کە لەم گوزەرەدا هەوڵدەدەین ئاماژەی پێبدەین.

پێش ئەوەی پێناسەی بەها زانستییەکان بکەم، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ چەند توێژینەوەیەک بکەم سەبارەت بە پێویستبوونی بەهای زانستی لە هەر پرۆژە و پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا.

١. توێژینەوەی (تایلۆر) و (سوان) (١٩٩٠ز) کە باس لەوە دەکات خوێندکارانی خوێندنی باڵا پێویستیان بە چەند بەهایەکی زانستی بەپێی هەلومەرجی قۆناغەکەیان هەیە.

٢. تـوێژینەوەی (بینیـت) (١٩٩٧ز) کە ئامـاژە دەکـات بـۆ جیـاوازیی نـاو خوێندکاران لە ڕەچاوکردنی بەها زانستییەکاندا.
٣. تـــوێژینەوەی هاوبەشـــی (کاکـــافولیس) و (فۆریســـت) (١٩٩٩ز)، سەبارەت بە کورتهێنانی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

لە توێژینەوەی یەکەمدا بەشێوەیەکی کردەیی دەردەکەوێت کە بوونی بەهـای زانسـتی پێویسـتە بۆ هەمـوو خوێنـدکارێک چ جـای توێژەران، لە دووەمـدا ئەو ڕاسـتییە بەرجەسـتە دەبێت، کە لەنـاو بەهـا زانسـتییەکاندا دەشـێت ڕیزبەنـدیی بکرێـت بەپێـی کەسـەکە و بـابەتەکە. لە سـێیەم تـوێژینەوەدا ئەو دەرەنجامەمـان بـۆ حاسـڵ دەبێـت، کە لە واقیعـی هەر دەزگایەکی فێرکردنـدا هەر چەنـد بـاڵاش بێت، بۆی هەیە کەموکورتی لە پڕۆگرامەکاندا یەکێک بێ لە هۆکارەکانی کاڵبونەوەی بەهای زانستی.

**ئێستا با بزانین بەهای زانستیی چییە؟**

بەهـــا زانســـتییەکان بـــریتین لەو کـــۆمەڵە بڕیـــارە پێوانەییـــانەی کە مرۆڤەکـان دەیـدەن سـەبارەت بە دیـاردە و ڕووداو و شـتەکان کاتێـک دەیـانەوێ بە ڕوانگەیەکـی زانسـتیی ڕووبەڕوویـان ببـنەوە، یـان بڵێـین بـریتین لەو وێنـاکردنە ژیـرانە و ویژدانییـانەی کە هەڵوێسـتی مـرۆڤ سەبارەت بە پرسە بنیاتی و ڕێکارییەکـانی زانسـت دیاریدەکەن و دەبـنە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئاسانتر لە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ توخمەکـانی ژینگە تێبگات و باشتر راڤەیان بکات.

بەهای زانستی کەوابێ چەمکێکی سێ ڕەگەزییە: مەعریفی، ویژدانـی و ڕەفتاری کە لە ئەنجامی جۆشخواردنی خوێندکار لەگەڵ پڕۆگرامەکانی خوێندن دروستدەبێت، وەک ئەمانەتداریی زانسـتی و مـامەڵەی دروسـت لەگەڵ زانیارییەکان و پاراستنی دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەکان و دەرخستنی ئەنجـام و ئاسایشـی زانسـتی و ئەتەکێتـی گفتوگـۆکردن و جیـاوازیی

بیروڕا. مرۆڤ ئەم بەهایانە لە سەرچاوە ئاینییەکان، کەلتوورییەکان و کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت و هەستیان پێدەکات و پەسەندیشیان دەکات و دەبنە بەشێک لە پێکهێنەرەکانی کەسایەتی ئەو.

گرنگیی ئەم بەهایانە لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەبنە هۆکاریی هەماهەنگیی نێوان سەرچاوە ئاینی و کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە و ئەخلاقییاتی زانست. بەنیسبەت خوێندکارەوە دەبێتە چوارچێوەیەک و لە هەڵوێستەکانیاندا بۆی دەگەڕێنەوە، دەشبنە پێوەرێکی بابەتیانە بۆ ڕەفتار و چالاکییان. بۆ مامۆستایانیش ڕۆڵێکی پێوانەیی دەبینێت سەبارەت بە ڕۆڵ و چالاکییە زانستی و پەروەردەییەکانیان. جگە لەمانە، ئەم بەهایانە پایەیەکی گرنگیی خوێندنی سەرکەوتوون و بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی زانستی سوودبەخش. لە ڕووی بەهاکانەوە لێهاتوویی خوێندکار و مامۆستا و دەزگای پەروەردەیی گەشە دەکات و خەسڵەتی شیکار و لێکدانەوە لەناو فەزای پەروەردەییدا پەرەدەستێنێت.

بەبێ بەها زانستییەکان بزاڤی توێژینەوە چەقدەبەستێ و تەنانەت فەلسەفەی زانستیش لە ڕەوتی خۆی دەوەستێت. لە توێژینەوەی زانستیدا سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی وردمان بۆ خودی توێژینەوە هەبێت، کە دوای شەن و کەوکردنی ژمارەیەکی زۆر پێناسەی پێشنیازکراو گەیشتین بەم پێناسەیە:

کە توێژینەوە بریتییە لە چالاکییەکی ڕێکخراو بەمەبەستی دۆزینەوەی وەڵام بۆ چەند پرسێکی دیاریکراو، ئەم پرسانە ڕەنگە بنەڕەتی، یان پراکتیکی، یان تەکنیکی بن، لە ئەنجامی ئەم چالاکییە پەردە لەسەر نەزانراوێک و ڕاستییەک لادەدرێت، ئەم کارە لە خودی خۆیدا بەکارهێنانی کۆمەڵە زانیارییەکە لە بوارێکی مەعریفییدا، کە پێکەوە یەکەیەک پێکدەهێنن و زانیارییەکی نوێیان لێ پەیدا دەبێت. کەواتە توێژینەوە پرۆسەیەکی ڕێک و پێککراوە بە سەرەتا و ئەنجامی ڕوون، لە

دەروازەیەکەوە دەچێتە ناوی و دواتر بە دەرەنجامێکەوە لێی دێتە دەرەوە. بۆ دەستنیشانکردنی ئەم بەهایانە پێویستە پێ بەپێی پایەکانی توێژینەوە بڕۆینە پێشەوە:

**پایەی یەکەم: زانیاریی و داتاکان:**

کە لەم ڕووەوە پێویستە زانیارییەکان چەند خەسڵەتێکیان هەبێ وەکو بنەڕەتی بوون، ڕاستبوون، وردەکاریی، ڕوونی، نوێبوون و بەڵگەداربوون. بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان پێویستە توێژەر ئەمانەتی بپارێزێ لە گێڕانەوەی زانیاری و بێلایەن بێ و ڕەخنە قەبووڵ بکات و لێبوردە و عەقڵانی و خاوەنی نەخشە بێ، ڕاستگۆ و سینەفراوان و دڵسۆزی زانست بێ، شان بداتە بەر بەرپرسیارێتی. نەچێتە ژێرباری دەسەڵات و بیروبۆچوونە بۆماوە و کۆنەکان، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بەردەوام بەدوای زانستی تازە و سوودبەخشدا بگەڕێت.

**پایەی دووەم: مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکان:**

بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان، خەڵکی کراون بە چوار گرووپ:

١. گرووپێک وەک مێرووله مامەڵە دەکەن، تەنها زانیاریی کۆدەکەنەوە.

٢. گرووپێک وەک جاڵجاڵۆکە وان، زانیاری کۆناکەنەوە، بەڵام بەبێ زانیاری پێویست بیر و بۆچوون دەردەبڕن.

٣. گرووپی سێیەم وەک هەنگ وان، زانیاریی کۆدەکەنەوە، شیکارییان بۆ دەکەن و گۆڕانکارییان تێدا دەکەن و بەرهەمی نوێی لێ دەردێنن.

٤. گرووپی چوارەم ئەوانەن کە لەسەر زانیاریی خەڵکی تر دەژین و زانیارییەکان تێکەڵ دەکەن.

لەم سەرووبەندەدا توێژەر دەبێت خۆی بپارێزێت لە کۆکردنەوەی زانیاری بەبێ شیکار و لە تێکەڵکردن و دەستکاریکردن و خولانەوە لە بیری بەتاڵدا.

**پایەی سێیەم: ڕێکخستنی ڕۆشنگەرانە:**

هیچ تـوێژینەوەیەک بەبێ ڕێکخسـتنێکی ڕۆشـنگەرانەی زانیارییەکـان، سەرکەوتوو نابێت، ئەمە ڕێک ئەو ڕێکارەیە کە لە دێرزەمـانەوە زانایـانی لۆجیک باسیان کردووە و گرنگییـان پێداوە، کە ئەو زانیارییـانە پێویسـتە ڕێکبخرێن و زنجیرەوار بەکاریان بهێنین، بۆ ئەوەی ئەنجامیـان هەبێت، لە کۆندا ئەرستۆ و لە سەردەمی نوێدا فرانسیس بیکۆن زۆر مەبەسـتیان بـــووە، تـــوێژەر زانیارییەکـــانی وا ڕیزبەنـــدیی بکـــات، کە بـــیگەیەنن بەمەبەست، بیکۆن قسەیەکی جوانی هەیە لەمبارەوە:

" ئەو کەســەی دەشــەلێت بەو مەرجەی ڕێگـای ڕاسـت بگـرێ زۆر زووتــر لەو پــاڵەوانی ڕاکــردنە دەگــاتە مەبەســت کە ڕێگــای ڕاســتی نەگرتـووە، واتە هەرچەنـد پـاڵەوانەکە چـالاکترە، بەڵام چـونکە ڕێگـاکەی هەڵە کـــردووە تـــا خێراتـــر ڕا بکـــات، زۆرتـــر لە ئامـــانجەکەی دوور دەکەوێتەوە".

**پایەی چوارەم: بواری تایبەت و دیاریکراو:**

تــوێژەری ڕاســتەقینە ناتوانێــت لەم ســەردەمی پســپۆڕییە وردانەدا ناونیشــانی گەورە گەورە دەستنیشــان بکــات بــۆ توێژینەوەکــانی، ئەو دەبێت بابەتەکانی ورد و وردتر بکاتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی ڕوونتر و کردەیـی تـر بـن، واتە ئەمەش بۆخـۆی بەهـایەکی زانسـتییە کە زانـای گەورە شــۆڕببێتەوە بــۆ بــابەتە وردیلەکــان و خــۆی لە نــاو مەودا بچووکەکاندا بدۆزێتەوە.

**پایەی پێنجەم: هەماهەنگی و گونجانی ناوخۆیی توێژینەوە:**

پێویســتە تـوێژەر ئاگـاداری ئەوە بێـت کە نابێـت لە توێژینەوەکەیـدا دژەگۆیی و ناتەبایی هەبێ و هەنگاوەکانی یەکتری تەواو بکەن و یەکتر هەڵنەوەشێننەوە.

**پایەی شەشەم: تازەگەریی و داهێنان:**

ئەم دوو چەمکە بۆخۆیان هەڵگری باری بەهایین، هەربۆیە پێویستە توێژەر بڕوایەکی تەواوی بە تازەگەریی و داهێنان هەبێت و تا پێی دەکرێت لەلاسایی خەڵک و دووبارەکردنەوەی خۆی، دوور بکەوێتەوە.

توێژینەوە ئایینییەکان هەنووکە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە ڕەچاوکردنی بەهای زانستییە، بۆ ئەوەی زۆرێک لە قەیرانی هزریی چارەسەر بکرێت، سەرەتا پێویستمان بە دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەی ئایینییە، کە لەم بوارانەدا خۆی دەبینێتەوە:

- کەلام و عەقیدە و گرووپە بڕواییەکانی وەک ئەهلی سوننە و موعتەزیلە و جەبرییە و ئەوانی تر.
- فیقە و ئوسووڵ و یاسادانان و ئەو قوتابخانە و ڕەوتە مەزهەبی و فیقهییانەی لەو بابەتانەوە دروستبوون.
- ئاکار و ڕەوشت و پرسە ئەخلاقییەکان.
- دەروونناسی ئایینی.
- کۆمەڵناسیی ئایینی.
- فەلسەفەی دین.
- مێژووی ئایینەکان.

توێژینەوەی ئایینی پێویستە لەو شێوازە کلاسیکییە دەرباز ببێت کە دەقی پێوەگرتووە و ڕووبکاتە ئاسۆیەکی نوێ لە داهێنان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە تازە و جیددییەکانی ژیاری نوێ و مرۆڤی نوێ و کۆمەڵگای نوێ.

ئایین پەیامی وەحییە، کە بڕوای تاکەکەس باشترین وەڵامە بۆی، ئایین بەم پێناسەیە دوو ماف دەدات بە وەرگرەکەی:

- مافی تێگەیشتن لە وتارەکە.
- مافی پرسیارکردن لە ناوەڕۆکی وتارەکەی.

- پاشان پێویستە بزانین کە وەحی سێ پەیامی هەیە:
- پەیامێک کە گوزارشتە لە بوون (العقيدة).
- پەیامێک کە فەرمان و بڕیارە (الفقه).
- پەیامێک کە باس لە بەها و شکۆمەندیی و دژە بەها و ناشکۆمەندیی دەکات (الأخلاق).

زانایانی پێشین لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دوو سەرچاوەی گەورەی کیتاب و سوننەتیان ئیلهامبەخش بۆ ئیجتیهاد و نوێبوونەوە و لەم ڕێگەیەوە زانست و مەعریفەی جۆراوجۆریان بەرهەمهێنا، بۆ تێگەیشتن لە پەیامی ئیلاهیی ئیسلام. ئەم تێگەیشتنە هەمیشە داکۆکیی لەوە دەکات کە دین بۆخۆی پێوانەی ڕاست و دروستیی بابەت و بڕیارەکانە و تا پێی بکرێت پەیامەکانی بۆ چەسپاندنی ئەم ڕاستییە ڕەهایەیە.

حاڵی حازر تویژینەوە ئایینییەکان ئەو تێگەیشتنەی تێپەڕاندووە و توێژەران نایەنەوێ تەنها باس لە حەقانییەتی دین بکەن، بەڵکو وێڕای ئەوە زۆر مەبەستیانە شیکاریی بۆ گوزارە ئاینییەکان و سرووتە ئایینییەکان و دەرکەوتە ئایینییەکان بکەن، واتە ئایین وەک دیاردە و واقیعێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، واتە ئەگەر جاران قسەی ئایینی بریتی بوو لە قسەی خودا و پێغەمبەر، هەنووکە باس بووەتە باسی کاریگەریی بڕوا ئایینییەکان لە ڕێنمایی تاک و کۆمەڵگا بۆ بنیاتنانی ژیانێکی دەستەجەمعی شیاوی مرۆڤ، بۆیە توێژینەوە ئایینییەکان دوو ڕەوتی جیددییان بەخۆوە گرتووە:

- تویژینەوەی ئەزموونگەریی لەسەر ئایین وەک لە دەروونناسی ئایین و کۆمەڵناسی ئایین و مێژووی ئایینەکان پەیڕەو دەکرێت.
- توێژینەوەی شیکاریی و لۆژیکیی لەسەر ئایین وەک لە فەلسەفەی ئاییندا بەرجەستە دەبێت.

بەهـــای زانســـتیی هاوشـــانی بـــابەتە زانســـتییەکانی دیـــکە لێرەشـــدا پێویستبوونی خۆی فەرز دەکات و لە قۆناغەکانی توێژینەوەی ئایینییدا دەبێـــتە ڕێنمـــا و نیشـــانەیەکی بەرجەســـتەی ســـەرکەوتوویی ئەو توێژینەوەیە.

یەکێـک لە گرنگتـرین پـایە و پێشـمەرجەکانی هەر تـوێژینەوەیەک، بوونی ئیدارەیەکی هۆشیاری کارایە، کە لە هەموو قۆناغەکاندا چاودێری تـوێژەر و تـوێژینەوە بکـات و پارێزگـاریی لە ڕەوت و لە خەسـڵەتە زانستییەکە بکات.

لە هەمـوو قۆناغەکـانی تـوێژینەوەدا ئەم ئیـدارەیە ڕۆڵـی کـاریگەر دەبینێت، لە پلانـدانانەوە تـا ئامادەکاریی دارایی و هونەری و مرۆیی و لۆجسـتیکی، تـا پێکهێنـانی تیمـی تـوێژەر و بەڕێـوەبردنی کـات و خزمەتگوزارییەکـانی تـوێژینەوە و چـۆنیەتی وەرگـرتن و دیـاری و تۆمارکردنی زانیارییەکان.

ئیدارەی توێژینەوە لایەنی زامنی بەها زانستییەکانە بە پلەی یەکەم و ئەم ئەرکانەی لە ئەستۆدایە:

- دیاریکردنی ئامانج.
- وێناکردنی گرفتی توێژینەوە.
- گریمانەی توێژینەوە.
- دیاریکردنی نزیکترین و گونجاوترین ڕێگا بۆ توێژینەوە.
- هەڵسەنگاندنی زانیارییەکان.
- دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە.
- هەڵسەنگاندنی توێژینەوە.

هەستیارترین قۆناغ دوای ئەنجامدانی توێژینەوە بریتییە لە پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن بـۆی، کە بۆخـۆی پرۆسـەیەکی بەهـادارە و لێوانلێـوە لە پیـادەکردنی بەهاکـانی وەک ڕاسـتگۆیی و ئەمانەتـداری و دڵسـۆزیی و

وردەکاریی و ڕێزگرتن لە کات، کە هەرهەموویان پێویستە لە توێژەر و لیژنەکانی هەڵسەنگاندن و ڕاوێژکارییدا ڕەنگبدەنەوە.

هەر بۆخۆی پابەندبوون بە میتۆدی توێژینەوە، بەهایەکی زانستییە، کە لە عورفی ئەکادیمی کۆن و نوێدا میصداقییەتی توێژەر و توێژینەوە دیاری دەکات.

هەبوونی پێناسە و پۆلێنکردن و بەڵگەهێنانەوە، پاشان ڕەخنە و هەڵوەشاندنەوە و گریمانەهێنانەوە و بەرامبەربوونەوەی بۆچوونی نەگونجاو و ناڕەوا، دەرخەری هەموو ئەو بەها زانستییانەن کە پێویستە لە هەموو قۆناغ و ساتەوەختەکانی نووسین و توێژینەوەدا بوونیان هەبێت و سایەبانی فەزا مەعریفییەکە بن.

قبووڵکردنی ڕاستیی و ڕێژەیی بوونی حەقیقەتی زانستی و دابەشبوونی زانایان بەسەر ڕەوت و ئاڕاستەی جیا جیا بەهایەکی گەورەیە لە کەلەپووری ئێمەدا ڕەنگیداوەتەوە. لەمەولاش جگە لەو ڕێکارە ناسراوانەی مێژووی توێژینەوەی ئایینیی، دەکرێ سوودێکی زۆر لە زانستەکانی سیمانتیک (علم الدلالة) و هیرمۆنۆتیک (علم التأويل) وەربگیرێت و وێنایەکی گونجاو لە تێگەیشتنی دەق بدرێت بەدەستەوە، بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ لە ناوەوە سەیری بنیاتی ئایین بکەن.

لە هەمان کاتدا دەکرێت واقیعبینانە سەیری توێژینەوە دەرەکییەکانیش بکرێت و ئەو مافە بە توێژەران بدەین کە بە مەنهەج و دیدگای جۆراوجۆر قسە لەسەر ئایین بکەن.

موسڵمانان دەتوانن هاوسەنگییەک بەدی بێنن لە نێوان شیکاریی چەمکەکان و شیکاریی گوزارەکان، بۆ کۆتایی هێنان بەو جەدەلە مێژووییەی لە ناو توێژەراندا باسی لێ دەکرێت، کە کامیان لەپێشترە: شیکاریی چەمکەکان، یان شیکاریی گوزارەکان؟

شیکاریی چەمکەکان سیمای بەرجەستەی بیرکردنەوەی ئیسلامیی بووە، بە بەڵگەی ئەوەی کە لە پێناسە و دیاریکردنی چەمکەوە دەستپێدەکەن و پاشان دێنە سەر گوزارە و بەڵگە.

بەڵام شیکاریی گوزارەکان سیمای بیرکردنەوەی کانتییە و لە ئەنجامدا پشت بە دوو ڕەگەز دەبەستێت:

- شیکاریی پێکهاتەی لۆجیکییانەی دەق.
- شیکاریی پێکهاتەی زمانەوانی دەق.

ئەم جیاکارییە مەرج نییە سەد لەسەد بێت، بەڵام دەکرێ توێژەری هاوچەرخ هاوسەنگیی پێویست بکات لە نێوانیاندا.

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئاماژە بۆ گرنگیی توێژینەوە میانییەکان (الدراسات البينية) بکەم، کە یەکێکن لە دەسکەوتەکانی سەردەمی نوێ، بەو مانایەی کە هەموو زانستەکان یەکتری تەواو دەکەن و پردی پەیوەندیی جۆراوجۆریان لە نێواندا هەیە و پێویستە دیوارە دەستکردەکانی نێوانیان بڕووخێندرێت، چونکە یەک پسپۆڕیی بە سنوورە مەعریفییەکانی دەبێتە هۆی بەرتەسککردنەوەی خۆی و ڕێگرە لە داهێنان و دۆزینەوەی ڕاستیی تازە.

نموونەی زۆریشمان هەیە لەم بارەوە:

پزیشکی و کیمیا و فیزیک و دەروونناسی و کۆمەڵناسی پێکەوە دەتوانن تاک و کۆمەڵگایەکی تەندروست و ساغ بەرهەم بهێنن. بەهەمان شێوە شەریعەت و یاسا و زمانناسی و فەلسەفە و لۆجیکیش پێکەوە دەتوانن مرۆڤ ڕێنمایی بکەن بۆ بەهای بەرز و مافپارێزیی و تێگەیشتنی باش.

# د. سەباح بەرزنجی:
# هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە

عـەقڵکاری و زانسـتە عەقڵییـەکان لـەو پرسـە گرنگانـەن مێژوویـەکی دورودرێژیـان هەیـە لـە ڕەوتـی زانسـتە ئیسـلامییەکاندا، تـا ئێسـتا هـیچ پرسـێک بـە ئەنـدازەی ئـەو پرسـە قسـەی لەسـەر نـەکراوە، گۆڤاری"خـاڵ" بەپێویستی زانی تەوەری ئەم ژمارەی، ئەو پرسە لەخۆی بگرێت، هـەوڵ بدات لـە ڕێگـای نووسـین و دیمانـە قەڵـەم بەدەسـتانی کـورد بدوێنێ، بۆ ئەو مەبەستە چەنـد پرسـیارێکی ئاڕاسـتەی "د.سـەباح بـەرزنجی" شـارەزا لەو بوارە کردووە، کە ئەمە دەقەکەیەتی.

**خاڵ: پرسی عەقڵ و نەقڵ تا ئێستا زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم پرسە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: بەشێوەیەکی گشتی بیرمەندانی موسڵمان کۆکن لەسـەر ئـەو بنـەمایەی کە عەقڵگەرایـی خەسـڵەتی هەمـوو زانـا و شەرعزانێکە، واتە بەبێ لێکدانەوەی ژیربێژانە و لۆجیکییانە مومکین نییە ڕاستییە بڕوایی و فیقهیی و فەلسەفیی و ئاکارییەکان بەدەسـت بهێنـرێن، چونکە خـودی باوەڕەکـان و یاسـا و ڕێسـاکان و تەنـانەت پیادەکردنیـان لەسەر زەوی و لە ژیانی تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیدا بەرمەبنـای عەقڵ و ژیـری دامەزراون و ناشـێت لە دەرەوەی یاسـا عەقڵییەکـانەوە ڕوانینیـان بۆ بکرێت. تەنهـا جیـاوازییەک کە هەبێـت لەم نێوەنـدەدا بـریتییە لە دوو خاڵ:

**یەکـەم:** عەقڵکـاریی لە نـاوەوەی شـەریعەت بـێ، یـان لە دەرەوەی شەریعەت؟

**دووەم:** ئەنـدازە و بڕیـی ئەو عەقڵکـارییە لە تێگەیشـتنی دەق و چەمکەکاندا چەندە؟

لە وەڵامـدانەوەی ئەم دوو پرسـیارە جـومگەییە، ڕەوت و فێـرگەی جیاواز و ئاڕاستەی جۆراوجۆر دروستبووە، لە وەڵامی پرسی یەکەمدا قسە لەسەر ئەوە کراوە کە عەقڵ و نەقڵ دوانەیەکن لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤدا پەیدابوون، واتە دوو چـران بەدەسـتی مـرۆڤەوە لە بەرەبەیـانی هەڵاتنی خۆری ئیدراکەوە (ئیدراکی زاتی یان وەزعی) و کات زایەکردنە کە ئێمە بێین ئەولەوییەت بدەین بە یەکێکیان، چونکە ئەم دوانەیە هێندە پـێکەوە تەبـا و گونجـاون لێکـدانابڕێن و ئەو مشـتومڕانەی لەمبـارەوە دەکرێن جەدەلێکی بێ ئەنجامـە، چـونکە لە دەرەوەی شـەریعەت عەقڵ قسەی کۆتـایی دەکـات و لە نـاوەوەی شـەریعەتیش عەقڵ ڕۆڵـی تەواو و یەکلاکەرەوەی هەیە بۆ سەلماندن و شرۆڤەکردن. لە یەکەمین سـاتەکانی هـاتنەخوارەوەی سرووشـی ئیلاهیی بۆ سـەر هەر پێغەمبەرێک، ڕووی گوتار لە عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤ بووە، ڕووی گوتار لە فیترەت و ژیریی و هوشیاریی مرۆڤ بووە، بۆیە هیچ بیرمەند و مێژوونووسێکی عەقڵانی ناتوانێت بـاس لە تەعتیـل و مـاتڵکردنی عەقـڵ بکـات بە بیـانووی ئەوەی پێشخستنی عەقڵ، پاشکۆیی نەقڵی لێدەکەوێتەوە، یـان کـاراکردنی عەقڵ لەگەڵ سەروەریی نەقڵ ناکۆک دەبێت، بەپێچەوانەوە بە ڕوونـاکی نەقڵ، بەسیرەتی عەقڵ زیاتر و کاراتر دەبێت، سەبارەت بە وەڵامی پرسـیاری دووەمیش، عەقڵ لە کیشوەری نەقڵدا حوکمڕانێکی ڕەهایە، مەبەستیش لە عەقـڵ عەقڵـی کـوللی و دەسـتەجەمعیی و کـۆی ئەزمـوونی دانـش و تێگەیشـتنی کـۆڕایی خەڵـکە، ئەو ڕووبەرەیە کە دەبێـتە جـوغزی پێکەوەژیانی مرۆڤەکان. دوای بڕواهێنـان بە پێغەمـبەریش، ئەرکی عەقڵ

کۆتـایی نـایەت، بەڵـکە بەردەوام لەگەڵ دەسـتووورە نەقڵییەکـانی خـودا جۆشدەخوات و پێویستییەکانی خۆی لێ بەدەستدەهێنێت، ڕێک وەک ئەو کـارەی پێشـەواکانی وەک ئەبـو حەنـیفە و مالیـک و شـافیعی و ئەحـمەد سـەبارەت بە شـرۆڤەکاریی دەق کردوویـانە. ئەوان هـاتوون بەپێـی داخوازییەکـانی واقیـع و پرسـە کۆمەڵایەتییەکـان، یاسـای کردەیـی ڕۆژانەیان لە هەناوی دەقەکانەوە وەرگرتووە، بۆ ئەوەی سیستەمگەلێکی ئامـادە و موتەکامیـل لە بەرچـاوی تـاک و کـۆمەڵ و دەوڵەتـدا بـوونی هەبێـت. عەقـڵ لەم پرۆسـەیەدا هەم وەرگـرە و هەم شـرۆڤەکار و هەم دابەزێنەر. هەمیشە کەسانێکیش هەبوون ویستوویانە بابەتەکە زیاتر ورد بـکەنەوە، بـۆ ئەوەی بنـاغەی کـارەکە پتەوتـر بێـت، بـۆ ئەوەی گومـان هەڵنەگـرێ و قـابیلی تـانە و ڕەخـنە و کـورتبڕی نەبێـت. لە ئەنجـامی وردکردنەوەی زیاتر، ئەو پرسیارە هـاتۆتە پێشـەوە، کە ئەم دووانە، ئەم دوو جمکە خۆشەویستە، کامیان لەپێشـترە؟ واتە ئەسـڵی پرسـیارەکە لەو کـاتەوە مەتـرەح بـووە کە ویسـتوویانە بـزانن لە کـاتی دابەزانـدنە جوزئییەکانـدا ئەگەر لەنێـوان دوو حـوکمی فیقهییـدا ناتەبـایی ڕواڵەتیـی دروستبوو، یەکێکیان پشتی بە نەقڵ بەستبوو ئەویتریش پشتبەستووبوو بە عەقڵ، کەسـی موجتەهید لایەنگیریـی لە کامیـان بکـات، لێرەدا چەنـد گۆشەنیگایەک دێتە ئاراوە:

گۆشـەنیگای لایەنگرانـی عەقـڵ، کە پێیـانوایە عەقـڵ خـاوەنی مەرجیعییەتـی سـەروو دەقەکـانە، چـونکە لە بنەڕەتـدا دەق و نەقـڵ پاساویان لە خودی عەقڵ وەردەگرن.

گۆشەنیگای دووەم: عەقڵ تا لە دەرەوەی نەقڵ بێت خاوەنی بڕیارە، دوای سەلماندنی نەقڵ عەقڵ دەبێتە تابیع و پەیڕەو.

سـێیەم گۆشـەنیگا هـی ئەوانە بـوو کە بە نەفەسـێکی درێژتـرەوە مامەڵەیـان لەگەڵ هەردوو مەقـوولەکە کـرد، وتیـان لەڕاسـتییدا هـیچ

ناتەباییەک لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا نییە، چونکە ئەم دووانە دووڕووی یەک دراوی حەقــیقەتن، هەردووکیــان هەماهەنــگ و هاوکــارن و پرسەکەیان گەڕاندەوە بۆ سەرەتای بارودۆخی دینداریی.

لەم نێوەندەدا، بێگومان لەناو هەموو مەزهەبەکاندا کەسانێک پەیدا دەبن کە سەرسامی کەسایەتی پێشینان دەبن و بە کردەوە نایانەوێ ئاستی هۆشیاریی ئەوان تەجاوز بکەن، بۆیە هاتن هێڵکێشییان لە نێوان عەقڵ و نەقڵدا کرد بۆ ئەوەی عەقڵ ببێتە تابیع، تابیعی بێ چوون و چرا، بۆیە هاتن ڕەوتی عەقڵکارییان وەستاند، ئەوەی پێیدەوترێ (بەستنی دەرگای ئیجتیهاد)، وەک ڕێگرییەک لە بزاڤی عەقڵکاری و عەقڵگەرایی، کە بێگومان دۆخی وەستاوی کۆمەڵگای ئیسلامیی بە کاریگەریی دەسەڵاتی پاوانخواز، زەمینەی باشی بۆ ئەم بیرۆکەیە فەراهەم کردبوو، لەلایەکی تریشەوە ڕۆحی قەناعەتکاری تاک و کۆمەڵگا ئەوەی پێ ئاسانتر بوو لەســەر ســفرەی پێشــینان بــژی و هاوشــێوەی وەســتانی فتووحــاتی سیاسیی، فتووحاتی فیکری و فیقهی و عیلیمیش بوەستێت، کە هەر دوو حاڵەتەکە بە پاشەکشێی شارستانیی ئوممەت تەفسیر و ناوزەد دەکرێت.

ئەم جەدەلە فەلسەفییە قووڵە، زووتر و پێشتر یەکلاکراوەتەوە، کە عەقــڵ و نەقــڵ دووانەی لێکــدانەبڕاون و یەکتــری تەواو دەکەن و هەرکامیان بگری دەبێتە پاڵپشتی ئەوی تر. سەیر لەوەدایە هەرچی لەمبارەوە دەگوترێت قسەی کۆتایی نییە لەسەر پرسەکە.

**خاڵ: عەقڵ بەخششێکی خواییە، بۆچی هەندێک لە قوتابخانە ئیسلامییەکان گرفتیان لەگەڵ عەقڵ هەیە؟ لە کاتێک زۆرجار ڕەتکردنەوەی عەقڵ لە لایەن خودی ئەو کەسانە بە بەڵگەی عەقڵییە؟**

بڕوام وایە هیچ قوتابخانەیەکی ئیسلامیی گرفتی لەگەڵ عەقڵ نییە، ئەوەی هەیە لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ عەقڵکاریی، هەر بۆیە کەسێکی وەک شیخ ئیبن تەیمییە کە بە نەیاری سەرسەختی عەقڵکاری

دادەنرێت بۆ خۆی یەکێکە لە بەهێزترین ڕەخنەگرانی میتۆدیی عەقڵیی، ئەو لە موتڵەقی عەقڵ ڕەخنە ناگرێ لە جۆرێکی تایبەت کە بریتییە لە عەقڵکاریی یۆنانیی ناڕازییە. شیخی سیووتیش بە هەمان ئەندازە دانووی لەگەڵ عەڵگەرایی یۆنانی نەکولاوە، وەک بڵێی پێیان وابووە ئیسلام و شەریعەت بۆخۆیان میتۆدێکی عەقڵانیی سەربەخۆیان هەیە و پێویست بە هاوردەکردنی میتۆدی عەقلانیی ئەملاولا نییە. واتە عەقڵکاریی شەرعزانەکانی وەک شافیعی و ئیبن تەیمییە و شاتبی و سیووتیی، بە مانای بوونی میتۆدی سەربەخۆی عەقلکاریی ئیسلامییە، نەک گرفتیان لەگەڵ موتڵەقی عەقڵکاریی هەبووبێت.

**خاڵ: پرسی عەقڵ و نەقڵ یەکێکە لە پرسە زۆر قسەلەسەر کراوەکان، باشترین میتۆد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پرسە چییە؟**

د. یەباح بەرزنجی: باشترین میتۆد بریتییە لە میتۆدی تەواوکاریی زانستەکان (التكامل المعرفی) کە پەیمانگای جیهانی هزری ئیسلامیی تەبەننی کردووە و تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ ڕەوتی زانستخوازیی سەردەم و ڕای زۆرینەی زۆری پێشەواکانی پێشینیش یەکدەگرێتەوە، کە هەموو زانستە عەقڵی و نەقڵی و فەلسەفی و پێوانەییەکان بەکاربهێنین بۆ خوێندنەوەی دەقەکان و هەڵهێنجانی پێداویستییەکانمان و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە بەرجەستە ڕاستەقینە سەلمێنراوەکانی زانست.

**خاڵ: موعتەزیلەکان وەک گرووپێکی عەقڵانی ناسراون، هەندێکجار موعتەزیلە بەوە تۆمەتبار دەکرێن دەق "نص" پیشتگوێ دەخەن، عەقڵ پێش دەخەن، لە چ شوێنێک موعەتەزیلە عەقڵ پێش "نص" دەخەن؟**

د. سەباح بەرزنجی: موعتەزیلە دەق پشتگوێ ناخەن، چونکە ئەوانیش خۆیان دەبەنەوە سەر سەلەفی ئوممەت لە ڕێگای حەسەنی بەسری و موحەممەدی ئیبنولحەنەفییە و تەنانەت وەک لایەنی فیقهیی، تابیعی

مەزهەبی شافیعی بوون. بەڵام ناشیشارنەوە ئەوان بە ئالیەتی خۆیان قسە لەسەر دەق دەکەن و جیاوازییشیان لە خەڵکانی تر ئەوەبووە، کە وتوویانە هیچ ڕێگرێک نییە لەوەی کە ئسلوبی مەنتیقزان و فەیلەسوفان بەکاربهێنین لە گەیاندن و ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامیی و بەشێوەیەکی عەقڵیی راڤە و شرۆڤەی ڕاستییەکانی شەریعەت بکەین. لەو شوێنانەشدا کە دەڵێن عەقڵیان پێشخستووە، لەڕاستییدا تەئویلی عەقڵییان بۆ دەقەکان کردووە، بۆ نموونە بۆ پرسی بینینی خودا لە قیامەتدا ئەوان تەئویلی ئایەت و فەرموودەی بینینیان کردووە، بە پێوانەیەکی عەقڵی و نەهاتوون بەبێ لێکدانەوە تەسلیمی ڕواڵەتی دەقەکان بین.

**خاڵ: قورئان گرنگی زۆری بە بیرکردنەوە داوە، لە زۆر ئایەت داوای بیرکردنەوە دەکات، ئەوە واتای ئەوە نییە خەڵکانێک بە ناوی ئیسلام دژی هەندێک ئایەتی قورئان دەوەستنەوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: نەخێر بەو مانایە نییە، چونکە ئەوانیش خۆیان بە پابەندی دەقەکان دەزانن، تەنها ئەوەندە هەیە هەر کەس بەپێی ئاستی زانستی و مەعریفی خۆی بیر دەکاتەوە، قورئان کە داوای بیرکردنەوە و تێفکرینی کردووە لە بڕواداران، نەیفەرمووە پێویستە هەمووتان وەکو زانایەکی گەورە و کامڵ بیر بکەنەوە، بەڵکو فەرموویەتی هەرکام لە ئێوە بەپێی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی خۆی بیر بکاتەوە، نەک زیاتر یان کەمتر. کەواتە نابێت وا تەفسیری وەزعەکە بکەین کە ئەوانە دژی ئایەتی قورئان دەوەستنەوە، چونکە هیچ موسڵمانێک جورئەتی ئەوە ناکات دژی ئایەتی قورئان بێت، بەڵکو دەبێ بڵێین ئەوە خەتای ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و زانستیی و مەنهەجییانەی ئەوانە کە وا دەردەکەون، ئەگینا کافییە ئاستی هۆشیاری و ئاگادارییان بەرز ببێتەوە، بۆ ئەوەی بیکردنەوەکەیان بگاتە ئاستی پێویستی سەردەم و داخوازییەکانی.

**خاڵ: لە هەموو قوتابخانە ئیسلامییەکان خەڵکانێک هەوڵیان داوە ئەو پرسە چارەسەر بکەن، تا چەند هەوڵەکانیان کاریگەری هەبووە لەسەر شوێنکەوتووانی، بۆ نموونە ئیبن تەیمیە خاوەنی کتێبی"درء التعارض والعقل والنقل"، ئەو کتێبە تا چەند کاریگەری هەبوو لەسەر شوێنکەوتووانی؟**

د. سەباح بەرزنجی: بەڵێ بێگومان لە ناو مەزهەبە ئیسلامییەکاندا کەسانێک هەڵکەوتوون کە ڕیشەیی لە مەسەلەکەیان ڕوانیوە و چارەسەری ئەو ناتەباییە ڕواڵەتییەیان کردووە، نموونەی زیندوو بۆ ئەمە ڕاغیبی ئەسفەهانی، ئیمامی غەزالی، ئیبن حەزم، ئیبن ڕوشد و ئیبن تەیمییە و ئیبنولقەییم و قەڕافی و شاتیبین، هەرکام لە دیگای مەزهەبی خۆیەوە لە پرسەکەی ڕوانیوە و تا ئەندازەیەکی زۆر کاریگەرییان لەسەر دوای خۆیان داناوە.

**خاڵ: سەلەفیەتی هاوچەرخ زۆر باس لە پابەندی بە ڕێبازی سەلەف دەکەن، زانایانی سەلەف چۆن لە عەقڵیان ڕوانیوە؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا سەلەفییە ڕاستەقینەکانیش کەسانی گەورە و جێی ئیعتیبارن، بەرهەمی جوان و ناوازەیان پیشکەشکردووە، بەڵام عەقڵکاریی ئەوان وا لە سنووری بازنەی ناوخۆیی ئایین و مەزهەبدا، بۆیە لە دەرەوەی ئەو بازنەیە کاراییان نییە. سەلەفی ئوممەت عەقڵیان زۆر بە گرنگ و بەهادار زانیوە، ئەوان وتوویانە (العقل مناط التكليف).

**خاڵ: زانستە عەقڵیەکان تا سەردەمانێکی زۆر گرنگی زۆری پێ درا، هەندێک پێیانوایە ئیمام غەزالی بە نووسینی کتێبی "تهافت الفلاسفة" فەلسەفەی ئیسلامی کوشت، ئەوە تا چەند بۆچوونی دروستە؟**

د. سەباح بەرزنجی: نەخێر وانییە، ئەوە بۆچوونیکی سادە و سەرپێییە، گوایا (تهافت الفلاسفة)ی غەزالی فەلسەفەی ئیسلامیی کوشتبێ، ئەگەر وایە چۆن لێکدانەوە بۆ فەلسەفەی دوای غەزالی بکەین،

که کەسانێکی گەورەی وەک فەخری ڕازی و ئیجیی و ئیبن ڕوشد و ئیبن توفەیلی بەرهەمهێنا، بەپێچەوانەوە، من بڕوام وایە ئەو نەقدەی غەزالی گوڕوتینێکی تازەی دا بە ڕەوتی فەلسەفی لە جیهانی ئیسلامدا و جۆرێک لە گۆڕانکاریی تێدا دروستکرد و وایکرد فەیلەسوفان وردەکاری زیاتر بکەن. لەڕووناني فەلسەفی شیکاریی دیاردە و ڕاستییەکان، چونکە غەزالیش نەهات هەموو فەلسەفە بە ڕەهایی مەحکوم بکات، بەڵکو فەیلەسوفانی تەنها لە سێ بابەتی عیلمی خودا بە جوزئیات و قیدەمی عالەم و حەشری جیسمانی بە هەڵە دانا، کە ئەمەش واتە ڕەتکردنەوەی فەلسەفەیە بە زمانی فەلسەفە خۆی.

**خاڵ: ئایا دەکرێت کتێبێک ببێتە هۆی کوشتنی ئەو هەموو توراسە فەلسەفەیەی زانایانی پێش خۆی؟ ئەمە بەهێزیی غەزالی دەگەیەنێت لە ڕەخنەکانی یان لاوازی فەلسەفەی ئیسلامی؟**

د. سەباح بەرزنجی: ئەو کتێبە نەبووەتە هۆی کوشتنی توراسی فەلسەفی، یەکەم لەبەر ئەوەی توراس نەمرە و نافەوتێت، دووەم لەبەر ئەوەی کتێبەکە بۆ خۆی بە لۆجیکی فەلسەفی نووسراوە و موعالەجەی فەلسەفی کێشەکانی فەلسەفەی کردووە، هەرچەند لەڕاستییدا ڕێگای لە سەرکێشی فەیلەسوفان گرت و زەمینەی لەباری ڕەخساند بۆ بووژاندنەوەی زانستە ئایینییەکانی وەک فیقهو کەلام و عیرفان و ئاشتکردنەوەی ئایین و فەلسەفە.

**خاڵ: غەزالی کێشەی لەگەڵ فەلسەفە هەبوو، یاخود لەگەڵ فەیلەسوفەکان؟**

د. سەباح بەرزنجی: کێشەی لەگەڵ سەرکێشی و بێباکی فەیلەسوفان هەبوو، کێشەی هەبوو لەگەڵ مامەڵەنەکردنی ئاسایی لەگەڵ پرسە فەلسەفییەکان، ئەو ویستی بڕوا ئایینییەکان لە ژێر بەرداشی فەلسەفەدا نەهاڕدرێن.

**خاڵ: زانستی لۆژیک و کەلام تا چەند ڕۆڵیان هەبووە، لە هێشتنەوەی زانستە عەقڵییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، دوای پاشەکشەی فەلسەفە لە پاش ئیمامی غەزالی؟**

د. سەباح بەرزنجی: ئەم دوو زانستە ڕۆڵێکی بنیادی گەورەیان هەبووە هەیە لە داڕشتن و گەشە و ڕەوتی مێژوویی زانستەکان لە جیهانی ئیسلامیی بە عەقڵی و نەقڵییەوە، هەر لە زانستەکانی زمان (سەرف و نەحوو و ڕەوانبیژی)یەوە بگرە تا فیقهو ئوسوڵ و عەقیدە و تەفسیر و فەرموودە، ئەم کاریگەرییە دوای غەزالیش هەر بەردەوام بوو، چونکە هەر غەزالی خۆی دەفەرموێت: ئەو کەسەی لۆجیک نەزانێت متمانە بە زانستەکەی ناکرێت. وەک وتم کاری غەزالی دژی مەنهەجیەتی کەلام و لۆجیک و فەلسەفە نەبوو، بەڵکو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی فەلسەفی بوو لە خزمەتکردن بە بڕوا ئایینییەکاندا.

**خاڵ: ڕۆڵی زانایانی کورد لە زانستە عەقڵییەکاندا هەبووە؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا ئایینییەکانی کورد لە دێرزەمانەوە شانبەشانی زاناکانی دیکەی جیهانی ئیسلام لەبرەودان بە زانستە عەقڵییەکان چوونەتە پێش، لە سوهرەوەردییەوە تا شەمسەدینی شارەزووری، کە دوو گەورە فەیلەسوفی ئیشراقین، تا دەگات بە ئەمڕۆ لۆجیک و فەلسەفە و کەلام و عیرفان وەک بابەتی سەرەکی لە حوجرەکانی کوردستان خوێندراون. خۆیان کتێبیان نووسیوە و ڕاڤە و شرۆڤەیان بۆ کتێبی پێشینان کردووە و بەشداربوون لە پیکەوەگرێدانی شەریعەت و حیکمەت و عیرفان. دوا کۆڵەکەی زانستە عەقڵییەکان لە کوردستان بووە، مەلا باقری مەریوانی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و شێخ بورهانی حەمدی و مەلا حەمەئەمەینی کانی سانان و شێخ محەمەد ڕەمەزان بووتی و دکتۆر عیرفان عەبدولحەمید و دکتور

محەمەد ڕەمەزان عەبدوڵڵا و دکتۆر محەمەد شەریف و دەیان و سەدان زانای تریش شۆڕەسواری ئەمە مەیدانەبوون.

**خاڵ: تا چەند زانایانی کورد لەو زانستانە توانیانە جێدەستیان دیار بێت، شتی تازە بخەنە سەر ئەو زانستانە؟**

د. سەباح بەرزنجی: زانا کوردەکان بەپێی سەردەمی خۆیان ڕۆڵیان لەو زانستانەدا هەبووە، واتە هەم نووسینی سەربەخۆ، هەم شەرح و لێکدانەوە و هەم پەراوێز و تەعلیقاتیان لەسەر کتێبە ناوازە و دەگمەن و تایبەتەکان هەبووە. باشترین نموونە عەللامە ئیبن ئادەمی باڵەکی، عەللامە مەلا عەبدلوڕەحمانی پێنجوێنی، عەللامە ئیبنولقەرەداغی، عەللامە زەڵمی و ئایەتوڵڵای مەردۆخی سنەیی. تەنها چەند نموونەیەکن لەم بوارەدا.

**خاڵ: مەلا سەدرای شیرازی یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی پێگەیەکی بەرچاوی هەیە لە فەلسەفەی ئیسلامی، تا چەند ڕۆڵی هەبوو لە زیندووهێشتنەوەی فەلسەفەی ئیسلامی؟**

د. سەباح بەرزنجی: بێگومان مەلا سەدرا کە فەیلەسوفێکی ئێرانیی شیعەیە و بە خاوەنی مەدرەسەیەکی تایبەتی فەلسەفی دادەنرێت، یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی دنیای ئیسلام، ئەو داڕێژەری حیکمەتی باڵای موتەعالییە، لە کتێبی ئەسفاردا ئایین و فەلسەفە و عیرفانی پێکەوە گرێداوە و تەرحێکی تازەی فەلسەفی داڕشتووە، کە لەنێوان ڕەوتی مەشائییانی یۆنانی و ئیشراقییانی ئێرانی و کەلامی ئیسلامی ڕەوتێکی میانە و ناوازەیە. ئەو بوو توانی فەلسەفە بخاتە سەر سکەی سەردەمەکانی ڕۆشنگەریی و بەخۆداهاتنەوە و خۆشبەختانە مەلایانی کوردیش بەم ڕەوتە ئاشنابوون لە ڕێگای مەنزوومەی مەنتیق و حیکمەتی مەلا هادی سەبزەواری. من خۆم مەنتیق و حیکمەتی سەبزەواری لە خزمەتی باوکمدا فێر بووم و شانازی پێوە دەکەم، کە ئەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەم فەلسەفەیە بۆ خۆی زەمان و دەرفەتێکی زیاتری دەوێت.

# سیاسەتگوزاریی پەروەردەیی
# وەک مەرجێکی بنەڕەتیی سەرووەریی

لە جیهانی ئەمڕۆدا، زۆر قسە لەسەر زانست و لەهەمان کاتدا لە نێوان گەلان و وڵاتاندا، بەراوردی توانا و پێشکەوتنی زانستی دەکرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە لەگەڵ بوونی قەناعەتی تەواو بە گرنگی زانست لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بە هەڵاواردنی یەک دوو وڵات کە خەریکن پێشدەکەون، پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لە بواری زانست، بەتایبەت زانستی تەکنیکی و سروشتیدا بەرچاو ناکەوێت.

هۆکاری جۆراو جۆر هەیە بۆ ئەم پاشکۆیەتی و دواکەوتنە، ڕەنگە لە هەمووی کاریگەرتر ئەوەبێت، کە ئێمە هێشتا خاوەنی سیاسەتگوزاریی پێویست و لەبار نین بۆ پەروەردە و فێرکردن و پلانی زانستخوازیی لە وڵاتەکانماندا. بەتایبەت لەو ڕووەوە کە هێشتا بە باشی هەست بە مەترسیی ئەم پاشکەوتن و پاشکۆییە ناکەین، لە جیهانێکدا کە زانست و تەکنۆلۆژیا قسەی یەکەم دەکەن و دەتوانن هەموو شتێک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و هەر وڵاتێک پشکی باشی لەم ڕەسیدە مەعریفییە نەبێت، چارەنووسی خراپ و تیاچوون و کوژانەوەی چراکانی چاوەڕێی دەکات.

لە بواری پەروەردەدا، مامۆستا، خوێندکار، پرۆگرام، ژینگەی پەروەردەیی و کارگێڕیی کارامە هەمووی پێویستن و بە لاوازیی هەرکام لەم توخمانە ڕەوتی زانست و زانیاریی ڕوو لە شکستە و ئەنجامێکی دڵخۆشکەری لێ ناکەوێتەوە، بەڵام لەمانە هەمووی گرنگتر بوونی سیاسەتگوزارییەکی دروست و هاوچەرخ و زانستییە لە وڵاتدا کە

چـۆن سیسـتـەمی پەروەردەیـی بەرەو داهێنـان و پێشـکەوتن ڕێنمـایی ببەین، بە سـوودوەرگرتن لە هەمـوو ئەو وزە و توانایـانەی بەردەسـتن، واتە لە مامۆستاوە بگرە تا پرۆگرام و قوتابخـانە و زانکۆ و پەیمانگا و سەرچاوەکانی زانست و بەهرە و سەرچاوە سروشـتیی و مرۆییەکـان و بەڕێوەبەرانی کارامە و بەرچاو ڕوون. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم یەک بەیەک باسـی ڕەگەز و تـوخمە بنەڕەتییەکـانی سیاسـتەگوزاریی پەروەردەیی بکەم، بەو بڕوا و متمانەوە کە بوونی هەرکامێک لەمـانە لە ئاسـتە بەرزەکەیـدا هەنگاوێـک و چەنـدین پلـە لە ئاسـتی سـەروەریی و سەربەخۆییمان بەرز دەکاتەوە.

## یەکەم: سیاسەتگوزاریی پەروەردەیی

سیاسـەتگوزاریی پەروەردەیـی بـریتییە لە هەمـوو ئەو پـرەنسـیپ و بڕیارە سیاسییانەی کە حکومەت سەبارەت بە خوێندن دایدەنێت، وێڕای هەمـوو ئەو یاسـا و ڕێسـایانەی بـۆ سیسـتەمی پەروەردە دانـراون. بەم پێناسـەیە بێـت هەرچـی پـلان و بڕیـار و ڕوانـگەی فەرمیـی حکـومەتە سەبارەت بە مامۆستا و قوتابی، پرۆگرام و قوتابخانەکان، بەڕێوەبردن و ئامادەسـازیی، تەنـانەت ئـابووریی و بژێـوی خێزانەکـان و داهـاتووی دەرچووان، دەچنە ناو سیاستگوزاریی پەروەردییەوە. جگە لە فەلسـەفەی حوکمڕانی وڵات، کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لەم پرۆسـەیەدا. واتە ئەگەر کـاری حکـومەت هەمـووی ببەسـتین بەم لایەنەوە، کـارێکی ناشایستەمان نەکردووە و حکومەتیش ئەگەر هەموو هەوڵ و کۆششێکی بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی فراوان و تۆکمەی پەروەردەیی تەرخان بکات هەڵەی نەکردووە.

ئەنجامی پەروەردەی تۆکمە و زانستییانە و کارگێڕیی لێهاتوو، دوای چەند سـاڵێک لە هەمـوو سـێکتەرە زینـدووەکانی ژیـانی تـاک و کۆمەڵدا ڕەنگدەداتەوە. لە تەندروستی و فەرمانگە و بـازاڕەوە بیگرە تـا مـزگەوت

و خوێندنگا و کۆمپانیا و حکومەت و حیزبایەتی و کاری خێرخوازیی. لە هەمــوو بوارەکانــدا پەروەردە بــاش یــا خــراپ، ڕۆڵــی بنەڕەتــی هەیە، پەروەردەی تــاکی زانــا و دانــا و خــۆبەکەمزان و و خزمەتگــوزار و بەخشــەر و داهێــنەر، پاشــان کۆمەڵگــای هەڵگــری هەمــان خەســڵەت و ڕواڵەت و جەوهەر و مــایە، گەورەتــرین کــارێکە کە دەســەڵاتی سیاسـیی دەشـێت بیکــاتە سـتراتیژ و هەمـوو بـودجەی وڵاتـی بـۆ تەرخـان بکـات، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، واتە دەسەڵات بۆخۆی سەرپشکە لەوەی لە کوێوە دەست بەکارەکانی بکات، ئایا کار بۆ مسۆگەرکردنی داهاتووی گەل و وڵات و شکۆفایی توانا و وزە خوداکرد و سروشتییەکان دەکات، یان دەیەوێت درێژە بە مانەوەی دۆخی ئێستا و پاشکۆیەتی و داڕمانی یەک لەدوای یەکــی بنیــاتی هزریــی و شارســـتانیی و ئـــابووری و پەروەردەیی بدات، ئەمە ڕاستییەکی بێ پێچ و پەنایە و لە واقیعی ژیانی سیاســی و کــۆمەڵایەتی و کــارکردی ڕۆژانەی ســەرکردەکاندا بەرچــاو دەکەوێت. هەرکاتێک زۆرینەی بودجەی وڵات سـەرفی دەزگـا ئەمنی و ئیستیخبارییەکان و دامەزراوە حیزبییەکان کرا (کە هەڵبەت ئەمانەش لە سنووری گونجاوی یاسایی خۆیاندا دەبێت حیسابیان بۆ بکرێت و ببنە دامەزراوەی میللی و نیشتمانی) ئەوسا بواری پەروەردە و زانست دەبنە تەنهــا ڕووکەش و جۆرێک لە یــاریکردن بە زانسـت و پەروەردە و هـیچ جۆرە داهێنان و ئەفراندنێکی لێناکەوێتەوە.

**دووەم: مامۆستایەتی**

پێگەیانـدن و ئامــادەکردنی مامۆســتای زانــا و دانــا و کــارامە بــۆ بەڕێخستنی سیستەمی پەروەردەیی، یەکەمین و پێویستترین هەنگاوە کە دەبێت سیاسەتگوزارانی پەروەردە لە وڵاتدا دایبنێن و کــاری جیددی بۆ بــکەن، ســەرەتا ئەوەنــدە گرنگیــی بــدەن بەم پیشــەیە کە زیرەکتــرین و وریــاترین کــادیری بــۆ تەرخــان بــکەن و پیشــەی مامۆســتایەتی ببێــتە

پیشەیەکی بایەخدار و گرانبەها، کە خەڵکی بە هۆشیارییەوە هەوڵی بۆ بدەن، نەک وەکو حاڵی حازر لە هەرێمی کوردستان، مامۆستایەتی پیشەیەکە لە خواری خواری پەیژەی گرنگیپێدانی خەڵک و دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە، هەرچەندە وەک پڕوپاگەندە و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی، بە زارەکی زۆر گرنگ و بایەخدار ناوزەد دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ژیانی مامۆستایان وەکو پێویست نییە و رەفاهو خۆشگوزەرانیی لێناکەوێتەوە، لە کاتی دابەشکردنی دەرچووانی ئامادەیی بەسەر لق و پسپۆڕییە زانکۆییەکاندا، کەمترین میانگینی نمرەی بۆ دەچێت و بەناچاریی نەبێ کەس خوازیاری پیشەی مامۆستایی نییە، هەر چەند لە دڵیشەوە ئارەزووی بکات. بۆیە دەبێ وەک وڵاتانی پێشکەوتووی لە سیاسەتگوزاریی پەروەردەییدا، کار بۆ باشتر و نموونەییکردنی بژێوی مامۆستا بکرێت و پاڵنەری واقیعی و عەمەلیی دابنرێت بۆ ئەوەی خاوەن نمرە و توانستە هزرییە باڵاکان ڕوو بکەنە ناوەندەکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، بە جۆرێک ئەگەر دەرچوویەکی ئامادەیی سەرپشک بکرێت لە نێوان پزیشکیی و ئەندازیاریی و پارێزەریی و مامۆستایەتیدا، زیاتر مەیلی بەلای مامۆستایەتیدا بچێت، نەک بە پێچەوانەوە، لێی بێزار بێ و بە کەمی بزانێت. لەلایەکەوە پیشەی مامۆستایی لەسەر ئاستی باڵای زانیاری و هۆشیاریی ڕاوەستاوە، لەلایەکی ترەوە لەسەر هەستی بەرزی ئەمانەتداریی و متمانە و دڵسۆزیی وەستاوە، جگە لەوەی پیشەیەکە پێویستی بە هونەری لێزانین و وردەکاریی هەیە لە گەیاندنی پەیامی پەروەردە و بارهێناندا.

**سێیەم: پرۆگرام**

مامۆستا هەرچەند زانا و دانا و هۆشیار و وردەکار و دڵسۆز بێت، بەبێ فەراهەمبوونی پرۆگرامی زانستیی و هاوچەرخ، ناتوانێت کار لەسەر خوێندکارەکانی بکات، واتە بۆ کەوتنەڕێی ڕەوتی پەروەردە،

بوونی پرۆگرام و مەنهەجی یەکانگیر لەگەڵ تازەترین پێدراوی زانستیی مومکین نییە، بۆیە دابینکردنی پرۆگرامی پەروەردەیی و فێرکاری لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەپێی ستانداردە جیهانییەکان، ئەولەویەتێکی دیکەی سیاسەتگوزارانی پەروەردەیە لە وڵاتدا، هەموو دەبێت بودجەی پێویستی بۆ تەرخان بکەن، هەم دەبێ بەردەوام کار لە سەر نوێکردنەوەی بکەن، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە، ئەمەش کاتێک دەستەبەر دەبێت کە کارگێڕانی پەروەردە، پەیوەندییەکی ڕاستەقینەیان بە ناوەندە پێشکەوتووەکانی زانستەوە هەبێت لە ناوەوە، لە دەرەوەش و بەردەوام موتابەعەی تازەترین زانیاریی بکەن لە ڕێی پسپۆڕەکانەوە، لە هەموو بوارەکانی مەعریفەی هزریی و ئاینی و فەلسەفی و زانستی و مرۆیی و پزیشکی و شارستانی و ماتماتیک و هونەر و ئەدەبیاتەوە.

سیاسەتگوزاریی پەروەردەیی لە بابی پرۆگرامدا، دەبێت خاوەنی دیدێکی فراوانی زۆر کراوە و هەڵگری پەیامێکی زانستیی پوختە و بێلایەن بێت، بۆ ئەوەی بەدەردی سیستەمە ئایدۆلۆجییەکان نەچێت، کە جۆرێکی تایبەت لە زانستیان قەبووڵە، کە زیانی بۆ ئایدۆلۆژیای دەسەڵات نییە، یان لانی کەم بێدەنگە لە گەمە و کایەی سیاسیی و سەبارەت بە جۆرێکی مەعریفەش کە بەمەزاقیان ناخوات هەڵوێست وەردەگرن، نموونەشمان زۆرە بۆ ئەم مەبەستە، وەک ئەوەی ماوەیەکی دوور و درێژ لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران خوێندنی یاساکانی مەندل لە زانستی ژینەتیک یاساغ بوو، چونکە لەگەڵ بیرۆکەی ئیلحادییدا یەکی نەدەگرتەوە، یاخود هەنووکە لە هەندێک ناوەندی خوێندنی ئیسلامیی جیهانی ئیسلامدا زانستی مەنتیق و کەلام ناخوێندرێ و تەنانەت بەشێک لە نووسینەکان لە زانیارییە مەنتیقییەکان خاڵیی دەکەنەوە، لەبەر ئەوەی مەنتیق جۆرێک لە کرانەوەی فیکر و موحاکەمەی ئازاد دەخوڵقێنێت.

دانـــانی پرۆگـــرام بە بـــڕوای مـــن، بەشـــێکی دانەبـــڕاوە لە ئاسایشـــی نەتەوەیـــی و زامنـــی داهـــاتووی وڵات، بـــۆیە پێویســـتە زۆر بە وریـــایی و دانایی و هەستیارانەوە کاری بۆ بکرێت و تا دەکرێ پشـت بە پسـپۆڕانی خۆماڵی ببەسترێت. جگە لەوەی دەبێت ئەو پرۆگرامە گشـتگیر و فـراوان و قوڵ و لە ئاستی ئەرکی قۆناغبەندکراوی گەل و وڵات بێت.

وێڕای بابەتەکانی وەک ماتماتیک و لۆجیک و سروشتناسی و فیزیک و کیمیا و زیندەوەرناسی و زانیارییە گشتییەکان و مێژوو و جوگرافیا و زمـــان و ڕێزمـــان و هـــونەر و ئەدەبیـــات و مـــافی مـــرۆڤ و ئاکـــار و پەروەردەی مەدەنـــی و نیشـــتمانیی و کـــۆمەڵایەتی، گرنگییەکـــی زۆر بە پێکهـــاتەی فیکـــر و هـــزر و خەیاڵـــدانی داهێنـــان و ئەفرانـــدن بـــدرێ. کـــار لەســـەر ورووژانـــدنی فیکـــری خوێنـــدکاران بکرێـــت، توانســـتی زمـــان و دەربڕینیـــان، توانـــای وتـــاردان و قســـەکردنیان بەهێـــز بکرێـــت، بـــۆ ئەوەی خاوەنی عەقڵ و بیرکردنەوەی خۆیـان بن و فێری ئەتەکێتی پرسـیار و وەڵام و گفتوگـۆی ئـازاد بکـرێن، بـۆ ئەوەی خۆشـیان بەدوای مەعـریفەدا بگەڕێن و دیدی ڕەخنەیی و شیکارییان بۆ دروست ببێت.

پەروەردەی هزریی لایەنێکی لەبیرکـراوی پرۆگرامـی پەروەردەییە لە وڵاتـی ئێمەدا و نەریتـی تەڵقینکـردن و پێڵەبەرکـردن و کەمتەرخەمیـی لە ورووژانـدنی فیکـری قوتـابیی بە جۆرێـک چەسـپیوە، کە قوتـابی پـۆلی دوازدە دەبێت داڕشتنی بۆ بنووسرێت و لەبەری بکات بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆریی و نەیانهێشتووە بۆخۆی ڕستەیەک دابڕێژێت، لە حاڵێکدا ئەو ڕستەیەی دەرهاویشتەی فیکری خۆی بێ زۆر بەنرختـرە لەو لاپەڕەیەی بۆیان نووسیوە و لەبەری کردووە !

بـوونی پرۆگرامـی تێـر و تەسـەل و پـڕ لە زانیـاریی تـازە بـۆ ئەوەی کـاریگەریی لەسـەر خوێنـدکار دابنێـت، پێویسـتی بەوەیە جگـە لە لایەنە تیـۆرییەکە کـار لەسـەر پراکتیزەکردنیشـی بکرێـت، بـۆ ئەوەی زانسـت و

پەروەردە پەیوەست بن بە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارانەوە، واتە هەفتانە ڕۆژێک دیاری بکرێت بۆ پراکتیزەکردنی بابەتە تیۆرییەکان و بینینی ئەنجامی یاساکان لە سەر موفرەداتی ژیانی ڕۆژانە، کە ئەمەش بە بوونی مامۆستای کارامە و بەرنامەیەکی کارگێڕیی ورد و تۆکمە کارێکی ئاسانە، چونکە قوتابی ئەگەر ڕاستییە زانستییەکانی ناو کتێبی بەشێوەیەکی بەرجەستە و هەستپێکراو بینی، زەحمەتە فەرامۆشیان بکات و باشتر لێیان تێدەگات و کار بۆ وەرگرتنی زیاتریش دەکات.

**چوارەم: قوتابی و خۆیندکار**

ڕەگەزێکی دیکەی گرنگە بۆ سیاسەتگوزاری پەروەردەیی، چونکە هەموو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە پێناوی توێژی قوتابیان و خوێندکارانـدایە، ئەگەر ئەم توێژە نەبێت چ پێویستمان بەم هەموو مامۆستا و پرۆگرام و قوتابخانە و زانکۆ و پەیمانگایانە هەیە، چ پێویستمان بە کتێب و نووسین و تاقیگە هەیە !

بەڵام خودی ئەو پرسیارە زۆر گرنگە، کە قوتابی و خوێندکار کێیە؟ چییە؟ ئایا دەکرێت سنوورێک بۆ خوێندکار و ناخوێندکار دابنێین؟ لە حاڵێکدا بڕوایەکی جێگیرمان هەیە بەوەی کاری فێربوون وەرگرتنی زانست و ئەدەب و زانیاری پرۆسەیەکی بەردەوامی جێگیرە و کۆتایی نایەت، ڕەنگە لە تەمەنێکدا لە ئاستێکدا لە قۆناغێکدا بوەستێت، بەڵام بۆ ئەوانەی کە تامی زانست دەچێژن هەرگیز کۆتایی نایەت.

تەنانەت لە ڕوانگەی هزری عیرفانیی ئیسلامییەوە فێربوون لە ژیانی بەرزەخییشدا بەردەوامە ! کە دیارە پرسەکە پاساو و بەڵگەی خۆی هەیە.

لە سیاسەتگوزاریی پەروەردەییدا ڕەچاوکردن و بەهەندوەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، چونکە ساڵانە ژمارەی قوتابیان لە

ئاسته جیاجیاکاندا بەرەوژوور هەڵدەکشێت و لە ئەنجامدا نیازمەندییەکانیان زیاتر دەبێت. مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابیان پێویستە گەلێک زووتر لە ڕۆژژمێری خوێندن دەست پێبکات، بۆ ئەوەی هەموو پێداویستی و نیازمەندییە ماددی و مەعنەوییەکانیان بۆ دابین بکرێت، مامۆستا و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی، پۆل و قوتابخانە و فەزای خوێندن و کتێب و کاغەز و کتێبخانە و خۆراک و دەرمان و یاریگا و هەرشتێکی تر، کە هەنووکە لە قوتابخانەیەکی نموونەییدا هەیە. لەگەڵ ئەمانەدا میدیایەکی نیشتمانی و پەروەردەیی ژیر و کارامە و دڵسۆز، کە یارمەتیدەر و ڕێنماییان بێت بۆ ڕاستکردنەوە و پێداچوونەوەی بابەتەکان. پێویست دەکات کار بۆ کەناڵی پەروەردەیی تایبەت بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەیان. ئەگەر بودجەی وڵات لەم بوارەدا بە ئەمانەتەوە سەرف بکرێت دەتوانین لە داهاتووی نەوەکانی داهاتوومان دڵنیابین، چونکە هەر قوتابییەک بۆخۆی پرۆژەی بنیاتنەرێکی بوارێکی زیندووی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی هزریی و پەروەردەیی و کەلتووریمانە.

قوتابیی جگە لە پرۆگرامی خوێندن، پێویستی بە ناسینی توانا و بەهرەکانیەتی، پێویستی بە دیاریکردنی پلەی زیرەکیی و هۆشیارییە، بۆ ئەوەی لە ڕێگای خوێندنەوەوە پەرەی پێبدرێ و ڕێنمایی بکرێ بۆ ئەو پسپۆڕییەی دەتوانێت تیایدا داهێنان بکات. بەبێ بوونی وێستگەیەکی لەم چەشنە، زۆر لە وزە و توانا و بەهرەکانمان بەفیڕۆ دەچن، وێڕای بەزایەدانی بودجە و کاتی زۆر بەنرخ لە پەروەردەکردنی کەسێکدا، کە هیچ ئامادەیی و ئارەزوویەکی بۆ ئەو خوێندنە نییە، سەرەنجام بەبێ هیچ دەستمایە و هەگبەیەکی پەروەردەیی، دەچێتە شوێنێک کە شایانی نییە، ئەمە ئەگەر دواتر مایەپووچ و دەستبەتاڵ نەبێت.

سیاسـەتگوزاری پەروەردەیـی دەبێـت لە ئاسـتێکی بەرزی بەرپرسیارێتیدا بێت، حساب بۆ ناوچە جیاجیاکان و ئاستە جیاجیاکان و پسپۆڕییە پێویست و بنەڕەتییەکان بکات، چونکە ئەوەی پێی دەوترێت: گەشەپێدانی هەمەلایەنە، کاتێک دەبێتە واقیع کە بەرنامەیەکی گشتگیری هەبێت و کار لەسەر سیستەمێکی پەروەردەیی وابکات کە جیاوازیی چینایەتی لەناو قوتابیان نەهێڵێت و ڕێگا بگرێت لە بازرگانیکردن بە خوێندن و زانستەوە.

تـازەترین تیـۆری پەروەردەیـی جەخـت لەوە دەکـاتەوە کە هەر قوتابییەک لەبارِیایەتی لە بوارێکدا سەرکەوتوو بێت، جا ئەو بوارە ڕەنگە زانستیی بێت، یان وێژەیی، یان پیشـەیی، یان خزمەتگوزاریی، گرنگ ئەوەیە ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، یان هاوکاریی بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕێگا و گرنگ ئەوەیە بدرێتە دەستی کەسانی زانا و مامۆستایانی کارامە.

**پێنجەم: قوتابخانە و ژینگەی پەروەردەیی**

قوتابخانە واتە ژینگەی پەروەردەیی، واتە هەر جێگایەک مرۆڤ تیایدا فێری شتێکی تازە دەبێت. بەم پێناسەیە باوەشی دایک، حزووری باوک، مەجلیسـی خێـزان و خزمـان، کـۆڕی میـوان و ناسـراوان، جـومعە و جەماعەت، حەج و عەمرەکردن، کۆڵان و بازاڕ و مۆڵەکان، فەرمانگە و شـوێنی کـار، تەنانەت نـاو پـاس و تاکسـی، شـانۆ و سـینەماکان، ئینجـا دایەنـگە و بـاخچەی سـاوایان و قوتابخـانە و پەیمـانگە و کـۆلیج و کۆبوونەوە زانستییەکان، هەمووی دەبنە ژینگەی پەروەردەیی، لەوەش زیـاتر گەردوون و نیشـانەکانی، ئاسـمان و زەویـی، بەرزایـی و نەویـی، تێکڕا دەبنە فێرگە و ژینگەی خۆناسین و خەڵک ناسین و خواناسین.

کەواتە هەموو ئەم شوێنانە لە سیاسەتگوزاریی پەروەردەییدا پێکەوە هەماهەنگ و تەبا بن بۆ پێگەیاندنی تاقە یەک قوتـابی، ئەگەر لە وڵاتـدا

تەنها یەککەس قوتابی بێت، خۆ ئەگەر ڕێژەیەکی زۆر قوتابیمان هەبێت، دەبێت ئەم هەماهەنگییە زۆر زیاتر و وردتر و خێراتر بێت.

کەواتە لە سەرەتاوە دەبێت حسابی تایبەت بۆ دایکان و باوکان و خێزان و کۆمەڵگا و ژینگەی ڕاستەوخۆی خوێندن بکرێت، کە بەپێی توانا دووربێ لە پشێویی و ژاوەژاو و بیر و هزری نامۆ و خراپ. باوک و دایکی ساغ و تەندروست و خوێندەوار و هەستیار و تێگەیشتوو، ڕەگەزێکی سەرەکین بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە و بۆ خەملاندنی کەسێتی قوتابی.

هەنووکە لە کوردستان ئێمە پێویستمان بەوەیە قوتابخانەی نموونیی و سەردەمیانەی زۆر دروست بکەین، بۆ ئەوەی دیاردەی دوو دەوامی و سێ دەوامی نەمێنێت و قوتابییەکانمان زۆربەی کاتیان لە قوتابخانە بەسەربەرن و کە دێنەوە ماڵ بۆ پشوو وەرگرتن و بەسەربردنی کاتێکی کامەران بێنەوە و زۆرینەی مەشق و خوێندنیان لە ناو پۆلەکان و قوتابخانەکاندا بێت، لە ژێر چاودێریی مامۆستاکانیاندا.

قوتابخانەکانمان پێویستە بە دیزاین و نەخشەیەکی جوان و پێشکەوتوو بنیات بنرێن و هەموو پێداویستییەکی خوێندن و پەروەردەیان تێدا بێت، بەدووربن لە قەرەباڵغی و مەترسییە ژینگەییەکانی وەک ئالوودەبوونی ئاو و هەوا و تەپ و تۆز و کارخانە و سەربازگەکان و شوێنە هاوچەشنەکانیان. دەکرێت لە قوتابخانەکاندا سوود لە هونەرمەندان وەربگیرێت بۆ نەخشاندنی هۆڵ و ڕێڕەوەکان بە وێنەی شانازییە میللی و نیشتمانییەکانی وەکو زانایان و شاعیران و قارەمانانی میللی و هونەرمەندانی خۆشناوی گەلەکەمان. لەهەمان کاتدا هەوڵ بدرێت لە نەخشە و دیزاینی قوتابخانەکاندا جیاوازییەکی وا نەبێت کە جیاکاری لە نێوان ناوچە جیاجیاکاندا بکرێت، مەگەر ئەو جیاکارییانەی هەلومەرجی جوگرافی و ئاو و هەوا پێویستی دەکەن.

**شەشەم: کارگێڕیی پەروەردەیی**

ڕۆح و جەوهەری سیستەمی پەروەردەیی بریتییە لە کارگێڕییەکی کارامە و لێهاتوو، کە هەموو فاکتەرەکانی مامۆستا و خوێندکار و پرۆگرام و ژینگەی پەروەردەیی پێکەوە گرێ دەدات و بە بەهرەگیریی لە ڕەگەزی کات دەرهاویشتەی باش و پێشکەوتوو لە خوێندکار و قوتابی سەرکەوتوو بەدەست دەهێنێت، کارگێڕ یان باشتر بڵێین بەڕێوەبەر، لایەنی جێبەجێکاری سیاسەتگوزاریی پەروەردەییە لە وڵاتدا، هەربۆیە لەبەر ڕۆشنایی یاسا و ڕێسا و وزە و توانا و ئیمکاناتی مرۆیی و تەکنۆلۆژیەکاندا دەبێ ئاگاداری ڕەوتی پڕۆسەی پەروەردەیی بێت لەو بەستێنەی کە بەرپرسە لێی.

کارگێڕیی هەنووکە بووەتە بوارێکی مەعریفیی زۆر جیددی و لق و پۆپی زۆر و زەوەندی لێکەوتۆتەوە، لە ناویاندا کارگێڕیی پەروەردەیی ئەو بوارە مەعریفییەیە کە ڕێگای بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی خوێندن و فێرکردن فێری بەڕێوەبەران دەکات بۆ ئەوەی ئامانجە پەروەردەییەکان دەستەبەر بکات، یا باشتر بڵێین: بریتییە لە کۆی ئەو بیرۆکە و بۆچوون و چالاکیی و ئاڕاستە مرۆییانەی دەگیرێنەبەر بۆ ڕوونکردنەوەی ئامانج و نەخشە و پلاندانان بۆیان، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ئەرک و فرمان و پەیکەربەندیی پێویست لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا. بەرەچاوکردنی قۆناغ و ئیمکاناتی بەردەست و ڕاهێنانی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن.

بە کورتی کارگێڕیی پەروەردەیی هەموو کارێکی ڕێکخراو دەگرێتەوە کە خزمەت بە پرۆسەی خوێندن دەکات لە وڵاتێکدا بە هەماهەنگیی لەگەڵ فەلسەفەی باوی خەڵکەکەی و ئەندێشە و خولیای دەستەجەمعیی ئەوان.

لەم ڕوانگەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستە گرنگییەکی زیاتر بدەین بەم ڕەگەزە ئێجگار گرنگە و کارگێڕیی پەروەردەیی لەم بارودۆخە بارگاوییە بە بارگەی حیزب و ئایدۆلۆژییایە دەرباز بکەین. کە زۆرینەی بەڕێوەبەرانی پەروەردە لەسەر بنەمای حیزبایەتی تەسک و بەرژەوەندیی هێڵە دەستڕۆیشتووەکان دیاری دەکرێن و بووەتە هۆی لاسەنگبوونی تەرازووی دادگەریی کارگێڕیی و هیچ مانایەکی بۆ پسپۆڕیی و لێهاتوویی نەهێشتووەتەوە.

سیاسەتگوزاریی پەروەردەیی دەبێت زۆر وەستایانە هەوڵی بەدیهێنانی کارگێڕییەکی پەروەردەیی لێوەشاوەی بەدوور لە کایە سیاسیی و حیزبییەکان بدات، بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردە ئامانجە میللی و نیشتمانیی و ژیارییەکانی بپێکێت و دوور بکەوێتەوە لە ئایدۆلۆژیای حیزبی، شۆفینی و مەزهەبگەرایی و تائیفی و توندڕەوانە و پەڕگیر، واتە پەیوەست بێت بە گیانی دەستەجەمعی کۆمەڵی کوردەواری و ئەزموونیی مێژوویی و قووڵایی ئینتیمای فەلسەفیی و بڕوایی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی کە زۆر گرنگە لەم میانەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ڕەچاوکردنی ڕەگەزی کات و دەرفەتی ڕەخساوە بۆ بەدەستهێنانی تازەترین دەستهاوردی مەعریفە و زانستی سەردەمیانە، کە هەر جۆرە کەمتەرخەمیی و ساردی نواندنێک لەمبارەوە زەبری گورچکبڕ لە پرۆسەی خوێندن دەدات، بۆی هەیە ئیفلیجی بکات و لەوەش زیاتر دوای بخات. بەکارخستنی کات و قۆستنەوەی دەرفەتە ڕەخساوەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کارگێڕییەکی سەرکەوتوو. لەو دەرفەتە مێژووییانەدا لێوەشاوەیی و بەهرەکانی گەلێک دەردەکەون و بەکاردەهێنرێن بە ئەفراندن و کاریگەریی دانان لەسەر جومگەیەکی مێژووی مرۆڤایەتی. بەڵێ داهێنانەکانی بواری زانست و تەکنۆلۆژیا زۆربەیان کاری

تاکەکەسی بوون و لە ئەندێشەیەکی تاقانەوە بەرهەمهاتوون، بەڵام دواتر ئیدارەی سەرکەوتوو و دەرفەتناس هاتووە تەوزیفی کردوون بۆ پرۆسەی پەروەردەیی و نەوەکانی دواتری لەسەر بارهێناون و کردوونی بە سەکۆی سەرکەوتنی خۆدۆزینەوەیان بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ.

## حەوتەم: ڕوانگەی دووربین و جیهانبین

هەموو ئەو ڕەگەزانەی باسمان کرد کاتێک ئەنجامیان دەبێت کە سیاستگوزاری پەروەردەیی خاوەنی ڕوانگەیەکی دووربین و جیهانبینییەکی کراوەی ئینسانیی بێت، خۆی لە جوغزی فەلسەفە و جیهانبینییەکی دەستکردی تۆتالیتاردا حەشار نەدابێت. واتە لە ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوە و تێگەیشتندا بێ و بیر لە خەمە گەورە و گرانەکانی گەل و مرۆڤایەتی بکاتەوە. خاوەنی عەقڵێکی گەورە و باکگراوندێکی مەعریفیی وابێت کە بتوانێت باڵانسی نێوان فێرگە و ئایدیا جیاوازە قەومی و مەزهەبی و ئەتنییەکان ڕابگرێت، بەتایبەتی لە وڵاتێکدا کە فرە ئایین و فرە مەزهەب و فرە ئایدیایە و هەر ساتێک ڕێی تێدەچێت هەستیارییە قەومی و مەزهەبییەکان درز بخاتە ناو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە.

لە غیابی سیاسەتگوزاری لەو چەشنە، ڕەوتی پەروەردە بە لاسەنگیی بەبێ پشتیوانیی دەستەجەمعی و ناوخۆیی بەڕێوەدەچێت و ناتوانێت داهاتوویەکی ڕۆشن و پێشکەوتوو بۆ خەڵک دەستەبەر بکات و دەرهاویشتەی سیستەمی پەروەردە کەسانی دۆگما و خۆپەرست و هەلپەرست و دووڕوو دەبێت.

**ئەنجامگیریی:**

لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا نمـوونەی سیاسـەتگوزاری پەروەردەیـی سـەرکەوتوو لە کەسـێتی پێغەمـبەری ئیسـلامدا بە ڕۆشـنی و بەڕوونـی دەبینین، کە بە بڕیاری قورئان و بە ڕەوشتی ڕۆژانەی خۆی کـاری کـرد بـۆ ئەوەی پەروەردە و خوێنـدن ببـنە تـان و پـۆی کەسـایەتی تـاک و کـۆمەڵ، قودسـییەت و پیرۆزییەکـی وای دا بە خوێنـدن کە لە مـافەوە کـردی بە واجـب، لە واجـبەوە کـردی بە خەسـڵەتی کەسـی بـڕوادار، لە قورئاندا فرمان بە خوێندن و خوێندەواریی کەوتە پێش هەموو فرمانێکی شەرعی ترەوە.

لەم بزاڤە مێژووییە دەگمەنەوە موسڵمانان بوونە خـاوەنی گەنجینە و کەلەپوورێکی مەعریفیی ئێجگار دەوڵەمەند کە دەکرێت ببێتە سـەرچاوەی شارستانێتی ئەمڕۆ لە گۆڕانکاریی و تەواوکاریی مەعریفیدا.

ڕشـتەبەندیی زانسـتیی لە ئیسـلامدا پشـت بە یەکبوونی زانسـتەکان و تەواوکاریی لقە مەعریفییەکان دەبەستێت لەسـەر بنەمـای پەیوەسـتبوونی زانسـتی و ئەخلاقیـی نێـوان نەوە زانسـتییەکان گەشـە بە خـۆی دەدات. بەنـاوی خـودا دەسـتپێدەکات و بە خزمەتـی مـرۆڤ کۆتـایی دێـت، لەم سـەروبەندەدا هیچ مەقوولەیەکی مەعریفی یاسـاغ و قاچـاخ نـابێ و هـیچ زانایەک لەسەر دەرخستنی تیۆرییەکی تـازەی دژەبـاو تۆمەتبـار نـاکرێ، تەنـانەت ئەگەر لە قۆنـاغێکی کورتـدا بیرمەنـدێکی وەکـو سـوهرەوەردی، حەلـلاج، ئیـبن عەرەبـی، ئیـبن تەیمیـیە، ئیـبن ڕوشـد و مەلا سـەدرا و کەسانێکی دیکە ئازار بدرێن یا بکوژرێن، پاش ماوەیەک لەلایەن زانایانی ڕاستەقینەی مەعریفەتخوازەوە ئیعتیباریان بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەمە مـایەی شـانازییە بـۆ ئـوممەتی هەڵگـری مەعـریفەی قورئـانی و نەبەویـی کە فێربـوون واجبێکـی بەردەوام و کۆتـایی نەهـاتووە، هـیچ

زانـایەک نیـیە تـا کـاتی مردنـی لە پرۆسـەی زانسـتخوازیی بەردەوام بەشداریی نەکات و هەوڵی وەرگرتنی زانیاری زیاتر نەدات.

لێـرەوە ڕەوایەتـی ئەو قسـەیە بەرجەسـتە دەبـێ کە زانسـت و زانسـتپەروەریی مەرجـی یەکەمە بـۆ هەمـوو سـەربەخۆیی و سـەروەرییەکی سیاسـی و ئـابووریی و لەخـۆڕا نیـیە کە لە کتێبێکـی گەورەی وەک سەحیحی بوخاریدا دەروازەی چوونە نـاو سـوننەتەکانی پێغەمـبەر (درووودی خـودای لەسـەر) بـریتییە لە دەروازەی (زانسـت)، زانسـت لە ڕوانـگەی هـزری ئیسـلامییەوە ئەو سـپاردەیەی خـودایە کە ڕێگـای بەزایەدانـی نەدراوە و ئەو نهێنیـیە گەورەیە کە مرۆڤـی کـردە سـەرداری مەخلووقات. ئەم زانسـتە درەختێکە ڕەگ و ڕیشـەی لە نـاخی گەردوون داکوتـاوە، لقوپۆپیشـی بە ئاسـماندا بڵاوبـۆتەوە، تـۆوە بنەڕەتیـیەکەی بـریتییە لە نـاوی خـودای ئەفـرێنەر و میـوە و بەروبـوومەکەی بـریتییە لە بەرهەمە هزریـی و زانسـتیی و ئەدەبـی و هونەرییەکـان، کە پـێکەوە جیهـان ئـاوەدان دەکەن و شـەرحی نـاوە جوانەکـانی خـودا دەکەن و دەبـنە ئـاوێنەی دەرکەوتنـی سـیفەتەکانی خودای بەدیهێنەر.

زانسـتەکانی ئیسـلام لەڕاسـتیدا دەرخەری ئەم نەخشـەیەن، کە بە تێفکـرین لە بنـاغە و نمـا و دەرهاویشـتەکانی، فەلسـەفەیەکی ورد و جیهانبینییەکی ڕەوان و بێ تەمومژ نمایان دەبێ.

ئەم زانسـتە لە زمـانەوە دەسـتپێدەکات کە دەربـڕی فیکـری مـرۆڤە، لەوێوە دەچێتە کەنـارەکـانی عەقڵ و نەقڵ و لە دەقەکـان ڕادەمێنێ بۆ تێگەیشتن لە سەرەتا و لە چارەنووس، بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، لە نـاخی مـرۆڤ، لە کۆمەڵگا و گۆڕانکارییەکـانی، لە سروشـت و لە دەوروبەر، لە ئاسۆکانی دەرەوەی بەرچاومان، لە میتافیزیک و وردەکارییەکانی بوون

و له ڕەوشــی ئاکــار و ڕەفتــار و هۆگربــوون به نــووری مــوتڵەقی خوداوەندیی و عیرفان و گەیشتن به مەقسوودی ڕاستەقینه.

ئەم زانســتانه دەریــا و ئۆقیانووســی بێســنوورن و مەلەوانگەلێکــی نەفەس درێژ و به ئەزموون بەرهەمیان هێناوە. ئەو زانایانه بەرهەمیان هێناوە که لەودیوی دیاردەکانەوە دەستی جوانکاریی خودا و بڕیاری حەکیمانەی ئەویان دەرکپێکردووە و لەگەڵ ئایەتەکانی خودا هێندە ئاوێتەبوون و جۆشیان خواردووە که سینەیان بووەتە ئاوێنەی تەواو نومای حەقیقەت و پێکەوە هارمۆنییەکی ناوازەیان له تەکامولی مەعریفی سازداوە که تائێستاشی بەسەرەوە بێت، مێژوونووسانی فەلسەفه و عیرفان و زانست و ئەدەبیاتیان سەرسام کردووە.

ئەم کاروانی زانسته ئیسلامییه ڕەنگی نەژادێکی تایبەت، گەلێکی تایبەت، مەزهەبێکی تایبەتی نەگرتووە، هی هەموو گەلانی زیندووی سەرزەوییه، هی هەموو مەزهەبەکانه، تەنانەت هی ئایینەکانی تریشه، چونکه هەموویان به فەرمی دەناسێت و بۆ ئاسوودەیی هەموویانه.

بەڵێ دەکرێ زمانی عەرەبی زمانی یەکەمی ئەم زانستانه بێ، بەڵام هیچ ڕێگرێک نییه لەوەی که زمانەکانی تریش بێنه مەیدان و ئیبداع و بلیمەتیی خۆیانی تێدا نمایش بکەن.

پوختەی قسەم ئەوەیه زانست بەم سیاسەتگوزاری و تێڕوانینی لەم چەشنه پایەیەکی گەورە و بنەڕەتییه بۆ سەروەریی و شکۆی میللی هەر گەلێکی زیندووی جیهان.

# "ڕووناکبیر و ڕۆڵی له هەستانەوەی کۆمەڵگادا"
# له گفتوگۆیەکی کراوەی سەنتەری زەهاویدا

**داڕشتنەوە و نووسینەوەی: هەژار حاتەم**

ڕۆژی دووشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٨ سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڤاری خاڵ، گفتوگۆیەکی کراوەی بۆ بەڕێز (د. سەباح بەرزنجی) سەرۆکی سەنتەر سازکرد، بەناونیشانی: "ڕووناکبیر و ڕۆڵی ئەو لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا"، کە ژمارەیەک لە دەستەبژێران لە مامۆستای زانکۆ و نووسەران تیادا بەشداربوون و ئامانج لێی دیاریکردنی چەمک و ڕۆڵی ڕووناکبیرانە لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا. پێش دەستپێکی گفتوگۆکە، (د. سەباح بەرزنجی) دوای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، هەروەها زەروورەتی ئەم چالاکییە و هاوشێوەکانی بۆ ڕوونکردنەوە و پاشان موفرەدەی گفتوگۆکەی بۆ خستنەڕوو، کە بەم شێوە بوو:

- چەمکی ڕووناکبیر چییە؟
- گرفتەکانی ڕووناکبیریی چین؟
- ئەرکەکانی ڕووناکبیر.
- پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕەخنە.
- پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕووناکبیر.
- گرفتە بنەڕەتییەکانی ڕووناکبیران بەگشتی و ڕووناکبیری حیزبە ئیسلامییەکان لە کوردستان بەتایبەت چین؟
- هۆیەکانی ئەو گرفتانە چین؟
- زانکۆکانی کوردستان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ڕووناکبیریی کردووە؟

## چەمکی ڕووناکبیر:

لەبارەی چەمکی ڕووناکبیرەوە، د.سەباح بەرزنجی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە چەندین پێناسەی جیاواز و لە دیدگای جیاوازەوە بۆ چەمکی ڕووناکبیر کراوە، هەروەها چەند ئیشکالیەتێکیشی لەو ڕووەوە، کە لای زانایان و قوتابخانەکانیان هەبووە و هەیە خستەڕوو. ئێوە دەزانن ڕووناکبیر ڕۆڵی هەیە، بەڵام چەندە و چۆنە؟ ئەمەیان جێگەی پرسیارە، ئایا کۆمەڵگە قبووڵیەتی، کە ڕووناکبیر ئاراستەی بکات؟ ئایا کۆمەڵگە دان بەوەدا دەنێت، کە کەوتووە و ئەو هەڵیبسێنێتەوە؟

لە پێناسەکردنی چەمکی ڕووناکبیردا د. سەباح بەرزنجی دەڵێت: هەیە پێیوایە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە، کە خاوەنی ڕاوبۆچوونی ئازاد بێ و دژ بێ بە ڕواڵەت و فۆرمی زاڵ، دەشڵێت: ئەو کەسەیە کە خولیای گەڕانە بە دوای نهێنییەکانی خودی خۆیدا، پاشان لە خودی خۆیدا بیر ڕۆشن بێ، وتراویشە کەسێکە پڕە لە مەعریفە و حەز و خولیا، هەروەها ڕۆشنبیر کەسێکە، کە خاوەنی میتۆدێکی ڕەخنەیی و هەمەچەشنەیە، کە قبووڵی سنووداکرن ناکات، بەهەمان شێوەیە کەسانی دیکەش پێیانوایە ڕووناکبیر کەسێکە، کە توانای ناسینی ڕووداوەکان و پێناسەکردنیانی هەبێت، وتراویشە ئەوەیە کە لە ژیان تێبگات. هەروەها ئەوەیە کە خاوەنی بیکردنەوەی گشتگیرە و لە ڕووبەرە بەرتەسکەکان تێپەڕی بێت، بەردەوام بەدوای خۆیدا دەگەڕێت. یان ئەو کەسەیە میتۆد و سەرچاوەی تایبەتی خۆیەتی و لەسەر بەرنامە هەنگاو دەنێت و کەسێکیشە مەنهەجی هەیە.

کۆتایی ئەو ڕاوبۆچوونانەش، لە دەوری ئەو ڕایە کۆبوونەوە، کە ڕووناکبیر کەسێکە خاوەنی بینین و پەیام و هەڵوێست و بڕوا و پرسی تایبەت بە خۆیەتی.

کەواتە سەرنجی هەرکەسێک بدەی ڕێژەیەک لە ڕووناکبیری تێدایە، جا هەیە لە لوتکەدایە، هەشە لە خوارەوە، هەشە لە ناوەنددایە.

**پۆلێنکردنی ڕووناکبیران:**

دوای ئـــەوەی چـــەمکی ڕووناکبیرمـــان ناســـاند و دیـــد و تێڕوانینـــە جیاوازەکانمـان لـەو ڕووەوە خسـتەڕوو، ئێسـتاش بـاس لـە پـۆلێنکردنی ڕووناکبیران دەکەین و دەڵێین: بەپێی ئەو پرسیارە بێ، کە دەیکەن و دەیوروژێنن، چەند پۆلێن و جۆرمان هەیە، کە ئەمانە گرنگترینیانە:

١- ڕووناکبیری ڕەخنەئامێز و ڕووناکبیری پینەچی:

ڕووناکبیرمـان هەیـە پرسـیار و بابـەتی ڕەخنـەئامێز دەخاتـەڕوو، لـە بەرامبـەردا ڕۆشنبیرشـمان هەیـە پینەچییـە! بـەو مانایـەی کـاری بۆتـە پینەکردن و پاساوهێنانەوە.

٢- ڕووناکبیری کراوە و ڕووناکبیری داخراو.

٣- ڕووناکبیری مولتەزیم و ڕووناکبیری نامولتەزیم.

٤- ڕوونـاکبیری ئۆپۆزسـیۆن و ڕوونـاکبیری گـوێڕاڵ و سـەر بـە دەسەڵات.

٥- ڕووناکبیری میدیاکار و ڕووناکبیری نووسەر.

٦- ڕووناکبیری بەشدار و ڕووناکبیری جەماوەریی.

٧- ڕووناکبیری درۆینە و ڕووناکبیری پارچەکراو، کە هـەر جارەی بەشێوەیەک بیر دەکاتەوە.

٨- ڕووناکبیری کلاسیک و ڕووناکبیری مۆدێرن.

٩- ڕووناکبیری گۆشەگیر.

١٠- جۆری تریش کە نایەوێ بچێتە هیچ یەکێک لەو پۆلێنانەوە.

بۆیـە دەڵێـین: ڕوونـاکبیریی بڕوانامەیـەکی تەشـریفیی نییـە، کـە بـە یـەکێکیان وت ڕوونـاکبیر ئیتـر کـاری تـەواو بـێ، بـەڵکو پەیوەسـتە بـە جیهانبینی و دید و تێڕوانینەوە لەگەڵ ئامادەگی لە پرسەکاندا.

## ڕۆڵی قورئان لە دروستکردنی ڕووناکبیردا

ئایا قورئانی پیرۆز ڕووناکبیر دروست دەکات؟ ئایا دەتوانین بڵێین داعییەک ڕووناکبیرە؟. بێگومان بەڵێ، چونکە ئەرکێکی گەورە و سەرەکی قورئانی پیرۆز، هاندان و خۆپێگەیاندنی موسڵمانە لە ڕێگەی خوێندن و خوێندنەوە و خودفێکردنەوە، خوای گەورەش دەفەرموویێت: ﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلًا مِّمَّن دَعَا إِلَى اللَّهِ﴾ (فصلت: ٣٣)، تەفکیر، مەلەکەی تەفکیر لە قورئاندا زۆر گرنگە، تەئەقول، تەدەبوور. لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی کە کران، دەتوانین بڵێین ئەرکێکی سەرەکی قورئان، دروستکردنی کەسی ڕووناکبیرە، لە چ ڕوویەکەوە؟ بێگومان قورئان پڕە لە بیروبڕوا، پڕە لە بەهای مرۆیی، پڕە لە بەهای گەردوونی، پڕە لە پەیام، پڕە لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون، لەوە زیاتر ئێمە چاوەڕوانی چی لە قورئان بکەین، ئینجا پێش هەموو ئەوانەش، قورئان داوای وەعی لە مرۆڤ دەکات، کە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دروستکردنی ڕووناکبیردا، وەعی بە خود، وەعی بە ئەوی تر، وەعی بە کۆمەڵگا. کاتێک کە سەیری ئایەتەکانی قورئان دەکەی، بەشێکی باسی ئەوە دەکات، کە خۆت بناسی، بەشێکی ئەوەیە کە خوا بناسی، بەشێکی تریشی ئەوەیە، کە مرۆڤ بناسی، داوای ناسینی حەق و باتڵمان لێ دەکات. باشە لەوە زیاتر چ تەوەقوعێکمان هەبێ لە کتێبێکی وەک قورئان بۆ دروستکردنی وەعی، بۆ دروستکردنی ڕووناکبیر، بۆ دروستکردنی مەعریفە و بەرهەمهێنانی، کەواتە قورئان فێری دەرککردن بە خود و جیهانمان دەکات، هەر ئایەتێکی قورئان سەرنج بدەی، ئەو لایەنە هەست پێدەکەی. تەنانەت سورەتی (فاتیحە) بەو پوختییەی خۆی، بەو جەوهەریەت و میحوەرییەتییەی خۆی، ئەو ڕەگەزانەی هەمووی تێدایە، وەعی بە خۆت، بە جیهان، بە ڕێگە و بە مەنهەج، بە چارەنووس، بە مێژووی مرۆڤایەتی، بە بەختەوەریی.

هەروەها قورئان هەم تەولیدی ڕووئیا دەکات، هەم بانگەواز بۆ بەها دەکات، هەم تەجسیدی پەیامیش دەکات، یانی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێ) هێناویانە، لە هەموو قۆناغێکی مێژوویشدا بەرجەستەی دەکات، پاشان قورئان شەخسیەتی مرۆڤ بەهێز دەکات، دیاریشی کردووە، کە شەخسیەتی ئینسان بە ڕووناکبیر و ناڕووناکبیرەوە، بە دوو ڕەگەز بەهێز دەبێت، بە ئیمان و بە کردەوەی چاک. کەواتە ڕووناکبیری قورئانی کەسێکی سنوونەییە، یانی کەسێکە بڕوای بە سیستەم و یاسا هەیە لە گۆڕانکارییەکاندا، کەسێکیشە کە بڕوای بە تەدەبورر و گۆڕانکاریی بەرەو باشتر هەیە، پێیوایە ئەو گۆڕانکاریی بەرەو باشترەش مومکین و حەتمیشە، هەر دەبێ ببێ، کە بەرهەمی مامەڵەی مرۆڤە لەگەڵ سروشت و دەروبەریدا.

کەواتە پێناسەیەکی جوان، کە لە قورئانەوە وەریبگرین بۆ چەمکی ڕووناکبیر ئەوەیە، کە (یدع إلی الخیر) و (یأمر بمعروف وینهی عن المنکر) (الدعوة إلی الخیر) یانی سیفەتەکانیش سیفەتی بابەتیین، سیفەتی تیۆریی و میسالی نین. کەواتە ئێمە دەتوانین ئەوە بکەین بە پێوەر، کاتێک دەبینین ڕۆشنبیرێک بانگەوازکارە بۆ بەرژەوەندیی و چاکەی گشتی کۆمەڵگە، ئەوە پێی بڵێین: ڕووناکبیرە. ئینجا (الأمر بالمعروف) خۆی مەعروف و مەعریفە پەیوەندیی زۆریان بەیەکەوە هەیە، ئەو کەسە خۆی مەعریفەی نەبێت، چۆن مەعروف دەناسێ؟! مەعریفەی نەبێ، چۆن فەرمانی پێ دەکەن؟

بەبڕای ئێمە هەموو زانستە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکان بەدرێژایی مێژوو، جەخت لەم سێ شتە دەکەنەوە:

١- تەحدید و تەشخسیی خەیر.
٢- تەحدید و تەشخسیی مەعروف.
٣- تەحدید و تەشخسیی مونکەر.

کەواتــە کۆمــەڵێک عاقــڵ دەتــوانن دەستنیشــانی ئــەوە بکــەن، گــەر سستەمێکی سیاسیی ئاوا بێت پەسەندە، ئاوا بێ مونکەرە، بۆیە هەموو مەعاریفی بەشەریی لەسەر بنچینەی دەستنیشانکردنی خەیر و مەعروف و مونکەر وەستاوە.

پاشان خەیر یانی زاتیەتی حەق، مەعروفیش واتا دەرهاویشتەکانی حەق، مونکەریش یانی دەرهاویشتە سلبییەکانی ناحەق.

کەواتە گەر ئەو عەقیدەیە جێبەجێ بکەین: ﴿وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ﴾ (آل عمران: ١٠٤)، یانی با کۆمەڵێک ڕووناکبیری ڕاستەقینەتان هەبێت و بانگەواز بۆ خەیر و چاکەی گشتی بکات، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

## گرفتە بنەڕەتییەکانی ڕووناکبیران:

د.سەباح بەرزنجی دەڵێت: بەپێی ئەو توێژینەوە و بەدواداچوونانە بێ، کە من نووسیومن و پێیهەستاوم، یەکەمین گرفتی ڕۆشنبیری ئیسلامیی ئەوەیە، کە پەیوەست نییە بە کێشەکانی سەردەمەوە، مرۆڤی ئەم سەردەمە داوای شتێک دەکات، ڕۆشنبیری موسڵمان باسی شتێکی تر دەکات، واتا پێچەوانەی واقیع دەوەستێتەوە، هەروەها دووەمین گرفت پەیوەندیی بە دوو سیفەتی ترەوە هەیە، کە ڕووناکبیری ئیسلامی داپۆشیوە ئەوانیش: (الاتكالية) پشتبەستن بە ئەوی تری، کە پێشینانن، کە هەموو شتێکیان وتووە و کردووە و کۆتاییان پێهێناوە، هەروەها (النمطية) یانی گەر بەو نەهجە کۆنە بیر نەکەیتەوە، ڕۆشنبیریت نەبێ، حسابی ڕووناکبیرت بۆ ناکرێ! ئەمەش وایکردووە، کە ئێمە هەموو مەعریفەی نووسراومان دووبارە بکەینەوە، باشترین زاناش لەو ڕوانگەیەوە ئەوانەن، کە کتێبێک بە جوانی لەبەر بکەن و بیڵێنەوە، بۆیە ئەو کەسانەش کە پێچەوانەی ئەوەی باسکرا، جوڵابێتەوە، یاخود بجوڵێنەوە، پەراوێز دەخرێن و حسابیان بۆ ناکرێت.

پاشان گرفتێکی تر نەبوونی ئازایەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەو واقیعەی پێشینان، بەرەو ئەو شتەی پێویست و گرنگترە بۆ ئەم سەردەمە، بەڕاستی گرفتی ڕووناکبیری موسڵمان لەوەدایە، کە ئەویش دابڕاوە لە خودی خۆی، ڕۆشنبیرییەکەی لە شوێنێکە و خۆی لە شوێنێکی تر، ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی کەمترین ڕەنگدانەوەی هەیە لە ژیانی واقیعی خۆیدا.

د. سەباح بەرزنجی لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی ڕەخنەگرتن لە حاڵەتی ڕۆشنبیری ئیسلامی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئێستا ژمارەیەک ڕووناکبیری ئیسلامیمان هەیە، کە ڕووناکبیرن، بەڵام بۆ داهاتوو کێشەی گەورەمان دەبێ، کە ناتوانین تەکوینی ڕۆشنبیر بکەین، چونکە بەهۆی خراپیی سستەمی پەروەردەیمان، لەگەڵ ئەوەشدا کە جوهدێکی زۆر دەدرێت، بەڵام ئەنجامەکەی وەک پێویست نییە.

دکتۆر سەباح دەشڵێت: بەنیسبەت حزبەکانەوە، بە ئیسلامی و عەلمانییەوە لە کێشەیەکی گەورەدان، چونکە هیچ گووڕوتینێک بە گەنج نابەخشن، ڕەناسەیەتی بوونی نییە، بۆچی؟ هۆکارەکانی چین؟ بەڕای ئێمە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١- گرنگی بە توێژینەوە و سەنتەرەکانی توێژینەوەی فیکریی نادرێت، خراونەتە پەراوێزی پەروەردە و فێرکردنەوە، کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی تەنها بۆ ناو دەکرێن.

٢- تەرویج بۆ شتی هەڵە دەکرێت.

هەموو ئەمانە بوونەتە هۆکاری ئەوەی ڕووناکبیر بە ڕۆڵی خۆی هەڵنەسێت، کە خۆی لە چوار ڕۆڵی سەرەکیدا دەبینێتەوە، کە ئەمانەن: (بنیاتنان، ڕەخنەگرتن، ڕاستکردنەوە و ڕیفۆرم، گۆڕانکاریی).

- ڕۆڵی ڕوناکبیر لەو ڕووانەوە کاڵ بۆتەوە و خەڵکی بێ ئومێد بووە، زانکۆکان هیچ سەربەخۆییەکیان لە ئیدارەداندا نییە، هیچ

سەربەخۆییەکی دارایییان نییە، بۆیە ئینتاجی مەعریفیی و ڕووناکبیریشیان نابێت.

پاشان بە نیسبەت پەیوەندیی نێوان مەعریفە و ڕۆشنبیرییەوە، ئەمە بابەتێکی ترە، لەوانەیە هەمان شت بن و یەکتر تەواو بکەن، لەوانەشە جیاواز بن، هەروەها ڕەنگە هەمان سیفاتیان هەبێت، تۆ دەڵێی (ثقافة عامة) و (معرفة عامة)، بەڵام ڕۆشنبیریی زیاتر زیرەکیی و هۆشیاریی دەردەخات و مەعریفەش ئەو ئەندازە زانستییەیە، کە لە ئەم و لە ئەو وەریدەگرێت. نوقتەی ئیبداع لێرەدا ئەو کاتە دەستپێدەکات، کە کەسێک ئەو مەعریفە و ڕۆشنبیرییەی کە هەیەتی، بیکاتە هێزی بنیاتنان و خۆی بجوڵێنێت، پێش ئەوەی کە خەڵک بجوڵێنێت.

**موداخەلە و سەرنجی ئامادەبووان:**

بەشێکی تری گفتوگۆکە تایبەت بوو بە موداخەلە و تێبینییەکانی ئامادەبووان، کە هەریەکە لە بەڕێزان: د.ئاراس محەمەد ساڵح، فازیل حەیدەر، تۆفیق کەریم، فازل قەرەداغی، ئاراس محەمەد ئەمین، د.دیاری ئەحمەد قەساب، د.حسێن محەمەد ئیبراهیم) بەشدارییان تێدا کرد.

لە سەرەتای موداخەلەکاندا، (د. ئاراس محەمەد ساڵح) مامۆستای زانکۆ بە ڕەخنە لە حیزبە ئیسلامییەکان دەستیپێکرد و گووتی: من قسەم زۆرە، هەرچەندە کاک دکتۆر سەباح ئاماژەی بە زۆربەیان کرد. ئیسلامییەکان کاتێک دەستیان بە کار و بانگەواز کرد، زۆربەیان خوێندەوار بوون لەناو زانکۆکان هەڵقوڵابوون، کە ئەوە مایەی شانازیی بوو، هەتا ئێستاش ئەوە ماوەتەوە، کە ئەوەندەی ئیسلامییەکان لە چەقی شار و ناو زانکۆ و پەیمانگاکان بەهێزن لە گوند و ئاواییە دوورە دەستەکان، وانین. لە نەوەدەکان ئیسلامییەکان بە هەموو ڕەوتەکانەوە گەشەی زیاتریان کرد، ژمارەیەک گۆڤاری باش دەرچوون و خوێنەریان هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە دوای ساڵی (٢٠٠٠)کانەوە پاشەکشەیان کرد،

کەوتنە سەر ئاڕاستە نەمەتە دییندارییە دواکەوتووەکە، گۆڤار و ڕۆژنامەکان داخران، خوێنەریان نەما، من ناچارم قسەکانم لەبەر کات تەنها ئاڕاستەی لایەنە ئیسلامییەکان بکەم، ئێستا کە ساڵی (٢٠٢٠)ە، ئیسلامییەکان زۆر دواکەوتووترن لە نەوەدەکان، کۆڕ و کۆبوونەوە هەبوو، نووسەر و قەڵەمی باش هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو کتێبانەی سەرف دەبن، ئەوانەن کە وەعزین و چیرۆک و خورافین، کتێبێکی فیکریی بە یەک ساڵ (٦) دانەی سەرف نابێ.

ڕەخنەیەکی تر لە هەموو حیزبەکان، ئەوان کەسی بێدەنگیان دەوێ، خوێنەوار و هۆشیاریان ناوێ، ئەوانەی کە سەری خۆیان دادەخەن و ڕەخنە ناگرن، بەڕاستی حیزبەکان بە ئیسلامی و عەلمانییەوە ئەوانەیان دەوێ، هەربۆیە ڕۆشنبیران و نووسەران لە حیزبەکان ڕادەکەن.

دواتر (فازیل حەیدەر)ی نووسەر گووتی: دوای دەستخۆشی، بابەتەکە لە ناونیشانێکدا تازە نییە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی تازە بوو. گووتیشی: چەمکی ڕووناکبیر و جۆرەکانی ڕووناکبیر باس لە گۆڕاوێک دەکات لە واقیعدا، هەربۆیە ڕای جیاواز هەڵدەگرێت. هەروەها ناوبراو گووتی: بێگومان دەزانین، کە ئامانجی قورئان بۆ مرۆڤ تەزکیەیە، بەڵام ئێمە وا حاڵی بووین، کە تەزکییە تەنها بابەتی ڕۆحانیات و ئەخلاقیاتە، بەڵام مانا فراوانەکەی تەزکییە باسکردنە لە گەشەپێدانی تواناکانی مرۆڤ بە هەموو ڕەهەندەکانەوە، ڕەهەندی مەعریفی، ڕەهەندی ڕۆحی، ڕەهەندی سلوکی، کاتێکیش کە باسی ئەوەتکرد، کە ئەرکی ڕۆشنبیر (يدعون إلى الخير) ئەوە (اسم التفضيل)ە، باسکردنە لە چاکترین خەیر (کردەوە)، کە دەبێت ڕووناکبیر لە کۆمەڵگادا پێیهەستێ و باشترین بانگەواز بکات، (وينهون عن المنكر) هەم ڕەخنەی تیایە، هەم موعارەزەبوون. لەبارەی ئەو کێشانەش کە لە ناوەندە ئیسلامییەکاندا باستکرد و هەیە، ئەوە بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیری

موسڵمان لە قورئانەوە خۆی پێناگەیەنێت، بەڵکو لە مێژووەوە، ئێمە لە مێژوودا دەژین.

هەروەها (تۆفیق کەریم) خاوەن و سەرنووسەری گۆڤاری (خاڵ) لەبارەی پێناسەی چەمکی ڕووناکبیرەوە گووتی: چەندین پێناسەی دیکەش بۆ چەمکی ڕۆشنبیر کراوە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت، ناوبراو پێیوایە وشە کوردییەکەی ڕۆشنبیر زۆر جوانە. خاڵی دووەم لای من: ئایا کۆمەڵگە پێویستی بەوەیە، کە ڕۆشنبیر ئاڕاستەی بکات؟ بەلای منەوە بەڵێ، بەڵام بەمەرجێک پەیامێکی واقیعی هەبێ و هەڵوێستی هەبێ، کە ئەوە باجیشی دەوێ، بەڵام بەپێچەوانەوە گەر ئەو سیفەتانەی تیادا نەبێ، کە باسکران، ئیتر کۆمەڵگە چاوەڕێی چی لێبکات! تەنها دەبێتە قسەکەرێک. بۆیە بەڕای من خەڵک سەیری کردەوە و هەڵوێست دەکات نەک خوێندنەوە و نووسینی قەبە، لەم ڕووەوە شەڕی ناوخۆ لە کوردستان باشترین بەڵگەیە، کە ئێمە بینیمان نووسەران و ڕۆشنبیران لە نێوان لایەنەکاندا دابەشبوون و وەک ئەوانیان کرد.

لەبارەی ئەو خاڵەی دیکەشەوە: ئایا قورئان ڕۆشنبیر دروست دەکات؟ ئەو دەڵێت: باشترە بڵێین ئیسلام پێکهێنەرێکی گەورە و سەرەکییە، چونکە ئەوە فراوانترە، تەنها یەک هۆکاریش نابنە دروستکەری ڕۆشنبیر، بەڵکو دەشێت بڵێین کۆمەڵێک هۆکار، کە یەکێکیان ئایینە، کە ڕۆڵی سەرەکیشە، دەبنە یارمەتیدەر و پێکهێنەری کەسێتی ڕۆشنبیر.

پاشان (تۆفیق کەریم) ڕەخنەی لە ڕۆشنبیری ئیسلامی دەگرێت و دەڵێت: نەیتوانیوە تەجاوزی حزبەکەی بکات (کالا بە قەد بالایە!) حیزب لەم کاتانەدا چ بکات؟، بۆچی ڕۆشنبیرەکە لێی یاخی نابێ؟، ئێمە باسی ئەوە دەکەین، کە ڕۆشنبیر ئاڕاستەی کۆمەڵگە بگۆڕێت، باشە کە نەتوانێت گرووپەکەی بگۆڕێ، لە کوێ دەتوانێ کۆمەڵگە بگۆڕێ؟! بۆیە من بەشێکی گەورەی کێشەکە، ئەخەمە ئەستۆی کەسێتی ڕۆشنبیر

خۆی، ئایا ڕۆشنبیران لە کوردستان کاریگەرییان تا چەند بووە بۆ کرانەوە و یەکترقبوڵکردن و پێکەوەگونجان؟

دواتر (فازڵ قەرەداغی)ی نووسەر و ڕۆژنامەنووس قسەکانی بەوە دەستپێکرد: ڕۆشنبیر دەبێ موبادەرەی هەبێ بۆ کۆمەڵگاکەی، هەروەک ئەو وتەیەی کە دەڵێت: سەرکردە ئەو کەسەیە، کە شوێنکەوتووانی بباتە ئاستی خۆی، نەک خۆی دابەزێ بۆ ئاستی ئەوان، ڕەخنەشی ئاڕاستەی چەمکی ڕۆشنبیری لە زمانی کوردیدا کرد و گووتی، کە تاڕادەیەک پیاهەڵدانی تیایە، گوایە هەرچی ڕۆشنبیر بوو، ئەوە بیری ڕۆشنە و لە لوتکەی ڕووناکبیریدایە، لەڕاستیدا وانییە!، بەڵکو ڕۆشنبیر ئەوانەن، کە تاڕادەیەک جیاوازتر دەبینن لە کەسانی تر، قووڵتر بیردەکەنەوە، هەموو ڕووناکبیرێکیش کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی، کۆتا شت پێموایە ڕۆشنبیر نابێ هەرگیز بەهۆی زانست و زانیارییەکەوە هەستی فیز و خۆبەگەورەزانین بەسەریدا زاڵ بێ.

دواتر (م. ئاراس محەمەد ئەمین) قسە و سەرنجەکانی بە پێشنیازێک دەستیپێکرد و گووتی: پێشنیاز دەکەم، گەر گفتوگۆی تری لەم شێوەیە ساز کرا، تەوەرەکە ڕابگەیەنرێت و چەند کتێب و سەرچاوەیەک دەستنیشان بکرێت، تاکو بتوانین زیاتر و وردتر لەسەر بابەتەکە بدوێین. ناوبراو پێشیوایە، کە چەمکی ڕۆشنبیر مەرحەلییە، هەروەک باسکرا، کاتێکیش چەمکی ڕۆشنبیر پاڵدەدەینە لای کەسێک، دنیایەک ئیشکالیەتمان بۆ دروست دەبێت، چونکە مەرج نییە ئەو کەسە ئەهلیەتی ئەوەی هەبێت. ڕۆشنبیر لە قورئاندا هەمان سیفەتی ئیمانداری ڕاستەقینەی هەیە، پێشموایە ڕۆشنبیران ئەوانەن، کە کردەوەی زیاتریان هەیە، نەک قسە و نووسین، لەبارەی ئەو هۆکارانەشەوە، کە بوونەتە هۆی لەکەداربوونی ڕووناکبیران دەڵێت: دەبێ ڕۆشنبیران خۆیان لە داخراویی فیکریی وەلابنێن، گووتیشی: ڕۆشنبیری لە ئێستا

ڕۆشنبیرییەکی درۆینەیە، چونکە بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە لەو ڕووەوە ڕۆڵێکی خراپی هەبووە، حیزبەکانیش هەموویان ڕۆڵێکی خراپیان لە دروستکردنی ڕۆشنبیری درۆینە و مەزهەبی گێڕاوە.

پاشان (د.دیاری ئەحمەد قەساب)، جێگری سەرۆکی سەنتەری زەهاوی بە ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنبیری ئیسلامی دەستیپێکرد و گووتی: ڕۆشنبیری ئیسلامی ڕۆشنبیرییەکی سادەیە، هەر بۆ نموونە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی نازانن، کە دوو زمانی زیندوون، بۆیە پێویستە خۆیان پێبگەیەنن و پەرە بە تواناکانیان بدەن. گووتیشی: ڕووناکبیر چەندین سیفەتی هەیە، کە بریتین لە:

- یەکەم ئازاد بێ، خۆی لە ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی تەسکبینانە بەدوور بگرێت.
- نیەتی ڕیفۆرم و چاکسازیی هەبێت.
- پۆزەتیڤ بێ.
- واقیعی بێ.

لە کۆتایی موداخەلەکانیشدا، (د. حسێن محەمەد)یش گووتی: من پێموایە بنیاتنانی ڕووناکبیر پێویستی بە کەشێکی ئارامە، لەگەڵ بوونی دامەزراوەکاندا، کە ڕۆڵی سەرەکیان لەو ڕووەوە هەیە، وەک دامەزراوەکانی (میدیا، خێزان، پارت و ڕێکخراوەکان... هتد)، کە هەموو ئەمانە هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتر دەبن بۆ دروستبوون و گەشەکردنی کەسێتی ڕووناکبیر. ئەوەشی گووت، کە پێگەیاندنی ڕووناکبیر لە سەردمی منالییەوە دەستپێدەکات، دواتر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، کە منیش لەگەڵ دکتۆر ئاراسدام، ئیسلامییەکان سالانی نەوەدەکان بەشداریی ڕۆشنبیرییان زۆرتر بوو، چالاکتربوون، ئێستا کەمترین بایەخیان بۆ ئەو بابەتانە هەیە.

# ڕەمەزان فێرگەی قورئان و پەروەردەی مرۆڤ

## ناونیشانی کۆڕێکی (د. صباح بەرزنجی) (ڕەمەزانی ٢٠١٦)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على خاتم الأنبياء والمرسلين سيد الأولين والآخرين المبعوث رحمة للعالمين سيدنا محمد أمين وعلى آله وصحبه وتابعين.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

خوشکان و برایان، مامۆستایانی بەڕێز، سەرەتا دەستخۆشی لە خوشک و برایانی خۆشەویست لە سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان دەکەم، کە سالانە ئەم بۆنە و دانیشتنانە ڕێکدەخەن، دەستخۆشی لە برای بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا وەرزێر دەکەم بۆ ئەو دەقە شیعرییە جوان و کاریگەرانە، هەروەها دەستخۆشی لەو برا و خۆشەویستانە دەکەم لە گرووپی ئاهورا، کە بەو پارچە مۆسیقیە سوننەتی و جوان و ئارامانە فەزایەکی مەعنەوییان بۆ دروستکردین لە مانگی ڕەمەزاندا، کەوا مانگی بەخۆداچوونەوە و بەخۆدا هاتنەوە و مانگی هەڵوێستەکردنە، مانگی دووبارە خۆئامادەکردنە بۆ ساڵێکی تر، مانگی بەرنامەڕێژییە بۆ ژیان، ژیانێکی پێشکەوتووتر و ڕاستەقینەتر، کە ژیانی مەعنەوییاتە.

کە باسی ڕەمەزان دەکرێت، جگە لە لایەنە فیقهییەکەی، جگە لە لایەنە ئەخلاقیەکەی و جگە لەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانەی کە هەیەتی، پێویستە باس لەوەش بکەین کە مانگی ڕەمەزان هەلێکە بۆ بەرزبوونەوە و بالاکردنی لایەنی مەعنەوی و عیرفانی لە مرۆڤدا، بۆ

خۆی لە ژیانی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەر) ڕەمەزان ئەو ڕۆڵە گرنگەی بینیوە کە پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) مودارەسەی قورئانی کردووە لەگەڵ جیبریلی ئەمیندا، لە مانگی ڕەمەزاندا پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەر) ئیعتیکافی کردووە و ئەو تەفەڕوغەی کردووە کە بە جددیتر لە جاران چەمکەکان، یان پلەوپایە مەعنەوییەکان بەرجەستە بکات.

بۆ خۆی پرسیارێکی فەلسەفی و گرنگ و زۆر قووڵە، کە جیاوازی نێوان ساتەکان و کاتەکان و ڕۆژەکان دەبێ چی بێت؟

ئەگەر بە پێوەرە ماددیەکان سەیری بکەین، جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین، ڕۆژ هەر ڕۆژە، کات هەر کاتە، سات هەر ساتە، شەو هەر شەوە، بەڵام کە سەیری سروشتی مرۆڤ دەکەین، ئەم مرۆڤە خوای پەروەردگار وا ئافراندوویەتی، وا خوڵقاندوویەتی، لە هەندێ کاتدا سادەیی بۆ دروست دەبێت، ڕۆحی دەکرێتەوە، لە هەندێ کاتدا ڕۆحی دادەخرێت، ئەوەی کە پێی دەوترێت (قبض و بسط) کرانەوە و داخران، هەر ئێستا گوێمان لە کۆمەڵێک دەقی شیعری گرت لە مامۆستا وەرزێر، مامۆستا وەرزێر لە حاڵەتێکی تایبەتدا ئەم شیعرانەی وتووە، هەموو شاعیرێکیش لە حاڵەتی تایبەتدا شیعری جوان دەنووسێ، جاری وا هەیە زۆر لە خۆی دەکات، بۆی نایە، چونکە کاتەکە کاتی قبضە، کاتی داخرانە، بەڵام جاری وا هەیە بەبێ ئەوەی خۆیشی بیەوێ، شیعری بۆ ئەبارێ، ئەوە حاڵەتێکە و کاتەکە کاتی بسطە، هەر ئەو برایانەی کە مۆسیقایان بۆ لێداین، لە هەندێ حاڵەتدا دەتوانن جوانترین پارچە مۆسیقا پێشکەش بکەن، چونکە واریداتێکی قەلبی و ڕۆحییان بۆ حاسڵ دەبێ، بەشێوەیەک دەیانهەژێنێ و وایان لێدەکات ئەبێ بەرهەمێک پێشکەش بکەن، دەبێ ناخی خۆیان بگوازنەوە بۆ لایەنی بەرامبەر.

جا بۆیە سەبارەت بە مانگی ڕەمەزان، من دەمەوێ باسی ئەوە بکەم، مـــانگی ڕەمەزان فێـــرگەی قورئـــانە، مـــانگی ڕەمەزان بـــۆ پەروەردەی ئینسانە، تەرکیز دەکەمە سەر ئەو مەقولەیە.

بۆچی فێرگەی قورئانە؟ چونکە سەرەتای هاتنەخوارەوەی قورئانە بۆ سەر دڵی پیرۆزی فەخری کائینات موحەممەدی موستەفا (دروودی خوای لەسەر)، لەم مانگەوە بوو، ئەم مانگە دەستپێک بوو، لە مانگەکانی دیکەشدا قورئان هاتووە، بەڵام یەکەمین بارشی ڕەحمەتی قورئان لەم مانگەدا بوو، خۆشتان دەزانن ئینسان لە جیهانی ماددەدا خۆشترین تـــیکەیەک کە دەیخـــوات تـــیکەی یەکەمە، لە عـــالەمی مەعنەوییاتیشـــدا بەهەمان شێوە، یەکەمین ئایەت کە یەتەخوارەوە وەقعی زیاترە لەسەر بەشـــەرییەت بە گشـــتی و لەســـەر ڕەسـوڵی ئەکـرەم (دروودی خـوای لەسەر).

لەو یەکەمین ئایەتانەدا بوو کە پێغەمبەری خودا (دروودی خـوای لەسـەر) هەستی بە قەدر و قیمەتی خۆی کرد، بۆیە کە خـوای گەورە دەفەرموێت: (إِنَّا أَنزَلْنَاهُ فِي لَيْلَةِ الْقَدْرِ ﴿القدر: ١﴾، ئەو شـەوە شـەوی قەدرە، شـەوی ڕێزە، شـەوی تەقدیرە، شـەوی پایەپێدانە، شـەوی بارهێنـان و ڕاهێنانە، ئەگەر ئێمە بتوانین لە مانگی ڕەمەزاندا بەوشێوەی پێویستە لە ئایەتەکانی قورئان نزیک بینەوە، لە جەوێکی قورئانی نزیک ببینەوە، جەوی قورئان واتە جەوی تەناغووم لەگەڵ سروشت و تەبیعەت، واتە ئەمن و ئەمان، چونکە قورئان بۆ خۆی نوورە، قورئان موبارەکە، قورئـان پیـرۆزی ئەدا بەو کەسـانەی کە دەیخـوێنن، واتە زۆرجـار کە دەوترێ قورئان پیرۆزە، یان پیرۆز نییە، موناقەشەیەکی فیکری دروست بـووە، کەواتە هـیچ کەسـێک پیـرۆز نـییە، نەخێـر، قورئـان کە پیـرۆزە، دەوروبەرەکەشی پیرۆز دەکات، قورئان کە نوورە، دەوروبەرەکەشـی نوورانی دەکات، قورئان کە خێر و بەرەکەتە، دەوروبەرەکەشی خێردار

و بەرکەتــدار دەکــات، کەواتە ئەو کەســانەی کە قورئــان دەخــوێنن، کاریگەریی قورئانیان بەسەرەوەیە، واتە تۆ خاکێک بهێنە لە پاڵ گوڵێکی بۆنخۆشــدا دایبنــێ، پــاش مــاوەیەک ئەو خــاکەش بــۆنی ئەو گــوڵە وەردەگرێ، بۆیە لەگەڵ قورئاندا ژیان، بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا، نــوورانییەت و قودســـییەتێک ئەدا بە ئینســـان، هـــالەیەکی پێـــدەدات، خەرمــانەیەک لە دەوری رۆحــی ئەو ئینســـانە دروســت دەکــات کە لە مانگەکانی دیکەدا دروست نابێت.

کە بێینە سەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، کە باسی مانگی ڕەمەزان دەکات، هەمیشە دەپرسن، ئەو پرسیارە دروست دەبێت کاتێ خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) ﴿البقرة: ١٨٣﴾، ئەی ئیمانداران ڕۆژووتان لەسەر فەرزکراوە وەک چۆن لەسەر میللەتان و ئایینزاکانی تریش فەرزکراوە پێش ئێوە، (لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) واتە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لە ڕێگەی فەریزەی ڕۆژووەوە ئیتر بە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا کە هاتبین کە بێین و بگەڕێینەوە، تەماشا دەکەین مەلەکەیەک دروست دەکات لە ئینساندا پێی دەوترێ (تەقوا)، مەلەکەی تەقوا، ئامانجی ئەساسی ڕۆژووەوە و خۆگرتنەوەیە، تۆ ئەگەر بەزۆر خۆت بپارێزی لە حەرام، ئەمە هێشتا پێی ناوترێ تەقوا، ئەمە جۆرێکە لە (تەکەلوف) زۆر دەکات لە خۆی، ڕەنگە تاوانەکەت حەز لێبێ، بەڵام بەزۆر وا لە خۆت دەکەی ئەو تاوانە ناکەی، بەڵام لە ڕێگەی ڕۆژووەوە دەبین بە خاوەنی تەقوا، مەلەکەی تەقوا، واتە بتەوێ و نەتەوێ تاوانەکە ناکەیت.

بۆیە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) بۆ ئەوەی ببن بە ئەهلی تەقوا، واتە تەقوا ببێ بە مەلەکە، ببێ بە خەصڵەت، نەک ببێ بە حاڵەت، تەنانەت ئەوانەشی کە تاوانبارن هەندێ جار تەقوایان هەیە، واتە لە هەموو کاتێکدا خۆ تاوان ناتوانن ئەنجام بدەن، بۆچی؟ چونکە

ئەنجامدانیش جۆرێک لە کار و فەعالییەت و جموجوڵ و چالاکی دەوێت، ئەوەی کە دزیی دەکات، هەمیشە ناتوانێ دزبێ، ئەو کەسەی خراپەکاری دەکات هەمیشە ناتوانێ خراپەکار بێ، کەواتە لە هەندێ کاتی عومریدا، لە هەندێ حاڵەتدا تەقوا هەیە، بەڵام ئینسانی ئیماندار، ئینسانی پەروەردە بوو، ئینسانی قاڵ بوو، (تەقوا) بۆی دەبێ بە مەلەکە، بۆی دەبێ بە حاڵەتێکی بەردەوام، دەبێ بە خەسڵەتێکی بەردەوام، ئامانجی ڕۆژووش ئەوەیە، ئامانجی هەموو خواپەرستیەکان ئەوەیە، کە سەیری پایەکانی ئیسلام دەکەین، پایەی یەکەم شایەتومانە، پایەی دووەم کە بریتییە لە نوێژ، ئەوە خواپەرستییەکی بەدەنی و ڕۆحییە، کە دێینە سەر زەکات، خواپەرستیەکی ماڵییە، کە دێینە سەر ڕۆژوو، هەم لایەنی تەرکی تێدایە، هەم لایەنی تەعزیبی نەفسیی تێدایە، ئەوەی لە بەشی دووەمدا زیاتر لەسەری دەڕۆم.

ئینسان کە بووە خاوەنی مەلەکەی تەقوا، وەک کەسێک وایە، ئێستا منداڵ کە تازە دەست دەکات بە نووسین، ئەگەر شتێکی جوان بنووسێ بە لاتەوە عەجایبە، بەڵام ئەگەر خۆشنووسێک شتێکی جوان بنووسێ، تابلۆیەکی جوان بنووسێ، بە لاتەوە عەجایب نییە، چونکە ئەو نووسینە بووەتە مەلەکە، بووەتە شتێک لە ژیانی، بووەتە بەشێک لە خەسڵەت و سیفەتی ئەو، کەواتە ڕۆژوو، تەقوامان بۆ دەکات بە مەلەکە.

نوێژ ئەو قودرەتەی نییە، ئەو قودرەتەی کە وەک ڕۆژوو هەیەتی، زەکات ڕەنگە نەیبێ، بەڵام ڕۆژوو تەقوا دەکات بە مەلەکە و دەیکات بە خەسڵەتێکی بەردەوام لە تۆدا، ئەگەر بەو شێوەیە و بەو هەلومەرجانەی کە لە ئیسلامدا باسکراوە، یان کەسێکی وەک ئیمامی غەزالی لە کتێبی (الأربعین في أصول الدين)دا باسی دەکات، ڕۆژوو بەو جۆرە بگرین، تەقوا بۆت دەبێ بە مەلەکە، واتە وەکو چۆن، ئەگەر دەنگت خۆش بێ، دەنگ خۆشی دەبێ بە مەلەکە بۆت، هەرچی بڵێیت دەنگت خۆش دەبێ،

یان وێنەکێش بیت، تابلۆیەک بکێشی، وێنەکێشی بۆی بووە بە مەلەکە. لە هەمــوو بوارەکانــدا، ئەو کەســە پەســەندە، ئەو کەســە شــایانی مەدح و ستایشــە کە بتوانێت شــتەکان لە خۆیدا بکات بە مەلەکە، کەواتە ڕۆژوو بۆ ئەوەیە تەقوا ببێتە مەلەکە نەبێتە حاڵەت، ببێتە خەسڵەتێکی بەردەوام لە ئینساندا لەگەڵ خوێندنەوەی قورئان.

جـا قورئـان کە دەفەرمـویَ ڕۆژووتـان لەســەر فەرزکـراوە، ئێسـتاکە پرســیارێکم هەیە، باشــە ڕۆژوو کەی بگــرین، هەمــوو ســاڵێک بیگــرین، هەموو ڕۆژەکـان بیگـرین، نـا، دەفەرموێـت: (أَيَّاماً مَّعْدُودَاتٍ) ﴿البقـرة: ١٨٤﴾، پێویسـت ناکـات بەردەوام بێـت، تـا چەنـد ڕۆژێکـی دیـاریی کـراوە، بەڵام لێرەدا پرسـیارێک، ئایـا (أيَّامـاً) لە یەک مانگـدا کـۆکراوەتەوە، یـان دابەش بوون بەسەر ساڵەکەدا؟ لە وەڵامەکدا (فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ) ﴿البقـرة: ١٨٥﴾) دەبیَ لە مانگێکدا بێـت، بەڵام مـانگەکە کـامەیە؟ دەفەرمـویَ: (شَـهْرُ رَمَضَانَ)، بەڵام بۆ لە نـاو هەمـوو مانگەکانـدا (شَـهْرُ رَمَضَـانَ)ە؟ ئەو مـانگەی پێـی دەوترێـت مـانگی ڕەمەزان، کە دەوترێـت (شَـهْرُ رَمَضَـانَ)، واتە (شــهر الله)، خوا لەناو هەموو مانگەکاندا مانگێکی تایبەت کردووە، داویەتییە پاڵ خۆی، خۆ هەموو مانگەکان هی ئەون، بەڵام لە ناو مانگەکاندا بە مانگێک عینایەت و ڕیعایەتی زیاتری داوە، لێرەدا پرسیار دروست دەبیَ، بۆچی مـانگی رەمەزان، (شَـهْرُ رَمَضَـانَ الَّـذِيَ أُنـزِلَ فِيـهِ الْقُـرْآنُ)؟ لەبەرئەوەی (شــهر رمضان)، ئەو مانگەیە کە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە.

باشە قورئان چۆن هاتۆتە خوارەوە؟ قورئان (نزول)ی هەیە، (تنزل)ی هەیە، (تنزيل)ی هەیە، یەکەمجار یەکەم نزولی قورئان ئەو نـزولەیە کە لە عیلمـی خـواوەیە، نەقڵ دەبیَ بـۆ (لـوح المحفـوظ)، ئەمە یەکەمـین قۆنـاغی هـاتنەخوارەوەی قورئـانە، دووهەمـین لە (لـوح المحفـوظ)ەوە بە تێکڕایـی دێتە سەر ئاسمانی دونیا، ئاسمانی یەکەم، نزیکترین ئاسمان لە ئێمەوە، ئەوەی کە ئەستێرەکانی تێدایە (فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُـومِ) ﴿الواقعـة: ٧٥﴾ (مواقـع

النجــوم) واتە ئاســمانی یەکەم، کە هەرکــام لەو ئەســتێرانە یــان ئەو نجوومانەی کە هەیە لەو ئاسمانەدا، ئایا (نجوم)، جەمعی (نجم) بێت، یان (مصــدر) بێــت، بەمانــا دروســت، لە هەرکــام لەو مانایــانە بیگــری، لە مەرحەلەیەکدا قورئـان بە چەنـد قۆناغێـک گەیشـتۆتە لای ئـێمە، کەواتە نزولی یەکەم لە عیلمی خـوداوەیە بـۆ (لـوح المحفـوظ)، نزولـی دووەم لە (لـوح المحفـوظ)ەوە بـۆ ئاسـمانی دنیـا بە یەکجـاری، هەمـوو ئەمـانە لە ڕەمەزانــدا بــووە، بەڵام دوای ئەوە لە ئاســمانی دونیــاوە کە هــاتۆتە خوارەوە، ئەویش یەکەم کۆپلەی بە ئەمری خـودا لە ڕێگەی جـوبرەئیلی ئەمینەوە خودا نزولی کردووە بۆ سەر قەلبی پێغەمبەر (درووودی خـوای لەسەر)، کە دەفەرموێت: (فَإِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلَى قَلْبِكَ) ﴿البقرة: ٩٧﴾، دوایی لە قەلبی پێغەمبەرەوە (درووودی خوای لەسەر)، قەلب تەنها ئەوە نییە یەعنی لای عورەفا و موتەصەوفین و لای زانا ڕاستەقینەکان، دڵ ئەو پارچە گۆشتە سنەوبەرییە نییە، دڵ حەقیقەتی هەڵگری ئینسانیەتە، بۆیە کە دێتە سـەر دڵـی پێغەمـبەر (درودی خـوای لەســەر)، واتە ئینســانی کامـڵ، بە دوای ئینســانێکی کامڵـدا گەڕاوە، کە ئەم قورئـانە بـۆی بچێـتە سـەر دڵـی، کە پێغەمـبەر (درووودی خـوای لەســەر) دڵـی تەلەققـی ئەم قورئـانە دەکـات، ئینجا جـارێکی تـر نـزول دەکات، ئەم قورئـانە بـۆ سـەر زاری، لە دڵـیەوە دێتە سەر زمانی، لە زمانی ئەوەوە دێتە سەر دڵی صەحابە، لەسـەر دڵـی صەحابە دێتە سـەر زاریـان، جـارێکی تـر لە سـەر زاری ئەوانەوە دەبێتە ئەم موصحەفەی کە لەبەردەستی ئێمەدایە، ئەمە هەمووی تەنەزوولاتـی جیاوازی قورئانە.

(شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِيَ أُنزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ) و لە هەمـوو قۆناغەکانـدا (هُدًى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِّنَ الْهُدَى وَالْفُرْقَانِ)، کەواتە ئەم قورئانە بە گاڵتە نەگەشـتووە بە ئـێمە، بە هەموو ئەو قۆناغانەدا تێپەڕیوە، لەپێشدا (قورئـان) بـووە، ئەنجـا بـووە بە (کیتاب)، لەپێشدا قورئان بۆ تیلاوە بووە، بە زار وتراوە و وتراوەتەوە

و لەبەر کـــــراوە، لە زاری پێغەمـــبەر (دروودی خـــوای لەســـەر) وەریانگرتووە، صەحابەی کیرام (ڕەزای خوایان لێ بێ) ئەنجا تەدوینیان کردووە لە عەصری سەعادەتدا، بە سێ قۆناغ ئەم قورئانە کۆکراوەتەوە، بـووە بە کیتـاب، کاتێک دەفەرموێت: (ذَلِـكَ الْكِتَـابُ لاَ رَيْـبَ فِيـهِ) ﴿البقـرة: ٢﴾، قورئان تا نەبێت بە کیتاب، واتە تا نەبێت بە نەصێکی (مـدون)، کە خەڵک بە پیرۆز سەیری کات و بیکەن بە سەرچاوە، بیکەن بە مەرجەع، نـابێتە (هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ).

کە دەبێت بە کیتاب، واتە ئیعجازی قورئان لە موجەڕەد تیلاوەکردنیدا نیـیە، کە دەبـێ بە کیتـاب، کیتـاب یەکێـک لە ماناکـانی ئەوەیە کە وەکـو فەرزی لێدێ کە دەڵـێ (کتب علیکم الصیام) دەبێ بە فەرز، قورئـان بـۆ خۆی دەبێتە فەرز، قورئان دەبێ ڕەنگ بداتەوە لە زمان و هەڵسوکەوتدا، لە تەصەوراتدا، لە نیزامی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا، لە هەموو ئەم شتانەدا ڕەنگ بداتەوە، ئەم قورئانە لە قورئـانەوە ببێت بە کیتـاب، لە مـوجەڕەد کەلیماتێـک کە دەوتـرێتەوە ببێـتە سیسـتەم، ببێـتە نیـزام، کە دەڵێت، کیتاب واتە نیزام، سیستەم.

کەواتە سیستەم هەمووی پێکەوە ئیعجازەکەی خۆی دەردەخات، واتە چـــۆن ئەگەر جیهازێـــک کە لەبەردەســـتماندایە، ئەو جیهـــازە بەیەکەوە دەتوانێت ئەو وەزیفە ببینێت کە هەیەتی، کە بۆی دیـاریی کـراوە، نەک بە پـارچە پـارچە، هەر ئەو موبـایلەی کە لەبەردەسـتدایە، پـارچە پـارچەی بـکەی دەوری خـۆی دەبینـێ؟ نـایبینێ، کەواتە قورئـانیش بە مـوجەڕەد ئایەتەکان ئەگەر پەڕاگەندە بن و نەبن بە کیتاب، نەبن بە سیستەم، نەبن بە نیـزام، ئەو غـایە ئەساسـییە، ئەو ئامـانجە ئەساسـییەی خـۆی بەدی ناهێنێ، جا ئێمە لە ڕەمەزاندا پێویستمان بەوەیە لەو ڕوانگەیەوە سـەیری قورئان بکەین، کە قورئان دەبێت ببێت بە کیتاب، تا حاڵی حازر لە ژیانی ئێمەدا هێشتا قورئان قورئانە لە حاڵێکدا ئیعجازەکەی لە کیتابییەکەیدایە.

## بەشی دووەم: بۆچی ئەم ڕەمەزانە بۆ پەروەردەی ئینسانە؟

چونکە ئینسان هەمیشە یەک کێشەی هەبووە، واتە هەرچییەک تاوانە و ئینسانێک دەیکات وەک تاک، وەک گرووپ، وەک دەستە و جەماعەت وەک نیزامی سیاسی، ئەوەی کە تاوانێک دەکات، ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دوو شت:

١ـ نەبوونی ئیدارە.

٢ـ نەبوونی ئیرادە.

نـویژ و زەکـات فێـری ئیـدارەمان دەکەن، واتە یەکەمـین وانە و گەورەترین وانەی فەریزەی نوێژ ئیدارەیە بۆ ئینسان، باشە، زەکاتیش بەهەمان شێوە، هەموو ئیداریەک پێویستی بە عونصورێکی ئەساسی هەیە، عونصوری وەقت، چۆن کات دابەش بکەین، ئێستا لە ئیدارەکانی ئێمەدا تەماشا بکەن، بۆچی فەعال نییە؟ لەبەرئەوەی تەنزیمی کاتی تێدا نییە، لەبەرئەوەی کاتی ئیش کاتی بەرهەمهێنان لە دەوائیری ئێمەدا، لە سیستمی ئیداری ئێمەدا، لە بیست و چوار سەعاتدا، بیست دەقەیە، تەماشا دەکەین وڵات دواکەوتووە، قەیران هەیە، قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، جۆرەها قەیران، ئێمە کە هەمانە ئەوەیە ئیدارەی کات ناکەین.

نوێژ کە خوای پەروەردگار داینـاوە، یەکێک لە حیکمەتە گەورەکانی ڕەنگە ئەساسییترین حیکمەتی ئەوە بێت فێری ئیدارەی وەقتمان بکات، تەماشاکە نوێژی بەیانی هەیە لە سەرەتای نیشاط، دوایی کە زۆر ماندوو دەبی لە نەشات نیوەڕۆ، واتە لە سەرەتای ڕۆژەوە نوێژێک هەیە ئامادەت دەکات بۆ ئیدارە، لە ناوەڕاستی ڕۆژدا نوێژی نیوەڕۆ هەیە، کاتی پشووە، ئینجا لە بەینی نیوەڕۆ تا ئێوارە دیسان لە چارەکی کۆتاییدا نوێژێکی تر هەیە، نوێژی عەسر، کە ڕۆژ تەواو دەبێ نوێژێکی تر هەیە، کە ڕوو لە عالەمی خەو و عالەمی خصوصیاتی خۆت دەکەیت،

پێش ئەوە نوێژێکی تر هەیە، تەماشای تەنزیمی وەقتەکە بکەن، ئەوە ئیدارەیە، ئیدارەی وەقت.

بەڵام ئەم ئیدارەیە بەبێ رەکیزەیەکی ئیقتیصادی بەڕێوە ناچێ، بەبێ پارە بەڕێوە ناچێ، بەبێ مەوارید بەڕێوە ناچێ، بۆیە زەکات هاتۆتە مەیدان، فەریزەی زەکات عونصوری تەمویلی ئیدارەیە.

بەڵام ئەی ڕۆژوو ڕۆڵی چییە؟ هەموو دنیا بەدەست تۆ بێ، هەموو ئیمکانیەتی دنیا بەدەست تۆ بێ، بەرنامەی دنیات هەبێ، بەڵام ئیرادەی ئەوەت نەبێ کە جێبەجێی بکەیت، هیچ، ئیرادەی گۆڕانکارییت نەبێ، هیچ، ئیرادەی تەنزیمی کاتت نەبێ، هیچ، بۆیە ڕۆژوو، عونصوری ئیرادە لە ئینساندا بەهێز دەکات، عونصوری ئیرادە واتە ویست، ئەمەوێت ئەم کارە بکەم، ئەیکەیت، ئەمەوێت ئەمە نەکەم، تەبعەن تۆ بۆ ئەوەی کارێک بکەیت دەبێ غەیری ئەوە وازلێبێنی و هەمیشە ئەو کارەی کە واجبە لەسەرت، قورسە لەسەرت، واتە بۆ نموونە کاتی نوێژە، تۆ مەشغوڵی، نوێژەکە قورسە لەسەرت، (وَإِنَّهَا لَكَبِيرَةٌ إِلاَّ عَلَى الْخَاشِعِينَ) ﴿البقرة: ٤٥﴾، قورسە، دەتەوێ شارێک دروست بکەیت، شارێکی وەک هەڵەبجە، گۆڕانگاریی ڕیشەیی تێدا دروست بکەیت، ئەمە کارە، ناتوانی ئەم کارە بکەیت، ئەگەر کۆمەڵێک شت وازلێنەهێنیت تۆ ناتوانی پاک بیت، ئەگەر کۆمەڵێک پیسی وازلێنەهێنی، ناتوانیت چالاک بیت، ئەگەر کۆمەڵێک تەمەڵی لە وجودتدا هەیە تەرکی نەکەیت، بۆیە تەماشا دەکەیت عونصوری ڕۆژوو پەروەردەی ئینسان بەوە دەکات کە فێری ئەوەی دەکات کە خاوەنی ئیرادە بێ، کۆمەڵێک شت تەرک بکات، واتە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیغرائات، چونکە ئەم ژیانەی ئێمە هەمووی ئیغرائاتە، دەوروبەرمان هەمووی ئیغرائاتە، هەموو ئەو پەیامانەی کە لە دنیادان، چ پەیامی تەلەفزیۆنی بێت، یا پەیامی دەنگی بێت، هەر شتێک بێت، پەیامێکە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە واجبات، لە فەرمانە گەورەکان، کە

فەرمانی عیمران و ئاوەدانی و دروستکردنی حەضارەت و مەدەنیەت و پێگەیاندنی ئینسان و پێگەیاندنی خۆماندا، بۆ ئەوەیە، بەڵام هەموو پەیامەکان بۆ ڕێگرییە لەوە، بۆیە تەماشا دەکەیت هیچ عیبادەتێک و هیچ پایەیەک لە پایەکانی ئیسلام وەکو رۆژوو ئەو ئیرادەیە لە ئینساندا دروست ناکات.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکی قودسییدا دەگێڕێتەوە کە خوای پەروەردگار فەرموویەتی: (كل حسنة بعشر أمثالها إلى سبعمائة إلا الصيام)، هەموو چاکەیەک دە ئەوەندەیە، تاکو حەوتسەد، بێجگە لە ڕۆژوو، ڕۆژوو پاداشتەکەی ئەندازەی نییە، (فإنه لي وأنا أجزي به)، خودا دەفەرموێت هەر خۆم دەزانم، چونکە بۆ منە بە خاصی، واتە ڕۆژوو سرێکە لە ئەسراری خودا، چونکە ئیخلاص لە ڕۆژوودا دەردەکەوێت.

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: (لكل شيء باب وباب العبادة الصوم)، هەموو شتێک دەرگا و دەروازیەکی هەیە، بەڵام عیبادەت بە مەفهومە عامەکەی، یەک دەرگای هەیە، ئەویش بریتییە لە ڕۆژوو، چونکە عیبادەت بەبێ عونصری ئیرادە نابێ، نوێژ کە دەیکەیت حەرەکاتە، کە زۆر گرنگ نییە، ئەبێ کە نوێژەکەت کرد لە (ما سوى الله " غائب) بێت دەرچی، ئەمەش بە چی دەبێت؟ ئیرادەت بەهێز بێت، خۆت لە وەسوەسە لە ئیغرائات بپارێزیت.

جا بۆچی وایە؟ بۆچی دەبێ دەروازەی هەموو عیبادەتەکان بریتی بێت لە ڕۆژوو؟ بۆچی تەنها خوا خۆی جەزای ڕۆژوو دەداتەوە و ڕۆژوو سنووری بۆ دانەنراوە؟

یەکەم: لەبەرئەوەی دوو خەسڵەت لە ڕۆژوودا هەیە، تایبەتە بە ڕۆژووەوە:

١ـ دەستهەڵگرتن، نەک لە تاوان، دەستهەڵگرتن لە شتی موباح، کە شتێکە بۆت ڕەوایە، نانخواردن، ئاوخواردنەوە، ئەوەی لە ڕۆژووەوان حەرام دەبێ لە کاتی ڕۆژوودا حەرام دەبێ، خۆ لە کاتی غەیری مانگی ڕەمەزاندا بۆت ڕەوایە، تۆ واز لەوانە دێنی، واتە شتێک کە بە ڕەوای دەزانی، بە ئیرادە وازی لێ دێنی، ئەمەش تەنها خوای پەروەردگاری ئاگادارە لەسەری.

٢ـ (قهر لعدو الله)، تەنها بە ڕۆژوو تۆ دەتوانی شەیتان بشکێنی، شکست بە شەیتان بێنی، واتە کاتێک پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) دەفەرموێت: (لە ڕەمەزاندا شەیتانەکان زنجیر دەکرێن) مەبەستی ئەوە نییە مەلائیکەتێک زنجیر دەبەستێ لە شەیتانەکان و ئیتر شەیتانەکان ناتوانن بجوڵێن، نا، کە ئەبینێ خەڵک هەر خەریکی ڕۆژووە و خەریکی عیبادەتی ڕۆژووە، شەیتانەکان هەست دەکەن شکستیان هێناوە و شکستیان خواردووە، قەهرەکە یا شکستی شەیتان، بەوە نییە کە لە زاهیری حەدیسەکە وەردەگیرێت، کە دەست و پێیان دەبەسترێ و چوارپەلیان دەبەسترێ، ئەسڵەن لەو مانگەدا شەیتان ڕەنگە لە هەموو کات فەعالتر بێت، بەڵام لەو ڕۆژەدا کە موسڵمان دەبینێ کە ئیماندارە و دەیبینێ، تەنانەت یەک ئیمانداریش بێ، دەیبینێ بە ڕۆژووە، ئەو ئیخلاصەی بۆ حاصڵ بووە، حەقیقەتەن هەست بە قەهر و شکست دەکات، تەبعەن شەیتان بە چی دەشکێ لە ئینساندا، کە ئینسان وازی لە شەهەوات و ئارەزوو هێنا، وازی لە ئارەزوو هێنا، بەوە شکست دێنێ، بەڵام یەک ڕێگا هەیە بۆ ئەوەی کە ئینسان واز لە ئارەزوو بهێنێ و ئارەزووی سەرکوت بکات، بە برسێتی، چونکە ئینسان کە برسی بوو، بیر لە زۆر شت ناکاتەوە، بیر لە خۆتێرکردن دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەردەوام برسی بوو، ئەوە شەهوەتەکانی تری هەمووی شکست پێ دەهێنێ.

لەبەرئەوە پێغەمـــبەر (دروودی خـــوای لەســـەر) دەفەرموێـــت: (إن الشيطان يجري من ابن آدم مجرى الدم)، وەکو چۆن خوێن بە جیسمی ئینساندا دەگەڕێ، وەسوەسەی شەیتانیش بە جیسمی ئینساندا دەگەڕێ، دەفەرموێ: (فضيق مجاري الشيطان بالجوع)، کەواتە لێرەدا لە ئەدەبیاتی عیرفانی ئێمەدا، لە ئـەدەبیاتی عیرفـانی عالەمدا، نەک ئیسلامیشـدا، تێریی خەسڵەتێکی باش نییە، زۆر خـواردن و تێریی، واتە ئینسـان بە برسـێتی بە بێدەنگی و بە کەم خەوی، دەتوانێ پلەکانی عیرفان ببڕێ، ئەوانەی کە زۆر دەخەون، کە زۆر قســـە دەکەن، دوورتـــرین کەســـن لە مەراتیبـــی عیرفانی.

تەبعەن دەرەجـاتی ڕۆژوو، کە لێرەدا ئیمـامی غەزالی زۆر بە جـوانی باســی دەکـات، دەڵــێ ســێ پـلەی هەیە، نزمترینیـان ئەوەیە تـۆ مـانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بیت، وەسەتەکەیان ئەوەیە کە سوننەتەکانیش بگری، بەڵام بەرزترینیـان ئەوەیە وەک حەزرەتـی داوود بە ڕۆژوو بـی، ڕۆژێ بە ڕۆژوو بـی و ڕۆژێ بیشـکێنی، ئەبـێ ئەگەر یەکێـک هەتـا هەتـایە بە ڕۆژوو بـێ شـتی وا دەبـێ؟ نەخێـر، ئەگەر هەر ئینســانێک بەردەوام بە ڕۆژوو بـــێ، هەمـــوو ڕۆژ بە ڕۆژوو بـــێ، ئەوە عـــادەت دەکـــات بە ڕۆژووەوە، واتە ئەو کـاریگەرییەی نـابێ وەک ئەو کەســەی کە ڕۆژ نـا ڕۆژێک بە ڕۆژوو دەبێ، چونکە دەبێ بە عـادەت، تەرک کردنـی خـواردن دەبـێ بە عــادەت بـۆی، بـۆیە کـابرای هیندۆسـی ئەوانەی کە یۆگـان، ئەوانەی ئەو ریاضە قورسانە دەکەن، پلەی عیرفانیان بۆ دروست نـابێ، ئـازایەتی نییە بۆیـان کە هـیچ نـاخۆن، چـونکە برسـێتی لێیـان دەبـێ بە عادەت، نابێ برسێتی ببێ بە عـادەت، دەبێ برسـێتی ببێ بە حاڵەتێک لە تۆ، مقاوەمەی بکەی.

ئەی دەرەجـاتی ڕۆژوو چـۆنە؟ کە دەڵـێم پەروەردەی ئینسـانی پـێ دەکـرێ، بەڵام هەمـوو پەروەردەکردنێک بە لای، تەنـانەت قوتابخـانە، لە جامعا، لەو شوێنانەدا، هەموو خوێندنێک هەموو دەوراتێک، (٣) جۆرە:

دەوراتێـک هەیە سـەرەتایی، دەوراتێـک هەیە ناوەڕاسـت، دەوراتێـک هەیە کۆتـاییە، لە ڕۆژووشـدا بەهەمانشـێوە، یەکەمینیـان ئەوەیە کـابرا خۆی لەو شتانە دەپارێزێ کە ڕۆژووی پێ دەشکێنرێ، ئەمە مەدرەسـە ئیبتیدائیەکەیە، عامەی خەڵک بەو شێوەیە، خۆیان دەپارێزن لە خواردن و خواردنەوە و لە شەهەوات، بەڵام ڕەنگە لە هەندێ شتی مەکروە خۆی نەپارێزی، مـومکینە تـوڕە بێ لە خەڵـک، مـومکینە جنێو بدات بە خەڵک، تەنانەت غەیبەتی بکات، بەڵام ئەمە ڕۆژووی عەوامە، وەکو چۆن دەڵێی مەدرەسەی ئیبتیدائیە، ناتوانی بڵێی کاکە مـادەم تۆ درۆ دەکەیت، تـووڕە دەبی، نابێ بە ڕۆژوو بی، نا، با بیگرێ، هەیە هیچ نازانێ، نابێ پێی بڵێی تا نەبی بە موهەندیس نابێ هەر بخوێنی، مادەم تۆ نـابی بە تەبیب نـابێ هەر بخـوێنی، نـا، تـۆ نـابی بە فەیلەسـوف نـابێ بخـوێنی، نـا، پێـی دەڵێی بخوێنە بەلایەنی کەمەوە بزانە بنووسە و بخوێنەرەوە، مەرحەلەی یەکەم لە مەدرەسەی ڕۆژوو بریتییە لە خۆپاراستن لە موفتیرات.

مەرحەلەی دووەم ئەوەیە کە لە ئەخلاقیشـدا ڕەنـگ بـداتەوە، زمانـت غەیبەتـی پـێ نەکەیـت، چـاوت نەزەری پـێ نەکەیـت، بەهەمـان شـێوە مەرحەلەی بەرز، دیراسـاتی عولیـا، دیراسـاتی بەرز لە ڕۆژووگرتنـدا بـریتییە لەوەی دڵـت لە فیکـر و وەسوەسـەی غەڵەت بپـارێزی، بە تەنهـا خەریکی زیکری خـوای پەروەردگـار بێت، بەڵام تەکمیلاتـی ڕۆژوو لەم مەدرەسـەدا ئەمە زۆر گـرنگە، ئەڵـێ دەبـێ بیـر لەوە بکەیـتەوە، ئەو خـواردنەش کە ڕۆژووەکەی پێدەشـکێنی حەڵاڵـی طەیـب بێـت، حەڵاڵـی طەیب و هیچ جۆرە شوبهە و گومانێکی لەسەر نەبێ و زیادەڕەوی تێدا نەبێ و باعیسـی ئەوە نەبـێ لە زیکـر و شـوکر غافڵـت بکـات، ئەمە زۆر

گرنگە، دووەم: خواردنەکەش ئەگەر حەڵاڵ و پاک و طەیب بوو، ئەوەندە نەخۆی کە وات لێبکات خەو زاڵ بێت بەسەرتدا، واتە پڕخۆرییەکی وانەکەیت کە بەرەکەتی ئەو ڕەمەزانەت لەکیس بچێ، تەبعەن حیکمەتی ڕەمەزان ئەوەیە تۆ خواردن کەم بکەیتەوە، واتە لێکی دەدەیتەوە، تۆ خواردنی ژەمێک، لە هەندێ وڵات (٥) ژەم نان دەخۆن، هەر موسڵمانیشن، یەکێک لەو دەوڵەتە خلیجیانە، کە چوون بۆ کاسی عالەم گیریان خواردبوو بەدەستیانەوە، یاریچییەکانیان (٥) ژەم نان دەخۆن، بەڵام وڵاتی وا هەیە ئیسلامی، هەر پێی نەگەیشتووە، خەڵکەکە وا پەرورەدە بووە و کراوە، کە کەم بخۆن بە ئەندازەی پێویست بخۆن، شێخی سەعدی لە گوڵستاندا حیکایەتێک دەگێڕێتەوە دەڵێ: پزیشکێکی ئێرانی کە بازان ناردبووی - بازان کە ئەمیرێکی ئێرانی بوو -، پاشای ئێران داوای لێکرد کە بچێ محەمەدی بەدەست بەستراوی بۆ بهێنێ، بەڵام کابرا هەندێ موعجیزەی بە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەر) بینی، خۆی ئیمانی هێنا و موسڵمان بوو، بۆ ئیسپاتی ئیسلامەتی خۆی پزیشکێکی نارد بۆ مەدینە، ئەم پزیشکە چەند مانگێک لە مەدینە مایەوە، یەک کەس موراجەعەی پێنەکرد بۆ نەخۆشی، چووە خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) وتی یا رسول الله (درودی خوای لەسەر)، من چەندێکە لێرەم یەک کەس نەهاتووە، نەخۆشێک نەهاتووەتە عەیادەکەم، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) فەرمووی: ئێمە لەسەر ئەوە پەروەردە بووین، تا برسیمان نەبێ نان نەخۆین، پێش تێرخواردنیش دەست هەڵبگرین، پزیشکەکە وتی (أصبت) حەقیقەتەکەت پێکاوە، ئەمە سرڕی صیحەت و تەندروستییە لە ئینساندا.

کەواتە ڕەمەزان کە تۆ خۆت دەپارێزی و ئیرادەت بەهێز دەکەیت، لەبەرئەوەی ئیدارەت بەهێزبێت، نابێ ئەو خواردنە حەڵاڵەش کە هەتە ئەوەندە زیادەڕۆیی تێدا بکەیت کە حیکمەتی ڕۆژوو پووچەڵ ببێتەوە،

چونکە دەڵێت لە مانگی ڕەمەزاندا فرسەتێکە بۆ صیام و قیام بۆ تەهەجود و بۆ نوێژی زۆر و زیکری زۆر و ئیرادەش لەگەڵیدا بەهێز دەبێ.

کەواتە ئەگەر قسەکانم کۆبکەمەوە لە چەند وشەیەکدا، مانگی ڕەمەزان مانگێکی گەورەیە، لەبەرئەوە مانگی قورئانە و فرسەتێکە بۆ دیراسەی قورئان، مانگێکە بۆ ئیستیزکار و وەبیرهێنانەوەی شانازییەکانی تەئریخ، شانازییەکانی ئیسلام، تەئریخی پێغەمبەران، چونکە هەموو پێغەمبەران ڕۆژوویان هەبووە، صیامیان هەبووە، قیامیان هەبووە، بەڵام هەریەک بە تەریقەیەک، بەڵام ئەوجی ئەم تەریقەتە لە ئیسلامدایە، لە شەریعەتی پێغەمبەردایە (دروودی خوای لەسەر)، بەو شێوەیەی کە بۆی دیاریی کردووین، کە چۆن بە ڕۆژوو بین و چۆن بە سێ قۆناغدا تێپەڕی بۆ ئەوەی فائیدە و غایە و حیکمەتی حەقیقی ئەم ڕۆرژووە بەدەست بهێنین، (سێ مەرحەلە):

یەکەم: لەپێشدا خۆمان لە موفتیرات بپارێزین.

دووەم: لە ئەخلاقماندا رەنگ بداتەوە (فإن سابه أحد فليقل إني صائم)، ئەگەر کەسێک جنێوی پێدایت، هەر بڵێ من بەڕۆژووم، بە ڕۆژووم، واتە لە قسەی خراپیش خۆم دوور دەخەمەوە.

سێیەم: ئەوەیە لە غەیری خوا غافڵ بیت، تەنها بە خوداوە مەشغوڵ بیت، زمانت پاراو بێ بە زیکری خوا، لە پەنای ئەمانەشدا مەجموعەیەک فەوائیدی ئیجتیماعی لە ڕەمەزاندا بەرچاو دەکەوێ، ئینسان لە رەمەزاندا زیاتر بیری فەقیر و هەژاری هەیە، زیاتر ئامشۆی دۆست و برادەر و خزم و کەسوکاری خۆی دەکات، زیاتر تەفاعول دەکات لەگەڵ کۆمەڵگادا و زیاتر هەست بە بەرەکەت و نیعمەتی ئەم ئایینە پیرۆزە دەکات، کە ئاینێک دە بەرگری هەموو خێر و بەرەکەتی ئایینەکانی ترە، سلبیاتی هیچ تێدا نییە، واتە من نازانم لە ئیسلامدا چ سلبیاتێک هەیە کە خەڵکی لێی کەوتوونەتە دەنگ، لێی کەوتوونەتە تەقە.

خوایە ئەوانەی کە بێ باوەڕن
هیچیان نەدیوە وا هەڵدەوەڕن
ئەگینا سەیری باخێکی گوڵ کەن
تەماشایەکی بە عەقڵ و دڵ کەن
ئەو ڕەنگە جوانەی پەرەی هەر جایی
بە زەرەبینی تیشکی بینایی
لێی وردبینەوە کە ئەو سەنعەتە
کێ دەڵێ زادەی خۆی تەبیعەتە

لە ڕەمەزانـدا دەگەیـن بە خـودا و خوداناسـیی، بە خواپەرسـتی، بە زیکری خوا، زمانمان پاراو دەبێ، بە یادی شانازییەکانی و بە محەمەدی پێغەمبەر (دروودی خـوای لەسـەر)، ئەم مـانگە مـانگی قورئـانە، فێرگەی قورئـانە، شـوێنی پەروەردەکردنـی ئینسـانە، هـیچ پەروەردەیەکیش بەبێ بەهێزکردنـی عونصـوری ئیـرادە، کە ئێسـتا زەعیفتـرین لایەنـی تـاک و کۆمەڵگە و خێزانی موسڵمان بریتییە لە زوعفی ئیرادە کە تێماندایە، بەڵام ئینسان ئیرادەی بەهێز بوو، دەتوانێ زۆر شت بکات، (ئیقبـاڵ لاهـوری) دەڵێ: موسڵمانێک کە ڕەمزی دینەکەی خۆی بزانـێ سـەری ناخـاتە سـەر خاک بۆ هیچ مەعبوودێک، بێجگە لە خودای پەروەردگار.

لە خوای پەروەردگـار داواکـارم توانیبێتمـان لەم شـەوە ئیمـانی و لەم شەوە نوورانی و عیرفانییەدا بەشدارییەکمان کردبێ و ئێوەی بەڕێزیش شاد و سەرکەوتوو بن. خوای پەروەردگار عیبـادات و تاعـات لە هەمـوو لایەک قبوڵ بکات و شەوەکانی تریش بە هەمان شێوە بە بڕشـتی زیـاتر و بە بڕیاری بەهێزترەوە بەردەوام بێت.

**و آخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين.**

**والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته.**

# تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی

مەبەست لە تێرمی شیعری کلاسیکی کوردیی ڕوون و ئاشکرایە، کە دیارە هەموو ئەو بەرهەمە شیعرییە نووسراوانە دەگرێتەوە، کە بە زارە جیاوازەکانی کرمانجی سەروو، خواروو، هەورامیی و گۆرانی و تەنانەت لوڕیی و کەلهوڕیی لە سەدەکانی ١١ ی زایین تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم تۆمارکراون. لە کرمانجی سەروو بە پلەی یەکەم مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و پرتەوی هەکاریی و مەلای باتەیی دەگرێتەوە.

لە کرمانجی خواروو، لە مەولانا خالید و نالی و سالم و کوردی و مەحوییەوە تا دەگاتە قانیع و مەلا حەسەنی شاهۆ و هێمن و هەژار و حەقیقی و هێدی.

لە هەورامیدا لە خانای قوبادیی و بیسارانی و مەولەوی و مەلای جەباریی و حەیرانی سنەییەوە تا دەگاتە هەموو هۆنەرانی ئەو زارە.

چوارینەکانی بابەتاهیر و بەیتەکانی کتێبی سەرەنجامیش بە هەمان شێوە بەشێکن لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیمان.

شیعری کوردیی لە مێژووی خۆیدا بە چەندین قۆناغدا تێپەڕی کردووە و لە هەر قۆناغێکدا سیما و خەسڵەتی تایبەتی هەبووە. لە ڕووی ناوەڕۆک و بابەتەوە وابەستە بووە بە ژیان و ژیاری خەڵک و کەلتوور و جیهانبینیی ئەوانەوە.

لە ڕووی فۆڕمی داڕشتنەوە پەیڕەویی کردن لە کێشی عەرووزی عەرەبی، بەڵام بە کارلێکی فارسی و مۆدیلە باوەکانی (قەسیدە) و (غەزەل) و (مەسنەویی) و (چوارینە) و (دووبەیتی) و (تەرکیب بەند) و (تەرجیع بەند) و (پارچە) و (فەرد) و ئەو جوانکارییانەی لە زانستی (بەدیع)دا لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستاندا خوێندراون، وەکو

(تێهەڵکێشکردنی) کوردی و عەرەبی، کوردی و فارسی، هەروەها پێشوازیکردن لە چامە شیعرییەکانی شاعیرانی ناوداری پێشوو.
تێگەیشتن لە شیعری کلاسیک بەبێ تێگەیشتن لە کەسێتی شاعیری کلاسیک، کارێکی نامومکینە و ڕێکناکەوێ. ئەو خاوەنی دنیابینیی تایبەت و فەلسەفە و زانیاریی سەردەمەکەی و ڕەهەندە ڕووحانی و عیرفانییەکەیەتی، خاوەنی پەیام و ئەزموونی خۆیەتی. ئەو کەسێکە ئاگادار لە بەرهەمی شاعیرانی پێشین و کلیلەکانی شیعر و کۆدەکانی ڕاڤە و لێکدانەوەی شیعری لەدەستدایە. پەیام و ئەزموونی ئەو بەپێی قۆناغ و هۆشیارییەکەی دەگۆڕێت. شاعیری کلاسیک هەوڵی داوە خاوەنی دیوان بێت، بۆ نموونە نالی لە بەیتێکدا دەڵێت:

**فارس و کورد و عەرەب هەر سێم بە دەفتەر گرتووە**
**نالی ئەمڕۆ خاوەنی سێ موڵکە (دیوان)ی هەیە**

واتە بە زمانە باوەکانی سەردەم و بە زۆربەی بەحرە عەرووزییەکان و زۆرترین سەروا (قافیە) قورسەکان شیعری نووسیوە. ئەم فرەییە لە فۆرم و دارشتندا بە تەواویی و بە وەستاییەکی زۆرەوە لای نالی و مەحویی بە جوانی بەرچاو دەکەوێت. لەناو شاعیرانی کلاسیکدا سالم دەستێکی باڵای هەبووە لە نووسینی قەسیدەی درێژدا، دوای ئەو نالی، کە دوو قەسیدەی وتووە، یەکێک بۆ پیاهەڵدانی پێغەمبەر و دووەمیان بۆ سالم.

**قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور**
**وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور**

پاشان مەحویی دێت، کە قەسیدەی بەحری نووری نووسی و تیایدا هونەرەکانی شیعریی بە جوانترین شێوە نمایش کردووە.
لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، شیعری کلاسیکی کوردیی وابەستەیە بە جیهانی ئایدیاڵ و مانا، واتە دەڕواتە ناخی مرۆڤەکان و لەوێوە دنیای

بەرجەستە وێنا دەکات. بابەتەکانی بریتین لە خۆشەویستیی و سۆز و تاسە دەربرین بۆ ڕابردوو، بۆ دیداری یار و دیار، باسی ڕۆحی نائارام و ئەویندار دەکات. باسی خودا و پێغەمبەر و ئالوبەیت و یاران دەکات، لەم ڕووەوە بەپێی قۆناغەکانی گەشەسەندن، بابەتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

شیعری هیچ شاعیرێکی کلاسیک، بەدوور نییە لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردیی، لەو سەردەمانەدا کە ژیانی کوردەواریی وابەستە بووە بە دوو دەوڵەتی زلهێزی ناوچەیی (ئێران و عوسمانیی)، شیعری کوردیی، کەوتووەتە بەر کارلێکردنی شیعری فارسی (کە لەو سەردەمەدا کاریگەریی بەسەر ئەدەبیاتی عوسمانیشەوە هەبووە).

مەبەستە شیعرییەکان، هەمان مەبەست و ڕەوتی بابەت و هزریی خەڵکەکەش بەتەواویی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە.

تەسەووف زۆرترین ڕووبەری لە مەبەست و ناوەرۆکی سەرەتاکانی شیعری کلاسیکی (بابان و سۆران و بادینان)دا داگیر کردووە، چونکە شاعیرەکانمان بەزۆری لە حوجرەی مزگەوتەکان خوێندوویانە و بە زانست و کەلتووری عەرەبی و فارسی و تورکی ئاشنابوون. ئاسۆی بیری شاعیرەکان لە فەنتازیای تەسەووفدا جووڵاوە و بە ئاوو هەوای تەسەوفێکی سوننیانەی (نەقشبەندی و قادریی) هەناسەیداوە.

مەولانا خالید یەکێکە لە شۆڕەسوارەکانی شیعری کلاسیکیمان کە خوێندنەکەی بە تەواویی لەلای زانا کوردەکان بووە، دواتر چووەتە هیندستان و دەستی بەیعەتی تەریقەتی داوە بە شا غولام عەلی دیهلەوی (١١٥٨-١٢٤٠ ک) و پاشان گەڕاوەتەوە کوردستان و لە سلێمانی جێگیر بووە. وەک لە دەقە شیعرییەکان دەردەکەوێت مەولانا پێشەنگی شاعیرانی دوای خۆی بووە لە فۆڕم و لە ناوەرۆکی شیعردا، کاریگەریی

ئەو بەسەر نالی و فائیق و مەحوییەوە زۆر بە جوانیی دەردەکەوێت. لە ڕێـی شـێخی سـیراجوودینی تەوێڵەشـەوە، کـاری لەسـەر مەولەویـی تاوەگۆزی داناوە. هەر چەند مەولەویی زۆربەی شیعرە لیریکییەکانی بە دیـالێکتی هەورامیـی نووسـیوە، بەڵام پەیوەسـتبوونی بە تەریقەتـی نەقشـبەندیی، هۆکارێـک بـووە بـۆ ئاڕاسـتەکردنی ئەدەبەکەی بە هەمـان شێوە و تەرزی ئەدەبی تەسەووفی مەولانا.

بەدەرکەوتنی نالی و سالم و کوردیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، ڕەوتی شـیعریی بابـان و سـۆران و موکریـان، پێـی نـایە قۆنـاغێکی نوێـوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە، ئەو ڕەوتە شـیعرییە بـووە سەرمەشـق و بەیاز و کەشکۆڵە میللییەکان، کە مەلا و فەقێ و خوێندەوار و میرزاکانی ئەو سـەردەمە نووسـیویانە، بەڵـگەن لەسـەر ئەوەی ئەدەبیـاتی کـوردی کلاسیکی ڕێگـای خـۆی دۆزیـوەتەوە و بیـر و هـزری کـوردیی خـەریکی شکڵگرتنە.

قۆنـاغی بەخۆداهـاتنەوەی شـیعر، ئەو سـاتەوەختە دەسـتپێدەکات کە تورکەکان کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆماڵیی بابانەکان دەهێنن، لە ئەنجامـدا نـالیی کوردسـتان جێـدەهێڵێت و لە دوورەوە چـامە بەناوبـانگەکەی بـۆ سـالمی شـاعیر و دۆسـت و هـاوبیری دەنێرێـت و ئەویـش وەڵامـی دەداتەوە. وەک ناوەڕۆک لە شیعری کلاسیکیدا زۆر بابەتی سـەرەکییمان هەیە، کە پێکەوە بنیاتی شیعر و پرسی شیعر دروست دەکەن، لەوانە:

گەڕانـی مرۆڤـ بەدوای مەحبووبێـک، کە دڵـی خـۆی پێـوە ببەسـتێت و بیکـاتە ڕووگەی دڵ و گیـانی. ئەم مەحبـووبە هەنـدێکجار خـودایە و هەنـدێکجار وڵاتە و هەنـدێکجار گەلە و هەنـدێکجاریش خۆشەویسـتێکی مەجـازییە. لە خەیاڵـدانی هەر کوردێکدا هەمـوو ئەمـانە بوونیـان هەیە و دەشـکرێ لەیەک کاتـدا بە ئیعتیبـاری جیـاواز، هەموویـان ببـنە یەک

گەوهەری گشتگیر و هەر خوێنەرێک بەپێی ئاستی مەعریفیی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات.

سەرنجدان لە دەورووبەر و بینینی تابلۆ ناوازەکانی سروشت، کەرەستەیەکی زیندوو بووە بۆ شاعیری کورد، بۆ مامەڵە لەگەڵ بەهرەی شاعیرێتی و سەرەنجام چەمکە لاهووتییەکانی تێکەڵی دنیای تەبیعەت کردووە و هەماهەنگیی تەواویی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا دۆزیوەتەوە و ئەمیش بە وشە ئاراییەکی جوان هۆنیویەتەوە، لەمبارەوە شیعرەکانی مەولەوی و بێسارانی و سەیدی و خانای قوبادیی جوانترین نموونەن. فێرکردنی تاک و کۆمەڵ و ئاشناکردنیان بە بنەماکانی ئایین و ژیان و ئادابی کۆمەڵایەتیی، چەند پرسێکی گرنگی دیکەی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردین، وەک لە پەندەکانی پیرەمێرد و چوارینەکانی بابەتاهیر و فەقێ تەیران و مەنزومە شیعریەکانی شێخ مارفی نۆدێ و ئەحمەدی خانیی بەرچاو دەکەون.

چیرۆکی شیعریی وەک لە شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی و مەموزینی خانیی و شێخی سەنعانی فەقێ تەیراندا بەرجەستە دەبێ، ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێ کە شاعیران ویستوویانە لە ڕێگای هۆنراوەوە بڕۆنە ناو خەڵک و فێری مەبەست و ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤدۆستی و نیشتیمانپەروەری و سیفەتە بەرزەکانی ڕاستگۆیی و وەفا و بەرزڕاگرتنی هونەر و ئازایەتی و جوامێرییان بکەن.

شیعری کلاسیکی کوردیی بەبێ شارەزایی لە زنجیرە باس و خواس و زانستێکی ئەدەبی و زمانەوانی و ڕەوانبێژیی نازانرێت، چونکە لێوانلێوە لە زاراوە و وشە و تەرکیباتی ئاڵۆز، واتە هەر بەیتێکی بۆخۆی هاوکێشەیەکی مانایی و وشەئاراییەکی زۆری تێدایە، بۆ نموونە ئەم دێڕە شیعرەی مەلا عیسامەدینی شەفیعی بۆکانی:

**له سوغرای ئەو دەمە و کوبرایی چاوت مەتڵەبێکم بوو**
**بەسەد دەور و تەسەلسول هاتە پێش زوڵفی پەرێشانت**

کە چەنـد زاراوەیەکـی زانسـتی لـۆجیکی تێـدا بە شـێوەی ئیهـام جێکـردووەتەوە، مەبەسـتم (سـوغرا و کـوبرا و مەتـڵەب و دەور و تەسەلسول) ە.

ئەم شـیعرە شـیعرێکی پـڕ لە سـەنعەتکاریی وشـە و دەربـڕینە، کە درێژکراوەی شیعری شاعیرە بەرزەکانی سەردەمی خۆیانە لە عەرەب و فارس بە پلەی یەکەم، هەندێکجار گۆی هونەرییان لەوانیش بردۆتەوە. لە هەنگاوەکـانی ڕیفـۆرمی سیاسـیی و کۆمەڵایەتیشـدا، نمـوونەی حـاجی قادری کۆییمان هەیە، کە ویستوویەتی بە شیعرەکانی پەیامی نوێگەری و چاکسازی بدات بە گـوێی گەلەکەیدا و تێیانبگەیەنێت چۆن پێ بنێنە دنیای تـازەوە، پێدەچێت حـاجی قـادر جێنشـینی نـالی و مەولانـا بووبێت لەم مەبەستەدا. دوای حاجی قادر مەلای گەورە و حەمدیی ساحێبقەران و زێوەر و بێکەس و ئەحمەد موختار باشترین نموونەی پەیامی شیعری کلاسـیکین. ڕەنـگە باشـترین و بەرزتـرین نمـوونەی شـیعری کلاسـیکی دەڤەری سـلێمانی لە دوای جەنگـی جیهـانی دووەم، مەلا مەحمـوودی مـوفتی بێخـود و شـیخ بابەڕەسـوولی بێدەنـی مـوتەخەلیس بە (بابـا) و قانیع بن.

دواییەکـانی شـیعری کلاسـیکی کـوردی لە دەڤەری موکریـان دەرکەوتـن، کە شـیعرەکانیان لە ڕووی زمـانەوە زۆر دەوڵەمەنـد و لە ڕووی بیر و هزرەوە دەچنە خانەی ئەدەبیاتی میللی و بەرەنگارییەوە، وەک لە شـیعرەکانی هەژار و هـێمن و حەقیقـی و خـاڵەمین و سـەید کامیلی ئیمـامی (ئـاوات) و دواهەمینیـان خالید حیسامی (هێدی) بەرچاو دەکەوێت.

به کورتی دەتوانین بڵێین:

شـیعری کلاسـیکی کـوردیی لە هەمـوو قۆناغەکـانی مێژووەکەیـدا، فـاکتەرێکی گەورەی هۆشـیاری کـۆمەڵایەتی بـووە، ڕەگەز و تـوخمێکی سـەرەکی شووناسـی نەتەوەیـی کوردسـتان بـووە، چـونکە دەرگـای کردووەتەوە بۆ خوێندەواری کورد، کە کوردانە بیر بکاتەوە و شیعر بکاتە ئـامراز بـۆ داکـۆکی کـردن لە مـاف و داوا و ویسـتە ڕەواکـانی و لەهەمـان کاتـدا پەنجەرەکـانی بیـر و هەسـتی ئـاوەڵا بکـات بـۆ بەرهەمە ئەدەبـی و فەرهەنگییەکـانی گەلانـی دەورووبەر و وردەکـارانە لەوانـیش وەربگرێ و پەرەیان پێبدات.

کێشەی ئێستای لێکۆڵینەوە لە شیعری کلاسیکی کوردیی لە ناوەندە زانستیی و ئەدەبییەکاندا، بریتییە لە نەبوونی کەرەستەی پێویستی ئەو بوارە، کەرەستەکانی زمان و فەرهەنگ و میتۆدی زانستی، وێڕای بوونی گرووپـی پسـپۆڕ و هاوکـار بـۆ سـاغکردنەوەی زۆر لەو دەسـتنووس و بەیـازانەی هێشـتا دانسـقە و دەگمەنـن لە پایتەختەکـانی دەوروبەری کوردستان.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


١. مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەدین سەججادی، چاپی یەکەم، ١٩٥٢، بەغدا.

٢. یادی مەردان، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەرگی یەکەم و دووەم چاپی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٩.

٣. تاریخ مشاهیر کرد، بابامردوخ روحانی، انتشارات سروش ایران، ١٣٦٤.

# عیرفان و عاریف

عیرفـان ڕێبـاز و میتـۆدێکه بـۆ ناسـین و مـامەڵەکردن لەگەڵ خـودا، بەپشتبەســتن به ڕیــازەت و خۆپــاککردنەوه له نەخۆشــییەکانی دڵ و ڕامکردنی نەفس به خۆگرتنەوه له ئارەزووبازیی و ویسته دنیاییەکان و ڕووکردنه ئاخیرەت، عاریفیش ئەو کەسەیه که بڕوای بەم ڕێبازه هەیه و به کردەوه بووەته ڕێبوار تیایدا.

**عیرفان چەمکێکی گەردوونیی گشتگیره:**

له ڕووی تیۆرییەوه هەموو ئاینێک گرنگییداوه به ڕەهەندی ڕووح و پەروەردەکردنی گیان لەسەر خواویستی و مەعنەوییات، هەر بۆیه قسه له عیرفانی یەهوودی و مەسیحیش دەکرێت، بەڵام له ڕووی کردەییەوه من بڕوام وایه تەنها عیرفانی ئیسلامیی ڕاستەقینەیه، چونکه عیرفانی ئـایین و کەلتوورەکـانی تـری وەرگرتـووه و پـاڵفتەی کـردوون و له ئەنجامدا کردوویەتی به ڕێبازێکی گەیەنەر بەخودا.

ڕێگاکانی عیرفان و توانستی عاریفبوون:

له توانـای هەمـوو مرۆڤێکـدا هەیه ببێـت به عـاریف، چـونکه خـوای گەوره دادگەر و حەکیمه و بۆ هەر ئامانجێکی بەرز ڕێکاری گونجاو و ڕاستی داناوه، ڕێگا و ڕێکارەکەشی به کورتی بریتییه له بڕوایەکی پتەو به بنەماکانی ئیسلام و جیبەجیکردنی فەرمانەکانی قورئان و سوننەت و خۆپاراستن له نەخۆشییه نەفسیەکانی کیبر و حەسادەت و غروور و لەخۆبایی بوون، پاشان ڕەچاوکردنی دڵسۆزیی له کاروباری ڕۆژانەدا، هەمـوو ئەمـانەش له ژێـر ڕۆشـنایی و ڕێنمـایی پیرێکـی مورشـید و خواناسی کامڵدا.

## کاری عیرفان:

عیرفـان وەک وتمـان مەنهەجـێکە بـۆ گەیشـتن بە ڕەزامەنـدیی خـودا بەپێی ئوسوڵ و ڕێکاری کردەیی و بڕوایی، ئامـانجەکە شـتێک نییە جگە لە خــودا، بــاقی شــتەکانی تــر بەرهەم و ئەنجــامی ئەم ئامــانجەن، لە ئەنجامی گەیشـتن بە خـودا، مرۆڤی خودایی و ڕەببانی پەیدا دەبێت کە جگە لە خوا لە نەزەر و لە نیازیدا نییە، هەرکارێک دەکات بۆ خـودایە و هەرچی دەڵێت دەبێتە ئیرادە و ویستی خودا.

## پێویستیی عیرفان لەمڕۆدا:

لە هەمــوو ســەردەمێکدا مــرۆڤ پێویســتی بە عیرفــانی تیــۆریی و کردەیـی هەیە، بـۆ پاراسـتنی لە لێشـاوی مـاددیگەری و دنیـاگەرایی و بتپەرسـتی و خۆپەرسـتی، مـرۆڤ لە هەمـوو سـەردەمێکدا پێویسـتی بە ئــارامش و ئاســوودەیی هەیە، ئاســوودەیی ڕاســتەقینەش وا لەوەدا کە مـرۆڤ پەیوەسـت بێت بە خـوداوە، کە ئەمەش تەنهـا بە عیرفـان حاسـڵ دەبێـت. ئەدیبـان و شـاعیران و مەلایـانی کـورد لە سـاڵانی ڕابـردوودا خـاوەنی هەسـتێکی عیرفـانیی بـوون، ئێسـتایش لە نـاو مەلایـانی کـورددا پاشـماوەی ئەم چەشـە عیرفـانیی و هەسـت بە نـزیکییە لە عورەفـا هەر مــاوە، بەڵام دیــارە بە ڕێژەیەکــی کەمتــر، هۆکــارەکەش بە کــورتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی، گرنگترینیان ئەمانەن:

هەژموونی بێ بڕوایی و دەسەڵاتی دژ بە ئیسلامی وڵاتـانی نـاوچەکە دوای داڕووخـانی خیلافەتـی عوسـمانی و هـاتنی ئینپریـالیزم، بە هەمـوو فێــرگە و دەســتکەوتەکانیەوە. بڵاوبــوونەوەی هــزری خۆرئــاوایی بە هەردوو بــاڵە لیبــراڵ و چەپەکەی کە کەوتــنە دژایەتــی هەمــوو ڕەسەنایەتییەکی ئیسلامی.

لادانــی زۆرێـک لەوانەی بەنـاو نـوێنەری مەدرەســەی عیرفـانین، لە بنەماکـــانی ئەم مەدرەســـەیە و رووکردنیـــان لە دنیـــای بێـــدینان و وازهێنانیـان لە ســەیر و سـلووک و ئەدەبیـاتی عیرفـانی. سەرکێشـی و زاڵبوون و زلبوونی تەوژمـی بەنـاو سـەلەفیەت، کە ئەدەبیات و توراسـی عیرفانییـان بە زیـادە و هـاوردەکراو لەقەڵەم دەدا. نەهێشـتنی قوتابخـانە ئـــایینیی و حوجرەکـــانی کوردســـتان و دەســـتکاری پرۆگرامـــی ئەو قوتابخانانە بەبێ ڕەچاوکردنی چەشە عیرفانییەکەی غەزالی و قوشەیری و زانا گەورەکانی بواری تەسەوف.

## عیرفانی ئیسلامیی و پلۆرالیزمی ئایینی:

عیرفـانی ڕاســتەقینە بـوارێکی فـراوانە بـۆ چەسـپاندنی فرەیـی و پلـۆرالیزم، چـونکە لە عیرفانـدا هەمـوو مرۆڤەکـان بەرەو یەک ئامـانجی گشتی و ڕەهـا دەبزوون، کە ئەویش خـودا خۆیەتی، لە سایەی نووری خــودا هەمووبـــان بەیەک دەگەن. عاریفـــان لێوانلێـــون لە مەحەبـــبەت و مەعریفەت، بۆیە کاتیان نییە بۆ ڕق و کینە و خۆخڵافاندن. عیبـارەتێکی مەشــهوور هەیە لای عاریفــان کە ڕێگاکــانی چـوون بـۆ لای خــودا، بە ئەنــدازەی هەناســەی مەخلووقــات فرەچەشــن و زۆر و زەبەنــدن. لە عیرفاندا باسی مالیک و شـافیعی و ئەحمەد نـاکەن، هەمـوو باسـێک هەر باسی خودایە.

## حیزبە ئیسلامییەکان و بانگخوازەکان و بواری عیرفان:

کاری حیزبی ئیسلامیی بەپلەی یەکەم کارێکی سیاسییە، سیاسـەتیش واتە تێکەڵاوبـــوون لەگەڵ دنیـــا و دەرهاویشـــتەکانی، کە ئەمە لەگەڵ فەلسەفەی عیرفان و ئەرکی عـاریف تەبـا نییە، عـاریف سیاسـەت ناکاتە پیشــە و نایکـاتە مەبەســتێکی ســەرەکیی بـۆ خـۆی، بەڵام بەنیســبەت

بــانگخوازانەوە بەو شــێوەیە نیــیە کە لە پرســیبارەکەدا هــاتووە واتە ناتوانین بەگشتی باس لە بانگخوازان بکەین، گوایا گرنگیی بە عیرفان نــادەن، بەڵــی خەڵکێــک هەیە لە ســنووریکی دیــاریکراوی بچووکــدا، عیرفــانێکی ســەرەتایی قبــووڵە و قووڵبــوونەوەی عیرفــانی فەلســەفی و توراسی عورەفای ئیشراقیی قبووڵ نییە، جگە لەوەی ماوەیەکی زۆر دابڕانێک دروستبوو لە نێوان تەوژمی ئیسلامیی و تەوژمی عیرفانیی، کە زەمەنێکی دەویّ بۆ نزیکبوونەوە و ڕاستکردنەوەی چەمکەکان. ناکریّ بــاس لەوەش نەکەیــن کە هەنــدێک تەوژمــی عیرفــانییش جاروبــار لە گرێــژەنەکە دەرچــوون و شــەتەحاتیان هێنــاوەتە میــانەوە، کە شــەرع و عورفی گشتیی موسڵمانان بە ڕەوای نازانن.

## عیرفان و پەڕگیریی:

دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارەکانی پەرگیری و توندوتیژیی ئاینیی بــریتییە لە دوورکەوتــنەوە لە عیرفــان، بەڵام ئەمە تــاکە هۆکــار نیــیە و هۆکــاری دیــکەش زۆرن، بــۆ نمــوونە، پەروەردەی خۆرئــاوایی و بیــری شــــۆفینیزم و دەمــــارگیریی نەتەوەیــــی و مەزهەبــــی و جمــــوود و چەقبەستویی فیکریی و ستەمی سیاسی، کە سەدان ساڵە کۆمەڵگاکانی دنیای گرتۆتەوە.

# پوختەیەک لەسەر تەریقەت،
# سوهرەوەردییە و نەقشبەندییە

تەریـقەت: لە زمانـدا بە مانـای ڕێگـا دێـت، وەک قورئـانی پیـرۆزدا هـاتووە: (وَيَـذْهَبَا بِطَـرِيقَتِكُمُ الْمُثْلَـى) (طـه: ٦٣)، یـاخود (وَأَلَّـوِ اسْـتَقَامُوا عَلَـى الطَّرِيقَةِ لَأَسْقَيْنَاهُم مَّاء غَدَقاً) (الجن: ١٦).

بەڵام لە لای زانایانی تەصەووف، تەریقەت بـریتییە لە بڕینی ڕێگـا و ڕێبــازی گەیشــتن بە خــودا، لەم بــارەوە ســەیید شــەریفی عەلــلامە دەفەرموێ: "الطريقة هي السيرة المختصة بالسالكين الى الله تعالى من قطع المنازل والترقي في المقامات". (التعريفات للجرجاني ل٢١٥).

زانایان جیاکارییـان لە نێوان شـەریعەت و تەریقەت و حەقیقەت بەم شێوەیە کـردووە: شـەریعەت دەسـتگرتنە بە ئاینی خـودا و بەجێهێنـانی فرمانەکانی ئەوە، بەڵام تەریقەت بریتییە لە دەستگرتن بەو ڕێوڕەسمەوە کە دڵنیـایی و ئیحتیـاتی زیـاتر تێدایە، واتە وازهێنـان لە هەر شـتێک کە گومـان و تەنـانەت نیمچە گومـانێکی لەسـەربێ. لە ئەنجامـدا حەقیقەتمـان هەیە کە ئەویش دەرکەوتنی ئەحواڵی ئاخیرەت و هەستپێکردنیەتی.

– تەســەووف بزاڤێکـی نێـونەتەوەیی بەرفـراوانە، لە هەمـوو ژیـار و ئاییـنێکدا بوونی هەیە، تەنانەت بوارێکی گرنگی فەلسـەفە و مرۆڤناسـییە، لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی بیری فەلسەفییەوە تا ئەمڕۆ.

– تەریقەتــی ســوهرەوەردی مەنســوبە بــۆ شــێخ ئــەبولنــەجیبــی ســــوهرەوەردی کە لەقەبـــی زیـــائەددین بـــووە، لە ســـاڵی ٤٩٠ لە سوهرەوەردی زەنگان (زنجان) لەدایکبووە، بە سێزدە یان چواردە پشت دەگــاتەوە بە ئەبــوبەکری ســددیق، لاو بــوو هــاتە بەغـدا، لە زانســتە

فەرمییەکان بەهرەمەندبوو، فیقهی شافیعی لە ئەسعەدی میهەنی فێربوو، ماوەیەک مودەڕیسی نیزامییە بوو، دواتر وازی لێهێنا و ڕووی لە گۆشەگیری کرد. ئەحمەدی غەزالی مامۆستای بووە، لە ڕەنجی شانی خۆی خواردووە و ماوەیەکیش سەقایی کردووە، پاشان خەریکی وەعز بووە، ناوبانگی دەرکردووە، مەدرەسە و ڕەباتی بینا کردووە بۆ پەنای هەژاران و داماوان، لە کۆتایی تەمەنیدا ڕووی کردە زیارەتی بەیتولموقەدەس، بەڵام لەبەر سەیتەرەی سەلیبییەکان نەیتوانی ئەو زیارەتە بکات، نوردەینی زەنگیی لە شام پێشوازیی لێکرد و ڕێزی تەواوی لێگرت، ماوەیەک لە دیمەشق مایەوە، مەجلیسی وەعزی بەرپاکرد و سەرەنجام لە بەغدا وەفاتی کرد، ساڵی ٥٦٣، لەئەو ڕیسالەیەک بە ناوی ئادابولموریدین بەجێماوە، کە عەلی بن سوڵتان محەممەدی قاری شەرحی لەسەر هەندێک لە شوێنە ئاڵۆزەکانی کردووە، ئەم ڕیسالەیە، بنەماکانی بڕوای سۆفییەکانی لەخۆگرتووە و لە هەمان کاتدا باس لە بڕوا و ڕێکارەکانی ئەو دەکات لە تەصەووفدا. وادەردەکەوێت ئەو لە فیقهدا لەسەر ڕێڕەوی ئەهلی حەدیس بووە، لە موعامەلاتدا هەژاریی پێباشتر بووە لە دەوڵەمەندیی، لەو سۆفییانە بووە کە زۆر گرنگیی داوە بە زانست، بە پێچەوانەی ئەوانەی زانستیان بە حیجاب داناوە.

– لای ئەبونەجیب، سەرەتای تەصەووف زانستە و ناوەراستی کارە و ئەنجامیشی مەوهیبەتە، بە زانست مەبەست دەردەکەوێ و بەکار، تەڵەب ئاسان دەبێت و بە مەوهیبەتیش ئەنجام و هیوا حاسڵ دەبێ. کەواتە ئەهلی تەسەووف سێ ئاستن: موریدی تالب و میانەی سائیر و کۆتایی گەیشتن. مورید خاوەنی کاتە و میانە خاوەنی حاڵە و گەیشتوو خاوەنی یەقین.

- تەریقەتی سوهرەوەردی لە ڕێگای بەهائەددین زەکەریای مۆلتانی و شێخ فەخرەددینی عێراقییەوە لە هیندستان بڵاوبوویەوە، ژمارەیەک لە زنجیرە تەریقەتەکانی ئێرانیش وەکو نیعمەتوڵڵاهی و پیر جەمالی و صەفەوییە پەیوەستن بەوەوە، بەڵام لە بەغدا میراتی ڕۆحانی ئەو گەیشت بە برازاکەی بە ناوی شێخ شەهابوودین ئەبو حەفص عومەری کوڕی موحەممەدی سوهرەوەردی کە مولەقەب بووە بە شەیخولئیسلام.

- شەهابوودین لە ساڵی ٥٣٩ لە سوهرەوەردی زەنگان لەدایکبوو، لە بەغدا لە خزمەتی ئەبو نەجیبی مامیدا شاگردی کرد، بە زوویی وێڕای زانستی فەرمی و شەرعیی، لە مەعاریفی تەریقەتدا بووە پێشەنگ. بە قسەی ئیبن خەلەکانیش بێ، ماوەیەک لە خزمەتی عەبدولقادری گەیلانیش زانستی ئاینی خوێندووە، ئەو جگە لە تەصەووف، لە فیقە و حەدیسیشدا زانایەکی گەورە بووە، پلە و پایەی شێخ ئەوەندە بەرز بوویەوە، کە خەلیفەی عەبباسی ناسیر لیدینیللا، جاروبار لە مەجلیسی وەعزی ئەودا ئامادە دەبوو. هەندێکجار دەیکردە نوێنەری خۆی بۆ لای میر و دەسەڵاتداران.

- شەهابەددین زۆر پابەندی سوننەتەکانی پێغەمبەر بووە، تا ئەو ئەندازەیەی لە سەرەمەرگیشدا ساتێک لە زیکر و ئەوراد نەوەستا. دوای خۆشی کوڕەکەی بەناوی محەمەد درێژەپێدەری ڕێبازەکەی بووە،

- کاریگەریی شەهابەددین تەنها بە مەجلیسی وەعز و ئیرشاد و پەروەردەکردنی مورید و مەنسووب نەبووە، بەڵکو بە هۆی کتێبەکانیشیەوە بووە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- نامەیەکی فارسی بەناوی فتوانامە.
٢- رشف النصايح الإيمانية و كشف الفضايح اليونانية.
٣- اعلام الهدى وعقيدة أرباب التقى.

٤- رسالة السير و الطير.
٥- ارشاد المريدين.
٦- الرحيق المختوم لذوي العقول والفهوم.
٧- رسالة الوصية.
٨- جذب القلوب إلى مواصله المحبوب.
٩- عوارف المعارف، كه ئەمەیان گرنگترین و ناوازەترین بەرهەمی شێخە و چەندین ڕاڤە و لێکدانەوەی بۆ کراوە. لە (٦٣) بەش پێکهاتووە. ئەم بەشانە لێوانلێون لە فەرموودە و باس و خواسی پیرانی تەریقەت و ئەو بەشانەی سەبارەت بە ڕووح و نەفس نووسیونی لە بارەی دەروونناسی سۆفییانەوەڕ گرنگییەکی زۆریان هەیە. لەم کتێبەدا ئاکار و ڕەفتاری ئەهلی تەسەووف بە ڕوونی و بێ پێچ و پەنا باسکراوە.

تەریقەتی سوهرەوەردی، دواتر کاریگەریی زۆری لەسەر تەریقەتەکانی ئێران و هیندستان دانا،

و یەکێکە لەو تەریقەتانەی شەریعەت و تەریقەتیان پێکەوە گرێداوە.

- تەریقەتی چەشتی: یەکێکی ترە لە تەریقەتە میانڕەوەکانی تەسەووف، کە لە هیندستان بڵاوبوویەوە، ئەم تەریقەتە یەکەمجار شیخ معین الدین چەشتی (٦٣٣) خەڵکی سیستان هێنایە کایە، لە جێنشینانی ئەو شیخ فریدالدین گەنجی شەکەر (٦٧٠) و شیخ نیزامەددین ئەولیا (٧٢٥) بەناوبانگن، بە هەمان شێوە سەید محەممەدی گیسوودراز، شیخ ئەخی سیراجی پەروانە و شیخ بورهانەددین لە شێخانی بەناوبانگی ئەم زنجیرەن، هەروەها ئەمیر خەسرەو و خواجە حەسەنی دەهلەوی، کە دوو شاعیری گەورەن، مەنسووبن بۆ ئەم تەریقەتە.

- تەریقەتی نەقشبەندییە: یەکێکی تر لە تەریقەتە سۆفییە پابەندە میانڕەوەکان، تەریقەتی نەقشبەندییە، کە لەلایەن خواجە بەهائەدینی نەقشبەند (٧٩١) ەوە دامەزرا. ئەم تەریقەتە، ژمارەیەک پیر و مورشیدی

گەورەی هەبووە، کە قۆناغ بە قۆناغ هێناویانە و گەیاندوویانە بەمرۆ، کە دەتوانین لە ناویاندا ئاماژە بکەین بۆ:

١- شاهی نەقشبەند سەید مەحەممەدی بوخاریی.
٢- خواجە عوبەیدوڵڵای ئەحرار.
٣- سەید ئەحمەد سەرهیندی مەشهوور بە ئیمامی ڕەببانی.
٤- شاە غولام عەلی دەهلەوی.
٥- مەولانا خالیدی شارەزووری.

**- ئادابی نەقشبەندییە:**

١- پەیڕەویی لە کیتاب و سوننەت.
٢- خۆپاراستن لە بیدعەت.
٣- بەردەوامبوون لە سەر فەرز و سوننەت و قورئان خوێندن و سەڵاوات.
٤- بیرکردنەوە لە خواوەند و خۆپاراستن لە هەموو تاوان و گوناهێک.
٥- پاراستنی دڵ لە ئارەزووبازی و لە یادی غەیری خودا.
٦- تازەکردنەوەی دەستنوێژ بۆ هەموو نوێژەکان. بەردەوامبوون لەسەر جومعە و جوماعەت. و نوێژە سوننەتکانی ئیشراق و زوحا و تەراویح و تەسبیح و ئەوابین.
٧- خوێندنی سورەی تەبارەک هەموو شەوێک. بەردەوامی دەستنوێژ و نووستن بە دەستنوێژەوە.
٨- موحاسەبەی نەفس لەسەر هەموو کردەوەیەکی ئاشکرا و پەنامەکی.
٩- موراقەبەی حەق لە هەموو خەڵوە و جەلوەیەکدا.

**- ئادابی مورید لەگەڵ مورشیدەکەی:**

١- ڕێز و حورمەت.

٢- مەحەببەت و خۆشەویستی بۆی.

٣- خیانەت نەکردن.

٤- ڕەخنە لێنەگرتن.

٥- بەیانکردنی هەر حاڵەتێک بۆ شێخ.

٦- وەخت بەفیڕۆنەدان.

٧- جێبەجێکردنی فەرمانی شێخ دەستبەجێ.

٨- وەڵامنەدانەوە لە حزووری شێخدا.

٩- ڕەچاوکردنی ئەدەب لە خزمەتی شێخدا.

١٠- پاراستنی ڕازەکانی شێخ.

١١- ویستنی شێخ تەنها لەبەر سوودی ئایینی نەک دنیایی.

١٢- باوەڕ و متمانەی تەواو بە شێخ.

١٣- بە ئەدەببوون لەگەڵ کەسوکار و دەستوپێوەندەکانی شێخ.

هۆیەکانی گەیشتن بە خودا لای نەقشبەندییەکان:

١- هاوڕێیەتی شێخی کامیل و موکەمیل.

٢- ڕابیتەی شێخ.

٣- زیکری پەنامەکی بە مەرجەکانیەوە.

٤- تەوەجوە و موراقەبەی ئیسمی زات. واتە بێئاگا نەبێ لە خوا.

# لاوان وەک چەمک و ڕوانینی قورئان و فەرهەنگی ئیسلامی

قورئانی پیرۆز نەهاتووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە پێگە و پایە و بایەخی لاوان بکات، بەڵام بەو نموونە زیندووانەی کە باسیکردوون، ژیری و هزری خوێنەرانی ڕێنمایی دەکات بۆ ڕۆڵی کاریگەر و بنیاتنەرانەی لاوان لە ڕەوتی گشتی کۆمەڵگادا.

نموونەی یەکەم بۆ لاوان ئیبراهیمی بتشکێنە، کاتێک سەرنج لە ئاسۆکانی بوونەوەر دەدات و بە عەقڵ و ئەزموونی ڕووحی خۆی خودای بەدیهێنەر و کارساز دەدۆزێتەوە و هەوڵدەدات لێی نزیک ببێتەوە و لە ئەنجامدا خودا دەناسێت و بە مەنتیقی عەقڵ و ویژدان شۆڕشێک بەرپا دەکات و بتەکان دەشکێنێت و لە وڵاتی خۆی کۆچ دەکات و دەبێتە پێشەوای ئەهلی تەوحید و باوکی پێغەمبەران.

خوای دانا و زانا لەمبارەوە دەفەرموێت: **(وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ)** (الأنعام: ٧٥).

بەم شێوەیە ئیبراهیم دەبێتە نموونەی لاوی زانای هۆشیار و تێگەیشتوو و بەهەڵوێست و تێکۆشەر کە ئامادەیە لەپێناوی کەماڵاتی ئینسانی و بەرقەرار بوونی دادگەریی، ئاوارەی وڵاتان ببێ و زێد و نیشتمانی خۆشەویستی بەجێ بهێڵێت.

نموونەی دووەم لە قورئاندا یوسفی جوان و خۆشەویستە، کە لە سەردەمی لاوێتیدا گرفتاری پیلان و فێڵی براکانی بوو، لە باوک و کەسوکاری دوورکەوتەوە و ڕوویکردە غوربەت و بووە کۆیلە و کڕین و فرۆشتنی پێکرا و دواتر کەوتە ماڵی عەزیزی میسر و لەوێ ڕووبەڕووی پیلان و ئارەزووبازی بوویەوە و چاویان بڕییە داوێنی پاکی و ویستیان بە شێوازە جیاجیاکان لەخشتەی بەرن و پەڵەداری

بکەن، بەڵام ئەم لە هەموو قۆناغ و پەردەکانی ژیانیدا هەر بە پاکی و بە گەورەیی مایەوە. هۆکاری پاکی و گەورەیی یوسف وێڕای چاودێری ئیلاهی و عیسمەتی پێغەمبەرایەتی، لەو عەقڵ و زانست و تێگەیشتنەدا خۆی دەبینێتەوە کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ دەکات: (**وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ * وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ**) (یوسف: ٢٢ – ٢٣).

نموونەی سێیەم بۆ لاوی بڕواداری خودناس حەزرەتی مووسای پێغەمبەرە، کە لە ماڵی فیرعەوندا گەورە دەبێ، بەڵام نازو نیعمەت و خۆشگوزەرانی، حەقخوازی و پشتگیری لە حەقدارانی پێ فەرامۆش ناکات. بۆیە هەمیشە یاریدەدەری ستەملێکراوانە و بە پیری هەموو کەسێکی ئاتاج و لاوازەوە دەچێت، ئەوەی سەرنجی ئێمە ڕادەکشێت ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز هەر لە بنەڕەتدا بە ژیری و زانستەوە مووسامان پێ دەناسێنێت. وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (**وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَاسْتَوَى آتَيْنَاهُ حُكْماً وَعِلْماً وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ**) (القصص: ١٤).

نموونەی چوارەم: یارانی ئەشکەوتە کە خوای پەروەردگار سەبارەت بەوان دەفەرموێ: (**إِنَّهُمْ فِتْيَةٌ آمَنُوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى * وَرَبَطْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ إِذْ قَامُوا فَقَالُوا رَبُّنَا رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَن نَّدْعُوَ مِن دُونِهِ إِلَهاً لَقَدْ قُلْنَا إِذاً شَطَطاً**) (الكهف: ١٣ –١٤).

واتە ئەوان ژمارەیەک لاو بوون بڕوایان بە پەروەردگاری خۆیان هێنا و ڕێنوێنی زیاتر کران و دڵیان لەسەر یەک ئامانج کۆ بووەوە، کاتێک هەستان و بڕوابوونی خۆیان بە خاوەندی ئاسمانەکان و زەوی ڕاگەیاند.

نموونەی پێنجەم: بۆ لاوی خواناسی پەیوەست بە عەقیدە و بڕوای پاک، مەریەمی پاکیزە و داوێنپاکە، کە دەبێتە سمبولی عیففەت و ئاکاری بەرز و شایستە و دەگاتە پلەو پایەیەکی مەعنەوی وەها کە خوای پەروەردگار لە سیاقی زنجیرەی پێغەمبەرانی گەورەدا باسی دەکات و دەفەرموێ: (وَالَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَا وَجَعَلْنَاهَا وَابْنَهَا آيَةً لِّلْعَالَمِينَ) (الأنبياء: ٩١).

نموونەی شەشەم: کچی پاکداوێن و ژیر و وریای حەزرەتی شوعەیبە لە مەدیەن، کاتێک قورئان باسەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ: (فَجَاءتْهُ إِحْدَاهُمَا تَمْشِي عَلَى اسْتِحْيَاء قَالَتْ إِنَّ أَبِي يَدْعُوكَ لِيَجْزِيَكَ أَجْرَ مَا سَقَيْتَ لَنَا فَلَمَّا جَاءهُ وَقَصَّ عَلَيْهِ الْقَصَصَ قَالَ لَا تَخَفْ نَجَوْتَ مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ * قَالَتْ إِحْدَاهُمَا يَا أَبَتِ اسْتَأْجِرْهُ إِنَّ خَيْرَ مَنِ اسْتَأْجَرْتَ الْقَوِيُّ الْأَمِينُ) (القصص: ٢٥ – ٢٦).

ئەم نموونە واقیعییە جوانانەی کە قورئان بۆمان دەهێنێتەوە، تێکڕا باس لە ڕەهەندە گرنگ و بەرجەستەکانی کەسایەتی لاوان دەکەن و لە چەمکی ڕاستەقینەی جوامێری و هێز و ژیری و پاکداوێنییەوە کار لەسەر پێکهاتەی مرۆڤ دەکەن، بۆ ئەوەی تەنها لە بەرامبەر هێزی پەروەردگارەوە ملکەچ بکەن و بۆ هیچ هێز و دەسەڵاتێک سەر شۆڕ نەکەن و زاڵ ببن بەسەر ئارەزووبازی و خواستە نزمە کاتییەکاندا.

ئەم نموونانە لەڕاستیدا هەر هەموویان لە خاڵێکی جەوهەری و کاکڵەییدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش توانستی گۆڕانکارییە لە هەناوی کۆمەڵگادا، لە ڕێگای توێژی لاوان و بەکارخستنی وزە و تواناکانیانەوە. واتە هەر گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە ناو کۆمەڵدا، بە دەست و بازوو، یان باشتر بڵێم بە ئەفراندن و داهێنانی لاوان شکڵدەگرێ و هەر لەبەر ئەمەشە هەموو بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پشت بە

توانای لاوان و پشتیوانی ئەوان دەبەستێ. لەبەر ئەوەی لاوان ڕەمز و ڕازی زیندووبوونەوەی گیانی داهێنەرانەی ناو کۆمەڵگان و لە ڕێی ئەوانەوە ژیان ماناو چەمکێکی نوێ پەیدا دەکات.

لە نموونە قورئانییەکاندا، دەبینین هەر هەموویان ڕۆڵی کاریگەریان لەسەر بزاڤی کۆمەڵایەتی و دەوروبەریان هەبووە و ئەم کاریگەرییە تەنانەت بەشێوەیەکی ستوونی هەموو مێژووی سیاسەت و هزری مرۆڤایەتی گرتووەتەوە و لە ڕووی ئاسۆییشەوە هەموو کۆمەڵگاکانیان خستووەتە ژێر هەژموونی خۆیانەوە، بەجۆرێک کە واقیعی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ، شتێک نییە جگە لە دەرەنجامی ڕابوونی ئەوان و قووڵبوونەوەی پەیامیان لە ناخی مرۆڤایەتیدا. بوونی ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام بە ڕێژە و ناونیشانی جیاواز، لە بوونی لاوانی ژیر و کارامە و بە هەڵوێستدا دووبارە و چەندبارە دەبێتەوە.

کە دیێینە سەر سوننەت و سیرەی پێغەمبەری ئیسلام (درووود و سڵاوی خوای لەسەر)، دەبینین زۆرینەی پەیڕەوان و بڕواداران بە پەیامەکەی، لە چینی لاوان بوون و ئەوانیش رۆڵی کارایان هەبووە لە بەرگری و داکۆکی لەو پەیامە، بە ئەندازەیەک کە بانگەواز و بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی، کەوتە سەر شانی کەسانی وەک عەلی و زوبەیر و سەعد و موسعەب و بیلال و ئوسامە و لە ڕووی زانستیشەوە چوار عەبدوڵلاکە و زەیدی کوڕی سابت، پێشەوای فیقهو زانستی ئەحکام بوون لە سەردەمی سەحابە و تابیعیندا.

تافی لاوێتی قۆناغێکی ئێجگار کاریگەرە لە پێشخستنی هەر بەرنامە و پەیامێکی ئامانجداردا، بۆیە زامنکردنی لاوان و گەنجان بۆ بڕواهێنان بە پرۆژەی فیکری و سیاسی، بەردی بناغەی گۆڕانکاریی ڕیشەییە لە بزاڤی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە ئەم قۆناغە لە درێژەی قۆناغی منداڵی و مێرمنداڵیدا، بە وێستگەی تێگەیشتن و لە خۆحاڵیبوون و دۆزینەوەی

وزەی داهێنانی مرۆڤ ناوزەد دەکرێت. لە کەلتووری قورئاندا بە وشەی ( أشدّ) گوزارشتی لێدراوە، کاتێک خوای پەروەردگار باس گێڕانەوەی ماڵ و سامانی هەتیوان دەکات، دەفەرموێ: (ولا تقربوا مال اليتيم إلاّ بالتی هی احسن حتی يبلغ أشدّه). کە بێگومان ئەم وشەیە دەلالەت دەکات لەسەر پێگەیشتنی ژیری و جەستەیی و وزەی وردکردنەوە و لێکدانەوەی زانست و داتاکان.

ئەمڕۆ جیهانی ئیسلام پێویستییەکی زۆری هەیە بە دووبارە هێنانەوەی چەمکە قورئانییەکان سەبارەت بە لاوان و بەکارخستنیان لە پرۆسەی بنیاتنانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کە بێگومان ئەم کارە، پێشمەرجی جۆراوجۆری هەیە: لەوانە پشتبەستن بە توێژی لاوان لە هەموو پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدا، بە ڕەچاوکردنی ویست و نیازەکانیان و بەگەڕخستنی وزە و توانا و ئەفراندنیان و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی ڕاستەقینە بۆیان، بۆ بەهرەمەندبوون لە زانست و مەعریفەی سەردەمیانە و دۆزینەوەی بەهرە و لێوەشاوەییان لە بوار و لایەنە زیندووەکانی ژیاندا، لە زانستی و تەکنیکی و هونەری و ئەدەبی و وەرزشی و تەنانەت هونەری سەرکردایەتی سیاسی و ڕێکخراوەییش دەتوانێت یەکێک بێت لە لایەنە ئەکتیڤ و کاراکانی بەهرەمەندیی لاوان.

شاعیرێکی عەرەب لە بارەی زانستەوە گوتوویەتی:

**بتسع ينال العلم: قوت و صحة      وحرص و فهم ثاقب للتعلم**
**ودرس وحفظ للعلوم و همة      و شرخ شباب و اجتهاد معلم**[1]

وەک دەزانین گەورەترین سەرمایە بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵ، بریتییە لە زانست، ئەویش بە چەند هۆکارێک بەدەست دێ، کە هەر هەموویان بەستراون بە تافی لاوێتییەوە، بە بژێوی، تەندروستی، سووربوون،

---

[1] المختار من عين الأدب والسياسة و زين الحسب و الرياسة، أبو الحسن على بن عبد الرحمن بن هذيل، تحقيق د.على ابراهيم كردى، ل٨٢.

تێگەیشتنی ورد، خوێندن، لەبەرکردن، هیممەت، هەڕەتی لاوێتی، ئینجا بوونی مامۆستای ژیر و تێکۆشەر. بۆیە لە کەلتووری ئیسلامیدا، هەمیشە تافی لاوێتی بە سەرمایەیەکی گەورە حسابی بۆ کراوە، وەک لە فەرموودەیەکدا هاتووە: "إغتنم شبابك قبل هرمك". واتە: پێش پیربوونت گەنجێتی خۆت بە غەنیمەت بزانە، باش بەکاری بهێنە و بزانە چۆنی بەسەردەبەیت.

زانایانی ئیسلام لە کۆی پەڕاوە پەروەردەییەکاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە لاوان فێری ئەدەبی ژیان و چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی دیکە ببن. یەکێک لەو زانایانەی دەرکی بە گرنگی تافی لاوێتی کردووە، ئەبوبەکر محەمەدی کوڕی حەسەنی مورادی حەزرەمییە، لە کتێبی (الإشارة في تدبير الإمارة)، زۆر بە ڕوونی دەڵێت:

(وأولى الأسنان بحفظ الحكمة و أجراها بنفع الموعظة سن الحداثة، فإني وجدت فيه فوائد أربعاً ليست في غيره من الإسنان: أولها سرعة الحفظ. والثانية ذكاء الفهم. والثالثة فقد التجارب. والرابعة تقديم الحكمه قبل سوء العوائد)[1].

مەبەستی ئەوەیە کە لەبارترین تەمەن بۆ پاراستنی حیکمەت و وەرگرتنی پەندی ژیان، تەمەنی لاوییە، چونکە چوار سوودی تێدایە کە لە تافەکانی تردا نین، ئەوانیش خێرالەبەرکردن، باش تێگەیشتن، نەبوونی ئەزموون و وەرگرتنی حیکمەتە پێش خووگرتن بە کاری خراپەوە.

[1] الإشارة فى تدبير الإمارة، تحقيق: د.على سامى النشار، لاپەڕە ٧٧.

# هاوڵاتیبوون وەک چەمک و ڕاستییەکی مێژوویی دیدێکی ئیسلامییانە

باوەڕ ناکەم لە دنیای ئەمڕۆدا کەسێکی هۆشیار هەبێت کە نکوڵیی لە گرنگیی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی دوور لە دەستدرێژیی و توندوتیژی بکات، واتە لە هەلومەرجی سروشتیدا، جۆری پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان پەیوەندیی هاریکاری و دەستبارگرتن و هاوسۆزی بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان و چەسپاندنی بەرژەوەندییە باڵاکان. کێشەکە کاتێک دەستپێدەکات کە مرۆڤێک، یان لایەنێک یان گرووپێکی قەومی، ئەتنی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت زۆرینەیەک داوای زیاد لە ئیستیحقاقاتی خۆی بکات و بیەوێت لە پەیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، خۆی و ئەوەی سەر بەوە، کەسی پلە یەک و ئەوانی دیکە پلە دوو بن. ئەمە حاڵەتێکی مەترسیدارە بۆ هەر دەوڵەت و کۆمەڵگایەکی فرەپێکهاتە و فرەچەشن، کاتێک پێکهاتەیەک دەبێتە خاوەنی بڕیار و دەیەوێت هەتا سەر هەر ئەو خاوەنی بڕیار بێت. بۆیە زۆر بە ئاسانی بەرنامە و پلان دادەڕێژێت، بە یاسا و بە پەروەردە و بە تۆقاندن و تەنانەت بە لەخشتەبردن و جۆرەها ئالیەت، پێکهاتەکانی تر لە بوون و مانەوەی کاریگەریی ناو کۆمەڵگا و ناو جەستەی سیاسی دەوڵەت، بێبەش بکات. ڕژێمە دیکتاتۆرەکان، کە تازەترینیان ڕژێمی بەعسی بەغدا بوو، بەو نەفەس و عەقلیەتەوە کاری دەکرد، هەربۆیە لە پێناوی درێژەدان بە خۆی ئامادەبوو گەلی کورد و هەموو پێکهاتەیەکی ڕکابەری خۆی بخاتە ژێر زەبر و زەنگ و سیاسەتی سڕینەوە و پاکتاوکردن، ئەو سیاسەتەی

له ناوەڕۆک و هەناویدا، لوتکەی سیاسەتی دژ بە مرۆڤایەتییە. بۆ ڕێگرتن لە دیکتاتۆری کەس و لایەن و گرووپ و نەتەوە و چین و توێژ، بیرمەندانی سیاسەت و یاسا، چەمکی هاووڵاتیبوونیان خستووەتە ناو قامووسی فیکری سیاسی و قانوونییەوە، ئەم چەمکە لە هەل و مەرجی جێبەجێکردندا، باشترین زامنی نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤە، بەشێوەیەکی یاسایی. واتە بینای کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کامڵ و شایستە نابێت، هەتا مرۆڤەکان لە تای تەرازووی ماف و ئیمتیازاتی سیاسیی و ئابووری و کۆمەلایەتی و کەلتووریدا، هاوسەنگ و هاوپایە نەبن. واتە بۆ سپاردنی پۆست و کار و پێدانی ماف و ئیستحقاقاتی دەستووری و یاسایی، تەنها تەماشای لێهاتوویی و مەرجە تایبەتە یاساییەکان بکرێت، نەک ئینتیما بۆ ئایینێک، مەزهەبێک، حیزبێک، نەتەوەیەک و شێوەزار و ناوچەیەک. بۆ ئەوەی هەموو کەسێکی ئەو وڵاتە هەست بە گەورەیی و قەدر و حورمەت بکات و شەرمی نەبێت لە بەرجەستەکردنی خصووصیاتی خۆی، لە باسی بیر و بڕوا و ئینتیمای خۆی، بەبێ ئەوەی ترسی لابردن، یان زەوتکردنی مافێک لە مافەکانی هەبێت. جەوهەری گەلاڵە بوونی بیرۆکەی هاولاتیبوون بریتییە لە نەهێشتنی ئیمتیازی ناو مرۆڤەکان بەپێی شووناسی ئایینی، قەومی، ڕەگەزی، مەزهەبی و ناوچەیی، چونکە هیچکام لەم شووناسانە شووناسی بەدەستهاتووی کەسبی نییە، بەڵکو مرۆڤ لەسەریان ڕادەهێنرێت و بەجۆرێک دەسەپێت بەسەریدا و کەسیش نییە شووناسی ئایینی مەزهەبی قەومی و تەنانەت ناوچەیی خۆی بە کەم بزانێت. بەپێچەوانەوە زۆر بە گەورە و گرانی لەقەڵەم دەدات و ڕازی نییە کەسیش بە کەمبایەخ بۆی بڕوانێت. کەواتە لە جەوهەردا هاووڵاتیبوون گێڕانەوەی قەدر و حورمەتە بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی لە سیستەمی دەوڵەت و کۆمەڵدا هەست بە غەدر و پلەدوویی دەکەن. مافی مرۆڤ و بنەماکانی دیموکراسی تەنها لەو ساتەوەختانەدا

جێگیر دەبن، کە چەمکی هاووڵاتیبوون ببێتە تاکە پێوەر لە سپاردنی پۆست و فرمانەکاندا، فیقهی هاووڵاتیبوون پەیوەندییەکی تەواوی هەیە بە فەلسەفەی سیاسییەوە، لە هەمان کاتدا یەکانگیرە لەگەڵ سیاسەتی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی هەر وڵاتێک؟ هەرچەندە ژمارەیەک نووسەر و بیرمەندی موسڵمان ئێستاشی بەسەرەوەبێت، وان لە ژێر کاریگەریی جیهانبینی فیقهی کلاسیکی مەزهەبەکاندا و ئەستەمە مامەڵەیەکی ئەمرۆژییانە لە تەک ئەم چەمکە بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا زۆرن ئەو کەسانەی بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەرەبەیانی ئیسلام، ڕەگەزدۆزی بۆ ئەم چەمکە دەکەن، لەو ڕوانگەوە کە پەیامی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لە مەککە و مەدینە، پەیامی پێکەوەژیانی مرۆڤە جیاوازەکان بووە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی بیر و بڕوای ئایینی، بە کۆبوونەوە لەژێر چەتری ناونیشانی گشتی و هاوپەیمانێتی سیاسییدا.

بەهێزترین بەڵگە بۆ شەرعییەتدان بە چەمکی هاووڵاتیبوون، دەستووری مەدینەیە، کە کۆنترین سەنەدی نووسراوی ئیسلامییە بۆ پێکەوەژیانی موسڵمانان و ئەوانی دیکە، چونکە بە کۆچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) بۆ یەسریب، فرەیی ئایینی لەو شارەدا پەیدابوو، لە مەدینەدا جگە لە موسڵمان، یەهوود و بتپەرستیش هەبوون، کە بەپێی بەندەکانی ئەم دەستوورە ماف و ئەرکی هەموو لایەک هاتە دیاریکردن، جگە لەوەی مێژووی دوور و درێژی موسڵمانان جۆرێک لە پراکتیزەکردنی ئەم پرەنسیپەی بە خۆوە دیوە، هەرچەندە پێوانی ئەو مومارەساتە بەپێی پێوەرەکانی ئەم سەردەمە ڕەنگە بێجێ بێت، بە حوکمی ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنەی دەوڵەت و کۆمەڵگای گرتۆتەوە.

هەڵوێستی ئیسلام لە ڕووی مێژووییەوە لەو ساتە وەختانەدا بەدیدەکرێت، کە کەمایەتیە ئایینییەکان توانیویانە لە ناو کۆمەڵگا موسڵمانەکاندا درێژە بە بوونی خۆیان و کەلتوور و ئایین و

دەزگاکانیان بدەن و موسڵمانانیش لەسەریان فەرز بووە پارێزگاری لە بوون و لە حورمەتی گیان و ماڵ و ناموسیان بکەن، ئەمە وێنەی گشتی ئەو مێژووەیە و دووریش نییە جاروبار کێشە و گرفت لەملاولا سەریهەڵدابێت و جۆرێک چەوساندنەوەی کاتی ڕووی لە هەندێک پەیڕەوانی ئایینەکانی تر کردبێت، بەڵام بە ئیقراری مێژوونووسانی بەویژدان، باری ژیانی دیان و جوولەکە لە جیهانی ئیسلامیدا زۆر باشتر بووە لە بار و ژیانی هەر دووکیان لە شوێنانی دیکە.

دەقی دەستووری مەدینە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگییەکی بێئەندازەی هەبوو، بۆ کۆمەڵگایەک کە هیچ پێشینەیەکی فەرمانڕەوایی نەبوو. بۆ ئەمڕۆش وەکو سەنەدێکی ڕەگەزدۆی (سند تاصیلی) حسابی بۆ دەکرێت. واتە لە ڕوانگەی فیقهی سیاسییەوە موجتەهیدی موسڵمان پشتی پێدەبەستێت بۆ ڕەواییدان بە بوونی بیر و بڕوای جیاواز و خەڵکی جیاواز لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە زۆرینەیەکی موسڵمانی تێدا بێت. لەلایەکی ترەوە، کاتێک قورئان باس لە ئەهلی کیتاب دەکات بەو زمانە نەرم و تەنانەت جیاکاریی دەکات لە نێوان دیانەکان و یەهوود، وەک ئەوەیە بە موسڵمانان بڵێ هەر کەسێک نەرم بوو لەگەڵتان و ڕەفتارێکی (ئینسانی) نواند، دەبێت ئێوە باشتر بن لەگەڵ ئەو. لەبەر ئەوەی دیانەکان نەرمتر بوون و یەهوودییەکان پیلانگێڕبوون، لە تەرازووی مامەڵەی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا، ئەولەوییەت بەو کەس و لایەنەیە ئیجابیترە.

ئەمەش دەقی ئەو بەندانەیە کە لە دەستووری مەدینەدا هاتبوون:

١ـ هذا كتاب من محمد النبي (رسول الله) بين المؤمنين والمسلمين من قريش (وأهل يثرب)، ومن تبعهم فَلحق بهم وجاهد معهم.

٢ـ إنهم أمة واحدة من دون الناس.

٣ـ وإنه من تبعنا من يهود، فإن له النصر والأسوة، غير مظلومين، ولا متناصر عليهم.

٤- وإن يهود بني عوف أمه مع المؤمنين، لليهود دينهم، وللمسلمين دينهم، ومواليهم، وأنفسهم إلا من ظلم نفسه وأثِم، فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.

٥- وإن ليهود بني النجار مثل ما ليهود بني عوف.

٦- وإن ليهود بني الحارپ مثل ما ليهود بني عوف.

٧- وإن ليهود بني ساعده مثل ما ليهود بني عوف.

٨- وإن ليهود بن جُشَم مثل ما ليهود بني عوف.

٩- وإن ليهود بني الأوس مثل ما ليهود بني عوف.

١٠- وإن ليهود بني ثعلبة مثل ما ليهود بني عوف إلا من ظلم وأثم، فإنه لا يوتغ إلا نفسه وأهل بيته.

١١- وإن جفنة بطن من ثعلبة كأنفسهم.

١٢- وإن لبني الشُّطَيبة مثل ما ليهود بني عوف، وإن البر دون الإثم.

١٣- وإن موالي ثعلبة كأنفسهم.

١٤- وإن بطانة يهود كأنفسهم.

١٥- وإن على اليهود نفقتهم، وعلى المسلمين نفقتهم، وإن بينهم النصر على من حارب أهل هذه الصحيفة، وإن بينهم النصح والنصيحة، والبر دون الإثم.

١٦- وإنه لا يأثم امرؤ بحليفه، وإن النصر للمظلوم.

١٧- وإن اليهود ينفقون مع المؤمنين ما داموا محاربين.

١٨- وإن يثرب حرام جوفها لآهل هذه الصحيفه.

١٩- وإن الجار كالنفس غير مُضار ولا آثم.

٢٠ـ وإن يهود الأوس، مواليهم وأنفسهم، على مثل ما لأهل هذه الصحيفة مع البر المحض من أهل هذه الصحيفه، وإن البر دون الإثم، لا يكسب كاسبٌ إلا على نفسه، وإن الله على ما أصدق ما فى هذه الصحيفة وأبره.

٢١- وإنه لا يحول هذا الكتاب دون ظالم أو آثم، إنه من خرج آمن، ومن قعد آمن بالمدين، إلا من ظلم وأثم، وأن الله جار لمن بر واتقى، ومحمد رسول الله صلى الله عليه وسلم).

ئەم بەڵگەنامە دەستوورییە یەهوودی بە هاوڵاتی و ڕەگەزێکی ناو پەیکەری کۆمەڵ داناوە. وەک لە دەستەواژەکانیشدا دیارە ئەوان ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەریش بوون. واتە جیاوازی ئایین و بیر و بڕوا نەبوەتە کۆسپی هاوڵاتیبوون. لە هەمان کاتدا ئەم دەستوورە زۆر جەخت لەسەر چەمکی - ئوممەت - دەکاتەوە، دەیەوێت بیکاتە جێگرەوەی چەمکی - هۆز و تیرە-، بۆ ئەوەی وەرچەرخانێک لە ئینتیمای تاکدا بەدیبهێنێت، ئینتیمای بۆ ئەو سەرزەوییە هاوبەشە بێت کە پێی دەگوترێت (مەدینە) واتە نیشتمان. وێڕای ئەوەی یەهوود هەمیشە لە پیلان و غەدرکردندا بوون، بەڵام پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەر) هەر پابەند بوو بە بڕگەکانی ئەم گرێبەستە سیاسی و کۆمەڵایەتییە و تا ئەو ساتە وەختانەی کە ئیتر دەبوو سنوورێک بۆ پەیمانشکێنی و غەدری ئەوان دابنرێت، وەک لە ڕووداوەکانی بەنی نەزیر و بەنی قەینوقاع و بەنی قورەیزەدا ڕوویاندا.

ڕەوتی مێژوویی هاووڵاتیبوون لای زانا موسڵمانەکان:

ئەم تێگەیشتنە لە ناخ و عەقڵیەتی یاران و شوێنکەوتووانی ئیسلامدا ڕەگی داکوتا، بەتایبەت لە سەردەمی خەلیفە ڕێناسەکاندا و دروست لە کاتی جێنشینایەتی عومەری کوڕی خەتتابدا، کاتێک پڕبەدەم هاواریکرد: (متى استعبدتم الناس وقد ولدتهم أمهاتهم احرارا). واتە ئەوە لە کەیەوە خەڵکیتان بە کۆیلە داناوە، لە حاڵێکدا ئەوان بە ئازادی لەدایکبوون. کاتێک لەبەر پاراستنی مافی کوڕە قیبتییەکە، کوڕی عەمری عاسی تەمبێ کرد، چونکە کوڕەکەی عەمر شانازی بە هۆز و تیرە و دەسەڵاتی باوکیەوە کردبوو، واتە پێچەوانەی قاموس و قانوونی هاوڵاتیبوون

ڕەفتاری نواندبوو! شاهیدێکی تر کاتێک ئەبوو لوئلوئەی مەجووسی بە کینایە هەڕەشەی لە عومەر کرد و گوتی: دەبێ ئاشێکت بۆ دروستبکەم هەموو دنیا باسی بکات، عومەر و ئەوانەش کە لەوێ بوون تێگەیشتن لە نیەت و مەبەستەکەی، بەڵام ئەوەی کۆسپ بوو لە بەردەم گرتن و تەنانەت دەرکردنیدا، بنەمایەکی یاسایی بوو، کە ئەویش (لا عقوبة على النية دون الفعل)، هەروەها بوونی چوارچێوەیەک بوو بۆ ژیانی ئەو کەسە لەو شارەدا، کە ئەویش چوارچێوەی هاووڵاتیبوون بوو.

لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا فەقیهەکان سەنەدێکی تریان دۆزییەوە بۆ پرەنسیپی پێکەوەژیان و هاووڵاتیبوون، ئەویش یەکسانیی و مرۆڤنەوازییە، کە بینییان خوای گەورە لە دەستگرۆیی هەژاراندا ڕێگەیداوە بە موسڵمان خێر بکات بە ناموسڵمان، کاتێک دەفەرموێ: (ويطعمون الطعام علي حبه مسكينا ويتيما وأسيرا). تەنانەت لەناو فوقەهای تابیعیندا هەبوە کە سەرفیترەی داوە بە ڕاهیبانی نەصرانی.

یەکێکی تر لە هەڵوێستە درەوشاوەکانی زانا موسڵمانەکان، کە چەمکی هاووڵاتیبوون بە جوانی بەرجەستە دەکات، هەڵوێستی شیخولئیسلام ئیبن تەیمییەیە، کاتێک لە نامەیەکدا بۆ پادشای قوبرس، کە دیارە مەسیحی بووە، دەنووسێت: (ئێمە خەڵکێکین خێرمان بۆ هەموو کەسێک دەوێ و پێمانخۆشە خوای گەورە بۆ ئێوە خێری دنیا و ئاخیرەت کۆ بکاتەوە، گەورەترین پەرستنی خودا ئەوەیە کە دڵسۆز بێت بۆ خەڵکی خودا، نەسرانییەکان هەموویان دەزانن، کاتێک من داوام لە پادشای تەتار کرد کە دیلەکان ئازاد بکات، دیلە موسڵمانەکانی ئازاد کرد و پێی گوتم: بەڵام چەند نەسرانییەکمان لە قودس گرتووە، ئازادیان ناکەین، گوتم پێی: نەخێر هەموو ئەو یەهوود و نەسرانییانەی لای تۆن و ئەهلی زیممەن واتە لە ئەستۆی ئێمەن، ئێمە ئازادیان دەکەین و دیلێک لە ئەهلی میللەت و لە ئەهلی زیمە ناهێڵینەوە... ئەوەی خوا ویستی لە

نەسـرانییەکانیش ئـازاد بـوون، ئەمە کـار و چـاکەی ئـێمەیە و خـوای گەورەش خاوەنی پاداشتە).[1]

کاتێکیش خاچپەرستەکان هاتن پەلاماری جیهانی ئیسلامیان دا و نۆ جار هێرشیان کرد، مێژوونووسە موسڵمانەکان ناویان نەنا جەنگی خاچپەرستان، بەڵکو دەیانگوت: جەنگی فەرەنگ، بۆ ئەوەی هەستی خەڵکی خاچبەدەست و خاچبەگەردن بریندار نەکەن، چونکە دەیانزانی ئەو هێرشبەرانە تەنها دژی موسڵمانان نین، بەڵکو هاتوون بۆ تاڵانی ئەم وڵاتانە و کۆیلەکردنی خەڵکەکەی بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە، هەربۆیە موسڵمان و ناموسڵمانیش لێیان هاتنە دەست و پێکەوە بەرگرییان لەم ئاو و خاکە کرد. بە پێچەوانەوە، مێژوونووسانی ئەوروپا سوور بوون لەسەر ناولێنانی ئەم جەنگانە بە جەنگی خاچپەرستان.

وێرای بوونی ئەم نموونە پرشنگدارانە، هێشتا کەسانێک هەن بە گومانەوە سەیری فیقهی دەستووریی ئیسلامی دەکەن و دەیانەوێت وامان تێبگەیەنن کە چەمکی هاوڵاتیبوون، بە ڕەهەند و لایەنەکانیەوە، لەگەڵ بۆچوونی فیقهی ئیسلامیدا یەکناگرێتەوە، ئەم کەسانە پشت دەبەستن بە هەندێک دەق، یان ڕووداوی مێژوویی، یان بوونی جیاکاری لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و تەنانەت چەند بڕگەیەکی یاسای باری کەسێتی، کە دەمانەوێت لەم بەشەی باسەکەماندا ڕاڤەیان بکەین و خاڵ بخەینە سەر پیت.

یەکەم: بەفەرمیی ناساندنی ئایینی ئیسلام لە دەستووری دەوڵەتەکاندا:

لە دەستووری زۆر لە دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا، بە دەقێکی ڕاشکاو، ئایینی ئیسلام بە ئایینی فەرمی دانراوە، کە دیارە مەفهوومی موخالیفی

[1] الرسالة القبرصية لشيخ الإسلام ابن تيمية، ص٢٢. بە وەرگرتن لە کتێبی: ابن تيمية، الشيخ محمد أبی زهرة، ص٣٨٤.

ئەم دەقـانە ئەوەی لێـدەفامرێتەوە، کە ئاییینەکـانی تـر فەرمـی نـین و حسابیان بۆ ناکرێت. بۆچوونی شەخسـی مـن بـۆ ئەم دەقانە ئەوەیە کە دیـاریکردنی ئـاییینی فەرمیی لە دەسـتووری وڵاتانـدا، نەریتـێکە کە بەبـێ لێکدانەوەی پێویسـت پەیـڕەو دەکرێت و زیـاتر بـۆ ئەوەیە لە بلۆکبەنـدی وڵاتانی جیهانـدا لە ڕووی دابەشـبوونی ئـاییینییەوە، حسـاب بـۆ زۆرینـەی دانیشـتوانی ئەو وڵاتە دەکرێـت، بەبـێ ئەوەی مەبەسـت لە دیـاریکردنی بەڕێوەچوونی کاروباری یاسایی و ئـابووری و سیاسیی ئەو وڵاتە بێت لە سەدا سەد بە پێی حوکمەکانی شـەریعەتی ئیسـلام. ئەگینا لە وڵاتێکی وەکو میسـردا کە مـاددەی٢ دەسـتوورەکەی بـاس لە فەرمیبـوونی ئـاییینی ئیسـلام دەکـات، لە هەمـان کاتـدا لە مـاددەی ٤٠دا هەمـوو جیاکـارییەک لەسەر بنەمای زمان و ڕەگەز و ئایین و بیر و بڕوا ڕەتدەکاتەوە، کاتێک بە دەقێکی ئاشکرا دەڵێت: "المواطنون لدى القانون سـواء، وهـم متسـاوون في الحقوق والواجبات العامـة، لا تمييز بينهم في ذلك بسبب الجنس أو الأصـل أو اللغـة أو الـدين أو العقيـدة. لە مـاددەی ٤٦ دا بە ڕاشـکاوی بەرگریی لە ئـازادی بیـر و بـڕوا و بەجێهێنـانی ئەرکە ئایینییەکـان دەکـات: "تكفل الدولة حرية العقيدة وحرية ممارسة الشعائر الدينية".

کە دێینە سەر دەستووری عێراق دەبینین لە مـاددەی (٢)دا بە هەمـان شـێوە بـاس لە فەرمیبـوونی ئـاییینی ئیسـلام و باڵادەسـتبوونی یاسـا نەگۆڕەکـانی شـەریعەت دەکـات، لە بـڕگەی دووەمـی هەمـان مـاددە تـای تەرازووەکە هاوسەنگ دەکـاتەوە، کاتێک ئیعتیـراف بە بـوونی ئایینەکـانی دیکە دەکات:

أولاً: الاسلام دين الدولة الرسمي، وهو مصدرٌ أساس للتشريع:

أ ـ لا يجوز سن قانونٍ يتعارض مع ثوابت أحكام الاسلام.

ب ـ لا يجوز سن قانونٍ يتعارض مع مبادئ الديمقراطية.

ج ـ لا يجوز سن قانونٍ يتعارض مع الحقوق والحريات الاساسية الواردة في هذا الدستور.

ثانياً: يضمن هذا الدستور الحفاظ على الهوية الاسلامية لغالبية الشعب العراقي، كما ويضمن كامل الحقوق الدينية لجميع الأفراد في حرية العقيدة والممارسة الدينية، كالمسيحيين، والايزديين، والصابئه المندائيين.

کەواتە لەگەڵ بوونی مەنتووقی ئەم دەقانە، حسابێکی ئەوتۆ بۆ مەفهوومی موخالیف ناکرێت، بەڵام خۆ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت، هەر بەپێی یاساکانی شەریعەتی ئیسلام، ئەگەر پیادە و پراکتیزە بکرێن، مافی هیچ کەسێکی تر پێشێل نابێت، وەک ئەوەی ژمارەیەک بنەما و یاسا و ڕێسای ئیقلیمگیری جیهانی هەیە و هەموو مرۆڤەکان کۆکن لە سەری، وەک بنەماکانی دادگەری و یەکسانی و ڕێزگرتن لە مرۆڤ و لە عورف و عادات و حورمەتی خێزان و پاراستنی نرخ و بایەخەکانی ڕاستگۆیی و هاوسۆزی و ڕێگرتن لە فەحشا و داوێنپیسی. هەرکەسێکیش شارەزای شەریعەتی ئیسلام بێت، دەزانێت کە فیقهی ئیسلامی مسوڵمان و ناموسڵمانی لە سزاداندا، هەر کامیانی بە پێی شەریعەتی تایبەتی و ئایینی خۆی پابەند کردووە، بۆ نموونە ئەگەر موسڵمان شەراب بخواتەوە، سزا دەدرێت، چونکە لە ئاینەکەی ئەودا سزای لە سەرە، بەڵام ئەگەر ناموسڵمانێک شەرابی خواردەوە، سزا نادرێت، ئەگەر بە حوکمی ئایینەکەی سزای لەسەر نەبوو. کەواتە دادوەری موسڵمان بۆی نییە سزای بدات لەسەر شەراب خواردنەوە. تەنانەت ئەگەر موسڵمانێک شووشەی شەرابی مەسیحییەکی شکاند، پێویستە بۆی ببژێرێت، بە ڕای زۆرینەی زانا موسڵمانەکان، تەنانەت ئەگەر دوو کەسی ناموسڵمان زینا بکەن، بەپێی شەریعەتی خۆیان بڕیاری دادگایان لەسەر دەدرێت، مەگەر خۆیان داوای حوکمی ئیسلامی بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بابەتی فەرمیبوونی ئایینی ئیسلام، نابێتە کۆسپ لە بەردەم فەرمیبوونی ئایینەکانی دیکە و دەکرێت بە دەقی تایبەت باس لە فەرمیبوونی ئەوانیش بکرێت، بەڵام بۆ خۆم بوونی دەقێکی لەو چەشنە لە دەستووری وڵاتدا بە پێویست نابینم، لە حاڵێکدا بوونەکەی هیچ موجیب و فەحوایەکی قانوونی نییە. بەپێچەوانەوە، ڕەنگە بوونەکەی جۆرێک لە حەساسیەت و تەنگژە و دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی بووروژێنێت.

باشتروایە ئایەتە قورئانییەکەی سوورەتی (الحج)مان لەبەرچاو بێت، کە فەرمیبوونی هەموو ئایینەکان بە یەک ڕستە دەسەلمێنێت: (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَالَّذِينَ هَادُوا وَالصَّابِئِينَ وَالنَّصَارَى وَالْمَجُوسَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ) (الحج: ١٧).

لەم ئایەتەدا ئەهلی ئیمان و یەهوود و سابیئە و نەسرانی و مەجووس، واتە مگووشەکان کە بە پەیڕەوانی ئایینە ئێرانییەکان دەگوترێت، هەموو یان لە بتپەرستان جودا کراونەتەوە. هەر هەموویان و بتپەرستانیش، حەواڵەی ڕۆژی دوایی کراون بۆ ئەوەی خوای دادگەر بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات. لە مێژووی ئیسلامیدا بینیومانە موسڵمانان تەنانەت ڕێگایان بە هیندۆسەکان داوە بە ناوی مەجووسەوە بێنە ناو شارەکانیانەوە بۆ خوێندن و کەسابەت و تیجارەت و خۆشیان سوودیان لەو کرانەوە فەرهەنگییە وەرگرتووە بۆ بڵاو کردنەوەی ئیسلام لە هیندستان و چین و زۆر شوێنی تر.

دووەم: وەرگرتنی جزیە لە ئەهلی کیتاب:

وشەی (الجزیة): لە فەرهەنگی زاراوەی هزری ئیسلامیدا، ئەو بڕە پارەیەیە کە لە خاوەن ئایینەکانی دیکە وەردەگیرێت لە بەرامبەر پەیمانی مانەوە و نیشتەجێبوونیان لە وڵاتی ئیسلامیدا. ئیبن قودامە لەبارەی جزیەوە فەرموویەتی: ئەو بڕە دیاریکراوەیە کە لە کافران وەردەگیرێت

هەموو ساڵێک، لەبەر نیشتەجێبوونی لە خاکی ئیسلامدا. ڕەوابوونی ئەم باجە دەگەڕێتەوە بۆ ئایەتی ژمارە ٢٩ی سوورەتی تەوبە (قَـاتِلُواْ الَّـذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَلاَ بِالْيَوْمِ الآخِرِ وَلاَ يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللّـهُ وَرَسُـولُهُ وَلاَ يَـدِينُونَ دِيـنَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُواْ الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ) (التوبة: ٢٩). ئەم ئـایەتە لە سـەردەمی پێغەمـبەردا بەسـەر جـوولەکە و گـاور و مەجووسـیەکاندا جێبەجێکـرا. مەرجەکـانی وەرگرتنـی ئەم بـاجە لەلایەن پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر) دیاریکرا. کە گرنگترینیان ئەوە بـوو هەرکەسێک توانـای کـارکردنی هەبێت، پێویسـتە جـزیە بـدات و ملکەچـی دەوڵەت بێت، کە ئەمەش دەبووە هۆی زیادبوونی هێزی کار لە وڵاتدا. لە هەمان کاتدا، نەدەبوو زیاتر لە توانای خۆیان باجیـان لێبسـەندرێت. بـڕی پارەکەش تەنها یەک دینـار واتە یەک مسـقاڵ بـوو بۆ سـاڵێک و کەسـانی بێکار و پیر و ژن و منداڵ بەخشـرابوون لە دانـی جزیە. واتە ئەم ئەرکە ڕاستەوانە بەسترابوو بە ماف و هەلومەرجی کارکردنەوە.

ورووژانـدنی ئەم گومـانی جـزیەیە لەو سـۆنگەوە بـووە، کە بـۆچی دەبێت ئەهلی کیتاب ئەم باجەیان لێبسەندرێت؟ ئایا ئەمـە جیاکـاریی نییە و جۆرێـک نـیـیە لە پـلە دوویـی؟ لە وەڵامـدا دەڵـێـین: "العبـرة بالمقاصـد والمعاني لا بالألفاظ و المباني"، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسـەی لەنـاو خـاکی ئیسـلامدا دەژی، ئەگەر سـەرچاوەی دارایـی هەبـوو، پێویسـتە هەنـدێک ئیلتیزامـاتی دارایـی بگـرێتە ئەسـتۆ، کە ئەمە لە وڵاتـانی دیـکەدا نـاوی لێدەنرێت: باج، ضـریبە،Tax. وەک وشـە دەوترێت ئەم وشـە لە بنەڕەتدا لە وشــەی (گزیـت)ی فارسـی وەرگیـراوە و یەکەمجـار کیسـراکان واتە پاشاکانی زنجیرەی ساسانی فەرزیان کرد لەسەر خەڵک. بۆ بەڕێکردنـی سوپاکانیان، مێژوونووسی هیندی عەللامە شبلی نوعمـانی، لە نامەیەکیدا بۆ گۆڤاری (المنار) ئەم بۆچوونەی پشتڕاست کردووەتەوە.

هەندێک لە زانایان پێیان وایە وشەی جزیە لە (إجزاء)ەوە هاتووە، واتە دەبێتە هۆی وازهێنان لە ئەهلی کیتاب و ڕێگەپێدانیان بۆ نیشتەجێبوون لە وڵاتی ئیسلامیدا. هەندێکی تر دەڵێن لە (جزاء)ەوە هاتووە، واتە پاداشتێکە کە ئەهلی کیتاب دەیدەن بە موسڵمانان لە بەرامبەر پاراستنی گیان و ماڵیانەوە. ئەم بۆچوون و تەئویلانە ئەگەر بۆ سەردەمانی پێشوو تا ئەندازەیەک لە قورسایی و زبری وشەکە کەمبکەنەوە، بۆ ئەمڕۆ کە سیستەمی بەڕێوەبردن زۆر گۆڕاوە و هەموو هاوڵاتییەک لە چوارچێوەی وڵاتێکی خاوەن دەستوور و یاسادا بەسەر دەبات و ماف و ئەرکەکان دیار و ئاشکران، پێویست دەکات، ڕوانگەیەکی تر بدۆزینەوە، کە لەگەڵ جەوهەری پەیامی ئیسلامەتیدا یەکانگیر بێت، کە ئەویش بێگومان لە بۆچوونی زانایانی هاوچەرخی وەکو مستەفا سیباعی، عەبدولکەریم زەیدان، یوسف قەڕزاوی، وەهبە زوحەیلی و.... بەرچاو دەکەوێت.

مستەفا سیباعی هەر بە گەڕانەوە بۆ دەقی ئایەتەکەی سوورەی تەوبە بڕوای وەهایە، لە دەوڵەتی ئەمڕۆدا جزیە لە هاوڵاتیانی ناموسڵمان وەرناگیرێت، چونکە ئەمانە کەسانێک نین جەنگاوەر یان دژ و نەیاری موسڵمانان بن، ئەو ئایەتە لەو ساتەوەختانەدا هاتووەتە خوارەوە، کە موسڵمان و ناموسڵمان دەجەنگین و خوێنی یەکتریان بە حەڵاڵ دەزانی.

دکتۆر عەبدولکەریم زەیدان، وەرگرتنی جزیە لە ئەهلی کیتاب دەبەستێت بەو هەلومەرجانەوە، کە ئامادە نەبن بەرگریی لە دەوڵەتی ئیسلامی بکەن، واتە ئەگەر ئەوانیش وەک موسڵمانان گۆشەیەکی ئەرکی پاراستنی وڵات بگرنەئەستۆ و ئامادەبن وەک هەر موسڵمانێک ڕۆڵ ببینن لە ئەرک و فەرمانەکاندا، ئەوسا جزیەیان لەسەر لادەچێت. بۆ ئەم بۆچوونەش چەندین نموونە و بەڵگەی مێژوویی دەهێنێتەوە.

دکتۆر یوسف قەڕزاوی جزیە بە بەدیلی خزمەتی سەربازی ناو دەبات و پێی وایە هەر کەسێک ئامادەبێت وەک هاووڵاتییانی دیکە سەربازی و بەرگریی لە خاکی وڵاتی ئیسلام بکات، جزیەی لەسەر لادەچێت.

خۆ ئەگەر واقیعی بین و تەحلیلی زەکاتیش بکەین، کە خراوەتە سەر هەر موسڵمانێکی پارەداری دەوڵەمەند، دەبینین زەکاتیش بۆ خۆی باجێکی ساڵانەیە و بەزۆر دەسەندرێت، بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی ئابووری لە ناو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا. هەربۆیە کاتێک ژمارەیەک لە مەسیحییەکانی تیرەی تەغلیب داوایان کرد ئەو باجەی لێیان دەسەندرێت، ناوی جزیە نەبێت و بە زەکات ناوزەد بکرێت، عومەری کوڕی خەتتاب، داواکەیانی سەلماندن و لەوەبەدوا ناوی زەکاتی لێنا.

جگە لەم باجی جزیەیە کە ڕێکاری شەرعی و ئەدەبی جوانی بۆ دیاریکراوە و ئێستاکەش بە فتوای زانایانی بڕواپێکراو، کاری پێناکرێت، لەڕاستیدا جیاکارییەکی ئەوتۆ لە نێوان موسڵمان و ناموسڵماندا نەماوە، کە ببێتە هۆی پلە دوویی، لە ڕووی وەرگرتنی پۆست و پلەی ئیداری و سیاسییەوە، ئەوەی هەبێت هەندێک یاسای باری کەسێتییە، کە ئەویش پاراستنی خصووصیەتی ئایینەکان وای دەخوازێت و بوونی فرەیی و هەندێک ئیعتیباراتی ئەخلاقی تایبەت پێویستی کردوون و دیسانەوەش قابیلی قسە و گفتوگۆی تازەن و ڕەوت و کاروانی مێژووش نەوەستاوە، کە ڕەنگە وردە وردە ئەوانەش کاڵ ببنەوە و ڕێکاری گونجاوتریان بۆ پێشنیار بکرێت.

**سێیەم: سەرۆکایەتی ناموسڵمان بۆ وڵاتێکی زۆرینە موسڵمان:**

ئەوەی لە فیقهی کلاسیکی مەزهەبە جیاوازەکان ورد ببێتەوە، دەبینێت، کۆڕایەک هەیە لەسەر ئەوەی کە نابێت کەسی ناموسڵمان سەرۆکایەتی دەوڵەتێکی زۆرینە موسڵمان بکات، یان تەنانەت پۆستێکی

تەفویزی وەربگرێت تیایدا. ئەم هەڵوێستە زادەی هەلومەرجی مێژوویی و کەلتووری پێکهاتەی دەوڵەتانی پێشووە و لەڕاستیدا لەسەر بنەمای دەقێکی قەتعی لە کیتاب و سوننەی نەبەوی دانەڕێژراوە، هەتا بۆ هەموو ئان و سات و شوێن و کۆمەڵگایەک مولزیم بێت. لەو ڕوانگەیەوە ڕاستە کە دەوڵەتی پێشوو دەوڵەتی تاکەکەس و خێڵ و تەنانەت دەوڵەتی ئایدۆلۆژیا بووە، بە جۆرێک کە هەموو دەسەڵاتەکان لە کەسایەتی فەرمانڕەوادا کۆدەبوونەوە و فەرمانڕەواش بەپێی ڕەوا دید و بۆچوونی خۆی و بەرژەوەندی خۆی و دەوروبەری حوکمی دەکرد، کەواتە زۆر سروشتی بووە کە فیقهیش لەو ڕوانگەوە تەرکیز بکاتە سەر شووناسی کەسێتی فەرمانڕەوا و ڕێگە نەدات کەسێکی ناموسڵمان، حوکمی گەلێکی زۆرینە موسڵمان بکات. بەڵام ئەمڕۆ کە دەوڵەت لەو دۆخە سادە و بەراییە تێپەڕیوە و بووەتە کۆمەڵێک دەزگا و دەسەڵاتی جیا جیا و سنووردار و سەرۆکی وڵات، لەڕاستیدا نوێنەرایەتی دەزگایەکی دەستووری و یاسایی پێناسەکراو دەکات و ئەرک و فرمان و دەسەڵاتەکانی بە تەواوی و بە وردی دیاریکراون و چەندین چاودێری دادوەری و سیاسیی و یاسایی و جەماوەری بەسەرەوەیە، بێگومان بابەتەکە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە و ناکرێت بە پێودانگی کتێبەکانی ماوەردی و فەڕرا و فەقیهەکانی سەردەمی زوو، پۆستی سەرۆکایەتی بپێوین، یاخود ڕێگر بین لە پۆست وەرگرتنی کەسانێک، تەنها بە بیانووی جیاوازی ئاین و بیر و بڕوا، ئەمڕۆ کۆمەڵە پێوەرێک لە وڵاتدا بۆ پۆستە باڵا و گرنگەکانی دەوڵەت دیاریکراون، لە ڕێگای گرتنەبەری میکانیزمی نویێ بۆ بەدەستهێنانیان، دیارە فیقهی ئیسلامی دەتوانێت بە نەفەسێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە و هەموو پرسەکانی دیکە بکات، بەتایبەت کە پۆستی سەرۆکایەتی و وەزارەت و سەدارەت و بەڕێوەبردن دەڕۆنە ناو جوغزی موعامەلات و بازنەی موباحاتەوە،

کەواتە بنەما ئەوەیە کە دەقێکی قەتعی لە میاندا نەبێت، واتە حوکمەکەی نەبڕابێتەوە، گرنگ ئەوەیە وڵات لەسەر بنەمای دادگەری و ڕەخساندنی هەلومەرجی یەکسان بۆ هەموو تاکەکان و بەهرەمەندبوونی هەموو کەسێک لە خێر و بێری وڵات بەڕێوە بچێت و کەس لە سنووری یاساکان تێپەڕ نەبێت. لە سەدەی ڕابردوودا، بیرمەندی گەورەی ئیسلامیی پشتگیری لە ژنێک کرد، کە ناوی فاتیمەخان بوو بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆک کۆماری پاکستان، هەندێک لە زانا تەقلیدییەکان وتیان: "لن یفلح قوم ولوا أمرهم أمراة"، واتە بەو فەرموودەیە، کە دیارە تەئویل و پاساوی خۆی هەیە، پلاریان تێگرت، ئەویش لە وەڵامدا وتی: "وهل یفلح قوم ولوا أمرهم طاغیة؟" واتە ئایا ئەو گەلەش کە دیکتاتۆرێک دەکەن بە سەرۆکی خۆیان، سەردەکەون؟

بەپێی یاسا و ڕێسا شەرعییەکان بێت، چەند مەرجێکی بابەتیانە دانراون بۆ پۆستی سەرۆکایەتی و وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی ئەوانیش: توانست و دەستپاکی و پارێزکاری و زانابیە (القوة و الأمانة و الحفظ و العلم ).

بەتایبەت لە دنیایەکدا کە گەل بۆ خۆی کاربەدەستانی خۆی هەڵدەبژێرێت، پێویست ناکات، پێوەری مەزهەب دابنرێت، بۆ سپاردنی پۆست و پلە گرنگەکان، چونکە هیچ پۆستێک تا سەر و هەمیشەیی نییە و هەموو کەسێکیش وا لە ژێر چاودێری وردی دەزگاکانی پەرلەمان و دادوەری و ڕای گشتی خەڵک و زۆرینە بڕیار دەدەن و لە ئەنجامدا ئەو کەسەش دەیباتەوە کە متمانەی زۆرینەی بەدەستهێنابێت.

### هۆیەکانی خراپ حاڵیبوون:

بێگومان بۆمان هەیە دوای ئەو باسەی کە کردمان بپرسین بۆچی وێڕای بوونی ئەو هەموو یاسا و نموونە جوانە، بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون، کەچی هێشتا موسڵمانان نایانەوێت، ڕێگا بکەنەوە بۆ

ناموسڵمانەکان کە پۆست و پلە وەربگرن، یاخود کەلتووری پێکەوەژیان بکەنە سەرتابلۆی سیاسیی خۆیان؟ لە وەڵامدا دەڵێین ئەم حاڵەتە و ئەم خراپحاڵیبوون و مەترسییە لە کەسانی جیاوازی ئاینی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەکەین:

١ـ وازهێنان لە دەقە بنەڕەتی و گشتییەکانی ئیسلام، چ ئەو دەقە قورئانییانەی جەخت لەسەر مەبدەئی دادگەری و نەهێشتنی ستەم و بەسووک نەزانینی هیچ کەس و لایەن و گەلێک. یان ئەو ڕەفتارە ئینسانیی و حەکیمانەی پێغەمبەری مەزنی ئیسلام بەرامبەر خەڵکانی خاوەن بیر و ئایدیای جیاواز نواندوونی. لەباتی ئەو دەقانە سووربوون لەسەر هەندێک مومارەسەی هەڵەی پادشا و سوڵتانەکان.

٢ـ نەبەستنەوەی دەقەکان بە هەلومەرجی مێژوویی و دەلالەتی ڕووداوەکانەوە. بەشێک لەو تێکستە فیقهیی و فیکرییانەی کە ڕەنگە بۆنی جیاکاری لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاینەکانی دیکەی لێبکرێت، یان ڕێگر بێت لە پیادەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون، پێویستە ببەسترێن بە هەلومەرجی مێژوویی نووسینیانەوە، وەک ئیجتیهاد و فەتوایەکی بەشەری سنووردار بە سنوورەکانی کات و شوێن، نەک وەک بڕیارێکی هەتاهەتایی.

٣ـ ڕووداوە مێژووییەکان خراونەتە پێش دەقە شەرعییەکان. وەک ئەوەی هەندێک کەس بە نیازی خراپ، یان بە تێگەیشتنی ناواقیعیی، دەیەوێت هەڵوێستی مێژوویی مەزهەبەکانی فیقە بکاتە بەڵگە و سەنەدی ڕێکاری ئەمڕۆژی بۆ فیقهی سیاسی و پشتدەکاتە هەموو ئەو دەقە قورئانییە ڕۆشنانەی کە لە خاڵی یەکەمدا باسمانکرد.

٤ـ قودسییەت بەخشین بە زانا پێشینەکان و بۆچوونەکانیان و بە تەنها بۆچوونی ڕاست زانین. کاتێک کەسێک تەنها لە ڕوانگەی کەلەپووری فیقهی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی نوێ،

دەوڵەتـــی خزمەتگـــوزاری و ئـــاڵوگۆڕ و جیـــاکردنەوەی دەســـەڵاتەکان. بێگومان ناتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆ بێت، هەربۆیە زۆر بە ئاسانی خەڵکی وڵات پلەبەندی دەکات و ئامادە نییە پەیڕەوی ڕێکارەکانی هاوڵاتیبوون بکات.

٥- خیانەتکاری هەندێک لە ناموسڵمانەکان دەرحەق بە موسڵمانان لە هەندێک قۆناغی مێژووییدا: خەڵکێکی نەسرانی یان جوولەکە، ڕەنگە لە قۆناغێکدا پیلانـی دژ بە موسـڵمانان کردبێـت و لە ئەنجامـدا زەبرێکـی کوشـــندەی لێوەشـــاندبن، کە ئەمەش کـــاردانەوە لای موســـڵمانان دروستدەکات، بەوەی ڕێگا نەدەن خەڵکێک سـەر بە ئایینێکی تر پۆستی گرنگ و باڵا وەربگرێت.

٦- گرنگیدانی هەندێک دەسەڵاتداری موسڵمان بە کەمینە ئایینییەکان لەســـەر حســـابی زۆریـــنە موســـڵمانەکە. وەک ئەوەی ســـەردەمێک دەســـەڵاتدارانی میسـری زۆر قەدری جوولەکەکانیـان دەگـرت، تـا وای لێهات شاعیرێک بەناوی حەسەنی کوڕی خاقان لە شیعرێکدا، بە پلارەوە داوا دەکات لە خەڵکی میسر، کە هەموویان ببنە جوولەکە.

٧- هەڵدانەوەی ڕقی مێژوویی، وەک ئەوەی خەڵکی ئیسپانیا دەرحەق بە موسـڵمانان کردیـان، چـونکە چەنـدین سـەدە ڕقیـان کۆکردبـووەوە لەســـەر ئەهلـی ئیســـلام و خۆیانیـان لەســـەر بارهێنـابوو، هەربـۆیە کە دەسەڵاتیان پەیدا کرد، هیچ یاسا و نەریتێکیان لە قەتڵوعامی موسڵماناندا ڕەچـاو نەکـرد، کە بێگومـان ئەم ڕەفتارەیـان ڕقێکـی زۆری بـۆ ئەهلـی ئیسـلام دروسـتکرد و بە تەواوی بەدبینیـان کـردن، لە پەیڕەوانـی ئـاینی مەسیحی.

پوختەی قسان ئەوەیە: هاوڵاتیبوون چەمکێکی سیاسی و دەسـتووری و بنەڕەتی گرنگە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نوێی پێکهاتوو لە ئـایین و مەزهەب و ڕەگەز و نەتەوەی جیاواز، بەبێ جیاکاری یاسـایی لە نێوان

تاکەکانیدا، واتە سەلماندنی یەکسانی یاسایی بۆ هەموو کەسێک، بەدەر لە دەمارگیری قەومی و ئایینی و مەزهەبی و ئەتنی، ئەم چەمکە لە ڕوانگەی قورئان و سوننەتەوە بە تەواوی یەکانگیرە لەگەڵ جەوهەری بەرنامە و پەیامی پێغەمبەرانی خودا، لە سەردەمی بەرەبەیانی ئیسلامدا، بە پێوەرەکانی ئەو سەردەمە، بە ڕێژەیەکی باش پەیڕەوکراوە و هەنووکەش بە بۆچوونی زانایانی هاوچەرخ و شارەزا، هیچ ڕێگرێکی شەرعی لەسەر نییە و پێویستە کەسی موسڵمان پێش هەرکەسێکی تر بانگەوازی بۆ بکات.

هەندێک لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم نووسینە سوودیان لێ بینراوە:


١. مجموعة الوثائق السياسية، محمد حميد الله.

٢. السيرة النبوية، الدكتور محمد علي الصلابي.

٣. نظام الحكم، ظافر القاسمي.

٤. وثيقة المدينة.. المضمون والدلالة، أحمد قائد الشعيبي.

٥. فقه الزكاة، الدكتور يوسف القرضاوي

٦. ابن تيمية، العلامه الشيخ محمد أبي زهرة.

٧. الإسلام والجزية، العلامه الشبلي النعماني، مجلة (المنار)، العدد (٤٤)، السنة الأولى، ٩ من رمضان سنة ١٣١٦هـ ـ ٢١ من يناير سنة ١٨٩٩م.

٨. الحضارة الإسلامية في القرن الرابع الهجري، آدم متز.

٩. نظام السلم والحرب في الإسلام، الدكتور مصطفى السباعي.

١٠. مواطنون لا ذميون، الأستاذ فهمي هويدي.

١١. الدستور المصرى.

١٢. الدستور العراقى.

# نەخشەی بیری سیاسیی لە ئیسلامدا

## پێشەکی

مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی زۆرانبازی مرۆڤ لەگەڵ خۆی، لەگەڵ بوونەوەر لەگەڵ دروستکراوانی تر. پەیامە ئایینییەکان هەمیشە ویستوویانە مرۆڤ ڕێنمایی بکەن بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیدا، لە پێناوی ئاوەدانی ژیان و پێشکەوتندا. ئیسلام دواهەمین پەیامی ئاسمانە، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی ژیان و دەستگرتنی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە کەنارەکانی ئارامی ڕووح و بەختەوەری بەرنامەکانی ئەم ئایینە لەگەڵ سروشت و بوونی مرۆڤدا بەتەواوی گونجاوە. بۆ تێگەیشتن لەم ڕاستییە، کافییە بەراوردێک لە نێوان بڕیار و بایەخەکانی شەریعەت و یاسا سروشتییەکان بکەین.

ئەفرێنەر و ئەفرێنراو "الخالق والمخلوق":

هەموو ئەفرێنراوێک ئەفرێنەرێکی هەیە، کەواتە بوونەوەر سروشتی و ژیانیش لەخۆوە پەیدا نەبوون، بەڵکو بەدیهێنراوی خودایەکی خاوەن هێز و دەسەڵات و ویست و خواستن، کە لە ڕێگەی ئەفراندنەوە هەموو جوانییەکانی ژیان و بوون و حیکمەتەکانی بڕیار و ویستی خۆی نمایش کردووە.

### ئامانجی بوون "غاية الوجود"

مرۆڤ لە بوون و ژیانی خۆیدا، بیەوێت یان نەیەوێت، بە دووی مەبەستێکدا وێڵە و دەیەوێت مانا بە بوونی خۆی ببەخشێت، لەم وێڵبوون و گەڕانەدا ڕووبەڕووی مرۆڤەکانی تر دەبێتەوە، ئەوسا لەگەڵ هەندێکیان هاوکار و هاوبیر دەبێت و لەگەڵ هەندێکیشیان تێکدەدرێت. دیارە هەر کام لەم هاوکاری و تێکگیرانە، پێویستی بە بوونی یاسا و ڕێسا هەیە، تا ببێتە پێوەر و تەرازووی مرۆڤ و کۆمەڵگا پێوەری پابەند بێت.

**بایەخ و ئامانجەکان:**

پابەندبوون بە بایەخ و بەهاکانی لە چوارچێوەی سیستەمێک، یان یاسایەک، پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مرۆڤ لە ژیاندا، بەڵام پێوانەکانی باش و خراپ، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕین، هەربۆیە بیری مرۆڤ لە کاتی هەڵسەنگاندن و یاسادانانندا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی کات و شوێنەوە. هەربۆیە چەمک و پێناسەکانی خەڵک بۆ باش و خراپ جیاواز و دژبەیەکن و لە ئەنجامدا بە شێوەی لاسەنگی لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت. لێرەوە زەرووڕەتی بوونی دەستوورێکی نەگۆڕ و هەمەلایەنە و گشتگیر خۆی دەنوێنێت، کە بێگومان مرۆڤ زۆر لەوە لاوازترە بۆ خۆی بتوانێت دەستوور و یاسایەکی ئەوەندە بەرز و شکۆمەند بەرهەم بهێنێت و بڕوا بە خوای پەروەردگار و دەتوانێت یاریدەدەری مرۆڤ بێت بۆ دەسکەوتن و بەدەستهێنانی دەستوورێکی لەو چەشنە، کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شەریعەتەکەیدا بەرجەستە دەبێت.

**مانای ئیسلام:**

ناوەڕۆکی ئیسلام:

ناوەڕۆکی ئیسلام، بریتییە لە بڕوای تەواو بەم چەمکە بنەڕەتییانە:

١. ڕاستی بوونی خودا و توانای بێسنوور و زانستی گشتگیری ئەو.

٢. ڕاستی مرۆڤ و توانا و وزە سنووردارەکانی.

٣. پەیوەندیی ڕاست و دروست لە نێوان مرۆڤ و خودای تاک و تەنها.

ئەم بڕوایەش داوای ئەوە دەکات، کە مرۆڤ ملکەچی خودا بێ لە ژیان و هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا. بۆ گەیشتن بەم بڕوایە هەموو بانگەواز و تێکۆشانێک کراوە و تا مرۆڤایەتی بە بەندایەتی و کۆیلایەتی بۆ بیر و بۆچوونە مرۆڤکردەکان ڕزگاری ببێت.

**سروشتی ئیسلام:**

یەکەمین و بنەڕەتیترین پرس لە ئیسلامدا بریتییە لە بیروبڕوا.

قورئانی پیرۆز لە قۆناغی مەککەدا سێزدە ساڵ جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردەوە و ڕووی گوتاری لە مرۆڤ بوو وەکو مرۆڤ، بۆ ئەوەی لە بوون و ژیان و سەرچاوەی بوون و چارەنووس و لە پەیوەندیی ئەو بە خودا و ڕازی ئەم پەیوەندییە تێبگات و ئینجا ئەم بیر و بڕوایە بکاتە بناغەی تێفکرین و ڕێکخستن و هەڵسوکەوت و بەرجەستەکردنی بەها بەرزەکانی.

**بەرنامەی ئیسلام:**

دوای جێگیربوونی عەقیدە لە دڵ و دەروونندا، پێویستە ئەم عەقیدەیە ببێتە بزاڤ و ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک و کۆمەڵ. کەواتە ئیسلام تەنها تیۆر و بیردۆزە نییە، بەڵکو بەرنامەیەکی گشتگیرە بۆ هەموو ئاست و بۆ هەموو بوارەکان. بەرنامەیەکە بۆ دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی و سەلماندنی دەسەڵاتی ڕاستەقینەی یاسا و بڕیاردان بۆ خودای تاک و تەنها. بەرنامەی ئیسلام لەم ڕوانگەوە بەرنامەیەکی واقیعی بۆ هاوسەنگکردنی ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤ بەبێ کورتهێنان لەلایەنێکدا.

**لە نێوان مەسیحیەت و ئیسلامدا:**

ئایینی مەسیحیەت: لە مێژوودا ئایینی ڕووحانیەت و کاروباری دەروون و بابەتە ویژدانیەکان بووە و نەیپەرژاوەتەوە سەر کاروباری دەوڵەت و فەرمانڕەوایی ئیسلام، هاتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەم لایەنە و یاسای داڕشتوە بۆ کاروبارە جیاجیاکانی کۆمەڵ.

بەرزترین ئامانجی بانگەوازی ئیسلامی هەمیشە ئەوەبووە، کە بناغەی دەوڵەت لەسەر ئەو یاسایانە دابمەزرێنێت، کە قورئان هێناونی و سوننەت و سیرەتی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوایی لەسەر) ڕوونی کردوونەتەوە. کەواتە لە ئیسلامدا ئایین لە دەوڵەت جودا نییە و ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە بەرگریی لە یاسا و بنەما و بایەخە شەرعییەکان بکات. لەهەمان کاتدا لە نێوان مرۆڤ و خودادا هیچ دەسەڵاتێک نابێتە ئەڵقەی پەیوەندیی و تەنانەت پێغەمبەری خۆشەویست هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، جگە لە ڕێنمایی و بیرخستنەوە و ڕوونکردنەوەی یاسا و بڕیارەکانی خوای پەروەردگار.

بە پێچەوانەی مەسیحیەت، کە پیاوە ئایینییەکان بووبوونە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و خوای پەروەردگار.

**فەرمانڕەوایەتی لە ئیسلامدا:**

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە فەرمانڕەوایەتی تەنها بە ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایانە دەبێتە فەرمانڕەوایەتیەکی شەرعی:

١. بڕیاردان لەسەربنەمای شەریعەت (قورئان و سوننەت).

٢. فەرمانڕەوایەتی لەسەر بنەمای ڕاوێژ (شوورا)

٣. فەرمانڕەوایەتی لەسەر بنەمای (ڕەزامەندی)

پەیوەندیی تەواوکارانە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن:

ئەنجومەنی ڕاوێژ کۆڵەکەی بەڕێوەبردنی وڵاتە (وأمرهم شورى بينهم) پێشەوای موسڵمانان بۆ خۆی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ڕاوێژ دەکات، کەواتە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، تەواوکەری یەکترین. بەپێچەوانەی دیموکراسیەتی لیبراڵیزمی غەربی، کە دەیەوێت ئەم دەسەڵاتانە لە یەکتری جیا بکاتەوە و لە ئەنجامدا زۆر کێشەی دەستووری لە وڵاتدا دێتە ئاراوە.

**هاووڵاتی لە دەوڵەتی ئیسلامدا:**

هاووڵاتی لە دەوڵەتی ئیسلامدا بریتییە لە کەسی بڕوادار بە یەکتاپەرستی و خاوەن هەڵوێست و پەیڕەوی شەریعەتی ئیسلام. لە هەمان کاتدا دەوڵەتی ئیسلامی کەسانی تریش لەخۆدەگرێت وەکو: ئەهلی کیتاب و ئەهلی فیترەت و بێ بڕوا و کافر. لە سەرەتای ئیسلامدا وردە وردە ئەهلی فیترەت و ئەهلی شیرک هاتنە ڕیزی موسڵمانانەوە. مایەوە خەڵکانی تر وەک گاور و جوو ئاگرپەرست و خاوەن ئایینەکانی دیکە، ئەمانیش ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و دوور لە پیلان و فیتنەگێڕی ئامادەبان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا بژین، ئەوا ماف و ئەرکیان بۆ دیاری دەکرا و لە چوارچێوەی دەوڵەتدا گیان و ناموسیان دەپارێزرا.

**مافەکانی تاک:**

گرنگترین ماف بریتییە لە دادگەری و یەکسانی و ئازادی بیروڕاو خاوەندارێتی و مافی خوێندن و گەورەیی و شکۆداری.

**ئەرکەکانی تاک.**

پابەندبوون بە فەرمانەکانی پێشەوا و جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینی و ڕەوشتییەکان و ڕێزگرتن لە بڕیاری شوورا و دەستەجەمعی و تێکۆشان لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلامدا.

# سەرنجێک بۆ پەروەردە و بنیاتنان
# لە ڕوانگەیەکی قورئانییەوە

پرۆسەی پەروەردە پرۆسەی بڕیار و نەخشەی خوداییە، بۆ باخێکی گەورە کە ناوی گەردوونە، گەردوونێکی ڕەنگاوڕەنگی فرەچەشن، فرەلایەن و ڕازاوە و چراخان. خودا خۆی هەموو جیهان و جیهانییان پەروەردە دەکات (الحمد لله رب العالمین). لە جیهانی گەردیلە و ئەتۆمەوە تا جیهانی خۆر و کاکێشان و دوورییە زۆر دوورەکان، لە فیزیکەوە تا سنوورەکانی میتافیزیک، هەموو جیهانەکانی ناسووت و مەلەکووت و جەبەرووت، پەروەردەیان دەکات بە بڕیار و بە ئیرادە و بە ویست و دەسەڵاتی خۆی.

جیهانی بینراو و نەبینراو، قورئان جیهانی بینراو ناودەنێ (الشهادة). جیهانی نەبینراو ناو دەنێ (الغیب)، نەبینراویش دوو جۆرە: غەیبی ڕەها (الغیب المطلق) و غەیبی ڕێژەیی (الغیب النسبی). لە سەرووی ئەم دوو جیهانەوە جیهانی مەلەکووت و جەبەرووت هەیە، کە دەوترێ خودا (رب العالمین)ە، مەبەست هەموو ئەمانەیە بە هەموو لق و پۆپ و گۆشەکانیانەوە.

ئەم پەروەردەیە لە ژێر دوو ناوی جوانی (اللطیف) و (الخبیر) ڕەنگی داوەتەوە: (ألا یعلم من خلق و هو اللطیف الخبیر). واتە خودای خاوەن لوتف و شارەزا لە ناخ و جەوهەر و ڕاستەقینەی بوون و بوونەوەر و زیندەوەر.

کەماڵی پەروەردە، واتە پەروەردەی تەواو و ڕاستەقینە لە چراخانی نبووەتەوە سەرچاوە دەگرێت. گەورەترین پەروەردە، پەروەردەی ناخە، پەروەردەی خودە لە سەر سێ بنەما پێکدێت:

فەرمانبەریی، کۆنترۆڵی خود، جێنشینایەتی.

(أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ) (النساء: ٥٩).

پەروەردەی تاک، خشتی یەکەمی بنیاتنانی کۆمەڵە، پایەی یەکەمی پەروەردەش بریتییە لە یەکتاپەرستی، ئەو یەکتاپەرستییەی دەبێتە ئیکسیری مسی قەڵبی وجوودی مرۆڤ و دەیکات بە زێڕ.

گەورەترین کۆسپی بەردەم پەروەردەش، بریتییە لە شیرک و بتپەرستیی (بە هەموو جۆرەکانیەوە): شتپەرستی، کەسپەرستی، حیزبپەرستی، گرووپ و ڕەگەزپەرستی.

(وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ) (النحل: ٣٦).

پەروەردەی مرۆڤ سێ ئامڕازی هەیە:

* یەکەم: عەقل و ژیریی و زانست، بۆ ئەوەی پەروەردەکار لە خۆی و لە پەروەردەکراو و جیهان تێبگات.

* دووەم: ڕێزگرتن لە کات و سوودوەرگرتن وەکو سەرمایەی ڕەمزیی ژیانی تاک و کۆمەڵ.

* سێیەم: بەرپرسیارێتی واتە بوونی یاسا و شەریعەت، بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکان و ڕێکخستنیان.

پرۆسەی بنیاتنانی پەروەردەیی پێویستی بەم ڕەگەزانەی خوارەوە هەیە:

١. نەخشەی ڕێگا... وأن هذا صراطي مستقيما فاتبعوه.

٢. هێزی جێبەجێکردن، هێزی مەعریفی و هێزی سیاسی و هێزی ئابووری و هێزی گەل، کە هەموویان لەم ئایەتەدا کۆدەبنەوە: (وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا اسْتَطَعْتُم مِّن قُوَّةٍ وَمِن رِّبَاطِ الْخَيْلِ) (الأنفال: ٦٠).

٣. بەدواداچوون و چاودێریی، (قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ) (يوسف: ٥٥).

بۆ هەموو پرۆسەیەکی پەروەردەییش پێویستمان بە ڕێنوما و سەرمەشق هەیە، (ولكم في رسول الله أسوة حسنة). هەر بۆیە خوای پەروەردگار لە هەلومەرجە دژوارەکاندا خۆی خەڵکانێک هەڵدەبژێرێت بۆ چوونە ژێرباری هیدایەت و کارگیری و خزمەت بە خەڵک، (إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكاً) (البقرة: ٢٤٧). (وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاء) (آل عمران: ١٤٠).

لەسەرووی هەموو ئەمانەوە بڕوا و پشتبەستنمان بە خودا هەیە، بۆ ئەوەی ڕێکارە ماددیی و زانستییەکان کاریگەرییان هەبێ، چونکە هیچ پرۆسەیەکی پەروەردەیی بەبێ تەوفیق و عینایەتی خودایی ئەنجام و کارایی نابێت.

وما النصر إلا من عند الله.

کە لە دروشمی (إياك نعبد وإياك نستعين)دا بە جوانی دەخوێندرێتەوە.

# میانڕەویی و کاریگەریی ئەو
# لە پەروەردەیەکی ئیسلامیی هاوسەنگدا

**پێناسەی میانڕەویی:**

میانڕەوی ئەو ڕێگا و ڕێبازە فیکریی و رەفتاریەیە کە پشت بە عەقڵ و حــیکمەت و گۆڕانکــاریی بەکــاوەخۆ و سروشــتیی دەبەســتێت لە هەڵوێست و بیروڕا و دوور دەکەوێتەوە لە دەمارگیریی و ڕەهـایی فیکر و تەکفیر و بڕیاردان لەسەر ئەم و ئەو.

**میانڕەویی فیکریی و بڕوایی:**

بڕوابوون بە بوونی بیری جیاواز و پێویستی بوونی جیاوازیی هزری.

**میانرەویی ئاکاری و سلوکی:**

ڕێزگرتن لە بوون و بیرکردنەوەی جیاواز.

**ڕەگەزەکانی میانڕەویی:**

- بیروبڕوا و جیهانبینی کراوە.
- ئەزموونی دینداریی قووڵ.
- مرۆڤناسیی هاوسەنگ.
- پەروەردەی دروست.
- مەنهەجییەت و پلان و گەشبینی بە دوارۆژ.
- ڕێنما و پەروەرشکاری نموونەیی و میانڕەو.

سەرچاوەکانی توندڕەویی:

- سروشتی شەڕەنگێزیی مرۆڤ.
- پەروەردەی دەمارگیرانە.
- دیکتاتۆرییەت و ستەمگەریی بە هەموو جۆرەکانییەوە.
- تێگەیشتنی تاکڕەوانە و سەرپێیی بۆ دەقەکان.
- خوێندنەوەی پەڕگیرانەی کەلتوور و کەلەپووری پێشینان.

***ڕێگاکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەویی:***

- پەروەردە و فێرکردن.
- کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی و بێکاریی.
- دادگەریی و ڕیفۆرمی سیاسی.
- خویندنەوەی زانستییانەی دەق و کەلەپووری پێشین.
- واقیعبینیی لە هەڵسەنگاندنی کەس و ڕووداوەکان.

چەمکە بنەڕەتییەکانی بیری توندڕەویی:

- چەمکی خیلافەت و حوکم و حاکمییەت.
- چەمکی چەسپاندنی شەریعەت.
- چەمکی جیهادکردن لە پێناوی خودا.
- مامەڵەکردن لەگەڵ دەق و کەلەپوور.

**نموونەکانی توندڕەویی لە مێژوودا:**

- نموونەی ڕۆمەکان.
- نموونەی توندڕەویی یەهوودی.
- نموونەی توندڕەویی مەسیحی.
- نموونەی خەواریج.
- نموونەی ئەمەوییەکان.
- نموونەی عەباسییەکان.

- نموونەی ئیسماعیلییەکان.
- نموونەی قەڕامیتە.
- نموونەی شۆڕشگێڕانی فەرەنسا.
- نموونەی شۆڕشی سووری بەڵشەفیی و مارکسییەکان.
- نموونەی داعش.

**ئەنجامگیری:**

- توونـدڕەویی دیـاردە و بزاڤێکـی کـۆن و تـازەی جیهـانی و نیودەوڵەتییە و تایبەت نییە بە ئایین و گەل و خاکێک.

- توونـدڕەویی هەمیشە ویستوویەتی خەڵکانی کەمدەرامەت و یاخی بەکاربهێنێت لە دژی دەسەڵات و دەزگا فەرمییەکان.

- بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توونـدڕەویی پێویست دەکات بەرنامە و پلانـی خێـرا و درێژخـایەن دابنرێـت و هەمـوو سـەرچاوەکانی بیـری توونـدڕەویی وشک بکرێت.

- گوتـاری ئـایینی و گوتـاری سیاسـیی پێکەوە کـاریگەریی زۆریـان هەیە لە کەمکـردنەوەی توونـدڕەویی، بـۆیە دەبـێ دەزگـا ئـایینیی و فەرمییەکانی میریی زۆر وردبینانە و ویستمەندانە کـاربکەن پێکەوە بۆ بنبڕکردنی توونـدڕەویی و هۆکارەکانی.

- گـرووپە ئیسـلامییە میانڕەوەکـان گەورەتـرین زەرەرمەنـدن لە بڵاوبوونەوەی بیری توونـدڕەویی لە جیهانی ئیسلامیدا.

# پەیڤێک لەسەر مەرجەعییەت

لەناو شیعەکاندا سیستەمی مەرجیعییەت گرنگی و بایەخێکی زۆری هەیە، لەو ڕووەوە کە لە هەموو بابەتە ئایینی و سیاسییەکاندا، بە ئەرکی خۆیانی دەزانن، کە پەیڕەویی لە فتوا و هەڵوێستی مەرجیع بکەن، مەرجیع لای ئەوان جێگری ئیمامی مەعصوومە، ئیمامەتیش پایەیەکی بنەڕەتییە لە ئایین و درێژەی پێغەمبەرایەتییە. بەم پێیە لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی شیعەدا، لەو کاتەوە کە شێخ ئەبوجەعفەری تووسی، کە پێی دەگوترێت (شیخ الطائفة) حەوزەی عیلمیی شاری نەجەفی دامەزراند، بوونی مەرجیعییەت بووە عورفێکی مەزهەبی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تائێستاش بەردەوامە، مەرجیع بۆ خۆی پلەیەکە دوای پلەی ئیجتیهاد و شتێک نییە بە مەرسووم، یان بڕیارێکی فەرمیی میری بدرێت بە کەسێک، بەڵکو بە پێی میکانیزمێکی سروشتی دەردەکەوێت، کاتێک لە ناو حەوزەی عیلمیی، موجتەهیدێک بەرجەستە دەبێت و ژمارەیەکی زۆر موجتەهیدی تر پەروەردە دەکات و ڕیسالەیەکی عەمەلی بۆ موقەللیدەکانی دەنووسێت و دەبێتە سەرچاوە بۆ وەرگرتنی ئەحکام و ئادابی شەرعی خەڵکانێک، لە بەرامبەردا ئەوانیش هەموو وجووهی شەرعیی واتە موستەحەققاتی خومس و زەکات دەدەن بەو، مەرجیع بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بەو خەڵکەوە هەبێت، لە هەموو شوێنێکدا وەکیلێک دادەنێت، کە ئەو موستەحەققاتە لەو خەڵکە وەربگرێت و لە هەمان کاتدا دەربڕی بیر و بۆچوون و فتواکانی بێت بۆیان. لە ئەنجامدا لە نێوان مەرجیع و خەڵکیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ دروستدەبێت، کە لە ڕووی ڕووحییەوە لە پەیوەندیی نێوان شێخ و مورید دەچێت، لە خولیای خەڵکیدا دینداریی

کاتێک دروست و ڕەوایە کە لە بازنەی تەقلیدی مەرجەعێکی دانپێدانراودا ئەنجام بدرێت. لە کۆنەوە تا ئێستا مەرجیعەکانی شیعە لە عێراق و ئێران و لوبنان و شوێنانی تریش، خاوەنی پێگەیەکی تایبەتی وەها بوون کە هەموو دەسەڵاتە سیاسییەکان حسابیان بۆ کردوون، چونکە ئەوانە نە تەنها کاروباری مەزهەبی، بەڵکو کاروباری سیاسیشیان لەبەرچاوبووە و بە حوکمی ئەوەی لە ڕووی داراییشەوە سەربەخۆ بوون، هیچ کاریگەری دەسەڵاتیان لەسەر نەبووە و ئازادانە قسەیان کردووە و هەڵوێستیان وەرگرتووە. شۆڕشی مەشرووتە و دواتر بزووتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوت لە سەردەمی موسەددیق و سەرەنجام شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران، سێ بەڵگەی مێژوویی گەورەن لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی دەزگای ئایینی و مەرجیعییەتی شیعە لە بواری سیاسەت و ئاراستەکردنی جەماوەردا.

لە بەرامبەر ئەم سیستەمەدا، ئەهلی سوننەت چ سیستەم و دەزگایەکیان هەیە؟ واتە زانایانی سوننە چۆن کاروباری خۆیان و خەڵکیان ڕێکخستووە؟

بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، پاشان بە بەراورد لە گەڵ زانایانی شیعە، دەتوانین بڵێین لەناو سوننەشدا هەمیشە کۆمەڵە زانا و پێشەوایەک هەبوون، کە سەرچاوەی بیرو بۆچوون و جێگەی متمانەی جەماوەری خەڵک بوون، بۆ تێگەیشتن لە چەمکە ئیسلامییەکان و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستی ڕووداو و گۆڕانکارییەکان. بە بوونی هەندێک جیاوازی لە نێوانیاندا، کە گرنگترینیان نەبوونی بیرۆکەی ئیمامەتە وەک پایەیەکی بنەڕەتی لە دنیابینی ئەهلی سوننەتدا، ئیمامەت لای سوننە تەنها پرسێکی مەسڵەحەتییە و بڕیارێکی کۆمەڵایەتییە لە نێوان مرۆڤەکاندا و پێویست بەوە ناکات زانایەک خۆی بکاتە نوێنەر و جێگری ئیمام بۆ ئەوەی خاوەنی شەرعییەت بێت. هەربۆیە هەر کەسێک دەسەڵاتی

سیاســی وەربگرێــت، دەبێتــە خــاوەنی شــەرعییەت و پێویســتە زانــا ئاینییــەکان پشــتگیری لێبکــەن و نــەهێڵن هــیچ گــرووپ و تاقمێــک بــە بەهانەی جۆراوجۆر لە دژی بوەستن، چونکە ئەم دژایەتییە سـەرەنجام بـە زیـانی خـەڵـک تـەواو دەبێـت و وڵات وێـران دەکـات. بۆیـە هـەر لـە سـەرەتاوە زاناکـانی سـوننە تەنانـەت ئەگـەر نـاڕازیی لـە دەسـەڵاتـی خەلیفـەکانیش بـووبن، بەشـێک بـوون لـە دەزگـای فـەرمیی دەسـەڵات و نەهاتوون بۆ خۆیان سیستەمێکی دارایی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابڕێژن.

فتـوا و قـەزاوەت دوو کـاری فـەرمیی بـوون، بـە پێـی فـەرمانی خەلیفـە، موفتییــەکان و قازییــەکان دادەنــران و لەلایــەن ئەویشــەوە بڕیــاری مووچـەیـان بـۆ دەدرا. لـە ئەنجامـدا جۆرێـک لـە جیاکردنـەوەی ئـایین و سیاسـەت لـە ئـارادابوو، بـەو مانایـەی زانـا ئایینییـەکان زۆر تێکـەڵـی کاروباری دەوڵەتداری نـەدەبوون، تـەنها مەگـەر لـەو سـاتەوەختانەدا کە مەترسی لادان و خراپەکاری هەبوو‌بێت. لە لایەکەوە بۆیان کافی بوو کە دەسـەڵات چوارچێـوەیـەکی شـەرعیی هـەبێت و دەسـەڵاتـدار بـۆ خـۆی کەسـێکی مـەقبوولی زۆرینـەی خـەڵـک بێـت، تەنانـەت ئەگـەر دینـدارێکی تەواویش نـەبا، بـوونی ئـەویان لـە فـەوزا و پشـێوی سیاسـیی پـێ باشـتر بوو.

بەڵام نابێت ئەوەشمان لـەبیر بچێت زانایانی سـوننە لـە هـەمان کاتدا ڕۆژانــە بــە وەعــز و نەســیحەت و وریاکردنــەوە کاریگــەرییان لەســەر کاربەدەستان هەبووە و داکۆکییان لە بەرژوەندیی خەڵک کردووە، بـەڵام چونکە دەسەڵاتەکەیان بە هی خۆیـان زانیوە، نـەهاتوون نیزامـی فـەتوا و قەزا و تەدریس لە دەزگای فەرمیی جیا بکەنـەوە. لـە ڕووی داراییشـەوە خاوەنی هیچ ئیمتیازێکی تایبەتی نەبوون وەک ئەوەی مەرجیعێکی شیعە دەیتـوانی بـەو ئیمکاناتـە دارایـیـە زۆرەی لـە بەردەسـتیدابوو وەکیـل و نوێنەر دابنێت، بۆیە زانا سوننەکان لە ڕووی بژێوییەوە کەسانی ئاسایی

بوون، وەک خەڵک دەچوونە بازاڕ و هەشیان بوو کەسابەت و تیجارەتی دەکرد. خۆ ئەگەر لەبەر کاری تەدریس و ئیمامەت نەیتوانیبا کارێکی تایبەتی بکات، ئەوا بە یارمەتی خەڵک دەژیا. ئەم یارمەتی خەڵکە وردە وردە بووە دیاردەیەکی وەها کە کاریگەریی سەلبی لەسەر ڕەوشی زانایانی سوننە دانا، بەتایبەت لە سەردەمەکانی شکستی دەسەڵاتی خەلافەت، کە پشت و پەنای فەرمیی مەدرەسە و مزگەوت و موفتی و مەلا و فەقێ باوی نەما. لە ئەنجامدا خوێندنی ئایینی ڕەواجی نەما و خوێندەواری ئایینییش لە دەرەوەی بازنەی زانست حسابی بۆ کرا. دەرچووی زانستگا ئیسلامییەکان کە پێشتر دەبووە موفتی و مودەڕیس و واعیز و قازی و کاتب و موعەللیم و تەنانەت وەزیر و سەدری ئەعزەم و وەکیل و فەرماندە، لەوە بەدوا ناچاربوو لەسەر شانی خەڵک و بە ئیمکاناتی بژی و مەمرە گوزەران بکات.

دەسەڵاتی دیکتاتۆریش ئەوەندەی تر قوڕی گرتەوە بۆ دەزگای ئایینی و پاش ڕاگرتن و دەستبەسەرداگرتنی نیزامی ئەوقاف و ئیفلیجکردنی مەدرەسە و پەیمانگاکانی، بە هەموو شێوەیەک زانایانی ئایینی بەست بەخۆیەوە، بۆ ئەوەی متمانەی جەماوەرییان نەمێنێت و پەیوەندییەکی ساردو سڕیان هەبێت بە خەڵکەوە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕابوونی ئیسلامی، مەرجیعییەتی زانایانی سوننە کەوتە قۆناغێکی تازەوە، هەر زانایانی وەکو ئەفغانی و محەممەد عەبدە و ڕەشید ڕەزا و عەبدولحەمید بن بادیس و سەعید نوورسی و دەیان و سەدان زانای دیکە، لە گۆشە و کەنار و ناخی دنیای ئیسلامدا بوون، کە گیانی بەخۆداهاتنەوە و بزاڤیان کردەوە بە بەر جەستەی نەتەوەی ئیسلامدا و بوونە مەرجیعی هزر و سیاسەت و تەنانەت ئەدەب و ڕووناکبیری.

لەگـــەڵ بـــوونی هەنـــدێک جیـــاوازیی لـــە شـــێوەی دروســـتبوونی مەرجیعییـەت و پلەبەنـدیی زانسـتی خوێندنگا ئایینییـەکان، مـن پێم وایـە ئـەهلی سـوننە و جەماعـەتیش خـاوەنی مەرجیعییـەتی فیکـری و فیقهـی خۆیـانن و ئـەمانیش بـەدرێژایی مێـژووی ئیسـلامی، مـوفتی و قـازی و موفـەکیریان هـەبووە. جیاوازییەکـە تـەنها لـەو سـاتەوەختانەوە دەسـتی پێکردووە، کە دەوڵەتی نوێی ناسیۆنال لەم وڵاتانەدا دروستبوون، لەسەر بنـەمای بیـری نەتـەوەیی عـەلمانی، کـە مەدرەسـە ئایینییـەکانی سـوننە و زانایانی سوننە مەزهەب، کەوتنە ژێر فەرمانی میرییـەکی کەمتەرخـەم لـە پرسـی ئایینی. کـار وای لێهات ڕۆڵـی زانایـانی ئـایینی لـە ئاراسـتەکردنی جـەماوەری خـــەڵـک کـاڵ ببێتـــەوە. لـــە حاڵێکـدا مەدرەســـە و حـــەوزە شـیعییەکان وەک خۆیـان بـە سـەربەخۆیی مانـەوە و پـەیوەنـدییان بـە خەڵکییەوە هەر بەردەوام بوو.

خوێنـــدکارێکی شـــیعە هـــەر لـــە ســـەرەتای ژیانیـــەوە تـــا کۆتـــایی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە مەرجیعەوە هـەیە، تەنانـەت بژیـوی خـۆی و منداڵەکانیشی هەر لەو وەردەگرێت و ئەو دەرفەتەشـی بۆ ڕەخساوە کە لـە هـەر هەلومەرجێکدا درێـژە بـە خوێنـدن بدات، بـەڵام فەقێیـەکی لای خۆمـان بـە پێچەوانـەوە کـەمتر دەخوێنێـت و فرسـەتی درێـژەدان بـە خوێنـدنی زۆر کەمـە، لـە ئەنجامـدا مەگـەر دوای مەلایـەتی وردە وردە ئاستی زانست و زانیاریی خۆی بەرز بکاتەوە.

لای شیعەکان ئامانجی خوێندنی ئاینی گـەیشتنە بـە پلـەی ئیجتیهاد و لەقـەبی ئایـەتوڵڵا و دواتـر بۆخـۆی ببێتـە سـەرچاوەی حوکمی شـەرعی جەماوەر، لەوەش گرنگتر تەنانەت ببێتە قودوەی ڕووحـی و مەعنـەویش بۆیـان. بە پێچەوانـەوە، لای سوننە ئامـانجی مەلایـەک ئـەوەیـە کە ببێتـە ئیمـام و خـەتیب و مـودەڕیس، یـان ئەنـدامی لیژنـەیـەکی فـەتوا و زۆر سەربکەوێت دەبێتە مـوفتی، یـان قازییـەکی شـەرعی، کـە ئـەویش دەسـتی

هەموو مەلایەک ناکەوێت. واتە لەبەر زەخت و فشاری ژیان و وەزعی سیاسی، تمووحێکی ئەوەندە زۆریشی نییە کە پێویست بە خوێندنی زۆر بکات. لەولاشەوە کاری لایەنی ڕووحی و مەعنەویی داوەتە دەستی شێخانی تەریقەتە جیاجیاکان و هەر بەدەستی خۆی مونافیسێکی بەهێزی بۆ خۆی دروستکردووە، کە پێگەی جەماوەریی ئەمی پێ لاواز و کەمبووە.

کەواتە لە حاڵی حازردا جۆرێک لە پەراوێزخستن و پەراوێزبوونی زانایانی ئەهلی سوننە بەدی دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی وڵات و حیزبە سیاسییەکانەوە، بە حیزبە ئیسلامییەکانیشەوە. واتە لە ساتەوەختێکدا کە هەموو حیزب و دامەزراوە شیعییەکان خۆیان پابەند دەکەن بە فتوا و هەڵویستی مەرجیعەکانی نەجەف و کەربەلاوە، دەبینین لایەنە سونییەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە زانا و موفتیی و ئیمام و پێشەواکانەوە نییە. یەکەم لەبەر ئەوەی لە دنیابینی و فەهمی ئایینییشدا خۆیان بە قەرزاری ئەوان نازانن، دووەم لەبەر ئەوەی خودی زاناکانیش ماوەیەکی دوور و درێژە فێری ئەوەبوون دوای دەسەڵات بکەون.

جیاوازییەکەش لەڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە جەوهەرییەی لە سەرەتادا باسم کرد، کە ئەویش پێناسەی جیاوازی هەرکام لە شیعە و سوننەیە بۆ ڕۆڵ و پێگە و مەقامی زانای ئایینی لە پەیکەری کۆمەڵایەتیدا. لەلای شیعە زانایان بە نوێنەری مەرجیع و مەرجیع بە جێگری ئیمام و ئیمامیش پایەی دین و تەعبیرە لە ئیرادەی خودا، کەواتە بۆ کەسێکی ئاسایی نییە قسە لە قسەی مەرجیعدا بکات. هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە دەزگای ئایینی ویستوویەتی ئەم تێگەیشتنە قووڵ و فۆرمەلە بکات و بیکاتە کەلتوور و عورف و خصووصیەتی موجتەمەعی شیعی. لە بەرامبەردا، لە ڕوانگەی ئەهلی سوننەوە، زانای ئایینی کەسێکی شارەزایە لە ئایین و ڕۆڵی فێرکار و ئامۆژگار و ڕێنما

دەبینێت و بۆچوونەکانی دەخرێنە بەر نەشتەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بۆ هەموو کەسێک هەیە، با مەلای فەرمی نەبێت، قسە لە قسەیدا بکات، چونکە بۆچوونەکانی ئەو نە موقەددەسە و نە مەعصووم.

هەر بۆیە لە دنیای هزری ئەهلی سوننەدا، ئازادی و ئیختیارێکی زیاتر هەیە بۆ بیر و بۆچوونەکان. هەرچەندە لە هەمان کاتدا فرەڕایی و فرەجەمسەرییەکی وای خوڵقاندووە، کە لە ڕووی سیاسییەوە خراپ بەسەر یەکریزی گرووپە سوننیەکاندا شکاوەتەوە.

بەپێچەوانەوە، لە جیهانی شیعەدا، بوونی مەرجیعییەت یەکپارچەیی و یەکڕیزییەکی سیاسی وای دروستکردووە، کە هەمیشە مەرجیع ببێتە فاکتەرێکی یەکبوون و مانەوە و پارێزەری ئیجماعی تائیفە، وەک خۆیان ناوزەدی دەکەن. هەرچەندە ئەم دەستکەوتە لەسەر حسابی ئازادی بیر و هزری ئاینییش تەواو دەبێت.

بۆیە بە بڕوای من، پێویستە جۆرێک هاوسەنگیی لە نێوان بوونی مەرجیعییەت و کارایی ئەو دەزگا ئاینییە لە لایەک و بوونی ئازادی فیکری بۆ هەموو موسڵمانێکی شارەزا لەلایەکی تر هەبێت.

پێویستە لە ناو ئەهلی سوننەدا کار بکرێت بۆ دووبارە بووژاندنەوەی زانستگا و مەدرەسە شەرعییەکان، لە ڕێگای کاراکردن و ڕێکخستنەوەی دەزگای ئەوقافی شەرعی، هەروەها بەپێکهێنانی لیژنەکانی فەتوای شەرعی و پلەبەندکردنی ئاستی دەرچووانی زانستە شەرعییەکان. بە دامەزراندنی دارلفەتوای شەرعی، بۆ سەرپەرشتی ڕەوشی مزگەوت و پەیمانگا و کۆلیجە شەرعییەکان، بە دابینکردنی ژیان و گوزەرانی باش بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەرانی دیراساتی ئیسلامی.

# تەڵاق وەک چارەسەرێکی تاڵ

گـەڕانێـک بـە دۆسـیە جۆراوجۆرەکـانی دادگـای بـاری کەسـێتیدا، لـە هەرشـوێنێکی ئـەم جیهانـە، ئـەو ڕاسـتییەمان لا بەرجەسـتە دەکـات، کـە ئەمڕۆ تەڵاق بووەتە دیاردەیەکی کۆمـەڵایـەتی، هەرچەنـدە ئـەمڕۆ ئاسـتی هۆشیاری و تێگەیشتنی خەڵک لە جاران زیاترە، دەبینین لەم سـەردەمەدا ڕێژەی جیابوونـەوەی ژن و مێرد لـە بەرزبوونەوەدایـە. ئەمـە واقیعێکـی کۆمـەڵایـەتی تاڵـە و بیرمەنـدان وادار دەکـات بـۆ وردبوونـەوە لـە خـودی دیاردەکــە وەک هـــەڵوەشـــاندنەوەی خێــزان و ئـــەو دەرەنجامـــە مەترسـیدارانەی لێیدەکەونـەوە، چونکـە هـەڵوەشـاندنەوەی خێـزان لەسـەر هـەموو ئاسـتەکان کاریگـەریی نیگـەتیڤی هـەیـە، چەنـدین گیروگرفتـی لێدروسـتدەبێت بـۆ ژن و مێـرد و منـداڵ و کەسـوکار و دواتـر نـەمانی متمانـە لـەنێوان تاکەکانـدا بـۆ هاوسـەرگیری و ڕاڕابـوونی کـوڕ و کـچ لـە پێکـەوەنانی خێزانـدا. زۆربـوونی دیـاردەی تـەڵاق پێویسـتی بـەوە هـەیـە لایەنە پەیوەندیدارەکان هـەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەن و بـزانن هۆکارەکـانی چین و چ شتێکە پاڵ بە کەسێکەوە دەنێت، دەستبەرداری ژیانی هاوبـەش لەگـەڵ هاوسـەرەکەی ببێـت، لـە حاڵێکـدا دەشـزانێت، ئـەم کـارە بـاج و ئاسـەواری خراپـی بـۆ خـۆی و دەوروبـەری و کـۆی کۆمـەڵگـا دەبێـت. دەبێت مانەوەی خێزانێکی پێکـەوە نـەگونجاوی ڕواڵـەتی چەنـد سـەخت و دژوار بێت بۆ ئەو کەسە، کە ئامادەیە قیروسیا لـە هـەموو شتێک بکـات، ئـەو هـەنگاوە قورسـە بهـاوێ، تـەنها بـۆ ئـەوەی دەربـازی ببێـت، لـەو گرێبەستەی وەک کۆڵێکی سەنگین وا بەسەر شانیەوە.

مـن نامـەوێ ئـاوڕ لـە ڕەهەنـدە کۆمـەڵناسـی و دەروونناسـییەکەی بدەمـەوە، ئەوەندەی دەمـەوێت ئامـاژە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە بکـەم، لـە ڕووی

گەوهەری یاسای ئیسلامەوە تەڵاق دەرفەتێکە دەدرێت بە ژن و پیاو بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەوتی ژیانی هاوبەشیان و بیرمەند و فەقیهە موسڵمانەکان وردەکاری زۆریان تێدا کردووە بۆ ئەوەی ڕێژەی تەڵاق نزم ببێتەوە و تەنها لەو حاڵەتانەدا پەنای بۆ ببرێت، کە دەبێتە چارەسەر، بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەرێتی لەسەر بنەمای لێکحاڵیبوون و هاوسەنگی و هاوسۆزی دابمەزرێت، نەک گرێبەستێکی ڕواڵەتی بێناوەڕۆک و بێئامانج بێت. تەڵاق لە ڕوانگەی فیقهی ئیسلامییەوە، ڕێگای دەربازبوونی ژن و مێردە لە ئیلتیزاماتی ژیانی هاوبەش کاتێک دەگەنە ئەو بڕوایەی کە چیدی ناتوانن لە ژێر چەتری ماڵێکدا پێکەوە بژین، بەڵام پێش ئەم بڕیارە، پێویستە ئەوەندە هۆشیاری شەرعی و یاساییان هەبێت، کە بزانن ئەم جیابوونەوەیە بێگومان هەندێک ئاسەواری تاڵ و نەویستراوی لێدەکەوێتەوە، کە ناکرێت شانی لێخاڵیی بکەن. بەشێک لەو ئاسەوارانە ئاسەواری ماددی و پوڵ و پارەن، کە پێویستە لایەنی سەبەبکار تەحەمولی بکات. کە زۆرجار مێردەکەیە، لە حاڵەتی تەڵاقی تەعەسسوفی و ئاساییدا، هەندێک جاریش ژنەکە دەبێت تەنازول لە مافەکانی بکات، وەک لە حاڵەتی خولعدا ڕوودەدات.

جگە لەوەی زۆرجار منداڵ زەرەرمەند دەبێت و لانە و کاشانەی لێتێکدەچێت.

لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە خێڵەکییەکاندا کاریگەری خراپی تەڵاق لە بازنەی خێزان دەردەچێت و خزمان و دۆستانیش دەگرێتەوە.

لەم ڕووەوە گوتراوە: تەڵاق چارەسەرێکی تاڵە و پێغەمبەری خوداش (دروود و سەلامی خوای لەسەر) فەرموویەتی: "بێزراوترین شتی حەڵاڵ لای خودا تەڵاقە".

واقیعی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ناو خێزان، باشترین ڕاڤەکارن بۆ ئەم فەرموودەیە، چونکە لە لایەکەوە ناکرێت درێژە بە ژیانی هاوبەشی

ژن و پیاو بدرێت، کە ئەو دووانە هیچ سۆز و بەزەیی و بەرژەوندییەکیان پێکەوە نەبێت، لە لایەکی تریشەوە ناکرێت بەرامبەر تێکچوونی شیرازەی خێزانێک (کە پێشتر بە دنیایەک ڕوئیا و خەونەوە دامەزراوە) هەست بە تاڵی و مەترسی ئەم کاری تەڵاقدانە نەکەیت.

بۆیە زۆر گرنگە توێژەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و پەروەردەیی و دەروونناسەکان، زوو زوو پێکەوە دابنیشن و سیمینار و کۆڕی لەبارەوە بگرن و میدیای خۆماڵیش بە هەندی وەربگرێت، تاوەکو هۆشیاری و تێگەیشتنێکی باشتر بۆ کوڕان و کچان و ژنان و پیاوان گەڵاڵە بکەین، تا هەم هاوسەرگیریی لە ڕووی تێگەیشتنەوە بێت و هەم جیابوونەوەش، هەرکاتێکیش کۆمەڵگا وەک چارەسەر لە تەڵاق بڕوانێت، ئەوسا دەردی تەڵاق قابیلی تەحەمول و چاوپۆشییە، ئەوسا تەڵاق دەبێتە ئەو دەرمانە تاڵەی نەخۆش ناچارە مەیلی بکات.

# لەبارەی سەری ساڵەوە

زەمەن لە ڕوانگەی فەلسـەفەوە پێناسـەیەکی ڕوونـی نییە، لە فیزیـادا هەوڵدراوە پێناسـەیەکی بۆ بکرێ وابەستە بە چەمکی بزووتن و دووریی. هەرچۆنێک بێ، زەمەن چەمکێکە مرۆڤ دایناوە بۆ تێگەیشتن لە بـوون و بوونەوەر و ژیان.

لە زەمەنـدا مـرۆڤ خـۆی و کردەوەکـانی و تێگەیشـتنەکانی سـەرجەم تۆمار دەکات، زەمەن خۆراکی مێژووە، مێژوو بـوونی مـاددیی خـۆی لە زەمەندا پێناسە و وێنا دەکات. بۆ ئەوەی نەمر بێ، بـۆ ئەوەی درێژە بە بوون و کاریگەریی خۆی بدات لەسەر شانۆی ئەم جیهانە. خوای گەورە لەوێوە موخاتەبەی عەقڵی مرۆڤ دەکات، کە مـرۆڤ کـائینێکی زەمەنییە، واتە لە زەمەندا تەکامول دەکات، بەبێ زەمەن بوونی ئەو مانای نابێت و هەرکاتێـک زەمەن لە هاوکێشــەی ژیــان و جیهــان دەربکرێـت، کــارایی مرۆڤ نامێنێت و ڕەوتی شارستانێتی دەوەستێت.

قورئانی پیرۆز باس لە زەمەن دەکات وەک نیشانەی گەورەیی و هێز و دەسەڵاتی خواوەند، (**إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْـتِلاَفِ اللَّيْـلِ وَالنَّهَـارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الألْبَابِ**) (آل عمران: ١٩٠).

لە قورئانـدا ڕووداوەکـان و کەســەکان و گەلان و ئاینەکـان تۆمـار دەکرێن بۆ ئەوەی هەمیشە لە تێگەیشتن و ژیریی مرۆڤەکانـدا بمێننەوە، (لَقَدْ أَنزَلْنَا إِلَيْكُمْ كِتَاباً فِيهِ ذِكْرُكُمْ أَفَلَا تَعْقِلُونَ) (الأنبياء: ١٠).

بەشێکی گەورە لە ئایەتەکانی قورئان باسی نەتەوە و گەلانی پێشـینە، بە مەبەسـتی پەنـد و ئەزمـوون وەرگـرتن لە ڕەوتـی ژیـان و مامەڵەیـان لەگەڵ پێغەمبەرانی خودا، (**لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّـأُوْلِي الألْبَـابِ مَـا كَـانَ**

حَدِيثاً يُفْتَرَى وَلَـكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ) (يوسف: ١١١).

کەواتە مەبەست لە تۆمارە مێژووییەکانی قورئان بۆ قەسەسە، واتە بەدواداچـوونی هەنگـاو بە هەنگـاوی ژیـانی ڕۆژانەیـان، بە مەبەسـتی تێگەیشتن لە مەغزای ژیان و چارەنووسی ئەوان.

لە قورئانـدا سـیرەی ئەنبیـا و خواناسـان پێگەیەکـی تـایبەت و گرنگـی هەیە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەران بە سەرمەشقی مرۆڤایەتی دادەنرێن لە هەمـوو ڕەوشـت و سـیفەتێکی بەرزدا. لە نـاو ئەوانیشـدا پێغەمبەرانـی خـاوەن عەزم بەرجەسـتەتر و گەورەتـرن، هەربـۆیە گرنگییەکـی زۆر بە ژیان و سەرگوزەشتی ئەوان دراوە. (فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُوْلُوا الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ بَلَاغٌ فَهَـلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الْفَاسِقُونَ) (الأحقاف: ٣٥).

ئیبراهیم بۆ نموونە دەیـان جار باسکرا و عیسـای کـوڕی مەریەم بە هەمان شێوە دەیان جار باس کراوە و ئاماژە بۆ گەورەیی پلە و پایەی کـراوە. ئەم نـاوبردنە لە خـۆوە نییە و بـۆ دەلالەتکـردنە لەسـەر ڕۆڵـی گەورەی پێغەمبەرانـی خـودا لە وەرچەرخـانە مێژووییەکانـدا، (إِذْ قَالَـتِ الْمَلآئِكَةُ يَا مَرْيَمُ إِنَّ اللّهَ يُبَشِّرُكِ بِكَلِمَةٍ مِّنْهُ اسْمُهُ الْمَسِيحُ عِيسَـى ابْنُ مَـرْيَمَ وَجِيهـاً فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمِنَ الْمُقَرَّبِينَ) (آل عمران: ٤٥).

هاتنەدنیای مەسیح (علیه السلام) موعجیزەیەکی گەورەی ئیلاهی بـوو کە قورئانی پیرۆز بۆ هەمیشە بە زیندوویی ڕایگرتـووە، (وَالَّتِـي أَحْصَـنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهَا مِن رُّوحِنَـا وَجَعَلْنَاهَـا وَابْنَهَـا آيَـةً لِّلْعَـالَمِينَ) (الأنبيـاء: ٩١)، ئەم ئـایەتە خـودایيە پێویسـتە ڕۆژانە ڕوون بکـرێتەوە بـۆ خەڵـک و بـۆ مەردومی دنیا، لە لایەن ئەهلی قورئانەوە، چونکە ئەهلی قورئان ئەرکی

شایەتیدانیان لەسەر مرۆڤایەتی پێسپێردراوە، (وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطاً لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيداً (البقرة: ١٤٣).

شایەتیدان بەوە دەبێ ئاگاداری وەزع و بارودۆخی دنیا بین و بزانین لەم جیهانە بەرینە چی دەگوزەرێت و دنیا بەرەو کوێ دەڕوات؟ بەوە دەبێت موسڵمانان ڕۆڵیان هەبێت لە هیدایەت و پێشەوایەتیی خەڵکدا. بەوە دەبێت کە بە کردە بیسەلمێنن کە ئەمان ئاڵاهەڵگری دادگەریی و میراتگری زانست و ڕەوشتی ئەنبیان (دروودی خوایان لەسەر بێت).

هەموو ساتەکانی ژیان لە سایەی قورئاندا ڕۆڵی نەمر و کاریگەر و مێژوویی ئەم پێغەمبەرە مەزنانەمان بیر دەهێنێتەوە، قورئان نەک تەنها ناوەکانیان، بەڵکو کار و کردەوە و هەڵوێست و شوێن و ئاسەواری ئەوان نەمر دەکات، بەتایبەت عیسای مەریەم (درودی خوای لەسەر بێ). (وَإِنَّهُ لَعِلْمٌ لِّلسَّاعَةِ فَلَا تَمْتَرُنَّ بِهَا وَاتَّبِعُونِ هَذَا صِرَاطٌ مُّسْتَقِيمٌ) (الزخرف: ٦١).

بە بەڵگەی ئەوەی پێشتر دەفەرموێت: (وَلَمَّا ضُرِبَ ابْنُ مَرْيَمَ مَثَلاً إِذَا قَوْمُكَ مِنْهُ يَصِدُّونَ) (الزخرف: ٥٧).

یادکردنەوەی سەری ساڵی زایینی لە ڕێچکە و ڕەوت و سیاقی خۆیدا بە مەبەستی پەند و ئەزموون وەرگرتن ئەرکێکی حەزاریی موسڵمانانە بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکەکان و نەهێشتنی تەمومژ و گومان لەسەر کەسێتیی ڕاستەقینەی ئەم پێغەمبەرە مەزنەی خودا، کە خۆی و دایکی و بەسەرهاتەکەیان گەورەترین دەرسی تەوحیدن بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

ئەوەی کە دەبێت باس بکرێت لەم ڕۆژانەدا، نە خودی یادەکە کە بووەتە مەراسیمێکی بێمانا و دوور لە پەیامی تەوحیدی ئەنبیا، تەنانەت دوور لە چەمکی قووڵی بایەخە مرۆییەکان، بەو ئەندازەیە بووەتە

مەراسیم و مەوسیمی غافڵبوون لە کەسێتی و پەیامی مەسیح و هەموو پێغەمبەرانی خودا (سەلام و دروودی خودایان لەسەر بێت).

ئەم نەهجە لە بیرکردنەوە و یادکردنەوە واتە بچووککردنەوەی پەیامەکە و سووککردنی یادەکە و وێناکردنی حەزرەتی عیسای مەسیح بە کاراکتەرێکی تەرفیهی بۆ گوزەراندنی کات و دڵخۆشکردنی منداڵانە و سادەکردنەوەی قووڵایی پەیامەکەی، کە ڕاستکردنەوەی ڕەوتی مرۆڤایەتییە بە پەیڕەویی لە فەخری کائینات محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵا (درودی خوای لەسەر). (وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّراً بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ) (الصف: ٦).

ئەم یادکردنەوەی سەری ساڵە بەم شێوەیە لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە نیشانەی پووچبوونی پەیامی مرۆڤایەتییە لە ساتەوەختەکانی غیابی چەمکەکانی تەوحید و خواناسی و غەفڵەتی مرۆڤە لە چارەنووس و ئەرک و فرمانەکانی.

گرنگیی هەر ڕۆژ و ساتێک بەستراوە بە کۆی ئەو کار و چالاکییانەی تێیدا ئەنجام دەدرێن. کاتەکان و ساتەکان دەفری ڕووداوەکانن، واتە چیان تێدا ئەنجام دەدرێت بەو پێودانگە نرخاندنیان بۆ دەکرێت. مرۆڤەکان لە یادی هاتنە جیهانی حەزرەتی مەسیحدا بیر لە چ پرۆژەیەکی ئینسانی و ئەخلاقی دەکەنەوە بۆ چارەسەری دەردە گەورەکانی مرۆڤ و چ نەخشەیەکیان پێیە بۆ بەختەوەریی ڕاستەقینەی تاکەکان و خێزانەکان و کۆمەڵگا و گەلانی جیاوازی دنیا.

بە پێچەوانەوە ئەگەر یادکردنەوەکە ببێتە هۆی تەخدیری ملیۆنەها کەس و لەبیربردنەوەی زام و نەخۆشییە قووڵەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە، واتە دەبێتە کارەسات و تراژیدیایەکی گەورە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان.

له کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ڕووداوە و ئەم بیرەوەرییە دەکرێت؟ ئەوەی من دەمەوێت بە برا و خوشکانی خۆمی بڵێم ئەوە نییە کە باس لە تەحریم و حوکمی شەرعیی ئەم موناسەباتە بکەم، ئەوەندەی دەمەوێت بە ڕوئیایەکی ئامانجگەرا لە هەموو بۆنەیەکی ئایینی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی بڕوانین، کە چەندە بەکارمان دێن بۆ چارەسەری کێشە و گرفتە هەنووکەیی و درێژخایەنەکان؟

ئایا دەبنە فاکتەری پێکەوەژیان و ئاشتی و تەبایی و زاڵبوونی ڕۆحی ئینسانییەت و دادگەری و ئینساف؟ یان دەبنە هۆکاری غەفڵەت و کەمتەرخەمی و لەبیربردنەوەی دەردە کوشندە و زامە سەختەکانمان؟

بەم پێوەرە ئامانجگەرایە ئەتوانین یادەکانمان بکەینە مەدرەسە و فێرگەی ئەزموونەکانی ژیان.

# مانگی مەولوود: مەوسیمێک بۆ مەحەببەت و پەیڕەویی

نامەوێ بڕۆمە ناو جەدەلیی شەرعییەتی ئاهەنگگێڕان بە بۆنەی مەولوودی فەخری کائیناتەوە، چونکە بەلامەوە دڵخۆشیی دەربڕین بە هاتنی سەروەر و سەرداری کائینات بەڵگەنەویستە و دەڕواتە خانەی بەدیهییات و موسەلـلەمات، چونکە خودی پێغەمبەری خودا (سەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ) لە سیاقی سوپاسگوزاری ئەو ڕۆژەدا دووشەممان بەڕۆژوو بووە و لە سەردەمی خۆی و تەنانەت بەرەبەیانی ئیسلامدا سەحابە بەڕێزەکانی هەمیشە و بەردەوام لە کۆڕ و مەجلیسیاندا کارێکیان نەبووە جگە لە باسی مەناقیب و بەهرە و گەورەیی و سەروەرییەکانی ئەو، هەر بۆیە زۆرم لەلا سەیرە کە دەڵێن لە ٣ سەدەی یەکەمدا ئاهەنگی مەولوودیان نەگێڕاوە، ڕاستە ئەو ئاهەنگە بەم شێوەیەی ئێستا و بەم فۆڕم و تەکنیکەی ئێستا باو نەبووە، بەڵام کەس ناتوانێت ئەوەمان بۆ بسەلمێنێت کە یارانی پێغەمبەر لە دانیشتن و موناسەباتی جیا جیادا باسی مەناقیب و فەزائیلی حەزرەتیان نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچییەوە تابیعینی ڕێناس بیریان لە نووسینەوەی سیرەی ژیانی ڕەسولی ئەکرەم (درووود و سڵاوی خوای لەسەر) کردەوە. کە ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی نەوەی نوێ زیاتر و باشتر لە قۆناغەکانی ژیانی شارەزا بین.

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە کێ دەتوانێ ئینکاری ئەوە بکات کە شاعیرانی وەکو حەسسان و عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە و کەعبی کوری زوهەیر قەسیدەی زۆریان لە مەدح و پەسەندیی حەزرەتدا نووسیوە.

لـەم ڕوانگـەیـەوە سـازدانی کۆڕ و ئاهـەنگ بـە بۆنـەی هاتنـە جیهـانی پیغەمبەری ئەکرەم (درودی خـوای لەسـەر)، سـەنەد و پاسـاوی بـەهێزی هەیە و زۆر ڕەوایە بەپێی داخوازییـەکانی سـەردەم دەسـتکاری فۆڕم و تەکنیکەکەی بکرێ.

هەربۆیە زۆرینەی نزیک لە هەموو زانایانی شەرعزان بێجگە لە (شیخ الإسلام ئیبن تەیمییە و شاتبی و فاکەهانی و ئیبنولحاج) ئەم کارەیـان بـە کارێکی باش و گونجاو و مایەی پاداشت زانیوە. بەڵام بەو مەرجـەی کـە تەعبیر لە سوپاسگوزاری خودا بکات و کـاری نـاڕەوای تێنەکـەوێ و بـە بەشـێک لـە کـەلتوور و فەرهـەنگ و عـادەتێکی بـەرز لـە قـەڵەمیانـداوە. بەتایبـەت لــەو ســاتەوەختانەوە کــە ســوڵتان موزەففــەری کۆکــۆبری فەرمانڕەوای هەولێری کوردستان کردیە موناسەبەیەکی ئاینی وەهـا کـە کۆڕای زانا موسڵمانەکانی لەسەر دروستبوو.

مــانگی مــەولوود لــەو ســاتەوەختانەوە بــووە ژوانــی شــەیـدایان و هۆگرانی محەمەدی موستەفا (درودی خـوای لەسـەر) بۆ تازەکردنـەوەی عەهـد و پـەیمـان و جەختکردنـەوە لەسـەر پـەیـرەوی و تەبەعییـەت لـە شــەریعەت و ســوننەتەکەی، بــۆ باسـکردنی مـوعجیزات و نـاوەڕۆکـی پـەیامەکـەی، بۆ قسـەکردن لەسـەر لـەدایکبوون و ڕووداوەکانی پێش و پاشی. دەلالەتی ئەم مانگە حاڵی حازر تەنها لایەنە فیکرییەکـە ناگرێتـەوە، بــەڵکـو لایــەنی سیاسـی و ئـابووری و پــەروەردەیـی و کــەلتووریش دەگرێتـەوە. لـە ڕووی سیاسـییەوە یـەکبوونێکی کۆمـەڵایـەتیی لـە نێـوان دەسەڵات و خەڵک دروست دەکات.

لـــە ڕووی ئابوورییـــەوە، خزمـــەتێکی گـــەورە و شـــایان بـــە چینـــی کەمدەرامـەت دەکـرێ، کـە ئەگـەر بێتـو بـە باشـی سـوود لـەو ئیمکاناتـە داراییە وەربگیرێت، بۆی هـەیـە فرسـەتێکی بـاش بێت بۆ کەمکردنـەوەی ڕێژەی هەژاریی لە ناو خەڵکدا. لە ڕووی کەلتوورییەوە، ئەم موناسـەبەیە

بووەتــە ســیمایەکی شوناســی گــەلانی موســڵمان، بەتایبــەت گــەلی کوردسـتان، کـە ئێستاشـی بەسـەرەوەبێو بـۆ یەکـەمجار لـە مێـژوودا لـە هــەولێرەوە ئــەم بۆنــەیــە کرایــە چالاکییــەکی فــەرمیی و بــە جیهانــدا بڵاوبوویەوە.

جـوانترین مەولوودنامــە، زانایــەکی کــوردی دانیشــتووی مەدینــەی ڕوونـاک، بـە نـاوی شـێخ جەعفـەری بـەرزنجی نووسـیویەتی، کـە شـان بەشـانی قەسـیدەی بـوردەی ئیمـامی بووسـەیری لـە زۆربـەی وڵاتـانی جیهانی ئیسلام دەخوێندرێتەوە و چەند ڕاڤەیەکی زانستی بۆ کراوە.

ساڵانە لە مانگی مەولووددا ملیار و نیوێک موسڵمان سڵاو و درودی نەبڕاوە بۆ سەر گیانی ئەو پیغەمبەرە پێشەوایە دەنێرن و باس لە ئەوین و مەحەببەتی ئەو دەکەن و پڕبەدڵ خۆیان بە باسی شـیرینی ئـەو پـاراو دەکەن، چ کەسێک ئەو مافە بە خۆی دەدات لـە نـرخ و بایـەخی ئـەم یـادە گەورە و گرانە کەم بکاتەوە؟!

# پێغەمبەرناسیی لای مەحوی

سـڵاوی خواتـان لێبێـت، سـڵاوێکی پـڕ لە مەوەدەت و مەحەبەت، زۆر سوپاسی ئەم گرووپە بەڕێزە خۆشەویستە دەکەم، کە متمانەیان دا بە من بـۆ دەسـکردن بە وەرزێکـی فیکـری، ڕۆشـنبیری، عیرفـانی بـۆ ئەمسـاڵ، دەسـتپێکی کارەکەیـان بـریتییە لە مەحەبەت و ئەوینـی پێغەمـبەر (درودی خوای لەسەر) ئەوەی کە فەیلەسوفان، یان موتەکەلیمان، ڕەنگە نە توانن وا بەخێرایـی و بە کـاریگەریی بـیگەیەنن، عاریفـان و خواناسـانی ئـێمە بە عیبـارەتی کـورت، بە عیبـارەتی پوخـت، بە ئەخـلاق و بە ڕەوشـتی جـوان گەیانـدوویانە، کە ئەوان ئـاوێتە بـوون لەگەڵ مەحەبەتـی پێغەمـبەری خۆشەویسـت و بە دڵ و بە گیـان و سـیرە و سـونەتی ئەو پێغەمبەرەیـان بەرجەسـتە کـردووە و بە خەڵکیـان گەیانـدووە. لە ڕوانـگەی عاریفـانەوە، پێغەمـبەری خـوا مـەجمەعولبەحرەین، یانی شـوێنی بەیەکگەشتنی دەریـای شەریعەت و دەریای حەقیقەتە، شوێنی بەیەکگەشتنی عیلمی ظاهیر و عیلمی بـاطنە، شـوێنی بەیەکگەشـتنی غەیـب و شـەهادەیە. بە تێگەشـتن لە مەقـامی پێغەمبەر (درودی خـوای لەسـەر) لە فەرهەنگی عاریفان زۆر لە ئیشـکالاتی فیکری و سیاسیی و ئەخلاقی و مەعریفی حەل ئەبێ، بۆیە ئەوانەی لەسـەر پێغەمبەر کۆدەبنەوە، لەسەر مەحەبەتی ئەو زاتە کۆدەبنەوە، لەسـەر ناسـین و مەعریفەتـی ئەو زاتە کـۆدەبنەوە، کێشـەیان نییە لەگەڵ یەک، هەموویـان بەرەو یەک مەبەست هەنگاو دەنێین، هەموویان ڕوو لە یەک ئامانج دەکەن هەموویـان یەک تینـو تـاو و یەک وزە هەنگاویـان هەیە، جـا لە ڕوانـگەی شاعیر و عاریف و زانایەکی وەکو مەحوی، ئەمڕۆ چەن ڕاستییەک لەبارەی پێغەمـبەرەوە بـاس دەکەیـن، ئـێمە چـۆن لە پێغەمـبەری خـوا بـڕوانین، پێغەمـبەری خـوا بە چـی بـزانین، دەگێـڕنەوە ئەڵـێن مەولەوی تـاوگۆزی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

آمنت بالله علي طرز علم
نفسُه نفسَه بلا كيف و لم
و بحبيبه محمد على
حسب ما يعلمه عزّ علا
وبجميع صحبه كما درا
همُ النبي المصطفي خير الورى

واتە: ئیمانم هێناوە بە خوا بەو شێوەی خوا خۆی ناسیوە، خوایە تۆ خۆت بەچی دەزانی منیش بەوەت ئەزانم، ئیمانیشم بە پێغەمبەر وایە، خودا پێغەمبەر بە چی ئەزانێ منیش بەوەی ئەزانم، پێغەمبەرناسی ئەساسی ئیسلامە، ئەگینا خوداناسی لە ئاینەکانی تریشدا هەیە، هەرکەس ڕەنگە مەعبودی خۆی بە تەعبیری خۆی، بە دیدگای خۆی بناسێت، بەڵام ناسینی محەمەد ئینسان ئەخاتە ناو ئیسلام، بەتەنها ناسینیش کافی نییە، مەحەبەتەکەی تەوقیر و تەعزیم ڕێزلێگرتن و خۆشەویستی و پەیڕەوی لێکردنیشی ئەساسە، جێی شانازییە کەوا ئێمە پێغەمبەری خوامان خۆشبوێ و پێغەمبەری خوا خۆشویستن بکەین بە بەهانەی ڕزگاربوون، وەکو مەحوی ئەفەرموێ:

**دوری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ**

**هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە «بوالوەفا»**

بولوەفا مەبەستی پێغەمبەرە، یانی مادام میللەتی کورد پێغەمبەریان خۆشەوێت عەجایب نییە، ئەم خۆشەویستیەیان بۆ بکاتە بەهانە و بەڵگە بیانخاتە بەهەشت، دووری مەبینە هەر ئەم مەحەبەتی پێغەمبەرەتان بۆ بێتە بەهانە و بەڵگە خوا هەموویان بخاتە بەهەشت، تەنانەت گەر عەمەلێکی واشی نەبێت مەحەبەتی پێغەمبەر ببێتە بەهانەی ڕزگاربوونی.

**عەفوم کە (یا عفو) بە حەققی جاهی ئەو شەهە**

**ئایەی عولووی جاهی ئەوە ئایەتی «عفا»**

**مەحمودی (في السما)یە، حەبیبی خودایە ئەو**
**مەقبولی بارەگاهـ ئەوە موختار و موستەفا.**

خوایە بە حەق و پێگە و مەکانەتی ئەو پێغەمبەرە کاتێ خوا فەرموی "عفا الله عنک لم أذنت لهم" خوا بتبەخشێ لم أذنت لهم، ئەوە مەحەبەتە خـــوا بە مەحەبەتەوە قســـە لەگەڵ پێغەمـــبەر دەکـــات کەواتە لەبەر مەحەبەتی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستە بمانبەخشە

**مەحمودی (في السما)یە، حەبیبی خودایە ئەو**
**مەقبولی بارەگاهـ ئەوە موختار و موستەفا**

مەحەبەتـی پێغەمـبەر بەهـانە و حـوجەیە بـۆ ئیسـلام، ئەمەش بـکە بە معیار بۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵک، یـانی ئـاوا مـن چـاو ئەنوقێنم هەرکەس مەحەبەت و ئەوینـــی هەبـــێ بـــۆ پێغەمـــبەر خۆشـــمەوێ و بە واجبـــی سەرشانمی ئەزانم خۆشم بوێ، هەرکەس موحیبەت و ئەوینی نەبێت بۆ پێغەمـبەر، بـرای بـاوکم بـێ، نزیکتـرین کەسـم بـێ، خۆشـم نـاوێ. جـا تەماشاکە گومڕایی ئەگاتە جێگەیەک خەڵکی نەتەوایەتی دەکات بە معیـار، هاوشـاری، هـاومەزەبی، هـاوحیزبی ئەکـاتە معیـار، ئەمـانە هەمـووی ضەلالەتە، معیار مەحەبەتی ڕەسوڵی ئەکرەمە، معیـار خۆشەویستی ئەو زاتەیە، کە خـوا بەتەنهـا بە خۆشەویسـتی ئەو ئەمانبەخشـێ، تەبـعەن خۆشەویسـتی داوای ئەوە دەکـات، کە پەیـڕەوی لـێ بکرێـت، یـانی تـۆ کەسێکت، خزمێکت کە زۆر خاتریت ئەوێ، بێت بۆ ماڵەکەت، حەزەکەی داوای چی بکات بۆی بکەیت، بەڵام تۆ بڵێی خۆشمەوێ و هیچی بە قسـە نەکەی، دەکرێـت ئیسـپاتی خۆشەویسـتی بـکەی؟ نەخێـر ناکرێـت، تـۆ کەسێکت خۆشبوێ و هیچی بەقسـە نەکەی، کەوایە یـا ڕەبی خـوایە بـۆ خـــاتری گەورەیـــی ئەم پێغەمـــبەرە (درودی خـــوای لەســـەر) ئەو مەحەبەتەمان بۆ بکە بە گەنجینە، بۆمان بکە بە ڕەصید بۆ قیامەت ان شاءالله، لە شوێنێکی ترا مەحوی باسی پێغەمبەر ئەکات:

**بەیتی زاتی تۆ لە دیوانی وجوود**

**مۆری حەق کردە بە نوقتەی ئینتخاب**

گەر هەمـوو بـوون تـۆ وەک دیـوانە شـیعرێ حسـابی بـۆ بکەیـن، پێغەمـبەر بەیتـی فەرد (دێـڕی تاقـانە)ی ئەو دیـوانەیە، بەمانـایەکی تـر دەڵێت: تۆ لە دیوانی وجـودا تاقـانەی، بە پێغەمـبەر ئەڵـێ دەلیلیشـم چیە خوا مۆری قبولێ ناوە بەسەر شانتەوە، یانی مۆری پێغەمبەرێتی.

ناسینی دووەمی مەحوی بۆ پێغەمبەر ئەوەیە کە خوا نـاردوویەتی و مۆریشی ناوە بەسەرشانیەوە کە گومانی تێدا نییە هەڵبژێردراوی خوایە، ڕەسـولی خـوایە، مەحبـوبی خـوایە، سـەرداره موختـاره جـا لێـرەدا شانازیەکی گەورە دەکات بە پێغەمبەرەوە ئەفەرمووێ:

**بێ حیسابە گەر گوناهـ باکم چییە!**

**حەزرەتی ئەو شافیعە ڕۆژی حیساب**

ئەونە گونـاهم زۆرە کە حسـاب نـاکرێ، بەڵام ترسـم نـیە ئەو نـازارە تکام بۆ ئەکا

**بەرشەفاعەی ئەو شەفیعەم خەی خودا**

**خۆشم و ئەحباب و ئەهل و داک و باب**

خـوایە بمخەیـتە بەر شـەفاعەتی ئەو خۆشەویسـتە نەک تەنهـا خـۆم، بەڵکو خۆشەویستان و دایک و باوکم، مـادام خـوا مـۆری پێغەمبەرایەتـی ناوە بەسەر شانیەوە، مۆری پێغەمبەرایەتی یانی مۆری قبوڵ، هەرکەسێ پێغەمـبەر تۆمـاری ئیمـانەکەی بۆ ئیمـزا بکـات، ئەوە خـوا قبـوڵی دەکـات، هەرکەسـێ پێغەمـبەر قبـوڵی نەکـات خـواش قبـوڵی ناکـات، مـەحـوی لە شوێنێکی تردا، پێغەمبەر بە مەعشوق دەزانێ، بە مەحبوب دەزانێ، نـاوی ئەبـا بە جانـان، عـاریف یـا عاشـق دوو دەسـتەواژە بەکـارئەهێنن جـان و جانـان، جـان مەبەسـتی گیـانە، گیانێـک کە پێـی ئەژیـن، جانـان مەبەسـتی ژیانی گیانە، یانی ژیانی ئەو گیانەی کە پێی ئەژین، بۆیە ئەڵێ:

**خزر ئەگەر چاوی حەیاتی بڕییە ئاوی حەیات**
**من لە خاکی دەری جانانەمە هەر چاوی حەیات"**

حەزرەتی خزر کە توانیویەتی ئاوی حەیات بەدەست بهێنێ و هەر نەمرێ، بەدوای گیانێکا گەڕاوە کە جەستەی پێ بژی، من لەبەر قاپی جانان بەتەمای شتێکم کە گیانی پێ بژی، کەوایە پێغەمبەر لە چاوی مەحوی و عاریفاندا، گیانی گیانێکە کە پێی دەژین کە پێی ئەوترێ جانان، هەر ئەوەش نا

**مردنێکی لەبەر ئەو قاپییەدا مەردانە**
**بەخوا چاترە ئەمڕۆ لە گلاراوی حەیات**

گەر دڵسۆزانە و عاشقانە و بەبێ خەوش لەبەر پێی پێغەمبەرا بمرێ، ئەو مردنە زۆر خۆشترە لەو ژیانەی کە دڵ ببەستێ بە دنیایەکەیەوە کە دنیایەکێ هیچ و پوچە لە شوێنێکی تردا مەحوی ڕوودەکاتە پێغەمبەر دەڵێ:

**تۆ نەبی مەلجەئی من بی،«أبدا» نیمە مەلاز**
**لەودەرە بێتو دەرمکەی، بە خودا نیمە مەلاز**
**قاپی یو بابی کەسێکی کە، نیشانم دە، بچم**
**غەیری قاپی کەرەم و بابی عەتا نیمە مەلاز،**

من لە دنیادا بۆ لای کێ ڕاکەم لەم بەڵا و ناڕەحەتی کەموکورتی و نەخۆشی و نەگبەتی و خەفەتە بۆ کوێ ڕاکەم.

**تۆ نەبی مەلجەئی من بی، «أبدا» نیمە مەلاز**
**لەو دەرە بێتو دەرمکەی، بە خودا نیمە مەلاز،**

ئەڵێ قاپی و بابی کەسێکی ترم نیشان بە، ئەڵێ نیمە کەسی تر شک نابەم.

**تەمی غەم عالەمی داگرتووە، بێ مەئوا بووم**
**بەردەری مەیکەدە و بەس، لەوەلا نیمە مەلاز**
**بەم هەمووە تیرە وە دڵ سینەمی دی، ئەو شێرە**

**لەرزی هاتێ، وتی ئەم بێشە نەما نیمە مەلاز،**
**بەختە زاهید کە بەهەشتی بووەتە مەئوا، من**
**غەیری «بيت الحزن»ی دەرد و جەفا نیمە مەلاز**
**شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم**
**بەر دەروباری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاز**

زاهید لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا نموونەی ئەو کەسانەن بە ڕیا عیبادەت دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک پێی بڵێ: ما شاء الله. نوێژکەرە، ڕۆژووگرە، خواناسە، یانی نیەتەکەیان خوایی نییە، ئەڵێ زاهیدێک کە بەهەشت بۆی بووەتە مەئوا، ئەڵێ من لە بەیت و حەزەنا ئەژیم یەکێ لەو بەهایانای عاریف زۆر گرنگی پێ ئەدا خەمە، هەندێ لە مەقاماتی بەرزی عیرفان لەڕێی حوزنەوە بەدەست دێت، بۆ نموونە حوزنی یەعقوب بووە بە زەربولمەسەل، ئەو حوزنەی نەبوایە ئەو مەقامە بەرزەی نەئەبوو، سەبری ئەیوب، (حوسنی یوسف) هەموو ئەمانە وەکو پەیژە وان، یانی خوا هەر شتێکی یا بە تۆ، تۆ حسابی پەیژەی بۆ بکە، کە پێی بخەیتە سەر و بەرز بیتەوە بۆ لای خۆی

**شوکری حەق بەر دەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم**
**بەر دەروباری نە سوڵتان و نە شا نیمە مەلاز**
**بەڵکە لەو ڕێیەوە من پەی بەمە عیمرانی بەقا**
**{مەحویا} غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاز**

ئەمە دەرسە بۆ ئێمە کاتێ ڕوو لە قاپی پێغەمبەر دەکەین قاپیەکی تر شک نابرێ، ڕوو لە قاپێ کێ کەین جگە پێغەمبەر، ڕوو لە قاپی هەرکەس بکەین دوای ماوەیەک شکست دێنین، قاپیەکی تر نیە ڕووی لێ بکەین ڕوو لە هەر مەدرەسە و فەلسەفە و دەسەڵاتێک ئەکەی تەماشا ئەکەی لەو سەرەوە شکست دێنێت. لە ڕوانگەی بڕواییەوە چۆن باسی پێغەمبەر ئەکات، مەحوی ئەڵێ:

**ئەم ئالوگۆڕی دینە لە کارا بووە هەتا**

**دەوری یەکێ بە دینی ئەوە نەسخی جوملە دین**

خــوا لە مێــژوودا یــانی خــوا لە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا، بەردەوام پێغەمبەری هێناوە و پێغەمبەری پێشووی پێ نەسخکردووەتەوە هەموو پێغەمبەرەکان بۆ قۆناغێکی دیاری کراو بوون، بەڵام پێغەمبەرێک هەیە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بۆ هەموو سەردەمەکانە

**یەعنی پەیامبەری عەرەبی، هاشمی نەسەب**

**ئەحمەد لە ئاسمان و محەمەد لەسەر زەمین**

پێغەمبەر لە ئاسماندا ناوی ئەحمەدە، لەسەر زەویدا ناوی محەمەدە بۆ لە ئاسمـاندا نـاوی ئەحـمەدە، لەبەر ئەوەی هەمـوو ئەهلـی ئاسـمان خەریکی حەمد و ستایشی خوان، ڕۆحی پێغەمبەر لە ئاسمانیشدا هەر خەریکی حەمد و ستایشی خوایە، لەوان زیاتر. ئەهلی ئاسمان، شایەتی دەدەن محەمەد حەمدی بۆ خوا لە ئێمە زیاترە ئەی لەسەر زەوی بۆ محەمەدە؟ ئەوانەی ئەگەن بە فەزیلەتی ئیمان، خوای گەورە ڕەحم و بەرەکەتیان بەسەردا ئەڕێژێ، لە عەینی ئەوەدا سوپاسی خوا ئەکەن خۆشیان بە قەرزاری پێغەمبەر دەزانن، کەواتە محەمەدی سەر زەویشە.

**دین و کوتوب نەما، بووە دین و کیتابی ئەو**

**باقی دەبێ شەریعەتی ئەو تاکو (یوم الدین)**

تەبعەن ئەمە وەڵامێکە بۆ ئەوانەی ئەم شەریعەتەیان بوێت یان نەیانەوێ، شەریعەتی پێغەمبەر، شەریعەتی مرۆڤایەتییە، قەدەری مرۆڤایەتی ئەوەیە بێنە سەر ئەم شەریعەتە دنیایەک پیلان و فێڵ و موئامەرە بەکاردەهێنن لە دژی ئەم دینە، بە ئەنواعی تۆمەت، هیچ دینێک نییە بەقەد ئیسلام دژایەتی بکرێت؟ بەڵام ئەنجامەکەی کاتی

**عیسا کە دێتە خوار بۆ کوشتنی جەجاڵ**

**خۆی و ئەوانە تابیعی ئەون، موحەممەدین**

**سەرداری ئەنبیایە بە کول، خاتەمی ڕوسول**
**ساحیب لیوایە، پێشڕەوە، ڕۆژی واپەسین**
**ڕۆژێک کە مەککە مەشریق و مەغریب مەدینە بوو**
**سەیریکە شەرق و غەربە بە نوری منەوەرین**

ئێستا ٢٧ ی ڕەجەب سبەینێ وابزانم یادی ئیسرا و میعراجە، میعراجی سابتە بە نسوس و بە خەو نەبوو

تەشریفی ئەو بە جیسمی شەریفە، سوواری زین

بۆ ئەنبیا لە مەسجید ئەقسا بوو بە ئیمام، حەدیسەکە هیچ گومانی لەسەر نییە، لە عالەمی بەرزەخدا، چووە عالەمی بەرزەخ بوو بە ئیمامی ئەنبیا، ئینجا لەوێوە هاتە دەرەوە بۆ عالەمی دونیا و چوو بۆ ئاسمان، ئەم ئیمامەتە کەم نییە، ئیمامەتی پێغەمبەر لە ئیسرا و میعراجدا بۆ هەموو پێغەمبەرەکان نیشانەی ئەوەیە ئەبێت ئوممەتەکەشی، پێشەوای ئوممەتەکانی تر بێت، ئەبێت ئومەتەکەشی هەموو چین و ڕەگەز و نەتەوە و ئیختیساس و پسپۆڕی و هەموو ئاستێکی تێدا بێت، لە منداڵەوە تا گەورە، لە ژنەوە تا پیاو، لە کوردەوە بۆ عەرەب و بۆ فارس و بۆ ئەڵمانی و بۆ ئەمازیخ بۆ ئینگلیز بۆ بەڕبەڕ.......

ئەمەیە دین، ئێمە قەومی وامان هەیە خەڵکی ئێمە ئاگادار نییە لێی، لە قەڕنی پێنجەمی هیجریەوە موسڵمانە، ئێستە ڕۆژی موسڵمانبونی خۆیان کردووە بە ڕۆژی نیشتیمانی خۆیان، دڵیان بەوە خۆشە کێلێکی قەبر بدۆزنەوە هی ئەو سەردەمانە کە بە عەرەبی لێی نووسرابێ، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا کۆمەڵێک نەزان پەیدا بوون، وشەی عەرەبیان پێ خراپە، بەڵام مانیعی نییە وشەی ئینگلیزی بەکاربهێنێت، ئەمە پێی ئەوترێ شکست، پێی ئەوترێ دۆڕان، من جارێک چووم کچێک مارەکەم بۆ کوڕێکی خزممان، وتم با نیکاحەکە زۆر تۆکمە بێ، هەم بە کوردی صیغەی عەقدەکەم پێ خوێندنەوە هەم بە عەرەبی، باوکی کچەکە عەقڵی ئەوەندە بوو وتی: تخوا ئەو عەرەبیەی بۆ چی بوو، ئەوە عەقڵ نییە خۆ ئێستە کەسێک تا زمانێ

باشتر بزانیٚ باشتر نییە؟ بچیٚ لە شەریکەیە CV تەقدیم بکا تا زمانیٚ باشتر بزانیٚ باشتر نیە؟ خاڵی بەرزتر نابێتەوە.

**بۆ ئەنبیا لە مەسجیدی ئەقسا بووە ئیمام**

**نۆبەی عروجە یانی لە نۆ قوبە تێپەڕین.**

مەحوی قەسیدەیەکی هەیە بەناوی بەحری نور، بەحری نور قەسیدەیەکە هەر دێڕێکی کتێبێک شەرحی ئەویٚ، هەر کەلیمەیەکی نورێکە، ئەفەرمویٚ:

**لە تاریکی شەوی کوفرا بەیەک دەم لەمعەیێکی دا**

**هەزار و سێسەدوبیست و دووە، دنیا چراخانە**

لەوکاتەیا ئەم شیعرەی داناوە ١٣٢٢ یەعنی ١٩٠٤ یا ١٩٠٥ یانی مەحوی زۆری نەماوە، وابزانم لە ١٩٠٩ وەفاتی کردووە، خۆی لەمعەی چرا لە تاریکدا زیاتر دەرئەکەویٚ و ئەهمیەتی هەیە، دەنا تۆ بە ڕۆژی نیوەڕۆ چرات بۆ چیە؟ وانیە؟ هەرچەن مەولەوییە یا یەکیٚ لە فەیلەسوفە گەورەکانە ئەڵیٚ: بە ڕۆژی نیوەڕۆ چرایەکم بەدەسۆ بوو خەڵک وتیان کاکە ئەوە چیتە، وتم بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەم چراشەوە بۆ مرۆڤێک ئەگەڕێم دەسم ناکەویٚ، بەڵام نەو ئەمەی پێغەمبەر لە تاریکی شەوی کوفرا بە یەک لەحزە بە یەک، نەفخەی ئیلاهیانە بە بڕیارێکی ئیلاهیانە لەوکاتەوە تا ئێستا دنیا چراخانە، چونکە تا ئەم شەریعەتە هەبێت، ئەم ڕووناکییە هەر هەیە، خوای گەورەش ئەم دینەی بە نوور ناو بردووە، خوا ئەم نوورە ڕۆژ بە ڕۆژ تەکمیل ئەکات، ئەم نوورە بە چی تەکمیل دەبێت؟ ئاسۆکانی بەردەمی زیاتر دەکرێنەوە، کە میللەتی زیاتر موسڵمان ئەبیٚ خەڵکی زیاتر موسڵمان ئەبیٚ، خەڵک زۆرتر ڕووی تیٚ ئەکات، کە عیلمی زیاتر و مەعاریفی زیاتر لە جیهاندا پەیدا دەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ حەقانیەتی ئەم دینە زیاتر دەرئەکەویٚ.

**تعالی الله بە دوو دەه بوو کە هەردوو عالەمی داگرت**

**بنازم بەم کەماڵی عەزم و حەزم و شەوکەت و شانە**

بۆ ئێمەش مایەی شانازییە کەسێک بتوانی لە ماوەی ٢٣ ساڵدا ئەو گۆڕانکارییە عەمیقە، ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنە، خۆی گۆڕانکاریی کردن لەناو میلەتێکا کە هیچ پێشینەیەکی کلتووری، ژیاری، فکری، فەرهەنگی، تەشریعیان نەبێ، قورسە زۆر، بەڵام تەماشاکە بە چی پێغەمبەر توانی ئەمە بکات؟ بە عەزم و حەزم و شەوکەت و شان، خاوەنی ئیرادە بوو، حەزم یانی توندی، خاوەنی ئیرادە بوو، عەزم خاوەنی مەحکەمەی بوو لە ڕووی ئیرادەوە بەهێزبوو، لە ڕووی جەستەوە تووندوتۆڵ بوو، شەوکەت و شانی بوو، توانی مەجموعەیەکی لەگەڵ بێ وەک ئەو وابن، نوسخەیەک بن لە ئەو، ئەو پایەش خوا پێت ئەدا چوون هەموو ئەمانەشت هەبێ و خوا یارمەتیت نەدا نابێت، عەزمیشت هەبێت و حەزمیشت هەبێت، شەوکەت و شانیشت هەبێت و دوڵەتیشت هەبێت، پاڵپشتی ئیلاهیت نەبێت و تەوفیقت نەبێت، نابێت، ئەوە گرنگە پێغەمبەر بەم عەزم و شەوکەت و شانەوە چۆن ژیاوە؟

**لەگەڵ ئەم ئیحتیشامە زوهدی دنیایی تەماشاکە**
**یەک لەت نانی جۆ بوو قووتی، یا خورما دووسێ دانە**

تۆ گرنگە هەموو ئیمکانی زەویت لەبەردەستدا بێت و بەڵام دەستی بۆ نەبەی، پەیڕەوەکان و ئەتباعەکان و بە هەموو شێوەیە لەخزمەتابن و ئامادەبن، بەڵام تۆ بۆ خزمەتی خۆت بەکاریان نەهێنی. بۆچی ئەم پێغەمبەرە وایە؟ کەسێک دەپرسێ مەگەر پێغەمبەر بەشەر نەبوو؟ هەر مرۆڤی حەزی لەوە نییە خەڵک لە خزمەتیدا بێت؟ نا مەحوی ئەڵێ ئەم کەسێکی تر بوو.

**فەلەک جاهێ سەری خەرمانی تا عەرش، ئەڵبەتە نابێ**
**تەنەززول کا علووی هیممەتی بۆ دەنکە زیزانە**

جوتیار کە خەرمان کۆ ئەکاتەوە تا خەرمانەکەی بەرزتر بێ دڵی خۆشتر نییە؟ ئەڵێ ئەم پێغەمبەری خوایە، فەڵەک جاهە، ئەڵێ سەری

خەرمانەکەی تا عەرش چووە، کەواتە نابێ تەنەزول بکات بۆ دەنکە زیزانە، دەنکە زیزانە دانەیەکی ڕەشە لەناو دەغڵا ئەڕوێ، دیارە پێغەمبەر لە شوێنێ تر خوا پڕی کردووە، لە شوێنێ تر تێرە، کەوایە ئەبێت پێغەمبەرە زۆر موهیم بێ.

**موهیممێ غەیری زاتی حەی لە هیممەتیا نییە، ئیللا**

**لەبەر ئەم ئوممەتە بێ هیممەتە دائیم بە ئەحزانە**

پێغەمبەر یەک خەمی هەبووە، خەمی ئومەتەکەی، خەمی ئێمە، خەمی مرۆڤایەتی، عیرفانی نەبەوی، ئەمەیە عیرفان، ئەوە نییە خواناسی بکەی بۆخۆت و لە گۆشەیەکدا دانیشی و بڵێی خەڵک کەیفی خۆیەتی من حەقم نیە بەسەر کەسەوە، عیرفانی نەبەوی، عیرفانێکی گۆشەگیر نییە، عیرفانێکی کۆمەڵایەتییە، عیرفانێکی بەشدارە لە موعاناتی مرۆڤەکاندا، بۆیە ئەڵێ:

**چ مەدحێکت بکەم لائیق بە تۆ یا خیر خلق الله**

**منی بێ خێری نالائیق کە جیبریلت سەنا خوانە**

ئێمە بەرامبەر ئەم پێغەمبەرە عەزیمە چی بکەین؟ مەحوی جواب ئەداتەوە:

**بە زیکر و فیکری شیمەی موستەففا وەقتت موسەففا کە**

**کە باسی ئەو سەفابەخشە، تەرەب خێزە، دوڕ ئەفشانە**

ئێمە ئێستە کاتتمان لێڵە، مەزاقی ڕۆحمان تێکچووە بۆ چاکبوونەوە یادی پێغەمبەر بکە، یادی خەسڵەتەکانی بکە، یادی سیفاتە جوانەکانی بکە، بیری لێبکەرەوە کە باسی ئەو سەفابەخشە، تەرەب خێزە، دوڕ ئەفشانە، هەتا تۆ ناوی محەمەد ئەبەی چێژی لێ وەرئەگری.

**محەمەد ئیبنی عەبدوڵلای عەبدولموتەلیب، هاشم**

**سەفاوەی ولدی ئیسماعیل و سەفوەی ولدی عدنانە**

**ئەوە هادی سوبول، تەنیا ئەوە مەبعووسە بۆ سەر کول**

**بەوە خەتمی ڕوسول، خاتەم ئەوە، تاجی ڕەسوولانە**

**شەفیعی ڕۆژی ڕەستاخێزە، بۆ هەمووانە دەستاوێز**
**ئەوە ئەو ڕۆژە وەک خۆ، ما بقی صُما و عُمیانە**
**لە زیکری ئەو دەجۆشێ ڕەئفەت و ڕەحمەت دەبارێ هەم**
**ڕءُوفُ هەم ڕحیمُ وەسفی ئەو وەک وەسفی ڕەحمانە**
**خودا لەو زیکر و فیکرەم قەت نەکا غافڵ، زوبان و دڵ**
**هەتا غونچە دڵ و سۆسەن زوبانی باغ و بوستانە**
**تەبعەن زیکر بە زمان ئەکرێ و فیکریش بە دڵ.**
**لەگەڵ مەحزی خەیاڵی، دڵ بەجارێ بۆتە کێوی توور**
**لە کن وەسفی جەماڵی، لێوی واسیف گوڵ بە دامانە**

هەر بیری لێ ئەکەمەوە دڵم وەک کێوی توور ئەسوتێ، کە خەیاڵی ئەکەم خەیاڵی ئەو کە دورە لێم یا من دورم لێی، کە دورم لێی دڵم وەک کێوی توور ئەسوتێ، هەرکە وەسفی جەماڵی ئەکات، وەک ئەوە وایە لە لێوی گوڵی لێ ببارێ.

**جەلال و شەوکەتی، ئەستۆ شکێنی سەرکەشانی عەسر**
**جەمال و تەلعەتی، جەوهەرگودازی زوڵمەتستانە**

ئینجا باسی هەندێ لە سیفەتەکانی ئەو پێغەمبەرە دەکات، کە خوا دەفەرموێت «وإنک........»:

**گەهێ دانیشتنی، کێوێکی تەمکینت لەبەر چاوە**
**لە وەقتی ڕۆیینیدا، هەر دەڵێی سەروە خەرامانە**
**لە ڕوخساری لەتیفی گوڵ، لە جەعدی عەنبەرینی دڵ**
**دەجۆشێت و دەبارێ، ئەو گوڵستان، ئەم دڵستانە**

ڕوخساری وەک گوڵستان وایە، جەعدی عەمبەرینیشی پڕە لە دڵ، ئەم عاریفانە هەموویان دڵیان کەوتووەتە ناوی.

**لەبی ڕۆحی ڕەوان و نێوچەوانی ڕۆژی لێ دەتکێ**
**زوبانی تا شەکەرڕێزە، دەهانی گەوهەر ئەفشانە،**

**مەلاحەت مەحوی دیداری، حەلاوەت وەقفی گوفتاری**

**تەراوەت نەزری گوڵزاری، کە ڕەشکی باغی ڕیزوانە**

**وەکو یاقووت و بەردی تر، جەنابی ئەحمەدی موڕسەل**

**کە تێفکری لە ئینسانە، بەڵێ، ما نەک وەک ئینسانە**

یاقووتیش بەردە وەک بەردەکانی تر وایە یان نە؟ ئەڵێ پێغەمبەر وەکو یاقوت وایە لەناو مەجموعەیەک بەردی تردا، وەکو یاقووت و بەردی تر، جەنابی ئەحمەدی موڕسەل کە تێفکری لە ئینسانە، بەڵێ، ما نەک وەک ئینسانە. بەراوردێ ئەکات لە بەینی پێغەمبەر و حەزرەتی موسا و عیسادا ئەفەرمووێ:

**کەلیم "أرنی" کە فەرموو هەر جوابی "لن ترانی"ی دی**

**موشەڕڕەف بوو، محەمەد بێ تەڵەب بەو مەرتەبە و شانە**

حەزرەتی موسا لەسەر داوای قەومەکەی وتی خوایە «أرني أنظر إليک» خۆتم نیشاندە با سەیرت کەم، خوا فەرمووی (لن تراني) نامبینی، ئەڵێ محەمەد بێ ئەوەی داوا بکات خوا ئەو پلەی پێ بەخشی، کە خوای بینی مەلا محەمەدی خاکی لە ئیستیقبالی ئەم بەیتەدا:

**أرنی لن ترانی با نەڵێت و نەشنەوێ موسا**

**بە سائیل کەی دەدەن ئاخر ئەوەی دەرخوردی میوانە**

تۆ ئەچی بۆ بازاڕ سواڵکەرێک داوای پارەت لێ ئەکات، بە زۆر هەزار دیناری ئەدەیتێ، بەڵام میوانێ کە بانگی ئەکەیت و خۆشت ئەوێ، سەد هەزاریشی بۆ سەرفەکەی، ئەڵێ محەمەد وەک میوان وابوو، موساش وەک سائیلەکە وابوو، وەکو گەدا و سواڵکەرەکە وابوو.

**عورووجی عیسەوی تا ئاسمان و شەمسی عالەم بوو**

**عورووجی ئەحمەدی تا لامکان و شەمسی جانانە**

عیسا کە بەرز بووەوە تا ئاسمان ڕۆشت، بەڵام پێغەمبەر چوو بۆ خزمەتی خوای پەروەردگار، یانی مەکانی جێهێشت چووە لای شەمسی جانان، ئەهمیەتی ئیسیرا و میعراج لە چیدایە؟

**قبووڵی لێ کرا هەرچی ڕەجا بوو، پێی درا هەرچی**
**عطا بوو، هاتە جێ هەرچی سزای ئیکرامی میهمانە**

هەرچی داوای بوو خوا بۆی جێبەجێ کرد، هەچی عطا بوو خوا پێی دا، هەرچی پێویست بێ بۆ ڕێزگرتن لە میوانێ بۆی ئەنجامدرا، بەڵام لە هەمووی موهیمتر لەگەڵ هەر خەتوەیەک تەحسیلی عیلمێکی «لدنی»ی کرد، هەر هەنگاوێ چووبێتە سەرەوە، عیلمێکی لەلایەن خواوە دەست کەوت، لە هی ئەوسەر دەپرسی ڕۆحی حیکمەت نووری عیرفانە " لەم سەرەوە کە ڕۆیی بۆ ئاسمان لە هەر هەنگاوێکیا زانستێکی تایبەتی لەلایەن خواوە وەرگرت، ئەگەر لە خەڵاتی ئەو سەریشی دەپرسی، پوختە و خۆلاسەی تێگەیشتن و خواناسی - ڕۆحی حیکمەت و نوری عیرفان - لەگەڵ خۆی هێنایەوە " یەکێ لە عاریفەکان شێخ عەبدولقودوسی گوندوهی ئەڵێ من بچوومایە بۆ میعراج نەدەهاتمەوە، محەمەد ئیقباڵ ئەڵێ ئاخر تۆ نایەیتەوە، بەڵام محەمەد دەبێ بێتەوە، ئەو ڕۆحی حیکمەت و نوری عیرفانە بێنێتەوە بۆ مرۆڤایەتی، ئەم پێغەمبەرە بەم عەزەمەت و مەکان و حەزم و شەکەوت و شانە تەئسیرەکەی تەنها لەسەر خۆی نەبوو، ئەی لەسەر کێ بوو؟ لەسەر یارو یاوەرانی، بۆیە مەحوی لە دەلاقەی پێغەمبەرەوە دەچێتە سەر ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی.

**خودا ئەم ئاینەی لائیق بە بوبەکر و عومەر دیوە**
**کە ئەووەڵ سانی و سانی شەرەفیابە بە لَو کانَ**
**لە بەعدی ئەو دووە عوسمانی "ذی النورین"ە "ذوالانوار"**
**عەلی شاهی ویلایەت، بابی عیلم و شێری یەزدانە**

**بەسەریانا، بەسەر باقی سەحابە و ئال و یارانا**
**ببارێنێ خودا هەر ئان و وەقت و ساعە "رضوانە"**
**بە نووری عەکسی پێغەمبەر ئەوەندە مونعەکیس بووبوون**
**غەریبی تازە هاتوو دەیوت: ئەم پێغەمبەرستانە**

هەمووی وەک پێغەمبەری لێهاتووە جەمعی ئەسحاب، تەبعەن پێغەمبەر نەئەگەشت بەو مەقاماتە، ئەگەر هیجرەتی لەخۆیدا نەکردایە، داوای هیجرەتیشی نەکردایە بۆ مەدینە، بۆیە هیجرەت زۆر موهیمە، لە فەرهەنگی عاریفاندا هیجرەت کردن یانی بەجێهێنانی بەجێهێشتن، یانی بەجێهێشتنی خۆت بۆ لای خوا، ئەوەی دڵت پێوە بەستووە بەجێی بهێڵە بۆیە ئەفەرمووێ بە هیجرەت، غیرەتی دینی موهاجیر، خدمەتی ئەنسار لە قووە هاتە فیعل و بوو لە عالەمدا بە دەستانە ئەگەر هیجرەت نەبوایە غیرەتی دینی موهاجیر دەرنەئەکەوت، خزمەتی ئەنسار دەرنەئەکەوت و نەئەبوون بەو داستانە عەزیمەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا باس دەکرێن.

**لە فەیزی هیجرەتە ئەسحابی بەدر ئەم شەو هیلالی بوون**
**سبەی هەر یەک بووە بەدرێکی کامیل ئەو هیلالانە**
**چ هیجرەت؟ شەهدی وەسڵ، ئارامی جانە بۆ هەواخواهان**
**چ هیجرەت؟ بۆ عەدوو تەعزیبی ڕۆح و زەهری هیجرانە**

جا ئێمەش گەشتینە ئەوەی بڵێین یارەبی خوایە بۆ خاتری ناوە جوانەکانت ئێمەش بەهرەمەند بکەی لە فەیزی مەحەبەتی پێغەمبەر بەهرەمەندمان بکەی لە عیلمەکەی، لە شەریعەتەکەی لە سونەتەکەی، لە سیرەتەکەی و لەگەڵ ئەهلی عیلم و عیرفاندا حەشرمان بکەی.

# توێکاریی مەعریفەی سیاسیی لە شیعرێکی شاهۆدا

مەبەستم لەم ناونیشانە ئەوەیە کە بڕۆینە ناو قووڵایی شیعرەکانی شاهۆی شاعیرەوە، لەو ڕووەوە کە هەر شاعیرێک بە پاشخانێکی مەعریفییەوە دەچێتە ناو جیهانی خەیاڵ و ئەندێشەی شیعرییەوە، بەو حوکمەی شاهۆ کوڕی مەلای گەورەی بیارە بووە و لە تەرەفی دایکیشەوە کچەزای شێخی زیائەددین بووە و لە سەردەمێکدا ژیاوە کە سەردەمی ڕەواجی خوێندنی ئاینیی بووە لە کوردستان و بەتایبەت مەدرەسەی بیارە، لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە بۆ خوێندن بچێتە ئەستەمبووڵ و بە پلەکانی خوێندنی فەرمییدا سەربکەوێ و جگە لە زمانی دایک سێ زمانی زیندووی ئەو کاتە (عەرەبی و فارسی و تورکی) بزانێت، ئەو گریمانەیە لامان دروستدەبێت، کە ئەو هەڵگری مەعریفەیەکی ئایینی، فەلسەفیی، سیاسیی و زانستیی و ئەدەبیی وابووە کە بتوانێت لەسەر موفرەداتی سەردەمی خۆی قسەی هەبێت و ڕەخنەگرانە لە دیاردە و ڕووداوەکان بڕوانێت و ئەم دیدگا مەعریفییەی لە شیعرەکانیدا ڕەنگبداتەوە. بۆیە پێویستە توێکاریی شیعرەکانی بکرێت بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزە مەعریفییەکانی و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی.

مەبەست لە ڕەگەزی مەعریفیی ئەوەیە، کە مرۆڤ قسە لەسەر هەرچیی بکات دەبێت سەرەتا وێنایەکی بۆ کردبێت و لە هۆش و ژیرییدا جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ کردبێت. ئەمەش بەپێی ڕێکارێکی عەقڵانیی و لە ڕووی سەرچاوەکانی مەعریفەوە، کە بریتیین لە:

هەستەکان و گوزارە گوازراوەکان و دەرک و ئاوەزیی ژیریی.

هەموو ئەم سەرچاوانە لە هەمان کاتدا دەبنە ماک و ئامرازی شیکار و لێکدانەوە و بە پرۆسەی پەروەردە و بارهێنان و جۆشخواردنی

کەسەکە لەگەڵ دراوەکان و کاریگەریی ژینگەی خێزان و کۆمەڵ و مامۆستا و ڕێنما گەشە دەکەن و سەرەنجام بارێکی مەعریفیی دروست دەبێت، کە لە ڕووی چەند و چوونەوە ڕۆژ بە ڕۆژ گۆڕانی بەسەردا دێت. کاتێک ئەم یاسایە بەسەر شاهۆی شاعیردا دەچەسپێنین، دەبینین لە هەر دوو لایەنی باوک و دایکیەوە ژینگە و ڕەچەڵەکێکی وای هەیە کە ناکرێ لە مەعریفەی باوی ڕۆژگارەکەی بەهرەمەند و بەشدار نەبێت، بە حوکمی ئەوەی باوکی مەلای گەورەی بیارە بووە و دایکیشی کچی شێخی زیائەددین واتە دامەزرێنەری مەدرەسە و خانەقای بیارە بووە، کە بۆخۆیشی پلەیەکی مەعنەویی بەرز و ویلایەت و ئیرشادی هەبووە و هەمیشە کەسانی زانا و دانا و عاریف و ئەدیب لە دەوری بوون و کۆڕی زیکر و فیکری هەمیشە گەرم و ئاوەدان بووە. ناکرێ کەسێک بە هۆشیاری و زیرەکی و هەستیاریی شاهۆ لەو ژینگەیەدا ژیابێ و نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی باوک و باپیر و خاڵ و خاڵۆزاکانی، یاخود ڕچەی مەلا و فەقێ باشەکانی ئەو مەدرەسەیەی نەگرتبێ.

ڕەنگە کێشەی شاهۆ لەوەدا بووبێت کە باوک و باپیری هێندە بەرزو باڵا بووبن کە ئەم بیری لە تێپەڕاندنی ئەوان نەکردبێتەوە و هەژموونی کەسایەتیی ئەوان هەمیشە بەسەر سەریەوە بووە، کە تا ئەندازەیەک ڕێگر بووە لە سەربەخۆیی و لە جۆرێک لە دەرچوون و تێپەڕاندنی سنوورە کەلتووریی و خێزانییەکان، بە حوکمی ئەوەی دەرکەوتن و هەڵکەوتوویی مرۆڤ زیاتر لەو هەلومەرجانەدا بەرجەستە دەبێت کە لەو بارودۆخە وەستاوەدا تەکانێک بە خۆی و بیری خۆی بدات و گۆمە مەنگەکە بشڵەقێنێت، کە ئەوەی بۆ حاسڵ نەبوو، دەبێت بە دووبارەبوونەوەی هەمان حاڵەت، تەنانەت ئەگەر لەوەش دەربچێت ئەو هەژموونەی هەر بەسەرەوە دەمێنێت.

به بۆچوونی بەندە شاهۆ ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوتووە کاتێک چووەتە ئەستەمبووڵ و پەیوەندیی بە حیزبی تەعالی کوردستانەوە کردووە، ئیتر فەزایەکی تازە و فراوانتری بۆ دروستبووە و بیری لە سیاسەت و ئازادی و کێشە نەتەوەیی و ئینسانییەکان کردۆتەوە.

سەرەتای سەدەی بیست بە نیسبەت کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەلومەرجێکی ئێجگار هەستیار بووە، بیری تازەی سیاسیی و ئایدۆلۆژیای هاوردە، بەتایبەت دوای دارمانی خەلافەت و سەڵتەنەتی عوسمانیی، ناوچەرگەی خوێنداوەرانی ورووژاند و تەوژمێکی ناسیۆنالیستی دنیای ئیسلامیی گرتەوە و لە ئەنجامدا چەند دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستیی پەرگیری تورک و عەرەب و فارس دروستبوون، تەنها گەلی کورد لە دەوڵەتی نەتەوەیی بێبەشکرا و خاکی کوردستان پارچە پارچە و دابەشکرا بەسەر دەوڵەتە ناسیۆنالیستەکانی دەوروبەریدا، ئەم واقیعە سیاسییە تاڵە، کاردانەوەی بەهێزی لای خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی لای زانایان و ڕۆشنبیران لێکەوتەوە، بە جۆرێک کە هەموو تاکێکی کورد خۆڕسکانە و بەبێ تەکەللوف بووە داکۆکاریی مافە نەتەوەییەکانی، لەلایەکەوە مافێکی شەرعی و قانوونی و عورفی لێزەوتکراوە، لەلایەکی ترەوە بووەتە هاووڵاتی پلە دوو لەو وڵاتانەی کە تیایدا دەژیی و ڕووبەڕووی چەوساندنەوەی نەتەوەیی دەبێتەوە. واتە دوای سەردەمی کۆلۆنیالیزم جارێکی تر کوردستان داگیرکرایەوە بە بیری نەتەوە سەردەستەکانی دراوسێی، لە ئەنجامدا زمان و کەلتوور و شووناسیشی کەوتە مەترسییەوە. پرسەکە لە عەینی سادەییدا بووە پرسێکی ئاڵۆز و گرێ کوێرەی سیاسەتی ناوچەکە و هاوسەنگیی پێویستی نێوان چوار گەلی سەرەکی (عەرەب و تورک و فارس و کورد) نەما و کوردی خاوەن خاک و خاوەن مێژوو و خاوەن شانازیی لەماڵی خۆیدا بووە میوانی نەویستراو و بێزراو.

شاهۆ لەو هەلومەرجەدا ژیاوە، بۆیە هەستی بە پارادۆکسێکی مەعریفی و مێژوویی و واقیعیی کرد، هەستیکرد وەک پێکهات کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و هەموو ڕەگەزەکانی گەلێکی سەربەخۆی هەیە، زمان، کەلتوور، مێژوو، خاک، کەسی شارەزا و لێهاتوو، میری دەستڕۆیشتوو، زانا و ئەدیبی بژاردە، ڕۆژنامەنووسی وریا و ئاگادار. فرەڕەنگیی و فراوانی دیالێکت و سامانی جۆراو جۆر و فرە چەشن... بۆچی ئەم گەلە وێڕای بوونی پۆتانسیەلی پێویست بۆ بوونی سیاسیی، ناتوانێت و نەیتوانیوە خاوەنی بڕیاری خۆی بێت ؟!

**بەتایبەت کە زۆر جار دەرفەتیشی بۆ ڕەخساوە!**

**خزمینە ئیستە فرسەتە وەختی براییە**
**کەی مەوسیمی خراپە و جەنگ و جیاییە؟**
**ڕابردوو ناگەڕێتەوە باسی دروست نییە**
**هەر کەس کە بیری کۆنە بکات ڕا ڕاییە**
**بوختان و دووزمانیی و دووڕوویی و نیفاق**
**هەر کەس کە کردی عاقیبەتی ڕوو سیاییە**
**تینوو بە خوێنی کەللەیی یەکتر جەهالەتە**
**دەرحەق بەیەک بە خراپە دووین بێ حەیاییە**
**خۆی چۆن بێ هەرچی کەس وەکو خۆی تێدەگا لە خەڵق**
**ئەو کردەوەی بەدە ئەو بۆیە زۆر ناڕەواییە**
**دەرکەن لەناو خەزێنەیی فیکرا خەیاڵی بەد**
**لادەن لەسەر سەحیفەیی دڵ، بەدجێی سیاییە**
**تاریکە ناو دەروونی هەموو کوردێ، تا لە شووم**
**بەسرا لە کوردەواریی ئەوەی ڕۆشناییە**
**چاکەت بزانە هیچە لەبەرچاوی دوژمنان**
**چی بۆ بکەی لە چاکە لەلای ئەو ڕیاییە**

**(شاهۆ) بە ماڵ و ڕۆح و سەری تا دەچێتە گۆڕ**
**بۆ پاسی زێد و خزمەتی قەومی فیداییە!**

ئەم دەقە شیعرییە لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە هەڵگری باری مەعریفەی سیاسیی شاهۆیە، بۆیە توێکاریی ئەم دەقە دەمانگەیەنێت بە زۆر ئەنجامی گرنگ، کە من لەم وتارەدا دەمەوێ لەسەری بوەستم و جەختی لێبکەمەوە:

یەکەم : مێژووی کورد مێژووی دووبەرەکی و ناکۆکی ناوخۆییە، شەڕی میرنشینەکان و تەنانەت شەڕی بەرەبابەکانی یەک میرنشین، سیمای سیاسیی گەلێکی فرەخاوەن و فرە ئاغا پیشان دەدات، کە ئەمە لای شاهۆ پێویستە تەجاوز بکرێ و تەنانەت لە دەرفەتەکانی ڕزگاربووندا باس نەکرێت، بۆ ئەوەی برینە مێژووییەکان نەکولێنەوە.

دووەم : خەسڵەتی ئاکاریی تاکی کوردیی ڕاز و نهێنییەکی گەورەی شکستەکانی مێژووی کوردە، کە بەداخەوە لەسەرەوە بەرەو خوار شۆڕبۆتەوە و ڕێگر بووە لە سەرکەوتنی بەردەوام و شکۆی نەتەوەیی، شاهۆ باسی بوختان و دووزمانیی و دووڕوویی و نیفاقی سیاسیی دەکات، کە دیارە ئەم خەسڵەتانە بەسەر تاکی کوردیدا زاڵ بووە. کێشەکە لەوەدایە ئەم خەسڵەتە خراپانە زۆر جار لە سەرکردەکان و لە کادری ناوەراست و کاربەدەستدا دەردەکەون و ڕێخۆشدەکەن بۆ دەستوەردانی بێگانە و شکستپێهێنانی شۆڕشەکانی کورد.

سێیەم : پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و خێڵایەتی و ناوچەگەریی گەورەترین زیانی لە ڕەوتی خەباتی سیاسیی کورد داوە، واتە کورد هێشتا نەیتوانیوە قۆناغی (خێڵ) تێپەڕێنێ و بیر لە بازنەی فراوانی نەتەوە بکاتەوە و چەمکێک بەناوی (ئاسایشی نەتەوەیی) بخوڵقێنێت و بیکاتە بناغەی مامەڵە سیاسییەکانی. بۆیە تاکی کورد بە خوێنی کوردی جیاواز لە خۆی تینووە و ئامادەیە بۆ جەنگ و کوشتاری، ئەگەر ئەم

کارەش جەهالەت بێ زۆر بە ئاسانیی مومارەسەی دەکات و قبوولّیەتی، کاتێکیش گوزارشت لە برای کوردی جیاوازی دەکات، ئامادەیە بە خراپە باسی بکات و بەدناویشی بکات، هەر چەند ئەم کارەش بێ حەیایی و بێ شەرمییە لە قامووس و عورفی ئەودا. کەواتە ڕەگێکی کێشەکە ئەخلاقیی و ئاکارییە و دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی مەرجەعییەتی ئەخلاقی و ڕێسایی هاوبەش لەناو کوردەکاندا.

چوارەم : تاکی کوردی کێشەیەکی تریشی هەیە ئەویش کێشەی وێناکردنی خۆی و دەوروبەریەتی، ئەو هەمیشە گومانی خراپی بەخۆی هەیە، متمانەی زیاتر بە دوژمنە تا بەخۆی. بۆیە شاهۆ داوای ئەوەمان لێدەکات کە وینای زەینی و عەقڵی و ویجدانیمان سەبارەت بە یەکتر ڕاست و پاک بکەینەوە، واتە واز لە بەخشینەوەی تۆمەتەکانی خیانەت و نەزانی و نۆکەرایەتی بەسەر یەکتردا بهێنین، واتە وازهێنان لە تیۆرییەکانی پیلانگێڕی و نارسیسمی سیاسیی، کە هەمیشە لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا حزووریان هەبووە.

نەهێشتنی وێنای خراپ لەسەر یەکتر، دەرفەتێکی نوێ و قۆناغێکی نوێی تێگەیشتن دروستدەکات و تاکی کوردی و سەرکردایەتی کوردیی لە زۆر کێشەی بنەمایی ڕزگار دەکات.

پێنجەم : لە هەمان کاتدا شاهۆ باش لە نەفسیەت و عەقڵیەتی داگیرکەران و بێگانەکان تێگەیشتووە، کە ئامادەنین هەرگیز نۆکەرە کوردەکانیان بکەنە بەشێک لە خۆیان و بەشدارییان بکەن لە دەسکەوتە سیاسیی و ئابوورییەکاندا، بۆیە هەمیشە بە سووک و بێ بەها هەژماریان دەکەن و گومانیان لە سەر خۆش خزمەتیی و نۆکەرایەتییان هەیە، بێگومان هەرواشە، کەسێک وەفای بۆ هاوزمان و هاودین و هاوفەرهەنگی خۆی نەبێت، بۆ بێگانەی داگیرکەری چۆن دەبێت؟!

شەشـەم : شـاهۆ خـاوەنی پـرس و قەزیەیەکـی گەورەی سـتراتیژییە، خـاوەنی بڕوایەکـی پتەوە بە ڕەوایەتـی قەزیەکەی، بۆیە ئامـادەیە مـاڵ و ڕۆح و سەری خۆی فیدا بکات بۆ پاراستنی خاک و نیشتمانەکەی، بۆ خزمەتی گەل و خەڵکەکەی.

ئەم بڕوایە لە بۆشاییەوە نەهاتووە، بەڵکو دەرەنجامی بیر و هزرێکی هۆشیاری سیاسیی و مەعریفییە، کە بوونی خاک و شووناسـی میللـی بە جەوهەری شووناس و ئینتیمای تاک دادەنێت، واتە تـاک تەنهـا بـوونێکی فیسـیۆلۆژی نییە کە تەنهـا مەبەسـتی خـۆراک و ژیـانێکی فیزیکـی بێـت، بەڵکـو مـرۆڤ کـائینێکی هۆشـمەندی ئامانجـدار و شـکۆمەندە، کە عەقڵ ڕابەر و ڕێنیشاندەریەتی و یاسا و عورف و ئەخلاق داڕێژەری سلووک و ڕەفتارەکانیەتی.

حەوتەم : برایەتـی و تەبـایی سیاسـیی لە چوارچێـوەی نەتەوەدا لای شاهۆ هەم تاکتیکە کاتێک واقیعی تاڵی کوردستان ڕەچاو دەکات و پێی وایە کـورد تەنهـا بەم تاکتیـک و ڕێکـارە دەتوانێـت تەحەددای کۆسـپە نـاوخۆیی و دەرەکییەکـان بکـات، هەم سـتراتیژ و ئامـانجێکی بەرزە کە هەمـوو هەوڵێـک دەدات بـۆ کـۆکردنەوەی وزە و توانـا پەرتەوازەکـان بەرەو بەدیهێنـانی ئەو ئامـانجە، کە بـریتییە لە کـاڵکردنەوەی جیـاوازیی چینـایەتی و کـۆمەڵایەتی لە پێنـاوی گەیشـتن بە یەکبـوون و یەکڕیزیـی نەتەوەیی.

هەشتەم : شاهۆ ئەوەش لە بیر ناکات کە خەباتی سیاسیی کورد هەم پێویسـتی بە پێشـەوای دڵسـۆز و بە ئەزمـوونە و هەم پێویسـتی بە حیزبێکـی پێشـەنگە. سـەرکردەی پێشـەوا دەتوانێـت کـۆکەرەوەی دڵە جیاوازەکـان و سـمبولی خەبـاتەکە و عەقڵـی کـوللی بـزاڤەکە بێـت و حیزبـی پێشـەنگیش دەکـرێ ڕێکـخەری ئەو جەمـاوەرە و نـوێنەری ئەو قۆناغە بێت بۆ بەرجەستەکردن و داڕشتنی ڕوئیاکانی. هەربۆیە بـاس لە

ڕۆڵی شاهی شەمزینان و حیزبی تەعالیی کوردستان دەکات. لە قۆناغێکدا شاهۆ هەڵگری ئەم مەعریفە و ئەم حەماسە نەتەوەییە بووە، واتە لە حوجرەی خانەقای بیارەوە بە ڕەهەندێکی مەعریفەی ئاینییەوە تێکەڵی دنیای سیاسەت و سەردەمی بیری ناسیۆنالیستی بووە، ماوەیەک قازیی بووە، پەیوەندیی بە کەسانی سیاسی و ڕۆشنبیر و مەلا و زانا و شاعیرەکانی سەردەمی خۆیەوە هەبووە، مرۆڤێکی کراوەی دامەزراو بووە، ترسی لە بیری پێچەوانە و نەیار نەبووە. هەربۆیە بۆ ئێستاش دەشێت بکرێتە نموونە بۆ مەلا و پیاوی ئایینیی، کە لە یەک کاتدا ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەر و هەڵگری بیری واقیعبینانە و سەردەمیانە بن و خاوەنی هزری کراوەی دوور لە دەمارگیری بن، بە ئەدەبیات و زانستەکەیان خزمەت بە ڕەوتی شارستانی گەلەکەیان بکەن.

یەکەیەکەی شیعرەکانی مەلا حەسەنی قازیی، هەر کام لە بابی خۆیدا، هەڵگری ئەو بارە مەعریفییەن کە پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی ئایین و نیشتمان و نەتەوە و عیرفان و ئەوینی مرۆیی و خودایی خزمەت بە مرۆڤ بکەن، بۆ ئەوەی بتوانێت خەونەکانی لە ژیانێکی جوان و پاک و سەرمەدیدا بەدیبهێنێت. هەربۆیە پێویستە توێکاریی مەعریفییان بۆ بکرێت لە ڕەهەندە جیاوازەکانی فەلسەفە و ئایین و سیاسەت و ڕەوانبێژیی و ئەوین و عیرفانەوە.

واتە کاتێک چێژی تەواو لە شیعری شاعیرەکانمان وەردەگرین، کە بزانین لە کام دەلاقەی مەعریفییەوە بۆیان بڕوانین.

# تەسەووف: چەند ڕاستیی و چەمکێک

سەرەتا : لە دەستپێکی ئەم باسەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بۆ دوو خاڵی گرنگ بکەم:

١- ئامادەکردنی تاکەکەس بۆ هەر بوارێک، هەنگاوی یەکەمە بۆ بنیاتنانی تاک و کۆمەڵ، کە ئەمە ئامانجێکی سەرەکی پڕۆسەی سەیر و سلووکە لە فەرهەنگی تەسەووفدا و هەموو پیرانی مورشید و ڕێنما کاریان ئەوە بووە کەسی شیاو پەروەردە بکەن.

٢- پاش ئامادەکردنی تاک بەو شێوە قیاسییە، گرنگ ئەوەیە ئەو تاکە لە چ جێگا و بە چ شێوەیەک بەهرەی لێوەربگیرێت، کە ئەم هەنگاوە تەواوکەری هەنگاوی یەکەمە و وردەکارییەکی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی تاک دوای ئامادەکردن و پێگەیاندن شوێنی شایان و گونجاوی هەبێت.

**ڕاستییەکان:**

یەکەم : تەسەووف ڕاستییەکی مرۆڤانە و بزاڤێکی جیهانییە، وەک لە واقیعی مرۆڤایەتی دەردەکەوێت لە ناو هەموو ئایینەکاندا جۆرێک لە دڵپەروەری و ڕۆحپەروەری بوونی هەیە. تەنانەت لەو ئایینەناشدا کە ئاسمانی نین، وەک ئایینی بوودایی، گرنگیدان بە ڕۆح و پاڵفتەکردنی ناخ و دەروون ڕاستییەکی چەسپاوە. بەتایبەتی لە ئایینە ئاسمانییەکاندا مرۆڤ پێویستە دڵ و دەروون و ناوەوەی بڕازێنێتەوە بۆ ئەوەی بگات بە خودا.

دووەم : تەسەووف بزاڤێکی ئیسلامییە، واتە ئەم بزاڤە ڕەگەزێکی ڕەسەنی ناو هەناوی ئوممەتی ئیسلامییە، لە بنەڕەتدا کاری سەرەکی

پێغەمبەری بەرزی ئیسلام (درودی خوای لەسەر) ئەوەبووە کە یار و شوێنکەوتووانی تەزکییە بکات، واتە پاڵفتە و پاکیزەیان بکات، بۆ خۆی ببێتە سەرمەشق و مامۆستا و مورشید و ڕێبەریان. کرۆکی پیغەمبەرایەتی پێش ئەوەی تەشریع و یاسادانان بێت بۆ کۆمەڵ، بەستنەوەی دڵەکانە بە سەرچاوەی هەموو خێر و بەرەکەتێک کە خوای پەروەردگارە. لەم ڕوانگەوە زەمینەی تەسەووفی ئیسلامی خودی ناوەڕۆکی پەیامەکە و سیما و خەسڵەتی پێغەمبەرەکەیەتی. لەویشەوە دەگوێزێتەوە بۆ یارە نزیکەکانی، یارو یاوەران و ئەهلی بەیت و پیشەوایانی ئیسلام لە هەموو سەردەمەکاندا. کاریگەریی کەسایەتی پێغەمبەر و گەورە یارانی وەکو سددیقی ئەکبەر و فاروقی ئەعزەم و عەلی کوری ئەبووتالیب (ئەبو توراب)، ئێستاشی بەسەرەوە بێت بەشێکە لە بنەڕەتیترین ڕەگەزەکانی تەسەووفی ئیسلامیی.

سییەم : تەسەووف ڕەفتار و هەڵسوکەوت و میتۆدی بیرکردنەوەیە : تەسەووف لە هەمان کاتدا ڕەفتارێکی مرۆڤانەی هۆشمەندانەی ئامانجدارە، شێوازێکی بەرزە لە دینداریی لەناو گێژاوی ماددیەتێکدا کە هەناسەی مرۆڤایەتی سوارکردووە. بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هاوسەنگ ببێتەوە و لەو گێژاوە دەربازی ببێت.

چوارەم : تەسەووف هەڵوێست وەرگرتنە لە بوون و ژیان و مرۆڤ. لە ئەنجامی قووڵبوونەوەی مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەر و سلووکی، ڕێگەی تەسەووف تێگەیشتنێکی ناوازەی بۆ دروست دەبێ لەسەر بوون و گەردوون و نیشانە و نماکانی، هەربۆیە لە ڕوانگەی ئەو تێگەیشتنەوە کە بۆی دروست دەبێت، دەبێتە خاوەنی هەڵوێستێکی تایبەت لەسەریان و لەگەڵیان دەکەوێتە مامەڵەیەکی دۆستانە، لەم ڕووەوە کێشەی لەگەڵ کەس نابێت و لە هەموو شتێکدا جوانی و دەستی قودرەتی ئیلاهیی و شاکاری بوون دەبینێت.

پێـــنجەم : تەســـــەووف چەنـــــدین فێـــرگە و ڕەوت و ئاڕاســـــتەی جۆراوجـۆری تیـایە : لەگەڵ ئەوەدا کە سـەرەنجامی هەمـوو ڕێڕەوەکـان هەر بـــۆ لای خـــودایە و هەمـــوو ســـۆفییەک گەرەکیەتـــی لە بـــادەی مەحەببەتی ئەو سەرشار و لێوانلێو بێت، بەڵام لە کردەوەدا ئەم ڕێبازە هزری و ڕەفتارییە چەندین ڕێڕەو و فێرگەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بۆ نمـوونە دەوترێ تەسـەووفی فەلسـەفی، تەسـەووفی سـوننی، تەسـەووفی ئەشـــعەری، تەســـەووفی ئێرانـــی و تەســـەووفی عەرەبـــی، هەروەهـــا لە جیهـانی ئیسـلامدا چەنـدین تەریقەتـی گەورە و بچووکمـان هەیە، وەکـو : قـادری، نەقشـبەندی، سـوهرەوەردی، چەشـتی، کـوبرەوی، سەنووسـی، ڕیفـاعی و...هتـد. لە ژێـر بـاڵی هەریەک لەمانەشـدا دەسـتە و گرووپـی جۆراوجۆر هەن، کە تێکڕا جەخت لەسەر بوونی بزاڤێکی ڕووحی گەورە و گرانی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتی دەکەن.

شەشـــەم : تەســـــەووف ئەزمـــوونی تـــاک و کـــۆمەڵ. تەســـــەووف ئەزموونێکی سەرتاپاگیری وەهایە کە دەتوانێت هەم لە کەسایەتی تاکدا و هەم لە کۆی ژیانی کۆمەڵدا بەرجەستە ببێت، واتە هەمیشە ئەو توانایە کە هەیە کە خـۆی بەرجەسـتە بکـات و کـاریگەریی لەســەر تاکەکـان و کـۆمەڵە جیاوازەکـان هەبێـت، بە درێژایـی مێـژوویش ئەمە ڕاسـتییەکی چەسـپاو بـووە کە تەســـەووف لە ئەزمـــوون و بـــانگەوازی شـــێخێکی مورشـیدەوە دەسـتی پێکـردووە و بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەر بـڵاو بۆتەوە و چووەتە ناو چین و توێژەکانەوە، هەرچەند ئەو چین و توێژانە هەژار و کەمدەرامەت یـان دەوڵەمەنـد و خـاوەن دەسـەڵات بـوون، واتە بـاری کـۆمەڵایەتی هەرگیـز ڕێگـر نەبـووە لەوەی خەڵکێـک بـڕواتە ژێـر ئـاڵاکەیەوە. لە هەمـان کاتـدا لە نـاو بـازنە و حەڵقەی زیکری سـۆفییانەدا هەم کەسـی عەوام و نەخوێنـدەوار بوونیـان هەبـووە هەم کەسـی زۆر شارەزا و شـەرعزان و موتەکەللیم و فەیلەسووف. بەڵام دیـارە هەرکەس

بەپێی توانست و هەناوی خۆی لەم جەوهەرە ڕۆحییە تێگەیشتووە و بەهرەمەند بووە.

حەوتەم : تەسەووف زانست و مەعریفە و عیرفانە. تەسەووف هەنووکە لە ڕووی تیۆرییەوە زانستێکی موتەکامیل و سەربەخۆیە زاراوەی و میتۆد و ئسلوب و سەرچاوەی ڕەسەنی خۆی هەیە و بەبێ موناقەشە وەک زانستێکی ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت لەلایەن بیرمەندان و توێژەرانەوە. لەهەمان کاتدا بۆخۆی درەختێکی مەعریفی بەروبوومدارە و چەندین لق و پۆپی مەعریفی لیبۆتەوە وەکو دەوترێت : تەسەووفی ئیبن عەرەبی (وەحدەتی وجوودی)، تەسەووفی ئیمامی ڕەببانی (وەحدەتی شهوودی)، تەسەووفی ئیشراقی (سوهرەوەردی و حوکەمای ئێرانی)، هەموو ئەم لق و پۆپ و ڕێگە و ڕێبازانە بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ خوای خۆی بناسێت و بەتەواوی خۆی بەو بسپێرێت و لەگەڵ ناو و سیفاتی ئەودا مەئنووس و مەئلوف ببێت. واتە تەسەووف ئەگەر پلەبەندی بۆ بکرێت بەم شێوەیە دەبێت : سەرەتا عیلم و زانستە، دوایی دەبێتە مەنهەج و ڕێباز و ئەنجامەکەشی عیرفان و نزیکبونەوەیە لە خودا.

هەشتەم : تەسەووف کۆڵەکەیەکی گەورەیە لە مەنزوومەی مەعریفەی ئیسلامیدا. ئەگەر چاوێک بە مێژووی مەعریفە و زانستی ئیسلامییدا بخشێنین دەبینین ئەم مەنزوومەیە لە دەوری خولگەیەکی نەگۆڕدا دەسووڕێتەوە، کە ئەویش قورئان و فەرموودەیە، واتە دەقەکانی ئەم سەرچاوە پیرۆزانە لەگەڵ تێگەیشتن لە سروشت و یاساکانی، بەڵام ئامڕازەکانی تیگەشتن لە دەق و لە بوونەوەر فرە چەشنن و لەم پێناوەدا لە تەنیشت مەدرەسەی زمان و بەیان و بورهان و فیقە و تەشریع، مەدرەسەی عاریفان و سۆفییەکان گرنگیی خۆی

هەیە، ئەمانیش وەک ئەوانی تر ڕۆڵیان هەبووە لە بنیاتنانی مەعریفە و ژیاردا.

نۆیەم : تەسەووف جیهانێکە لە ویجدان و ئیلهامبەخشێکی گەورەی هونەر و ئەدەبیاتە. لە هەناوی ئەم ئەزموونەوە دەریایەک لە هەست و سۆزی مرۆڤانە شەپۆلیداوە و لەم ئاسۆیەوە چەندین خۆری تابناک و درەخشانی وەکو مەولانا و حافز و ئیبنولفاریز و مەحوی و جزیری تلوعیان کردووە، ئەگەر تاو و تینی ئەم سەرچاوە گەرمەی تەسەوف نەبا کوانووی پڕ لە گەرمای دەروونی ئەم شاعیرانە ئەوەندە خۆش و بەجۆش و خرۆش نەدەبوو.

دەیەم : زمانی سۆفییان زمانی ڕەمز و ئیشارە و هێمایە. لە جیهانی تەسەووفدا سەروکاری عاریف لەگەڵ حەقائیق و مەعنەوییاتە و ئەزموونگەلێکی وایان بۆ حاسڵ دەبێت کە تەعبیرکردن لێیان بە زمانی ڕاستەوخۆ مەحاڵە و زانایانی ئەم بوارەی وادارکردووە کە بە زمانی ڕەمز و ئیشارە گوزارشت لە هەست و مەبەستی خۆیان بکەن.

**چەمکەکان:**

جیهانی تەسەووف جیهانی دەستەواژە و چەمکی قووڵ و فراوانە، لێرەدا بە نموونە ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین.

یەکەم : جەوهەری ژیان جەوهەری ڕۆحانییە. بڕواداران بەو قەناعەتەوە لە ژیان و لە بوون دەڕوانن کە خاوەنی جەوهەرێکی نامادییە، واتە ڕۆحانی و مەعنەوییە. بە پێچەوانەی بیر و فەلسەفەی ماددیانە کە هەموو شتێک لە مادده و ئەنجامەکانی ماددەدا پوخت دەکاتەوە. هەربۆیە عاریفان وابەستەی ئەم ڕۆحانییەتە بنەڕەتییەن.

دووەم : سروشتی مرۆڤ دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکی ماددی جەستەیی و ڕەهەندیکی ڕۆحانیی مەعنەویی، تەسەووف دەیەوێت هەموو عینایەت و گرنگیدانی مرۆڤ بەرەو بەهێزکردنی ڕۆح و

مەعنەویــیەت ئاراســتە بکــات، تــا لە ئەنجامــدا بتوانێــت بەســەر کاریگەرییەکان مادده و نەفسدا زاڵ ببێت.

سێیەم : سۆفی لەم جیهانە تێپەڕ دەبێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ بارەگای پیرۆزی قودس، ئەم جیهانە لە ڕوانگەی سۆفییدا تەنها سێبەری جیهانی ڕاستەقینەی عالەمی باڵایە و بە ئەرکی خۆی دەزانێت لەم سەیر و سلووکەدا هەموو شعوور و لاشعوورێکی بەو جیهانەوە ببەستێت.

چــوارەم : تــۆوی تەســەووف لە قورئــان و ســوننەتدایە و ڕەگ و ڕیشــەی لە نـاخی بـوونی مرۆڤدایە. واتە لە خـودی دەقەکـانی کیتـاب و سـوننەدا بـاس لە ڕەگەزەکـانی سـلووک و دەسـتپێکەکان و ئامانجەکـانی ڕێگا دەکـات. لە هەمـان کاتدا ئەم ڕەگەزانە بەرجەسـتە نەدەبوون ئەگەر لە نــاخی مرۆڤــدا زەمیــنەی پێویســت و گونجــاو بــۆ چەکەرەکردنــی چرۆکانی عیرفانی ڕاستەقینە نەبایە.

پێنجەم : تەسەووف لە ڕووی تیۆرییەوە باس لە چەمکەکانی حەق و جوانی و خەیر  و ئەوین و خۆشەویستی و فەنا و ویسـاڵ و بەقا و.... دەکـات. ئەم چەمکـانە ئەوەنـدە بەرز، مانـادار و بایەخـدار و جـوانن، کە هەموو مرۆڤێکی ڕاستویست ڕادەکێشێت. ئەم چەمکانە بـایی ئەوەن کە هەمــوو مرۆڤــایەتی لەســەر کــۆببنەوە و ســنوورێک بــۆ دیاردەکــانی پەرگیری و توندڕەوی و لاڕێ بوون دابنێن.

شەشەم : لە ڕووی عەمەلییەوە تەسەووف تێکۆشانە بۆ پاڵفتەکردنی ڕۆح و پـاکیزەکردنی نەفـس و ڕەنگـدانەوەی تەجـەللیـاتی ئیلاهــی لە ئاوێنەی وجوودی ئینسانیدا.

# پەیڤێک لەسەر ڕەسەنایەتی عەقڵانییەت
# لە مەنزوومەی مەعریفەی ئیسلامییدا

هیچ ئایینێک ئەوەندەی ئایینی ئیسلام و هیچ ژیارێک ئەوەندەی ژیاری ئیسلامی بایەخی بە هۆش و ژیریی نەداوە، مەبەست لە هۆش و ژیریش دیارە بیر و هزری فەلسەفی و تێڕامانە لە بنەما و پرەنسیپەکانی بیرکردنەوەی لۆجیکییانەیە. لە قورئاندا زەمینەی پێویست بۆ چەکەرەکردنی بیر و پرسیاری فەلسەفی و بانگەشەی بەردەوام بۆ بەکارهێنانی ژیریی لە مەوداکانی بوون و گەردوون هەیە، بۆنموونە با سەرنجێکی ئەم ئایەتانە بدەین:

یەکەم: ئایەتی (كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ)،[1] لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان (بەیانی ئیلاهی) و ئامانجی (عاقڵبوون)ی مرۆڤ واتە بەڵگە و ئایەت و ڕێنماییە خوداییەکان تێکرا ڕوویان لە ژیریی و هۆشیاری مرۆڤە و ژیرییش پرۆسەی بەردەوامە و کۆتایی نایە، وەک ئەوەی لە دەلالەتی ڕستەی کرداریی (الجملة الفعلية) وەردەگیرێت.

دووەم: ئایەتی (وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ)[2]، کە زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکات هەموو ئەو نموونانەی خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردوون بۆ سەلماندنی ڕاستییەکانی خواناسی و پێغەمبەرناسی و دوارۆژناسی، پێویستیان بە تێفکرین و زانایی و

---

[1] البقرة: ٢٤٢.

[2] العنکبوت: ٤٣.

هۆشمەندییە، واتە پێویست دەکات کەسانی زانا و هۆشیار بیدۆزنەوە و خەڵکی لێ ئاگادار بکەنەوە.

جگە لەوەی بابەتەکانی قورئانی پیرۆز تێکڕا بابەتی بنەڕەتی جیهانبینی و ژیانبینی و قسەکردنن لەسەر ئەو یاسا و ڕێسایانەی بۆ کامەرانی و ئاسوودەیی و ڕێکخستنی خێزان و کۆمەڵ پێویستن، لە قورئاندا باسی یەکتاپەرستی و پێگەی مرۆڤ و چارەنووسی ئەو و ئاسۆکانی بوونەوەر و فرە چەشنییەکانی ژیان و گەلان و ئایینە جیاوازەکان و دیرۆکی کۆنی مرۆڤایەتی تا ئەو ئەندازەی پێویستە و دەبێتە کلیلی عەقلی مرۆڤ هەیە.

سوننەتی پێغەمبەری خوداش (درووود و سەلامی خوای لەسەر) بە هەمان شێوە جەخت لەسەر هۆشیاریی مرۆڤ و بیرکردنەوەی ورد و زانستییانە دەکاتەوە، تەنها سەرنجێکی خێرا لە کتێبەکانی فەرموودە دەرک بەوە دەکەین کە زانست و زانیاری و بیرکردنەوە هەرگیز لە جەوهەری بڕوا و بڕواداری جیا نابێتەوە، لە مەنزوومەی سوننەتی نەبەویدا زۆر گرنگی دراوە بە (عیلم) و (عەمەل)، واتە بە حیکمەتی گوفتار و ڕەفتار و ئاکار، هیچ سوننەتێکیش بەبێ دڵنیابوون لە مەتن و سەنەدەکەی وەرناگیرێت و کاری پێناکرێت، واتە زانای موسڵمان هەمیشە بەگومانەوە لە ڕیوایەتەکان دەڕوانێت تا ئەو کاتەی لە ناوەڕۆک و سەنەدەکەی دڵنیا دەبێت، کە ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی عەقڵانییەتە لە هزری ئیسلامیدا .

لە پاش ئەمانە با بڕۆینە مەنزوومەی مەعریفەی ئیسلامییەوە هەر لە عەقیدە و فیقە و ئوسوڵ و ئەدەبیات و زمان و زانستەکانی قورئان و حەدیسەوە بگرە تا مەنهەجی لێکۆڵینەوە و ئادابی گفتوگۆ و دیالۆگ و مەنتیق و حیکمەت، دەبینین هەر هەمووی لەسەر بنەمای مەنتیقێکی ناوخۆیی تۆکمە و هەماهەنگ دامەزراوە. زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر

بڵێـین: حیکمەتـی نەزەری و عەمەلـی واتە ئەوەی لە بەرەبەیـانی بیـر و هزری یۆنانەوە کاری بۆ دەکرێت، لە ئامێزی زانایـانی موسـڵماندا گەشـە و نەشونومای کردووە.

عەقڵـی ئیسـلامیی پشتبەسـتوو بە نەقڵـی ڕاسـت و دروسـت، شـاباڵی هەڵفڕینـی هەڵـۆ و شـاهینی ئەم نەتەوە میـانڕەوە بـووە، نە بەمـلادا و نە بەولادا لاسـەنگیی لەدەست نەداوە، ئیبن روشد لە (فصل المقال) دا ئەم پەیوەندییە دێرینەی عەقڵی سەریح و نەقڵی سـەحیحی باسکردووە، پێش ئەویش ڕاغیب و غەزالی و ئیبن حەزم دواتر ئیبن تەیمییە و تەفتـازانی و جورجانی درێژەیان بەم دیرۆکە مەزنە داوە.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێشە لەم سەروبەندەدا پێکەوە گرێدانی هەمـوو زانستەکانی ڕۆژ بووە لە لایەن زاناکانەوە، زانایەک شک نابەین نیسبەت بە موتڵەقی زانست کەمتەرخەم بووبێت، یان مەعاریفی سـەردەمی خـۆی بە هەنـد وەرنەگرتبێـت، تەنـانەت ئەگەر ئەو زانستەشـی ڕەتکـردبێتەوە ناچار بووە لێی شارەزا ببێت ئەوسا ڕەفزی بکـات، وەک ئەوەی دیتمـان غەزالـی پـێش ئەوەی تەهـافوتی فەیلەسـووفان بنووسـێت، هـات (مقاصـد الفلاسفە) ی نووسیی، ئیبن تەیمیە بـاش لە مەنتیقی یۆنـان حـاڵیی ببـوو ئەوسا (نقض المنطق)ی ڕاڤە کرد، بۆیە زۆر جێی سەرسووڕمانە ئەگەر کەسانێک وا بیر بکەنەوە کە مەودای بەکارهێنـانی عەقڵ لە مەنزوومەی بیر و هزری ئیسلامیدا تەسک و بێ ڕێبوارە!

بەم پێـودانگە عەقڵـی ئیسـلامیی عەقڵێکـی تـوێژەر و ڕەخنەگـر و بە هەڵوێستە، باش و خراپ جوێ دەکاتەوە. باشـەکە وەردەگرێت و پەرەی پێدەدات و خراپەکەش بە بەڵگە ڕەتدەکاتەوە.

لایەنـی ڕەسـەنی عەقڵانییەتـی ئیسـلامی لەم چەنـد خـاڵەدا پوخـت دەکەینەوە[1]:

---

١ بۆ زیاتر بڕوانە: علي سامي النشار، نشأة الفكر الفلسفي في الإسلام، ج١، ص٣٨-٣٩.

١. توانیویەتی گوتەزاکانی فەلسەفەی یۆنانی لە بێژنگ بدات و پاشتر وردیان بکاتەوە، ئێستاشی بەسەرەوە بێت، خۆرئاوا قەرزداری فارابی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشدن بۆ لێکدانەوەی میتافیزیکی ئەرەستۆ و نووسینە فەلسەفییەکانی دیکەی.

٢. سۆفیزم کە بۆخۆی دوو بەشی سەرەکییە، سۆفیزمی فەلسەفی و سۆفیزمی سوننییانە، لە هەردوو باڵەکەیدا، بە بیر و بۆچوونەکانی قوشەیری و غەزالی و ئیبن عەرەبی و سوهرەوەردی و سەدان موتەسەووفی دیکە دەوڵەمەند و بەهرەمەند بووە. زانستی ئاکار لە ئیسلامدا بە پەیڕەوی لە کەلتووری ئەم قوتابخانە فیکری و سلووکییە دامەزراوە.

٣. زانستی کەلام، تەوحید یان بڵێین ئوسوڵی دین، هەر ناوێکی لێ بنرێت، هەوڵدانێکی عەقڵانییە بۆ ڕووماڵکردنی بیر و بڕوای موسڵمان بە پێودانگێکی لۆجیکی و زانستییانە بۆ ئەوەی کەسانی هەڵگری بڕوای پێچەوانە قایل ببن بە ڕامان و تێفکرین لەو جیهانبینییە ئیسلامییەی باس لە بوون و ژیان و حەقیقەتی بوونی ئەفرێنەرێکی ڕاستەقینە و چارەنووسی مرۆڤ دەکات. ئەم زانستە بۆخۆی لە بۆشاییەوە نەهاتووە، سروشتی ئیسلام ئەوەی خواستووە کە هیچ بڕوایەک بەبێ سەنەدی متمانەپێکراو وەرنەگیرێت. هەموو بڕوایەکیش دەبێ دوور بێت لە چاولێکەریی و دۆگمابوون لەسەر نەریتی پێشینان.

٤. زانستی ئوسوڵی فیقە، ئەو میتۆدە زانستییە ناوازەیە کە هەموو یاسازان و یاسادانەرێک ناچارە پشتی پێ ببەستێت بۆ وەرگرتنی حوکمی شەرعی لە سەرچاوە و بەڵگە ڕەسەنەکانی و دابەزاندنی بەسەر ڕووداو و ڕەفتارەکاندا (الوقائع و التصرفات). ئەم زانستە بەرهەم و دەرهاویشتەی عەقڵە گەورەکانی سیستەمی یاسادانانی ئیسلامی واتە ئەبو حەنیفە و مالیک و شافیعی و ئەحمەد و سەدان و

هەزارانی دیکەی ئەو بوارەیە، لەم زانستەدا عەقڵ بە تەواوی مانا ئەسپی خۆی تاو دەدات و دەبێتە ڕێنما بۆ پۆلێنکردنی بەڵگە و سەرچاوەکان و ڕیزبەندییان و پاشان بۆ دارشتنی یاساکانی هەڵسەنگاندنی بیر و بۆچوونە جیاوازەکان. لەم درەختە بەروبوومی زانستی فیقە و تەشریع پەیدا دەبێت، کە بێ موبالەغە هەموو سێکتەرەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵ، دەوڵەت و پەیوەندییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفەوە، واتە لێرەش عەقڵ قسەی کۆتایی دەکات. عەقڵ دەقەکان دەخوێنێتەوە و قەدریان دەزانێت. لە پرۆسەی هەڵێنجانی حوکمی شەرعی و قیاسی فیقهیدا عەقڵ بەدوای عیللەتدا دەگەڕێت و پوختەی دەکاتەوە و پاشان وردی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت لە کوێدا بوونی هەیە، بۆ ئەوەی بیلکێنێت بە (ئەسڵە)کەوە، ڕێگاکانی دۆزینەوەی عیللەتی حوکم جگە لە (دەق) و (ئیجماع)، هەموو ڕێگای عەقڵی و ژیرانەن و هەموو ئەو ڕەخنە و (نەقز)انەش کە ڕوو لە (عیللە) دەکەن ڕەخنەی عەقڵین، کە زانایانی ئوسوڵ ناویاننـاوە (القـوادح)، ئەمە ئەو جەدەلە ئوسوڵییە قووڵ و وردانەیە کە لە هەناوی زانستی (أصول)دا گەورە بوون و گەشەیان کردووە. گەشتێکی خێرا بە (مختصر المنتهى)ی ئیبنولحاجیبی نەحووی مالیکی کورددا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە ئەو کەسەی توانایەکی گەورەی جەدەلی عەقڵی نەبێت، مومکین نییە بتوانێت فەقیهێکی گەورە و شایستەی لێدروست ببێت.

٥. کۆمەڵناسی، فەلسەفەی مێژوو، یان بڵێین فەلسەفەی سیاسەت، وەک ئەوەی لە بەرهەمەکانی مەسعوودی، یەعقووبی، تەبەری، ماوەردی، ئیبن خەلدوون و ئیبن ئەزرەق و ئەوانی دیکەدا بەرچاو دەکەوێت ، نموونەگەلێکی زیندووی دیکەن لەسەر ئەوەی عەقڵی ئیسلامی تەنها عەقڵێکی وەرگر نەبووە، تەنها کاری گێڕانەوە و حیکایەتکردن نەبووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا عەقڵی هەڵسەنگاندن و

ســاغکردنەوە و هەڵێنجــانی یاســا لە بزاڤــی مێــژووش بــووە. تەنهــا سەرنجێک لە (مقدمة) ی ئیبن خەلدوون بەسە بۆ ئەوەی لە ڕەسـەنایەتی ئەم عەقڵە و لە داهێنانی یاسای بزاڤی کۆمەڵایەتی تێبگەین.

٦. نــاکرێ لەم گــوزەرەدا کە باســی داهێنانەکــانی عەقڵــی ئیســلامیی دەکەین ئاوڕێک لە فەلسەفەی زمان و هەوڵ و کارە نایابەکانی زانایانی ئیســلام لە بوارەکــانی زمانناســی نەدەیــنەوە، ئەوان زۆر لە پێشــتر لە زمانناسـە خۆرئاواییەکـان، باسـیان لە بنیـاتی زمـان و ڕەوش و ڕەوتـی گەشەســەندووی زمانیــان کــردووە، باســیان لە ڕەوانبێــژی و هێمــا و دەلالەت و ئسـلووب و بنەچەی سـەرهەڵدانی زمـان و پەیوەنـدیی نێـوان کۆمەڵگا و زمان و ژینگە و زمان و جیاوازی نێوان زمـان و ئاخاوتنیـان کردووە، پێش ئەوان باسیان لە کاریگەریی گوتار و سەربەخۆیی وتار و فەزا جۆراوجۆرەکانی دەق کردووە.

٧. جــگە لەم دەســکەوتە گرنگــانە کە بەڵــگەی حاشــا هەڵنەگــرن بــۆ ڕەســـەنایەتی عەقڵانــیەت و پــێگەی شــایانی هۆشــمەندیی لە ئیســلامدا، بوارێکی زۆر گرنگی دیکە هەیە کە پێویسـتە ئامـاژەی پێبدەین، ئەویـش پێشەنگایەتی زانایانی موسڵمانە لە بواری زانستەکانی بیرکاری و فیزیک و کیمیـا و ئەنـدازە و جەبـر و سێگۆشـەکان، کە ئەمرۆشـی بەسـەرەوە بێت، ڕازی پێشکەوتنی خۆرئـاوان لە بـواری تەکنـەلۆژیـا و زانسـتەکانی ســەردەمدا، لەم بوارەشــدا عەقڵانیەتــی ئیســلامیی کــورتی نەهێنــاوە. مێژوونووسانی زانست لەم ڕووەوە نـاوی دەیـان زانـای هەڵکەوتوومـان بۆ دەهێننەوە، وەکو خوارزمی، ئیبنولهەیسەم، ئەبهەری، تووسـی، قـوتبی شیرازی، ئیبنوششاتیر، قوشجی و ئیبنولبیتار و ئیبنونەفیس، کە ئێستاش بەرهەمەکانیــان لە ڕیــزی بەرهەمە نایابەکــانی مێــژووی مرۆڤایەتیــدا هەژمــار دەکــرێن، تەنــانەت وەک دکتــۆر جــۆرج ســەلیبا لە کتێبەکەیــدا

بەناوی (العلوم الإسلامية و قيام النهضة الأوروبية) ئاماژەی بۆ دەکات، بوونە دەستپێک بۆ بەدیهاتنی ڕێنیسانسی ئەورووپی.

٨. سەرەڕای هەموو ئەم نیشانانە عەقڵی ئیسلامی لە بواری کارگێڕی و دەوڵەتمەداریدا عەقڵێکی کراوە و نەرم بووە، بۆ وەرگرتنی ئەزموونی سەرکەتووی گەلانی دیکە و بەکارهێنانیان لە دامەزراندنی دەوڵەت و دامەزراوەکانیدا، جیاوازی ئایین و زمان هەرگیز نەبوەتە ڕێگر لەوەی میرانی موسڵمان سوود لە (دیوان) و شێوە ڕێکاری فارس و ڕۆمەکان ببینن و (تەرتیبات) ی ئیداریی خۆیانی لەسەر دروست بکەن.

٩. جەدەل و مونازەرە ڕوویەکی ڕۆشنی دیکەی عەقڵانیەتی ئیسلامییە، وەک ئەوەی لە مەنتیق و لۆجیکی زانا موسڵمانەکاندا جێگیر بووە، کە هیچ قسەوباسێک بە گۆترە و بێ دەلیل قبووڵ ناکرێت و پێویستە هەموو پێناسە و دابەشکردن و گێڕانەوە و دەعوایەک سەنەد و پاساوی تەواوی هەبێت. بۆیە ئێستاشی بەسەرەوە بێت، جەدەلی نێوان ئەشاعیرە و موعتەزیلە، سۆفییە و سەلەفییە، مەزهەبییە و لامەزهەبییە کۆتایی نەهاتووە و ڕۆژانە ئەم جەدەلە بە شێوەی تازە دووبارە دەبێتەوە. لە بواری فیقهیشدا، هەنووکە بابەتی تازەو نوێ پەیدا دەبێ و داخوازی وەڵامی عەقڵانیی و گونجاو دەکات و فەقیهانی سەردەم هەرکام بە عەقڵیەتی سەربەخۆ لێی دەڕوانێت و وەڵامی بۆ دەدۆزێتەوە.

١٠. ڕوویەکی دیکەی عەقڵانییەتی ئیسلامیی لەوەدا خۆی دەنوێنێت و ڕەسەنایەتییمان بۆ گوزارشت دەکات، کە زانایانی موسڵمان هەرگیز لە ڕەخنە و تانە و تانووت نەترساون و هەرگیز باکیان لە شوبهەی نەیاران و ناحەزانی ئیسلام نەبووە، بۆیە لە دووتوێی کتێبەکانیاندا زۆر بە ڕاشکاویی گومان و شوبهەی خەڵکانی دیکەیان هێناوە و شەن و کەوی عەقڵییان تێدا کردووە، ئینجا بەوپەڕیی هێمنی و وەستایانە بڕگە بە بڕگە وەڵامیان داونەتەوە.

ئەوانەی تا ئێستا باسمان کرد مشتێکن لە خەرواری ئەو نیشانە و نموونە زیندووانەی ناو مەنزوومەی مەعریفەی ئیسلامیی لەسەر ڕەسەنایەتی عەقڵانییەت و هەبوونی بنەمای عەقڵی و فەلسەفی بۆ بیر و هزری موسڵمانان لە هەر بوارێکدا کاریان کردبێت، یان پەڕاویان نووسیبێت.

غافڵبوون لەم ڕەگەز و نیشانانە وێنایەکی نادروست و ناتەواومان بۆ دروست دەکات، وەک بۆ هەندێکی دروستکردووە، بەڵام کافییە ئەندازەیەک بە خۆدا بێینەوە بۆ ئەوەی بزانین، کە عەقڵ و نەقڵ لە ئیسلامدا دوانەیەکن، کە هەرگیز لە یەک جیا نابنەوە و پێکەوە دەبنە چاری تێگەیشتن و ڕێکردن لەسەر ڕێبازی خواناسی.

عەقڵ چرایە و نەقڵ چاوە، عەقڵ توانا و وزەی خواکردە لە مرۆڤدا بۆ ئەوەی بتوانێت بڕواتە سەر کانیاوی زوڵاڵی ئایەت و فەرموودە و لەوێڕا تێنوویەتی و ماندوویەتی خۆی بشکێنێت.

لە حەسرەتی نەبوونی عەقڵ و نەقڵدا بێبڕوایان لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا، زۆر بە داخ و کەسەرەوە دەڵێن: (وَقَالُوا لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِي أَصْحَابِ السَّعِيرِ).[1] واتە: ئەگەر گوێمان لە وتەی پێغەمبەران گرتبا یان خۆمان عەقڵ و ژیریمان بەکارهێنابا، ئەوا نەدەبووین بە خەڵکی ناو دۆزەخ. واتە ئەگەر لە یەکێک لە دوو بەهرەی (نەقڵ) و (عەقڵ) بەهرەمەند باین، ئەوە چارەنووسمان نەدەبوو.

---

[1] الملک: ١٠.

# ئازادی ڕادەربڕین وەک مافێکی شەرعیی و دەستووریی

لەم ڕۆژانەدا زۆر قسەوباس لەسەر ئازادی ڕادەربڕین دەکرێت و ئەم بابەتە بووەتە بابەتێکی گەرم و داغی ناوەندە ڕووناکبیری و سیاسییەکان، وەک ئەوەی ئەم مافە هاوردەیەکی نوێ بێت و هیچ پێشینەیەکی لە فەرهەنگ و کەلتووری ئێمەدا نەبێ. تازەبوونی ئەم بابەتە تەنها ڕەنگە بەو بەراوردە ڕاست بێت، کە خەڵکی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر زەبر و زەنگی ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا لە دەربڕینی بیر و بڕوای ڕاستەقینەیان مەحرووم بوون و بۆیان نەبووە موومارەسەی ئەم مافە بکەن، چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی کۆمەڵدا.

ئەگەر ئەم مافە بە تازەیی لە ناو دەستوور و ئیعلانە جیهانی و مانیفێستی شۆڕشەکاندا جێگیر کرابێت، و هەنووکە بووبێتە تایتڵی چالاکی زۆر کەس و لایەنی لیبراڵ، بەڵام تەنها چاوگێڕانێک بە دەقەکانی کیتاب و سوننە و وێستگەکانی ژیانی پێغەمبەری مەزن (درووود و سەلامی خوای لەسەر) و پێشەوایانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و بنەما شەرعییەکاندا، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە ئازادی ڕادەربڕین بەخششێکی یاسا دەستکردە مرۆییەکان، یان دەسکەوتی خەڵکانی دوور لە خودا و خودانەناس نییە. لە قورئانی پیرۆزدا بە دەقی موحکەمی (لاَّ يُحِبُّ اللّهُ الْجَهْرَ بِالسُّوَءِ مِنَ الْقَوْلِ إِلاَّ مَن ظُلِمَ) (النساء: ١٤٨ )، واتە خوای پەروەردگار دەربڕینی قسەی ناشایستەی بەلاوە پەسەند نییە جگە بۆ ئەو کەسەی کە هەست بە ستەم دەکات و پێی وایە مافی پێشێل کراوە، واتە کەسێک کە هەستی کرد مافی لێ زەوتکراوە بۆی هەیە تەنانەت قسەی ناشایستەیش بکات و مافی خۆیەتی پڕبەدەم هاوار بکات بۆ داکۆکیکردن لە خۆی و لە مافەکانی.

لە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: (وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ) (آل عمران: ١٠٤). واتە: پێویستە لەناو ئێوەدا هەمیشە کەسانێک هەبن کە بانگەشە بۆ چاکە بکەن و فەرمان بە کاری باش بدەن و ڕێگری لە خراپە بکەن. لەم دەقەدا بابەتی ڕادەربڕین لە مافەوە دەبێتە ئەرک و خەسڵەتێکی بڕوایی. واتە هەرکاتێک هەست بە بوونی خراپی و گەندەڵی کرا، ئەوا ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکە کە بانگەواز بۆ چاکە و ڕێگەی ڕاست بکات و مەردوم وریا بکاتەوە لە ئەنجامی خراپەکاری و لادان لە ڕێگەی ڕاست. دیارە بانگەواز و فەرمان بە چاکە و ڕێگرتن لە خراپەش، کاتێک مەبەست دەپێکێت کە مرۆڤ ئازاد و خاوەنی مافی بڕیار و هەڵبژاردن بێت. هەر لە قورئانی پیرۆزدا خوای پەروەردگار وەسفی بڕواداران و بەندەکانی خۆی بەوەدەکات: (الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ) (الزمر: ١٨). واتە: گوێ لە هەموو قسەیەک دەگرن و باشترینیان هەڵدەبژێرن. ئەمەش کاتێک دەبێتە واقیع کە هەموو کەسێک مافی قسەکردن و ڕادەربڕینی هەبێت .

ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگایە کە ئەم مافە بۆ یەکەیەکەی تاکەکانی بسەلمێنێت، چونکە ئەمە مافێکە پەیوەستە بە بوونی کەسایەتیەوە، پەیوەستە بە چەسپاندنی یەکسانی و دادگەرییەوە، ئەم سەلماندنەش لە ڕێگەی دەستوورو دامودەزگا دادوەری و سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانیەوە بە حکومی و ناحکومییەوە.

لەولاشەوە ئەرکی تاکە کە ئەم مافە بەشێوەیەک مومارەسە بکات، کە نەبێتە هۆی پشێوی و لێکترازانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و بەزاندنی ماف و ئازادییەکانی ئەوانی تر. هەربۆیە لە ئیسلامی پیرۆزدا، وێڕای سەلماندنی ئەو مافە تەئکیدی زۆر کراوەتەوە لەسەر زانایی و دانایی و دەربڕینی ورد و ئامانجدار، واتە ئازادی ڕادەربڕین هەرگیز بەو مانایە نییە، کە مرۆڤ

هەرچی هات بە خەیاڵیدا، بیڵێت و هیچ حسابێک بۆ ئاکام و ئەنجامی ئەو وتە و وتارانە نەکات کە دەیڵێت، یان دەینووسێت، بە پاساوی ئەوەی کە ئازادە و مافی خۆی مومارەسە دەکات، بەڵکو پێویستە ئەو قسە قسەیەکی تەواوی خاوەن مەبەستی ڕەوا بێت، وەک خوای پەروەردگار دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً) (الأحزاب: ٧٠).

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەو قسەیە دەرەنجامی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ئیجتیهاد بێت، نەک تەنها گوزارشت لە حەز و خواستێک بێت، کە ڕەنگە زەرەر و زیانی لێبکەوێتەوە و مەترسی هەبێت بۆ بەرژەوەندی خەڵکی تر. هەربۆیە، وەک بنەمایەکی یاسایی دەبێت مومارەسەی ماف لە سنووری یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی وڵاتدا بێت و نەبێتە هۆی زەوتکردنی مافی کەسانی تر و دژ بە ئادابی گشتی و نەزمی کۆمەڵایەتی و کەلتووری میللی و بەها و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان نەبێت. ئەمەش لە عورفی شەریعەتی ئیسلامدا پێی دەگوترێت: (حدود اللە)، واتە سنووری خوا، ئەو مافانەی خەڵک کە لە ڕووی گرنگییەوە خوای گەورە خستوونیەتە پاڵ خۆی، کاتێک دەفەرموێ: (تِلْكَ حُدُودُ اللّهِ وَمَن يُطِعِ اللّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ) (النساء: ١٣).

لەم ڕوانگەوە ئەرکی سەرشانی میدیا و ناوەندە ڕۆشنبیری و زانستییەکانە، کە تاک بەو ئاراستەیە ڕێنمایی بکەن کە ئازادی ڕادەربڕین هەرگیز بەمانای بەزاندنی سنوورە ئایینی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان نییە، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بێت، ئەوا ماف و ئازادییەکان دەبنە هۆی ڕووشاندن و تێکدانی باقیی ماف و ئازادییەکان و لە ئەنجامدا، ئەو مافە دەستوورییە دەبێتە ئامرازێک بۆ لە ڕیشە دەرهێنانی کەینوونەی مێژوویی و پێناسی میللی و کەلتووری و تەنانەت پێکهاتەی سیاسی وڵات، کە ئەمەش بە هیچ عورف و یاسایەک، ڕێگەی پێنادرێت.

# پەیڤێک لەسەر پەیام و فەلسەفەی حەج

بۆ تێگەیشتن لە پەیامی حەج پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز و سوننەت و ڕەوشتی فەخری کائینات موحەممەدی موستەفا (دروود و سڵاوی خوای لەسەر)، چونکە ئەم دوو سەرچاوە گرنگە دوورنمای ئەم پەرستنە گەورەیە و ئەم ڕووداوە گرنگەی تەمەنی ئیماندار دەستنیشان دەکەن، سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە تەشریعی حەج کەوتۆتە دوای تەشریعی پایەکانی دیکەی ئیسلام (بەپێی ڕاستترین بۆچوون، وەک لە (زاد المعاد)ی ئیبنولقەییمدا هاتووە)، وەک بڵێیت ئەم فەریزەیە کۆبەند و لوتکەی بە ئەنجامگەیاندنی ئەوانی دیکەیە، چونکە حەج دەبەرگری یاد و زیکر و مانەوە و دوعا و نزا و تەواف و سەبر و ئارامییە، پەرستنێکی هەم جەستەیی و هەم ڕۆحی و هەم داراییە، پەرستنێکی تاکیی و دەستەجەمعییە، پەرستنێکی نیشتمانیی و نێونەتەوەییە.

قورئانی پیرۆز لە سوورەتەکانی بەقەرە و ئالی عیمران و حەجدا باسی لەم پایە سەرەکییە کردووە. لە چەند سوورەتێکی تردا باسی گەورەیی و بایەخی کەعبەی پیرۆزی کردووە، لە سوورەتی بەقەرەدا باس لە هەنگاوەکانی ئەم فەریزەیە و لە ئالی عیمراندا باس لەوە دەکات کە کەعبە یەکەمین مالیکە بۆ پەرستنی خودا دامەزراوە .

ئەم ماڵە هەم پیرۆز کراوە و هەم ڕێنمایە بۆ خەڵکی جیهان لەبەر ئەوەی نیشانەگەلێکی ڕوون و ئاشکرای تێدایە و مایەی ئەمنیەت و دڵنیاییە بۆ هەرکەس تێی بچێت، هەربۆیە خوای گەورە کردوویەتی بە مافی خۆی بەسەر مەردومەوە ئەوانەی کە توانایان هەیە ڕووی تێبکەن و ئەو کەسەش کە کاری واناکات ئەوە هیچ زیانێک بە خودا ناگەیەنێت چونکە خوا لە هەموو جیهان و جیهانییان بێنیازە. وەکو خوای گەورە لە

ئالی عیمراندا فەرمووویەتی: (إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكاً وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ) (فِيهِ آيَاتٌ بَيِّـنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِناً وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ) (آل عمران : ٩٦ – ٩٧).

لە سوورەی مائیدەدا خوای گەورە بڕیاریداوە ئەم کەعبەیە مایەی مانەوە و پایەداریی و هەستانەوەی مەردوم بێت، وەک دەفەرموێ: (جَعَلَ اللَّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ قِيَامًا لِّلنَّاسِ والشَّهْرَ الْحَرَامَ والْهَدْيَ والْقَلَائدَ ذَلِكَ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَأَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)، واتە: خوای گەورە بڕیاریداوە کە ئەم کەعبەی بەیتولحەرامە بکاتە مایەی خێر و خۆشیی و پایەداریی خەڵکی و مانگەکانی زولقەعیدە و زولحەججە و موحەڕەم و ڕەجەب و قوربانی و ئاژەڵی نیشانەکراوی داناوە بۆ ئەوەی خەڵکی ڕێزیان بگرن و پێکەوە بە ئاشتی بژین، چونکە خوای گەورە زانایە بە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا ڕوودەدات و خۆیشی هەموو شتێک دەزانێت.

لە بنەڕەتدا حەج وەڵامێکە بۆ پەیامی یەکتاپەرستی ئیبراهیم، کاتێک خوای گەورە فەرمانی پێدەدات کە مەردوم بانگ بکات بۆ ئەم شوێنە پیرۆزە، تاوەکو ئەوانیش لە سۆزی ئیمان و هێزی یەقینەوە بە پیادە و بە سواریی تەنانەت لە شوێنە دوورەکانەوە بێن بۆ مەککە و لەوێ سوود و بەهرەی ماددی و مەعنەوی ببینن و یادی خودای خاوەنی خۆیان بکەنەوە وەک لەم ئایەتانەی سوورەتی حەجدا دەردەکەوێت: (أَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وعَلَي كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ من كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ–لِيشْهَدُوا مَنَافعَ لَهُمْ وَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَي مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ). ئەوەی سەرنجڕاکێشە لەم سەروبەندەدا بەهرەی مەعنەوی و کۆمەڵایەتی حەج و کۆبوونەوەی ساڵانەی موسڵمانانە لە سایەی بەیتولحەرامدا کە پێویستە هەمیشە لەلایەن

مامۆستایان و ڕێنماکارانەوە جەختی لەسەر بکرێتەوە و من دەمەوێ لەم وتارە کورتەدا ئاماژەیان بۆ بکەم.

یەکەم: بڵاوکردنەوەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بە نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و ڕەگەزی، کە لە مەراسیمی ئیحرام و وەستانی عەرەفات و مانەوەی موزدەلیفە و مینا بە جوانی بەرجەستە دەبێت، دەبینیت هەموو حاجییان بە یەک شێواز و ئسلووب و بەرگێکی سپی دەپۆشن و بەسەری پەتی و بەدوور لە خۆڕازاندنەوە خەریکی زیکر و فیکر و ئەنجامدانی مەراسیمی حەجن.

دووەم: بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی، بەناسینی یەکتر و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بینینی ئاڵای جیاواز و ڕەنگ و دەنگە هەمڕەنگەکانی ناو ئەم نەتەوە ئیسلامییە یەکگرتووە. ئەم خاڵە هەرچەند تا ئێستا وەکو پێویست بەرجەستە نەبووە و هێشتاکو میکانیزمی گونجاوی بۆ نەگیراوەتەبەر، بەڵام دەکرێ لەمەولا کەسانی چالاکوان و پەیامدار و بانگخوازانی ئیسلامیی مەوسیمی حەج بکەنە مەوسیمی پێکەوەژیان و یەکترناسین بۆ گەلانی جیاواز لە ڕێگای کۆنگرە و کۆنفرانس و دیداری فەرهەنگییەوە. بۆ ئەوەی گەلانی موسڵمان ئاگاداری کاروبار و ڕەوشی سیاسیی و ئابووری و پەروەردەیی یەکتر بن و هەوڵبدەن بۆ نزیککردنەوەی بیر و ئاڕاستەکان و چارەسەری کێشە و گرفتەکان. بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە زۆرینەی گەلانی موسڵمان گرفتاری دەستی دیکتاتۆر و تاغووتەکانن و نزیکترین نموونەش مەینەتییەکانی گەلی موسڵمانی سووریایە بەدەست ڕژێمی بەعسەوە، هەروا مەحرومبوونی گەلێکی ٤٠ ملیۆنی وەک گەلی کوردستان لە مافی چارەنووسی سیاسیی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆی لەسەر خاکی خواداوی خۆی.

سێیەم: بەهێزکردنی گیانی بەرپرسیارێتی لە ناخی حاجییاندا، چونکە شەریعەت وامان فێر دەکات لە کاتی حەجدا بیر لە پەیڕەویکردنی تەواوی حەزرەتی ڕەسوولی ئەکرەم (درووود و سڵاوی خوات لەسەر). لە هەڵسان و دانیشتن و ڕەفتار و گوفتاردا، کە ئەمەش لە ناوەڕۆکدا گەورەترین کاریگەریی هەیە لەسەر ئیرادە و ویستی مرۆڤ بۆ ئەوەی دوای حەجیش لەسەر هەمان نەسەق ژیانی خۆی دابڕێژێت. لە ئەنجامدا تاکێکی خاوەن ئەزموون و ئیرادە و لە بەرەنجامدا گەل و کۆمەڵگایەکی بەهێز پەروەردە دەبێت.

چوارەم: هۆشیاری و پابەندبوون بە تەندروستی و پاراستنی ژینگە، وەک لە ئەحکامی حەج فام دەکرێت کە نابێ لە ماوەی ئیحرامدا حاجی هەندێک شت ئەنجام بدات بۆ نموونە بۆن لە خۆ نەدات، نینۆکی نەکات، سەرو ڕیشی نەتاشێت، جلوبەرگی دووراو نەپۆشێت، جووتگیری نەکات، ڕاو نەکات، زەواج نەکات و...هتد، ئەمانە هەمووی بۆ ئەوەیە لەلایەکەوە فێری تەجەڕود و دنیانەویستی بێت و بچێتە حاڵەتێکی ژیانی بەرزەخی و مەحشەرییەوە، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی قەدری هەموو ئەو ناز و نیعمەتە بزانێت کە ساڵ دوازدە مانگ لێیان بەهرەمەندە و کەچی ئەم بەهرەی پێویستیان لێ وەرناگرێت و قەدریان نازانێت و شوکری خودایان لەسەر ناکات. بۆ ئەوەی کە ئیحرامی شکاند بە تەواوی ئاگاداری پاک و خاوێنی خۆی و دەوروبەر و ژینگەکەی بێت. بە داخەوە لە مەوسیمی حەجدا هەندێک دیاردەی نەشیاو لە زۆرێک لە حاجییان دەبینرێت کە بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە و بەتەواوی پێچەوانەی فەلسەفە و پەیامی شەریعەتە لە تەشریعی حەجدا. وەک ئەوەی لەسەر جادەکانی دەوروبەری حەرەم، یان لە ڕێگاکانی ڕۆیشتن بۆ مینا و

جەمەرات خەڵکانێک دەبینیت کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی مەرجەکانی تەندروستی و پاک و خاوێنی ناکەن و دەبنە هۆی بێزاریی هاودینەکانیان، وێڕای بوونی چەندین ڕێنمایی شەرعی و فەرمی و وێڕای مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی.

پێنجەم: بەهێزکردنی خەسڵەتە جوانەکانی وەفا و مرۆڤدۆستی و خۆشەویستی و نەرم و نیانی وەک لە سوننەت و سیرەتی پێغەمبەری پێشەوامان (درودی خوای لەسەر) دەخوێندرێتەوە. بە بەڵگەی ئەوەی لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێ: "فلا ينفر صيدها و لا يختلى شوكها و لا تحل ساقطتها إلا لمنشد". (متفق عليه). واتە: حەرەمی مەکە ڕاوی گیانلەبەری تێدا ناکرێ، دڕک و داڵی نابڕدرێت و تەنانەت ئەو شتەی لەوێ دەکەوێ بۆ کەس نییە بیبا و هەڵیبگرێتەوە مەگەر بۆ ئەوەی بیداتەوە بە خاوەنەکەی، واتە مرۆڤ لە حەرەمدا دەبێ تەنانەت ئاگاداری زیندەوەر و دار و درەختیش بێت، چ جای ئەوەی ئازاری برای موسڵمانی بدات.

حاجیان تا ئەندازەیەک پابەندی خۆیان بەم بڕیارە سەلماندووە، بەڵام لە هەندێک بڕگەی حەجدا دەبینیت زۆرێک لەوان وەکو پێویست نەرم و نیان نین و بە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دیکە دەکەن. بێ ئاگا لەوەی خوای گەورە بە دەقێکی ڕوون و ئاشکرا دەفەرموون: (**فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ**)، واتە: ئەو کەسەی بڕیاری حەج دەدات نابێ لەگەڵ ژنەکەی جووت ببێ و نابێ گوناه و دەمەدەمێ بکات، بەپێچەوانەوە دەبێ لە چاکەکردن درێغی نەکات با چاکەی ورد و بچووکیش بێت، چونکە هەر کارێکی چاک بکەن خودا پێی دەزانێت، تۆشەی خواناسی و پارێزگاری زیاتر و زیاتر ئامادە بکەن، چونکە

باشترین توێشوو بریتییە لە پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی خودا، کەوابێت دەسا ئەی ژیران و خێرەدمەندان لە خودا بترسن.

شەشەم: پەیوەست بوون بە خۆشەویستی و ئەوینی پێغەمبەری ئەکرەم (درودی خوای لەسەر). ئەمەش بە دوو شێوە دەبێت:

یەکەم: بە پەیڕەویکردنی سونەت و ڕەفتارەکانی بەپێی توانا و ئەنجامدانی مەناسیکی حەج وەک ئەوەی لە ڕیوایەتە دروستەکانی ناو کتێبەکانی حەدیسدا هاتووە.

دووەم: بە سەردان و چوونە خزمەتی لە مەدینەی ڕوونـاک و سڵاواتی بەردەوام لەسەر گیانی پاکی خۆی و ئالوبەیت و یار و یاوەرانی، بەتایبەتی سڵاو لەسەر خەلیفە ڕێناس و بەڕێزەکانی و دوعای خێر بۆ ئارامبووەکانی گۆڕستانی بەقیع.

بەم شێوەیە دەتوانین گەشتی حەج بکەینە فێرگەیەک بۆ ئاکار و بۆ عیرفان و پابەندبوون بەم شەریعەتە پاکەی لە بنەڕەتدا بۆ ئاسوودەیی مرۆڤەکان و بەستنەوەیان بە خوداوە هاتووە، بۆ ئەوە هاتووە لە دۆخی متبوون و نوقمبوون لە گەودالی ماددییەت بەرزیان بکاتەوە بۆ لوتکەکانی مەعنەوییەت.

حەج ئەو دەرفەتە زێڕینەیە کە دەستی حاجییان دەکەوێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ لەدایک ببنەوە و تۆماری ژیانیان بە ناوی خودا و بە یادی خودا و مەحەببەتی خودا بڕازێننەوە.

**ئەوەی قەدری نەزانێ حەسرەتە کاری هەتا دوایی**
**خودا خۆش بێ لەوەی کردی بە وێستگەی ڕەحمەتی خوایی**

تەواف و سەعی و ئیحرامت، مەقام و ڕەمیو ئیقدامت
کە یەعنی بوویتە پەروانە لە دەوری شەمعی شەیدایی
ئەوینی حەزرەتە کارت، یەقین و خزمەتە بارت
وەرە تۆزی مەدینە با بکەینە کوحلی بینایی
سپی و ڕەش، زەرد و بۆر و عالەمی خاکی هەموو یەکسەر
وەکو یەک بوونەتە سەوداسەری بالآیی ڕەعنایی
خسووسەن خەڵکی کوردستانی مەزڵووم و هەناسەسوار
لە دەوری گومبەزی سەوزی دەکەن سۆزی شەکیبایی
دەڵێن یا ڕەب بمانکەیتە گەلێکی سەروەر و بێخەم
لە خاکی باو و باپیرا بژین، سەربەست و ئاسایی
نە کەس داگیر بکا خاکی هەزاران ساڵی کوردستان
نە کەس بیخاتە سەرمان وەسیەت و قانوونی ئاغایی
بە جاهی کەعبە و فەزڵی ڕەسوولی خۆشەویستی خۆت
بە ئایاتی موبینی خۆت لە مەشعەر تا موصەللایی

# سەرنجێکی خێرا لە وڵاتی سوید و
# سیستەمە پەڕلەمانییەکەی

**(تێبینی: ئەم کورتە باسە ساڵی ٢٠١٢ نووسراوە کاتێک وەک ئەندامی شاندی پەرلەمانی کوردستان سەردانی سویدم کرد)**

سوید وڵاتێکە لە وڵاتانی ئیسکەندەناڤی و کەوتۆتە بەشی باکووری ئەورووپا، ڕووبەرەکەی نزیکەی (٤٥٠٢٩٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و دانیشتووانی٩٤٥٠٠٠٠ ملیۆن کەسن، لە ڕووی سیستەمی سیاسییەوە پەیڕەوی سیستەمی پاشایەتی دەستوورییە، پاشا ڕەمزی مەعنەویی وڵاتە و پۆستێکی تەشریفاتی هەیە و بەپێی دەستوور پارێزراوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی کردەیی هی پەرلەمانە، کە سویدییەکان پێی دەڵێن: ڕیکسداگ.

دەستووری سوید هەموو ئەم یاسایانە لەخۆ دەگریت:

یاسای پاشایەتی.

یاسای ڕادەربڕین.

یاسای چاپەمەنی.

یاسای حوکمڕانی.

سیستەمی سیاسیی سوید لەسەر ٣ کۆڵەکە دامەزراوە:

- جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری).
- پابەندبوون بە یاسا.
- پرەنسیپی ڕوونی و شەفافیەت.

وڵاتی سوید لەسەر بنەمای لامەرکەزی بەڕێوە دەچێت:

- حکومەت ئەرکی سەرپەرشتی هێزی چەکدار و سیاسەتی ئابووری و نەقدینەگی و دەرەوە لەئەستۆ دەگرێت.

- شارەوانییەکان ئەرکەکانی پەروەردە و خزمەتی منداڵ و پیر و باجەکان بەڕێوە دەبەن.
- هەرێمەکان: کاروباری تەندروستی و ڕێگاوبان.

لە ڕووی ئیدارییەوە سوید کراوە بە ٢١ لان واتە هەرێم، جگە لە بوونی ٢٩٠ شارەوانی. هەر چوار ساڵ جارێک هاوکات لەگەڵ پەرلەمان هەلبژاردن بۆ شارەوانییەکان دەکرێت بەپێی سیستەمی لیستی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

سیستەمی پەڕلەمانی لە سوید پێشینەیەکی زۆری مێژوویی هەیە بەجۆرێک ئێستاش ئەو کەسەی سەردانی پەڕلەمانی سوید بکات وێنەی بنیاتنەرانی یەکەمین پەڕلەمانی ئەو وڵاتە دەبینێت، کە ٤ کەسن، بە نوێنەرایەتی هەر ٤ تویژی پیاوانی ئایینی، فیودالەکان، بازرگانان و جوتیاران، کە توانییان بۆ یەکەمین جار بەردی بناغەی پەرلەمان بۆ سوید دابنین.

زۆر بە شانازییەوە لە مێژووی کۆن و نوێی خۆیان دەڕوانن هەربۆیە هەوڵدەدەن ئەدگارییەکانی کەسانی ناودار و لێهاتوویان بە زیندوویی بهێڵنەوە.

### پەڕلەمانی سوید

ئەم پەڕلەمانە لای خۆیان ناوی ڕیکسداگە، پێکهاتووە لە یەک ئەنجومەنی نوێنەرایەتی ٣٤٩ کورسی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و ڕاستەوخۆوە، ئەم کورسییانە بە شێوەیەکی نەگۆڕ دابەشکراون بەسەر هەرێمەکاندا.

٢٩ بازنەی هەڵبژاردن هەیە، دواهەمین جار ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژاردن کراو لە ئەنجامدا ٨ پارت توانییان ڕێژەی پێویست ٤% بەدەست بهێنن، گرنگترینیان سۆسیال دیموکرات ١١٢ کورسی، مۆدیراتەکان

(پارێزگاران) ١٠٧ کورسی و پارتی ژینگە ٢٥ کورسی و فۆلکپارتی ٢٤ کورسیان هەیە. هیچ کام لەو پارتانە نەیتوانی بە تەنیا حکومەت پێکبهێنێت، بۆیە دەبوو هاوپەیمانێتی بکەن، سەرەنجام مۆدیراتەکان لەگەڵ ڕاسترەو و ڕەگەزپەرستەکان پێکەوە حکومەتیان پێکهێنا سۆسیال دیموکرات و ژینگە بوونە ئۆپۆزیسیۆن، لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوون لەسەر حسابی بیروبڕوای سیاسیی لەگەڵ توندڕەوەکان ببنە هاوپەیمان.

ئێستا لە ڕیکسداگ ٨ فراکسیۆن هەیە، بچووکترینیان ١٩ کورسی هەیە، کە ئەمەش ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەوەی هەر فراکسیۆنێک بتوانێت لە هەر ١٥ لیژنەکەی پەرلەمان نوێنەری هەبێت و تەنانەت نوێنەری یەدەکیشی هەبێ بۆ ئەوەی ئەگەر نوێنەرە سەرەکییەکە لەوێ نەبوو یەدەکەکە یەکسەر جێگەی ئەو بگرێتەوە، سەرەنجام فراکسیۆن لە هەموو دانیشتنەکانی لیژنە و چالاکییەکانی ئاگادار دەبێت.

پەرلەمانی سوید پێنج ئەرکی سەرەکی هەیە:

١. یاسادانان. بەپێی میکانیزمێکی گونجاو و قۆناغبەند.

٢. کۆنترۆڵی حکومەت لە ڕێگەی لیژنەی دەستووری و دەزگای بەدواداچوونی ئابووری و دەزگای بەدواداچوونی فەرمییەوە.

٣. بەشداریی لە سیاسەتی دەرەوە.

٤. بەشداریی لە هەندێک پرسی پەیوەندیدار بە یەکێتی ئەوروپاوە.

٥. بڕیاردان لەسەر بودجەی گشتی وڵات.

ئەوەی لە پەرلەمانی سویددا سەرنجڕاکێشبوو بریتیبوو لەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم: هەموو بڕیارێکی سیاسی لە پەرلەمان دادەڕیژرێت تەنانەت سەرکردەی حیزبەکان ئەندامی پەرلەمانن.

دووەم: هەموو فراکسیۆنیک دەتوانێت ژمارەیەک کەسی پسپۆڕ و شارەزا بە گرێبەست دابمەزرێنێت و پشتیان پێ ببەستێت بۆ کارەکانی.
سێیەم: هەموو فراکسیۆنێک بودجەیەکی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی و ژمێریاری تایبەتی هەیە و ساڵانە چاودێریی سەرفکردنی دەکەن.
چوارەم: هەموو لیژنەیەکی پەرلەمانی ئۆفیسێکی تایبەتی هەیە، کە چەند کارمەند و پسپۆڕێکی شارەزا کاری تیدا دەکەن و دەبنە چاوساغی لیژنەکە لە پڕۆژەیاسا و بڕیارەکاندا.
پێنجەم: هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ پەخش دەکرێن و هاولاتی بۆی هەیە ئاگاداری وردەکاری دانیشتنەکان و گفتوگۆی لیژنەکان بێت.
شەشەم: بۆ هەر پرۆژەیاسایەک دوو خوێندنەوە دەکرێ لەناو لیژنەکاندا و دوای ئەوەی بە هەموو شێوەیەک تاوتوێ دەکرێ ئەوسا دەڕواتە پلنیۆم بۆ دەنگدان لەسەری و لە پلنیۆمیش هەر فراکسیۆنێک ڕەچاوی هەڵوێستی نوێنەرەکەی دەکات لە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ دەنگدان یان نەدان بە پڕۆژەکە و لە پلنیۆمدا بەهیچ شێوەیەک گفتوگۆ ناکرێت.
حەوتەم: لە سەرۆکایەتی پەرلەماندا یەکێک لە جێگرەکان لە ئۆپۆزیسیۆن دەبێت. بۆ ئەوەی ئەو سەرۆکایەتیە نوێنەری هەموو پێکهاتەکانی تێدا بێت.
هەشتەم: خشتەیەک بۆ کاری ڕۆژانەی پەرلەمانتار لە هەفتەدا دیاریکراوە کە دەستکاری ناکرێت بە هیچ شێوەیەک، بەم شێوەیەی خوارەوە:
دووشەممە: چالاکی لە هەرێمەکەی، کاتژمێر ٢ ی دوانیوەڕۆ دێتە پەرلەمان.

سێشەمە: بۆ کاری لیژنە و کۆبوونەوەی فراکسیۆن.

چوارشەمە: بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاساکان.

پێنجشەمە بۆ پرسیار لە وەزیر، چونکە هەموو هەفتەیەک پێویستە ٥ وەزیر بێنە پەرلەمان بۆ وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران.

هەینی بۆ پلنیۆم و پرسیار و وەڵام و لیژنەی یەکێتی ئەوروپا.

نۆیەم: کارمەند و کارناسانی ناو پەرلەمان، کەسانی بێ لایەنن و دڵسۆزانە بەبێ گوێدان بە لایەنی سیاسی کارەکانیان و ڕاوێژەکاریی خۆیان ئەنجام دەدەن.

دەیەم: ڕاپۆرتی لیژنە بریتییە لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەکە و تێیدا هەموو بۆچوونێکی لەگەڵ و دژ تۆمار دەکرێت.

یازدەیەم: ئەو پڕۆژە یاسایەی لە حکومەتەوە دێت، دوای مۆرکردن لەلایەن پەرلەمانەوە، خەڵک پێی دەزانێت.

دوازدەیەم: سەرۆکایەتی پڕۆژەکان دەداتە فراکسیۆنەکان، دوای خوێندنەوەی یەکەم ٢٠ ڕۆژ مۆڵەت هەیە تا خوێندنەوەی دووەم، لەو ماوەیەدا ڕەنگە حیزبەکان ڕایان بگۆڕێت، دوای ناردنی ڕاپۆرتی کۆتایی بۆ پلنیۆم، بڕیار دەدرێت بڕواتە قۆناغی دەنگدانەوە.

سیازدەیەم: هەموو پڕۆژەیەک لەلایەن حکومەتەوە بە ڕێکوپێکی دێت، چونکە لە هەموو ڕوویەکەوە دیراسە کراوە ئەوسا دەینێرن، کە هاتیشە پەرلەمان، لیژنە بۆی هەیە دەستکاری بکات و جێگە پەنجەی خۆی لەسەر دابنێت.

چواردەیەم: پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەشێکە لە دەستووری وڵات هەربۆیە چووەتە ناو وردەکارییەکانەوە بۆ ئەوەی ڕێگا بە میزاجی تاکەکەس نەدرێت بۆ لێکدانەوەی.

پازدەیەم: بڕیاردان لەسەر بودجەی دەوڵەت بەپێی ئەجێندایەکی جێگیر بەڕێوە دەچێت، هەموو ساڵێک کاتژمێر ٨ سەرلەبەیانی ڕۆژی

٩/٢٠ پێشـنیازی بـودجه دەگـاته لای حیزبەکـانی پەڕلەمـان هەمـان ڕۆژ دوای ٥ کاتژمێر لە هۆڵی پەڕلەمـان گفتوگۆ لەسـەر پێشـنیازی حکومەت دەکرێـت، بەڵام ئەم گفتوگـۆیە وا ڕێکخـراوە کە هەر بەشـێکی بـودجە لەلایەن فراکسیۆنەوە دەدرێتە پەڕلەمانتاری بەرپرس لەو کەیسە تایبەتە و ئەویـــش بە ڕاوێـــژ لەگەڵ کارناســـی تایبەتمەنـــد لە مـــاوەی ئەو ٥ کاتژمێرەدا بۆچوونێکی گشتی لەسەر پڕۆژەکە بۆ دروست دەبێت.

دوو ڕۆژ دوای ئەوە واتە ٩/٢٢ خواستی نوێنەری لیژنەکان دەدرێتە حیزبەکـان، بـۆ ئەوەی ئەوانـیش لە مـاوەی دوو هەفـتەدا واتە تـا ١٠/٥ تـاوتوێی بـکەن و ڕۆژی ١٠/١٢ لە هـۆڵی پەڕلەمـان گفتوگـۆی لەســەر بکرێـت. سـەرەنجام ڕۆژی ١١/٢٣ لە هـۆڵی پەڕلەمانـدا بڕیـاری کۆتـایی لێدەدرێت.

ئەم کاتبەنـدییە وای کـردووە بـودجە لە کـاتی خـۆی دوانەکەوێـت و کاری پڕۆژە و کەرتی ئابووری و ئاوەدانیی وڵات پەکی نەکەوێت.

شازدەیەم: پەرلەمانتار لە سوید بەرنـامەی کـاری خـۆی بەم شـێوەیە ڕێکدەخات:

١. لە پەڕلەمـان کـاتی خـۆی لە نێـوان پلنیـۆم و لیـژنە و فراکسـیۆندا دابەش دەکات.

٢. لە هەرێـمەکەی پەیوەنـدیی دەکـات بە دەنگـدەران و لۆبیســت و سەردانی شوێنان دەکات.

٣. بەشـێک لە کـاتی خـۆی تەرخـان دەکـات بـۆ دەزگاکـانی پەڕلەمـان، دەوڵەت، لیژنەکـــانی حکـــومەت، شـــارەوانی و هەرێمەکـــان و پرســـە نێونەتەوەییەکان.

**لیژنەی دەستووریی پەڕلەمان**

ئەم لیژنەیە گرنگترین لیژنەی پەڕلەمـانە و ڕۆڵـی لیـژنەی کاروبـاری یاسایی لای خۆمان دەبینێت، ئەم ئەرکانەی لەئەستۆ گرتووە:

١. پەسەندکردنی پرۆتۆکۆلی دانیشتنی پێشووتر.
٢. ڕووخستنی ئەو نووسراوانەی ئەو چەند ڕۆژە گەیشتوونەتە پەرلەمان.
٣. تاوتوتوێکردن و بڕیاردان لەسەر پڕۆژەی حکومەت و ئەندامانی پەرلەمان.
٤. تاوتوێکردنی دەزگای چاودێری فەرمیی و ئەو پڕۆژە یاسایانەی پاشکۆی ئەون.
٥. داواکردنی بۆچوونی لیژنەکانی تر.
٦. دەنگدان لەسەر پرسیاری لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە هەندێک پرسی دەستووری.
٧. چاودێری حکومەت.

# ئیسلام گەردوونێک لە هزر و ئەندێشە

بەدەر لەو تێگەیشتنە باوەی کە ئیسلام بە ئایینێکی ئاسمانی خاوەن جیهانبینی و بەرنامەی تایبەت بۆ کۆی کایەکانی ژیان ناوزەد دەکات، هێشتاکو ئێمە پێویستمان بە وردکردنەوەیەکی زیاتری بایەخەکانی ئەم ئایینە لە ڕووی هـزری و کەلتـووری و سیاسـیی و یاسـایی و فەلسەفییەوە هەیە.

لە ڕووی هزرییەوە ئیسلام واتە ژمارەیەکی زۆر قوتابخانەی فیکری ئامانجدار و پەیامدار، لە قوتابخانەکانی موعتەزیلە و ئەشاعیرە و ماتوریدییە و سەلەفییە، کە بە درێژایی ١٢ سەدە کاریان لەسەر پرسە بنەڕەتییەکانی ئازادیی و بەرپرسیاریێتی مرۆڤ کردووە و لەم سەروبەندەدا سەرچاوەی گەورە و گرانیان بۆ مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە. بۆ نموونە زانایەکی وەک قازیی عەبدولجەباری هەمەدانی لە بیست بەرگی گەورەدا، باس لە سەرەکیترین و بنەڕەتیترین بابەتی هزری مرۆیی وەک تەوحید و دادگەریی دەکات و لەوبارەوە وردترین ئاماژە بۆ پرسەکانی ئازادیی و ماف و جیهانبینی دەکات. لە بەرامبەردا بیرمەندانی قوتابخانەکانی دیکەی ئەشاعیرە و ماتوریدییە و ئەهلی فەرموودە بێکار دانەنیشتوون و ئەوانیش بەداواداچوون و ڕەخنەی خۆیان لەمەڕ هەموو ئەو پرسە گرنگانە دەربڕیوە. ئیمامولحەڕەمەین و غەزالی و تەفتازانی و جورجانی و ئیبن تەیمییە و ئیبنولقەییم هاتوون بیر و بۆچوونی موعتەزیلەیان لەبێژنگداوە و بۆخۆیان بیر و بیردۆزەی دیکەیان پێشنیاز کردووە.

لە ڕووی سیاسییەوە، کافییە ئاماژە بۆ کاروانی ١٢٥٠ ساڵەی بیری سیاسی ئیسلامی بکەین لەو سەردەمەوە کە ئە بو یوسف یەکەمین

کتێبی سەبارەت بە خەراج و داهاتی دەوڵەت بۆ خەلیفە هاروونە ڕەشید نووسی و دواتر دەوڵەتنامە و سیاسەتنامە و سوڵتاننامەکانی بەدواداهات. بەجۆرێک مرۆڤ سەرسام دەبێت لەو گەنجینە هزری و کەلتوورییە، کە بەداخەوە ئێستاشی بەسەرەوە بێت، توێژەرانی خۆماڵی و بیانیش نازانن کە سەدان سەرچاوەی ڕەسەن لە کەلەپووری هزری سیاسی ئیسلامیدا هەن و کراون بەژێر لێوەوە.

لە ڕووی یاساییەوە، ژیارەکەمان پڕە لە بەرهەمی ناوازەی وەکو ڕیسالە و ئوممی شافیعی، سییەری کەبیری شەیبانی و نیهایەی ئیمامولحەڕەمەین و هەزاران بەرهەمی فیقهی و ئوسوڵی وەها کە تەنها ژماردنیان کات و حەوسەڵەی گەرەکە. لەو بوارەشدا نوێترین و جوانترین بنەمای کار و هەڵسوکەوتیان بۆ تاک و کۆمەڵ داڕشتووە. بە جۆرێک هیچ یاساناسێک ناتوانێت ڕەچاوی ڕۆڵی کاریگەری مەنزوومەی فیقهی ئیسلامی نەکات کاتێک بیر لە بەراوردی یاسا و گەشەسەندنی بنەما یاساییەکان دەکاتەوە.

دێمە سەر بواری فەلسەفە و میتافیزیک، کە هەنووکە خەڵکانێک سەرپێیی دژی دەوەستن بە نیەتی باش و خراپ.

با بڕۆین تەنها گوزەرێک بە نووسینەکانی فارابی و ئەبو عەلی سینا و ئەبو حەییان و مەسکەوەیهیدا بکەین. چی دەبینین؟

ئەوەی فەیلەسووفیک بیری لێدەکاتەوە لە تیۆرییەکانی زانین و بوون و بایەخەکان، سەبارەت بە ئاوەز و مەوداکانی تیگەیشتن و ئیمکانییەتی بوون و خەملاندنی دروستبوونی گەردوون.

سەرەتا هاتوون زاراوەکانیان پێناسە کردووە و سنووریان بۆ چەمک و ماناکان داناوە، گفتوگۆی تیر و تەسەلیان لەسەر ئەو پێناسانە کردووە و هێندە وردیان کردۆتەوە کە بە تەنها مەلای خەتێی خۆمان، ڕیسالەیەکی سەربەخۆی لەسەر چەمکی (عیلم) نووسیوە.

ئەوان نەتەنها قسەیان لەسەر هیچ پرس و بابەتێک بە حەرام نەزانیوە، بەڵکو هەموو گومان و بیر و ڕا دژەکانیشیان لە دژی خۆیان هێناوە، بۆ ئەوەی حورمەتی ڕای بەرامبەر ڕابگرن. جاروباریش وتوویانە چبکەین بەڵگەی لۆژیک لایەنی بەرامبەرمان بەهێز دەکات.

بەڵێ لە کاروانی هزری فەلسەفیدا تەنها ئاماژە بۆ ٦-٧ سوارچاک دەکرێت، بەڵام ئەم کاروانە هەزاران سوارچاکی بە خۆوە دیوە کە تەنها لە کوردستانی خۆماندا کافییە باس لە مەولانا خالید و نۆدشی و پێنجوێنی و قەرەداغی و مەلا کەریمی بیارە بکەین.

هەربۆیە غەدرێکی گەورەیە کە بەشێک لە نووسەران لە ئیسلامی دەکەن وا دەزانن تەنها ئایینێکە بۆ ئادابی پەرستن و پاک و خاوێنی، نازانن ئەمە بۆخۆی جیهانێکە لە داهێنانی فیکر و ئەندێشەی ئینسانی، گەردوونێکە لە عەقڵ و عەقڵکاری بۆ خزمەت بە مانەوە و گەورەبوونی مرۆڤەکان.

# بەشی دووەم
# کەسایەتییەکان

# پەیڤێک لەسەر سەردەمی موسەنیف و میتۆدی ئەو لە (الوضوح) و (الطبقات)دا

ئەبوبەکر سەید حەسەنی کوڕی هیدایەتوڵڵای حوسینی ناسراو بە موسەنیفی چۆڕی، فەقیهی شافیعی مەزهەب و موتەسەویف شاعیر ئەدیب و زانای گەورەی کورد و ئیسلام لە سەدەی دەیەمی کۆچی، ئەمڕۆ لە شاری دێرین و فەرهەنگپەروەری مەریوان یاد دەکرێتەوە و کۆنگرەیەکی جوان و شایستەی بۆ ساز دەکرێت، لەم سەروبەندەدا جێی شانازییە بۆ من بەم چەند ڕووپەرە بەشداریی بکەم سەبارەت بە ٣ خاڵی گرنگ.

یەکەم: هەلومەرجی سیاسی و زانستیی سەردەمی موسەنیف.

دووەم: میتۆدی موسەنیف لە نووسینی کتێبی (وضووح)دا.

سێیەم: میتۆدی موسەنیف لە کتێبی (الطبقات)دا.

**تەوەری یەکەم: هەلومەرجی سیاسی سەردەمی موسەنیف:**

موسەنیف لە سەرەتای سەدەی دەیەمی کۆچی تا سەرەتای سەدەی یازدەهەم ژیاوە و هاوچەرخی ژمارەیەکی زۆر لە سوڵتانە عوسمانییەکان و پاشاکانی سەفەوی و کۆمەڵێک لە میرانی ئەردەڵان و بەدلیسی بووە.[١]

بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی سیاسیی سەردەمی موسەنیف پێویستە ئەوە بزانین کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەو کاتەدا دابەش ببوو

---

[١] بڕوانە: البوم العثمانيين، يلماز ده ده أوغلو، ترجمة محمد جان، الدار العثماني للنشر، (١٣٩٧هـ- ١٩٧٦م): (١/ ١٩٧-٢١٣-٢٦١- ٣٨١ و ٢٦٩/٢)، وتاريخ الدولة العثمانية، شكيب أرسلان (ت١٩٤٦م)، ط١، (١٤٢٢هـ-٢٠٠١م)، دار ابن كثير، دمشق-بيروت: (٧٤٣ - ٧٤٤).

بەسەر هەردوو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێرانیدا، عوسمانییەکان لەسەر ڕێڕەوی سوننی و ئێرانییەکانیش لەسەر مەزهەبی شیعە بوون، لە نێوان ململانێی ئەم دوو زلهێزەدا کوردستان ببووە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی سیاسی و سەربازی و فیکری، هەرچەندە بۆخۆیان خاوەنی چەند میرنشینی خۆماڵی و لۆکاڵی بون وەکو میرنشینەکانی ئەردەڵان و موکری و سۆرانی و بەدلیس.[1]

موسەنیف زۆربەی ساتەکانی تەمەنی لە ناوچەی دەسەڵاتی ئەردەڵان بەسەربردووە، لەو سەردەمەدا کوردستان ببووە ئامانجی پەلاماری داگیرکەرانەی فارس و تورک،. هەردوولا دەیانویست ئەم ناوچەیە بەکاربهێنن بۆ لاوازکردنی بەرامبەری و لەم پیناوەدا میرە ناوخۆییەکانیان هاندەدا بۆ شەڕ و ناکۆکی لەگەڵ یەکتر. دیارە عوسمانییەکان دەیانویست بە سودوەرگرتن لە فاکتەری مەزهەبی گەلی کورد بەکاربهێنن لەم ململانێ سیاسییەدا. لە ئەنجامدا شەڕ و پێکدادانی بەردەوام کوردستانی گرتبووەوە و سامان و دارایی خەڵکەکە کەوتبووە مەترسییەوە.[2]

هەربۆیە گومان لەوەدانییە ئەو کەسانەی هەلوەدای زانست و زانیاری بوون، ناچاربوون ڕوو لە ناوچە ئارامەکانی دیکەی جیهانی ئیسلام بکەن وەکو حیجاز و میسر و ئەستەمبوڵ. لەلایەکەوە وەرگرتنی زانست بۆیان ئاسان بوو لەلایەکی دیکەوە دەرفەتی

[1] بڕوانە: کتێبی (مێژووی ئەردەڵان)، تألیف مستورەی کوردستانی: (ص٤٢-٤٦)، وکتاب (میرایەتی بابان)، نوشیروان مصطفى، الطبعة الثانية، (١٩٩٨م)، (چاپەمەنی خاک): (ص٤٠).
[2] بڕوانە: تاريخ الأكراد، مەستورە ی کوردستانی (ت١٢٦٤هـ)، چاپی یەکەم هەولێر، (٢٠٠٥م): (ص٤٧).

دەرکەوتنیـــان بـــۆ فەراهەم دەبـــوو.[1] بەڵام لە ســـەردەمی میرایەتـــی هەڵۆخانـــدا واتە لە ٩٩٨ کـــۆچی تـــا ١٠٢٢ کە پەیـــڕەوی سیاســـەتێکی بێلایەنی دەکرد لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا ئەو ململانییە کەمێک سووک ببوو.[2]

لەگەڵ ئەم پشـێوییە سیاسـییە و بـوونی کێشـە و گرفتـی ئـابووری و بڵاوبـــوونەوەی هەژاری و نەداری کەچـــی حـــوجرە و مزگەوتەکـــانی کوردستان ببونە مەشخەڵداری زانست و ئەدەبیات و فەرهەنگی عیرفانی و ناوەندی زانستی شایستە و هێژا لە سەرتاسـەری کوردسـتان بـوونی هەبـووە، یەکێـک لە ناوەنـدەکانی زانسـت و زانیـاری نـاوچەی مەریـوان بـووە، میرەکـانی میرنشـینەکانی کوردسـتان زۆر بە تەنگـی خزمەتـی زانسـت و ئەدەبیـات بـوون بەمەبەسـتی بەهێزکردنـی پـێگەی سیاسـی خۆشیان بووبێت، کێبڕکێیان کردووە بۆ نزیکبوونەوە لە زانایـانی ئـایینی و کۆکردنەوەی کتێبی نایـاب و ڕاکێشـانی باشـترین مـودەڕیس بـۆ لای خۆیـان، لەم ڕووەوە هەوڵیـان دەدا تەنـانەت لە شـوێنی دووردەسـتەوە زانایانی بەناوبانگ بهێننە کوردستان، ئەمە دیارە کەلتوورێکی کۆنە و لە دێرزەمانەوە پاشا و وەزیر و میر و سوڵتانەکان بوونی زانـا و فەقیهی گەورە و مودەڕیســیان بە کـــۆڵەکە و پـــایەیەکی حـــوکمڕانی خۆیـــان لەقەڵەمداوە.

بەتایبەت هەرکات ئەو زانایە پشتیوانی لە سیاسەتی ئەو دەسەڵاتدارە کردبێـت، ئەوکـاتە دەرفەتـی جێگیربـوونی ئەو زانـایە زیـاتر و بەهێزتـر دەبـــوو، بەپێچەوانەشـــەوە هەرکـــات ئەو زانـــایە هـــاومەزهەبی ئەو

---

[1] لە شیعرەکانی موسەنیفەوە دەردەکەوێ کە چەند لە بارودۆخی ناوچەکەی بێزاربووە و سەرسامی ئەم سێ ناوچەیە بووە. بڕوانە پێشەکی کتێبی الطهارة بە تویژینەوەی مامۆستا عبد الله محمود، ل٢٧ – ٢٨.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤ – ٢٩.

دەســـەڵاتدارە نەبووبێــت، ئەوا گەمـــارۆ دراوە و ڕێگەیەکــی ئەوتــۆی پێنەدراوە، کە تەماشـای وەزعـی حـاڵی مەولانـا ئەبـوبەکری موسـەنیف دەکەیـن، لە دەرەوەی کوردســتان کاتێـک لە مەدیـنە و حیجـاز ژیـاوە ناوبانگی زیاتر بووە لەو ساتەوەختانەی لە کۆتایی ژیانیدا هاتووتەوە بۆ چـۆڕ، چـونکە ئەو کـاتە نـاوچەکە نـاوچەیەکی دووردەسـت و لە ژێـر دەستی حوکمی سەفەوییەکاندا بووە.

بەڵام ئەوەشمان لەبیر نەچێت زەوق و مەشرەبی عیرفانی موسـەنیف بۆ خۆیشی ڕەنگە کاریگەریی هەبووبێت لەسەر دوورکەوتنەوە لە نـاو و شوهرەت و لە دەرباری میر و سوڵتانەکان، بەو وەزعەشـەوە سـەرەڕای نەبوونی کوێرەوەری مەلای کورد هەمیشـە شـەیدای زانسـت و خوێندن بووە و بەپێی ئامارێک کە لەبەردەستدایە لەو سەردەمی کەمیی کاغەز و ئــەدەوات و کەمیــی ڕێــژەی خوێنــدەواریی زانایانمـــان لەبەر تیشــکی مانگەشەو و قوتیلەی دووکەڵاویدا، سەدان دەسـتنووس و کەشـکۆڵیان لە پـاش خۆیـان بەجێهێشـتووە، کە (وضـووح)ی موسـەنیف و بـاقی کتێـبە بایەخدارەکانی تەنهـا چەنـد نمـوونەن لەو گەنجینە فەرهەنگییە گەورە و گرانە.

### تەوەری دووەم: میتۆدی موسەنیف لە کتێبی (وضووح)دا:

مــوحەڕەڕی ئیمـــامی ڕافیعـــی و مینهـــاجی ئیمـــامی نەوەوی دوو ســەرچاوەی گرنگـی فیقهـو فەتـوان لەسـەر بنەمـای مەزهەبـی ئیمـامی شـافیعی، کە زۆرتـرین ڕاڤەیـان لەسـەر کـراوە و هەنـووکەش لە ناوەنـدە زانستی و ئەکادیمییەکاندا، پشتیان پێدەبەسترێت.

یەکێک لە ڕاڤە گرنگ و پڕ بایەخەکانی (المحـرر) بە خـامەی ڕەنگینی موسەنیفی چۆڕی نووسراوە بە ناوی (الوضوح).

موسـەنیف لەم کتێبەدا ویسـتوویەتی خزمەتێکی گەورە و شـایان بە مەزهەبی ئیمامی شافیعی بکات، ئەویش بە لێکدانەوەی کتێبی (المحرر)ی ئیمام عەبدولکەریمی ڕافیعی، کە پێشەوایەکی گەورە و ناوداری مەزهەب بووە و کتێبەکەی بە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەم مەزهەبە هەژمار دەکرێت، لێکدانەوەکەش بریتییە لە ڕاڤەکردنی وردەکارانەی دەقەکەی ئەو دێڕ بە دێڕ، دوای ئەوەی ئەگەر پێویست بوو پێشەکییەکی بۆ دەنووسێت، جا لە هەرشوێنێکدا هەستی بە ناڕوونی و شاراوەیی کرد لە دەستەواژەکەی، ئەم ڕوونی دەکاتەوە و پەردە لەسەر ماناکەی لادەدات.

یەکەم: سەرەتا مانای زمانەوانی واژەکان دەکات و دواتر پێناسەی زاراوەکان دەکات. هەوڵی ئەوەش دەدات پەیوەندیی نێوان مانای زمانەوانی و زاراوەیی وشەکان ڕوون بکاتەوە.

دووەم: زۆر مەبەستیەتی لەو بابەتانەی ڕای جیاوازیان لەسەرە لەناو زانایاندا لێکیان نزیک بکاتەوە و خاڵی هاوبەشیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی تەهارەتدا، لە باسی ئەو کەسەدا کە هەمیشە دەستنوێژی دەشکێت، ئایا نیەتی لابردنی بێدەستنوێژی بهێنێت یان نا، دەڵێت: "والأفضل الجمع بينهما؛ خروجاً من الخلاف".

سێیەم: جاری واهەیە لە مانای زمانەوانی و پەیوەستەگی زمان و زاراوەدا ڕای سەربەخۆی داهێنەرانەی هەیە، بۆ نموونە لە پێناسەی ئەدەبدا دەڵێت: "الأدب في اللغة: التأسي بالغير والتخلق بأخلاقه، والاصطلاح: رعاية أمور مستحسنة شرعا وعرفا". واتە ئەدەب لە زماندا پەیڕەویکردنە لەویترو خووکردنە بە خووی ئەو و لە زاراوەشدا بریتییە لە ڕەچاوکردنی شتگەلێک کە لە ڕووی شەرع و عورفەوە بە جوان زانراون. ئەم بۆچوون و پێناسەیە لە هیچ کتێبێکی دیکەی زمان و سەرچاوەی دیکەدا نییە.

چـوارەم: بۆخـۆی خـاوەنی تەرجیحـاتە، واتە کاتێـک ڕای جیـاواز لە بابەتێکـدا دەبینێـت، دەستەوسـتان ناوەسـتێت، بەڵکـو یـان پشـت بە بۆچـوونی خـۆی دەبەسـتێت، یـاخود بە ڕای زانـایەکی دیـکە مەسـەلەکە یەکلایی دەکاتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی (الأقراض)دا دەڵێت: "وفي إقراضِ الأموالِ الضائعةِ وسائرِ أموالِ بيتِ المالِ احتمالان عن الإمام:... قال: وهـذا قـويٌّ. هەروەهـا لە کتـابی (وصـايا)دا دەڵێـت: "وهـذا أقيسُ الطـريقين؛ فـإنّ الأئمّة حملوا أدنى الحدود في اعتبار نقصان التعزير عنه في قـول الشـافعيّ علـى أدنـى حـدود المعـزَّر، لا علـى أدناهـا علـى الإطـلاق، وجعلـوه أظهـرَ الوجهين".

پێنجەم: هەندێکجار بۆچوونی زانایانی دیکەش دەخاتە بەرنەشـتەری لێکۆلینەوە و ڕەخنەشـیان لێدەگرێت، بـۆ نمـوونە لە فرۆشـتنی (أصـول و ثمار)دا ڕەخنە لە بۆچوونی (ابن الملقن) دەگرێت: "ونظره منظور فيـه؛ لأنّ إضاعة المـال لتطييب القلـوب وإرضـاء الخصـوم مستحبّة لا محـرّمـة، وفـي المثل: إنّ أحقر الأمتعة الدنيا وأموالها، وأشرفها قلوب العباد، ومـن العجب أن تملك هذا الأشرف بذاک الأحقر".

شەشـەم: جـاری واهەیە عیبـارەتی مینهـاجی نەوەویـش بە نـاتەواو دەزانێت، بۆ نموونە لە کتابی زەکاتدا دەڵێـت: "وتعبيره بـالمخروص عليـه شامل للمالک والـولـّي فيمـا إذا خـرص الثمـار الصـبـي والمجنون، وعبـارة المنهاج قاصرة عن ذلک لأنه عبر بالمالک".

حەوتەم: هەڵسـەنگاندن و بەراوردکـاریی بـۆ ڕای زانایـان دەکـات, بـۆ نموونە: "قال المراوزة: لم يثبت إلاّ بإقرار الورثة، أو بأن يشهدوا علـى مـا فيه مفصّلةً، وقال العراقيّون: كفى أن يقول: إنّ هذا خطُّه وما فيـه وصيّتُه؛ لأنّ " ما فيه وصيّتُه" بمنزلة التفصيل. وهذا قويٌّ جداً، والأوّل أقيس".

هەشتەم: لەو بابەتانەی ڕای جیاوازیان لەسەرە، باس لە ئەنجامی کردەیی ئەو جیاوازییە دەکات، کە ئەمە لای زانایان پێی دەگوتری: (ثمرة الخلاف).

نۆیەم: هەندیکجار لە هێنانی ڕای زانایاندا هەندێکجار پشتگیری و هەندێکجار ڕەتیان دەکاتەوە، بۆ نموونە سەبارەت بە فرۆشتنی (أصول ثمار) دەڵێت: "وفي تعليلهم هذا يفهم أنّ غير البارز تابعٌ للبارز كنظيره في التأبير، لكن قال البغويّ في التهذيب: فيما إذا ظهر بعض التين والعنب دون بعض: أنّ ما ظهر للبائع، وما لم يظهر للمشتري".

دەیەم: ڕەخنە لە بابەتێک دەگرێت و لە سەرچاوەیەکەوە وەریدەگرێت، دواتر ڕەتی دەکاتەوە، بۆ نموونە: لە فرۆشتنی (بيع الأصول والثمار) دەڵێت: "وفي تعليلهم هذا يفهم أنّ غير البارز تابعٌ للبارز كنظيره في التأبير، لكن قال البغويّ في التهذيب: فيما إذا ظهر بعض التين والعنب دون بعض: أنّ ما ظهر للبائع، وما لم يظهر للمشتري".

یازدەیەم: جاروبار چیرۆک و داستانی خۆشمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەک بڵێی کتێبەکەی کتێبێکی ئەدەبی بێت، بۆ نموونە: لە باسی شەهادات و بابی قیافەناسیدا دوو چیرۆکی سەیر دەگێڕێتەوە.

دوازدەیەم: دەیەوێت خوێنەر ڕابهێنێت لەسەر بیرکردنەوە و سەرنجدان و قووڵبوونەوە، بۆیە لە زۆر شوێنی کتێبەکەیدا گوزارەی: "تأمل، فتأمل" بەکاردەهێنێت.

سیازدەیەم: وادیارە دوای نووسینی ئەم کتێبە بۆخۆی پێداچوونەوەی بۆ کردووە، بۆیە لە هەندێک شوێندا بۆخۆی تێبینی و سەرنجی تۆمار کردووە. ئەمە نەریتێکە لە نووسینی زانا کۆنەکاندا بە (منهوات) ناسراوە.

ویڕای ئەو خاڵە ئیجابییانەی سەرەوە، دیارە هیچ مرۆڤیک بەدەر نییە لە هەندێک کەموکورتی، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو تێبینییانە دەکەین، کە لەسەر مەولانا موسەنیف تۆمار کراون لەم کتێبەدا:

یەکەم: کە وتەی زانایەک دەهێنێت پابەند نییە بە دەقی وتراوەکەوە، بەڵکو بە مانا نەقڵی دەکات، کە ئەمەش دەبێتە ڕەخنە لەسەر زانایەکی گەورەی وەکو ئەو، نەخوازەڵا لەو شوێنانەدا کە بۆخۆی وتوویەتی: (هذا نصه). بۆ نموونە لە شوێنێکدا دەڵێت: ئەمە دەقی شافیعییە لە (الأم) دا، کە دەچینەوە سەری، دەبینین دەقی شافیعی بەو شێوە نییە، هەرچەند ماناکەی تەواوە.[١]

دووەم: جێی سەرنجە لە (الوضوح)دا ناوی هەندێک زانا و فەقیهی شافیعی دەبات، بەڵام کە دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکان نایانبینینەوە، کە ئەمەش ڕەنگە هەڵەی ئەو کەسانە بێت کە ئەم کتێبەیان نووسیوەتەوە، یاخود ئەو زانایانە وەکو زۆر لە زانایانی دیکەی جیهانی ئیسلام بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری سیاسیی و کۆمەڵایەتی ناویان ون بووە.

سێیەم: نەبوونی خاڵبەندی لە نووسینەوەی ئەم کتێبەدا، وای کردووە جاروبار نووسینی موسەنیف تێکەڵی قسەی خەڵکانی تر ببێت، کە ئەمەش پێویستی بە وردەکارییەکی زۆر هەیە بۆ جیاکردنەوەی قسەی موسەنیف لە هی خەڵکی تر.

چوارەم: لە پرسە خیلافییەکاندا هەندێکجار بە تەعبیری: (قیل)، باس لە بۆچوونێک دەکات، کە ئەمەش کاری توێژەران دژوار دەکات کاتێک دەیانەوێت بزانن ئەو بۆچوونە هی کێیە؟.

---

١ سەیری ئەم دەقە بکە لە "وضوح"دا لە: كتاب الوصايا: قال الشافعيّ في الأمّ: الدابّة للخيل والبغال والحمير، لاشتهارها فيها عرفاً، هذا نصّه بحروفه "، بەڵام عیبارەتی شافیعی خۆی ئاوایە، الأم (٩١/٤): " وَلَوْ قال أَعْطُوا فُلَانًا من مَالِي دَابَّةً قِيلَ لهم أَعْطُوهُ إنْ شِئْتُمْ من الْخَيْلِ أو الْبِغَالِ أو الْحَمِيرِ انثى أو ذَكَرًا لِأَنَّهُ ليس الذَّكَرُ منها بِأَوْلَى بِاسْمِ الدَّابَّةِ من الْأُنْثَى".

پێـنجەم: بـۆ هەنـدێک بـاس لە کتێبەکەیـدا، ناونیشـانی دانـاوە و بـۆ هەندێکی نا، کە ڕەنگە ئەمەش پەیوەندیی بەوانەوە هـەبێت کە نوسـخەی کتێبەکەیان نووسیوەتەوە.

شەشـەم: جاروبـار فەرمـوودەیەک بە مانـا نەقڵ دەکـات، کە بێگومـان ئەمەش کاری تـوێژەران دژوار دەکـات بۆ دۆزینەوەی ئەو فەرمـوودەیە لە سـەرچاوەکانی سـوننەتدا. جـاری واش هەیە فەرمـوودەی لاواز دەهێنێـتەوە بـۆ بەڵگەهێنـانەوە، کەچـی هەر بۆخـۆی لەو بـارەوە پێشـتر فەرموودەی سەحیحی بە بەڵگە هێناوەتەوە.

حەوتەم: هەنـدێک بـابەتی فیقهـی بە بەڵـگە دەهێنێـتەوە، کە چـی لەسـەریان بینـا دەکـات، کە ئەمەش بۆخـۆی جێـی سـەرنجە لای زانایـان، بەتـایبەت کە ئەم کتێـبە وەک کتێبـی فیقهـی ئیسـتیدلالی حیسـابی بـۆ دەکرێت. ویـڕای ئەم تێبینییـانە ئەم کتێبە ئێستاشـی بەسـەرەوە کتێبێکی نایابی فیقهی ئیسـتدلالییە و ئەگەر بەشـێوەیەکی زانسـتی تەحقیـق و ڕاڤە بکرێـت، گەنجینەیەکـی گەورەیە لە بـواری فیقهـی شـافیعی و شـەن و کەوکردنی بابەتە شەرعییەکان.

تەوەری سێیەم: میتۆدی موسەنیف لە کتێبی (طبقات الشافعیة)دا

کتێبی (طبقات الشافعیة) یەکێکی دیکەیە لەو نووسـراوانەی موسـەنیف کە نەفەوتـاون و ڕوونـاکی چاپیـان دیـوە، ئەم کتێـبە (٣) جـار چـاپکراوە، یەکەمیـان بەبـێ تـوێژینەوە و لێکـدانەوە و پێڕسـتدانان، بەڵام چـاپی دووەمیـان لەلایەن عـادل نـوەیهیزەوە تەحقیـق کـراوە و پەراوێـزی بـۆ دانـراوە، چـاپی سـێیەمم نەدیـوە تـا باسـی بـکەم، هەر ئەوەنـدە دکتـۆر عەبدوڵڵا مەحمود لە تەحقیقی بۆ بەشێک لە (وضووح)دا ئاماژەی پێداوە.

ئەم کتێبە دوو پاژی سـەرەکییە، پاژی یەکەم بـاس لە زانـا نـاودار و پێشـەواکانی مەزهەبـی شـافیعی دەکـات، لە سـەردەمی شـافیعییەوە تـا کۆتایی سەدەی نۆیەمی کۆچی، واتە تا سەردەمی پێش خۆی.

پاژی دووەم باس لە کتێبە گرنگ و سەرچاوەکانی فیقهی شافیعی دەکات، لە کتێبەکانی خودی ئیمامی شافیعییەوە بگرە تا کتێبەکانی (ولی الدین)ی عێراقی.

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە باس لە ژمارەیەکی زۆر لە پێشەوایانی مەزهەبی شافیعی دەکات، کە بەشێکیان ئێستاکە ناویان تەنها لە دووتوێی کتێبە کۆنەکاندا دەدۆزرێتەوە، ئەو هەوڵیداوە کورتەیەکی پوخت سەبارەت بە ناونیشان و زێد و مێژووی لەدایکبوون و نووسراو و مامۆستا و شاگردەکانی بدات بەدەستەوە، بەڵام بەو جیاوازییەی سەبارەت بە هەندێکیان زۆرتر دەدەوێ و سەبارەت بە هەندێکیان لە کورتی دەیبڕێتەوە.

لە بنەڕەتدا تەبەقات و تەرجەمەنووسین بۆ فوقەها و عولەما، نەریتێکی لەبار و پەسەند بووە لای نەتەوەی ئیسلام، چونکە بزاڤی زانست و فێرکردن، پێویستی بەوە هەیە بیۆگرافیای زانایان و کارەکانیان هەمیشە لەبەردەستی قوتابیان و خوێندکاراندا بێت، بۆ ئەوەی ببنە سەرمەشق و قودوە بۆیان. لە ڕووی ئەکادیمیشەوە هەمیشە زانایان کە پلەبەندییان بۆ عولەمای سەلەفی ئوممەت کردووە پێیان باشبووە ڕیزبەندییان بۆ بکەن بەپێی نزیکییان لە سەردەمی موجتەهیدین، واتە تا زاناکە لە قاتێکی سەرووتردا بێت بایەخی زیاتر و قسەی لەپێشترە. ئەمەش ڕادەی پابەندیی و هۆگربوونی ئوممەت نیشاندەدات بە سەلەفەوە.

١ - موسەنیف لەم کتێبەدا وێڕای پێشکەشکردنی زانیاری لەسەر ئەو زانایانەی خاوەن نووسراون و لە ڕەوتپێدانی مەزهەبی شافیعی کاریگەر بوون، هەندێک ڕووداوی مێژووییش باس دەکات، وەک ئەوەی لە باسی ئیمامی شافیعیدا باس لە حاڵەتی سەرەمەرگی دەکات، یان لە باسی ئیمامی بوەیتیدا باس لەوە دەکات چۆن لە میسرەوە دەستبەسەرکراوە و

نێــردراوە بــۆ بەغــدا و لەوێــش زینــدانی کــراوە، تەنهــا لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووە وەکو دەسەڵاتی عەبباسی بیر بکاتەوە.[1]

٢- لەسەر هەر زانایەک ئەگەر شایەتی زانایەکی دیکەی دەستکەوتبێ هێنـاویەتی بـۆ نمـوونە لە باسـی ئیبنومقاسـدا قسـەیەک لە عـومەری بـن یــونس دەگێــڕێتەوە کە ســەبارەت بەو وتــوویەتی: ئەو لە گەورەکــانی مەزهەبی مالیکی بووە، بەڵام کە شافیعی هاتە میسر پێوەی پەیوەستبوو و لەسەر مەزهەبی ئەو فیقهی وەرگرت.[2]

٣ - ئەگەر لە ناوی عەلەمدا هەستی بە ناڕوونی کردبێت، هەوڵیداوە ڕوونی بکاتەوە، بۆ نموونە لە باسی ڕەبیعی کوڕی سولەیمانی ئەزدی جیـزی دا ئەڵێـت: منسـوب الـی الجیـزة (بـالجیم و الـزاي المعجمـة) واتە نیسبەت دەدرێتە پاڵ جیزە، بە جیم و زێی نوختەدار.[3]

٤ - یـان کە باسـی شـوێنێک دەکـات، دەیەوێـت دەستنیشـانی بکـات کـوێیە، وەک ئەوەی لە باســی ئیمــامی زەعفەرانیــدا دەڵێــت: زەعـفەرانە گوندێکە لە نزیکی بەغدا،[4] یان لە باسی بۆشنجیدا دەڵێت: بوشنج، کە ئەسـڵەکەی بە فارسـی بۆشـنکە، شـارێکی کـۆنە، کە حەوت فرسـەخ لە هەراتەوە دوورە.[5]

٥ - لە زۆربەی باسـەکاندا هەوڵـدەدات بـاس لە سـیفەتی زانسـتی و ئەخلاقی کەسـەکە بکـات، بـۆ نمـوونە لە باسـی ئیمـامی ئەنماتیـدا دەڵێت: "کان فقیها ورعا" واتە زانایەک لە خواترس و بەپەرێز بووە.[6]

---

[1] بڕوانە: ابوبکر بن هدایة الله، طبقات الشافعیة، تحقیق عادل نویهض، ل١٧ - ١٨.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

٦ – هەندێکجار زانیاری زمانەوانی و جوگرافیایی تۆمار دەکات، بۆ نموونە، لە زیمنی باسی مەروەزیدا دەڵێ: مەروەزی مەنسووبە بۆ مەروو، پیتی زێیان بۆ زیاد کردووە، ئەویش یەکێکە لە شارەکانی خوراسان، شارەکانی خوراسانیش چوارن: نیشابوور، هەرات، بەڵخ و مەروو. کە ئەمیان گەورەترینیانە، بۆیە هاومەزهەبەکانمان تاوێک پێیان دەوترێ خۆراسانییەکان، تاوێکی تر: مەراوزە، هەرکاتێکیش باسی مەروو کرا بە ڕەهایی ئەوە مەبەست مەروشایگانە، کە ماناکەی دەبێتە (روح الملک)، چونکە شا واتە (مەلیک) و گیان واتە (روح)، بەڵام عەجەم (مضاف الیه) دەخەنە پێش (مضاف)ەوە، بەڵام – مەروەروود – هەمیشە قیودی – رود – ی پێوەیە کە ڕوود بە زمانی فارسی واتە (ڕووبار)، کە نیسبەت دەدرێ بۆ لای یەکەم دەڵێن مەروەزی، بەڵام بۆ دووەم دەبێتە مەروەروودی، ماوەی نێوان ئەم دوو شارەش کەمترە لە ٣ ڕۆژ.(١)

٧ – بە هۆی چێژی ئەدەبییەوە جاروبار شیعری زاناکان دەهێنێتەوە، بۆ نموونە لە باسی ئیمامی مەنصوری تەمیمیدا نموونەی شیعری دەهێنێتەوە:

الكلب أحسن غيره وهو النهاية في الخساسة
ممن ينازع في الرياسة قبل أوقات الرياسة.(٢)

یان لە باسی ئەبو محەمەدی بافی خوارەزمیدا، ئاماژە دەکات بۆ ئەوەی ناوبراو شیعری بێ تەکەللوف وتووە، جارێکیان لاوێک دیتە لای، پارچە کاغەزێکی دەداتێ، ئەمیش دەیخوێنێتەوە و بزە دەیگرێت، پاشان وەڵامەکەی بۆ دەنووسێت و دەیداتەوە، کاغەزەکە ئەم دووبەیتەی تێدا دەبێت:

عاشق خاطر حتى يسأل المعشوق قبله
أفتني مازلت تفتى هل يبيح الشرع قتله

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

وەڵامەکەی ئیمام بەم شێوەیە بووە:

أيها السائل عما لا يبيح الشرع فعله

قبلة العاشق للمعشوق لا يوجب قتلـه[١]

٨ - هەندیک زانیاری ورد سەبارەت بە هەندیک کەس تۆمار کردوە، بۆنمونە پیمان دەلیت بۆچی ئەبوحەییانی تەوحیدی ئەو لەقەبەی هەیە، لە وەلامدا دەلی: بۆیە پیی وتراوە تەوحیدی چونکە باوکی لە بەغدا جۆرەتەوحیدی دەفرۆشت، واتە جۆرە خورمایەک لە عیراق[٢].

٩ - لە باسی ئیمامولحەرەمەیندا ئاماژە بۆ هەندێک ڕووداوی سیاسی دەکات، کە چۆن لە کاتی پشێویدا نیشابوور بەجێدێڵێت و ٤ ساڵ دەچێتە مەککە و لەوێ فتوا دەدات و دوای نەمانی پشێوی ئەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی، کە دیارە موسەنیف سەرسامی ئەم کەسایەتییە و کەسێکی وەک ئیمامی غەزالی بووە، کە ئاوا بە گرنگیی زیاترەوە باسیان دەکات.

١٠ - نایشاریتەوە کە بۆخۆی خاوەنی مەشرەبی تەسەووف بووە، بۆ نموونە لە باسی ئیمامی ڕافیعیدا دەڵێت: "وله كرامات ظاهرة"[٣].

ئەم کتێبە هەرچەند بە قەوارە بچووکە، بەڵام لە ڕووی ماناوە پڕە لە زانیاری گرنگ و بەسوود، ئەگەر بمانەوێت جوانی و گەوهەرەکانی دەربخەین، ئەوا پێویستمان بە کات و حەوسەڵەی زیاترە. بەس بەوەندە بەسندە دەکەین بەو ئومیدەی توانبێتمان مشتێک لە خەرواری ئەدەب و زانیاری ئەم زانا بڵندپایەمان بە ئێوەی بەڕێز گەیاندبێ.

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦. هەر لەمبارەوە موتەنەبی لە شیعرێکدا دەڵێ: (يترشفن من فمی رشفات هن فيه احلى من التوحيد). هەرچەند ڕێی تێدەچێت ئەبوحەییان موعتەزیلیی بووبێ و موعتەزیلەش بە خۆیان وتووە (أهل العدل و التوحيد).

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.

# مەلا حامیدی بێسارانیی
# چمکێک لە ژیان و بەرهەمی

- مەلا حامید کوڕی مەلا عەلی بێسارانی.
- لە ساڵی (١٢٢٣) کۆچی لەدایکبووە، وەک خۆی لە ڕیازولموشتاقیندا ئاماژەی پێدەکات.
- هاوچەرخی مەولەوی و مەلا ئەحمەدی نۆدشی بووە.
- خوێندنی لە حوجرەکانی کوردستان لە خزمەت زانایانی ئایینی گەورەی کورد بووە. وردەکاری زیاتر لەسەر ژیانی زانستی ئەو بەردەست نییە و ئەمەش بواری لێکۆڵینەوەی نەوەی نوێیە.
- نزیکەی (٢٠) ساڵ خوێندوویەتی.
- لە تافی لاوێتییەوە تەبعی سۆفیگەریی هەبووە و ویستوویەتی خۆی ڕادەستی پیرێکی دەستگیر بکات. یەکەمجار دەگاتە خزمەتی حاجی شێخ محەمەد سدیقی سنەیی، لای ئەو فێری ئادابی تەریقەتی نەقشبەندیی دەبێت.
- ساڵی (١٢٥١) دەڕواتە خزمەتی شێخی سیراجوددینی یەکەم لە تەوێڵە و دەبێتە کاتبی ئەسراری ئەو و لەم کارەی بەردەوام دەبێت لە خزمەتی شێخی بەهائوددین و شێخی زیائوددین، تا لە ساڵی (١٣١٠) لە تەمەنی (٨٧) ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات.
- مەلا حامید کە دیاردەیەکی ئەدەبی و زانستی سەردەمی خۆی بووە، جگە لەناو هەندێک لە زانایان و پەیڕەوانی نەقشبەندییە کە دەیناسن و قەدری لێدەگرن، هێشتا وەکو پێویست نەناسراوە و گەلەکەمان وەک زۆر هەڵکەوتووی دیکە فەرامۆشی کردووە و سپاردوویەتی بە قەدەر.

- له حاڵێکدا کەسێتی و بەرهەمەکانی ئەو بایەخی گەورەی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی هەیە.

- ئەو بەمانای ڕاستەقینەی وشە، کاتب واتە نووسەر بووە، هەم شاعیر و هەم پەخشاننوس بووە. شیعرەکانی وەک فۆڕم فرەچەشن و وەک ناوەرۆک فرە بابەتن. پەخشانیشی ئەدەبی و هونەری و لەسەر سەبکی سەعدیی شیرازییە.

- له ڕووی ئامانجیشەوە، ئەو نووسین و کیتابەتی تەرخانکردووە بۆ پەیامەکەی پەیامی پەروەردەی ڕۆحی و عیرفانی و بڵاوکردنەوەی مەناقیبی گەورە پیاوانی تەریقەتی نەقشبەندیی و خواناسانی گەورەی ئیسلام.

- بەرهەمەکانی هەمووی لە خولگەی ئەدەبیاتی عیرفانیدا دەچەرخێن. گرنگترینیان ئەمانەن:

- ڕیازولموشتاقین.

- شەرحی مەسنەوی مەولانا جەلالوددینی ڕۆمی، لە شەش بەرگی گەورەدا.

- حاشیە لەسەر مەسنەویی عیرفانی گوڵشەنی ڕازی شێخ مەحموودی شەبەستەری تەورێزی.

- شەرحی مەنزومەی زوبدە لە فیقهی شافیعیدا.

- شەرحی زاتوششیفای ئیبنولحاجی جێشانەیی.

- ئوسوڵی ئیعتیقادات.

- تەرجەمەی منهاجولعابدینی ئیمامی غەزالی.

- دیوانی شیعرەکانی، کە زۆرینەیان فارسین و هیشتا کۆنەکراونەتەوە.

- مەولەوی لە نامەیەکیدا بۆ فەخرولعولەمای سنە، باسی پێنج زانای گەورە دەکات: مەلا ئەحمەدی نۆتشی و مەلا عەلی تاڵشی و مەلا

عوسـمانی سـلێمانی و مـەلا عەبـدوڵڵای داغسـتانی و مـەلا حامیـدی هەورامانی، کە دیارە مەبەستی مەلا حامیدی بێسارانییە.

– کتێبـی ڕیازولموشـتاقین لـە سـەرەتا و پێشـەکی و سـێ باخچـە و کۆتاییەک پێکهاتووە.

– سەرەتاکەی بە سوپاس و ستایشی خوا و درووود و سڵاو بۆ سەر گیانی پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر) و وەسفی حاڵی خۆی سەبارەت بە ئەهلی عیرفان دەستپێدەکات.

– لـە پێشـەکیدا بـاس لـە چۆنیـەتی واریـدبوونی لـە ڕێگـای سـلووکی تەریقەتی نەقشی و وابەستەبوون بەم ڕێبازەوە دەکات.

– باخچەی یەکەم تایبەتـە بـە باسـی کەسـێتی و کـەرامات و مـەناقیبی مەولانا خالید.

– باخچـەی دووەم: بـاس لـە کەسـێتی و مـەناقیب و کـەراماتی شـیخی سیراجوددین دەکات.

– باخچەی سێیەم: سەبارەت بـە بـەڵگەکانی تەریقەتـە سـۆفییەکان و ڕەخنەی نەگونجاوی مەحرووومان دەکات، پاشان دەڕواتە سـەر مـەزایای تەریقەتی نەقشبەندی.

– کۆتاییەکەشی باس لە مەناقیبی تایبەتی ئیمامی ڕەببانی دەکات.

– ئـەم کتێبـە لـە ڕووی زانسـتییەوە گرنگـە، چونکـە باسـی بنـەماکانی تەریقەتی نەقشبەندی دەکات.

– لە ڕووی مێژووییەوە گرنگە، باس لە زۆر بابەتی مێژوویی دەکات، بەتایبەت لەسەر کەسانی ناودار، بۆ وێنە باسی سـەرکەوتنەکانی شـامیل لە داغستان دەکات بەسەر سوپای ڕووسیای تزاریدا لە ساڵی (١٢٦١):

– شیخ شامل کە حالا ملقب بە شامل شاە است و خلیفە جناب سید بودە در جای او صاحب کار و شـهریار ان دیـار اسـت و همـە وقت بـا رؤوس روسیە منحوس در معرکـە مقاتلـە و بـا ایشـان در جنگ و جدال

است در سنه هزار و دوصد شصت و یک بر ایشان غالب شده شکست فاحش داد:

- فلک در سال ( ساغر) باده مرگ از کف شامل
- به کام روسیان ریزد به کام اهل دین (فاضل)".

- له ڕووی ئەدەبییەوە گرنگە، چونکە جگە لە قەسیدە و شیعرەکانی مەلا حامید خۆی، کۆمەڵێکی زۆر ئایەت و فەرموودە و پەند و بەیت و حیکمەتی تێدا ئاخنراوە.

- بۆ نموونە:
- الأرواح جنود مجنده ما تعارف منها ائتلف وما تناكر منها اختلف.
- اذا اراد الله شيئاً هيأ أسبابه.
- القلب يسرق من القلب.
- عرفت الله بفسخ العزائم.
- الأمور مرهونة بأوقاتها.
- الطرق إلى الله بعدد أنفاس الخلائق.
- إن الله يحب معالى الهمم.
- لیکن چه توان قاعده عمر ذهاب است.
- بس که ما فاتحه حرز یمانی خواندیم در پیش سوره اخلاص دمیدیم و برفت.

- چی بکرێت بۆ مەلا حامید؟
- توێژینەوەی بەرهەمە شیعری و زانستییەکانی.
- بەستنی کۆنگرەیەکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە کەسێتی و پلە و پایەی زانستی و عیرفانی ئەو.
- ناونانی ناوەندەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوە و کتێبخانە بە ناویەوە.
- ڕۆشنکردنەوەی گۆشە تاریکەکانی مێژووی ئەم زانا ناودارە و پەیوەندییە زانستییەکان و سەرچاوە مەعریفییەکانی ئەو.

# فەخرولعولەما ناسراوی سەردەمی خۆی و گومناوی ئێستا

کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوومان دەدەینەوە، لەلایەکەوە شانازی دەکەین و لە لایەکی ترەوە ئەفسوس دەخۆین، شانازی دەکەین بە بوونی زانا و دانا و بیرمەندان و ئەدیبانی پایەبەرز و خودانی دەفتەر و دیوان، لەهەمان کاتدا ئەفسوس دەخۆین بۆ فەوتان و لەناوچوونی زۆرێک لە بەرهەم و کاری بایەخداری ئەوان. بەجۆرێک ئەگەر بمانەوێت یادیان بکەینەوە، دووچاری گرفت دەبین و ناچارین ڕوو لە کتێبخانەی فارس و عەرەب و تورکەکان و ئەرشیفی ئەوان بکەین بۆ دۆزینەوەی بەشێک لە ئاسەواریان. ئەمە وامان لێدەکات هەندێک بەخۆدا بێینەوە و بیر بکەینەوە لە تۆمارکردنی شانازییەکانمان بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە .

کاتێک ویستم لەسەر ژیانی فەخرولعولەما شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیماموددینی مەردۆخی دەژنی بێڵەواری شارەزاییەک پەیدا بکەم، شتێکی ئەوتۆم دەستنەکەوت جگە لەو زانیارییە کورت و سەرپێییانەی بنەماڵەی زانیاران و یادی مەردان و کەمێک لەو نووسراوانەی پەیجە ئەلیکترۆنییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سەری بڵاویان کردۆتەوە، ناچار بیرم کردەوە کە بڕۆمە ناو لوغەتنامەی دیهخودا، لەوێوە سەرەداوێکم دەستکەوت، کاتێک نووسیبووی: حیران کوردستانیی، خاوەنی مەجمەعولفوسەحا (مجمع الفصحاء)، هەندێک هۆنراوە و تەرجەمەی ژیانی نەقڵکردووە، چونکە هاوچەرخی یەک بوون .

مەبەستی لە خاوەنی مەجمەعولفوسەحا ڕەزا قولی خانی هیدایەتە، کە زانا و ئەدیبێکی گەورەی ئێرانییە و لە دەورانی ناسرەددین شای قاجاردا، هەم سەفیر و هەم بەڕێوەبەری دارولفنون بووە. ئەویش زانیارییەکانی لە میرزا عەبدوڵڵای ناسراو بە ڕەونەقی کوردستانیی، خاوەنی کتێبی (حەدیقەی ناسریی) وەرگرتووە .

ڕەزا قولی خان لەبارەی فەخرولعولەماوە دەڵێت:

ناوی بەرزی ئەم جەنابە شێخ محەمەدە، کە کوڕی گەورە و زاناتری جەنابی شێخ ئیمامودینە، لە گەورە زانایان و موجەڕەدان و موەحیدانی هاوچەرخمانە، هەرچەند بە خزمەتی نەگەیشتووم، بەڵام لەو تەزکیرەی میرزای عەبدوڵلای موتەخەللیس بە ڕەونەقی کوردستانی، سەبارەت بە شاعیرانی کوردستان کۆی کردۆتەوە و نووسیویەتی، تەواوی گەورەیی و ئەوپەڕی ساغبوونەوەی بۆ خودا سەلمێنراوە، هەر ئەویش سەبارەت بەو دەڵێت کە (فخر العلما) لە هۆنراوە و پەخشانی عەرەبی و فارسی و حیکمەتی ئیلاهی و سروشتییدا لێزان و بەتوانایە و لە مەسنەویی (مرشد العشاق)دا توێژینەوەی زانایانەی گونجاندووە. تا ئێرە قسەی ڕەزا قولی خانە، پاشان چەند نموونەی غەزەل و مەسنەویی لە حەیران دەهێنێتەوە، کە ئەلحەق بەرز و جێگەی سەرسوڕمانن .

بەڵام لێرەدا پێویستە چەند شتێک ڕوون بکەمەوە:

یەکەم: مەسنەوی (مرشد العشاق) لە بنەڕەتدا دانراوی سید محەمەد نوری عەرەبی نەقشبەندییە، کە سۆفییەکی شۆریدەی بەسۆزی تەریقەتی نەقشییە و ساڵی ١٣٠٥ کۆچی وەفاتی کردووە، خاوەنی (إیضاح المکنون) دەڵێت: "مرشد العشاق للشیخ محمد نور العربی صاحب برهان السالکین"، شێخ ئاغا بزورگی تیهرانی لە کتێبی (الذریعة إلی تصانیف الشیعة)دا دەڵێت: "کتاب منثور ترجمه نظماً الشیخ محمد حیران ...".

دووەم: تەرجەمەی مورشیدولعوششاق وەک لە لێکدانەوەی ڕەونەقی کوردستانییەوە دەفامرێ، تەرجەمەیەکی ئازاد و زانایانە بووە، واتە حەیران ئەسڵی بیرۆکە و ناوەڕۆکی وەرگرتووە و بۆخۆی وردەکاریی تێدا کردووە، واتە تەنها وەرگێڕ نەبووە، بەڵکو ڕاڤەکاریش بووە .

سێیەم: لە هەندێک سەرچاوەدا بە شێخ محەمەد و لە هەندێکدا بە شێخ محەمەد ساڵح ناوبراوە، تەنانەت لە یادی مەردانداو نووسراوە: ئەم

مەلا محەمەد ساڵحە کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیمامی کوڕی .... لەولایشەوە لە بنەماڵەی زانیاراندا بە شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئیمامودین ناوبراوە ... ئەم تێکەڵاوبوونە هیچ پاساوێکی نییە و پێویستە ساغ بکرێتەوە .

چوارەم: لەسەر ژیان و بەسەرهاتی ئەم زانا و شاعیرە بەرزە زانیاریی تەواومان نییە، جگە لەوەی شاگرد و خوێندکاری زۆری پەروەردە کردووە و دۆستی مەولەوی تاوگۆزیی بووە و شیعرە کوردییەکانی زیاتر بە شێوەزاری هەورامی بووە، بەڵام ئایا هەر ئەوەندە کافییە؟ ئەی ناوەندە زانستییەکانی ڕۆژهەڵات و باشوور لە کوێن؟ بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕە و تۆمارەکانی ئەم هەڵکەوتووەی ڕۆژگارە کە بەپێی زانیارییەکانمان لە ساڵی ١٣٠٩ کۆچی وەفاتی کردووە، واتە ٩ ساڵ لە دوای مەولەوی ! مەسنەوی (مرشد العشاق)، کە لەسەر کێش و مەزهەبی مەسنەوییەکەی مەولانای ڕۆمییە، چی لێهاتووە؟

پێنجەم: هەندێک لەوانەی ژیاننامەی حەیرانیان نووسیوە دەڵێن نەوە و وەچەکانی لە دەوروبەری سنە و کامیاران و شاهۆ و ژاوەرۆ بڵاون، هەندێکی تر دەڵێن: کەسی لە دوا بەجێنەماوە ! ئایا مەعقولە زانایەک بەو گەورەییە هێشتا نەزانرێت نەوە و وەچەی ماوە یان نا؟ لەحاڵێکدا مێژووی ژیانی هێندە کۆن نییە و بنەماڵەی مەردۆخی خۆیان دەتوانن زۆر بە ئاسانی ساغ و یەکلایی بکەنەوە، کە فەخرولعولەما کێیە و کێی لە پاش بەجێماوە؟ پێدەچێ پلەی قەزاوەتی بووبێ و لەقەب و پلەکەیشی دوای خۆی بۆ نەوەکانی جێهێشتبێ، بە بەڵگەی ئەوەی لە مێژووی ١٢ ڕەبیعی دووەمی ساڵی ١٣٢٦ کۆچی مانگییدا زانایان و کەسایەتییەکانی سنە نامەیەکی فەرمیی دەنێرن بۆ ڕۆژنامەی (صبح صادق)، کە تیایدا دەقی داواکاریی چین و توێژی زانایان و ئەعیان و توجار و پیاوماقووڵانی کوردستان هاتووە، کە ئاڕاستەی ئەنجومەنی شوورای

میللی ئێران کراوە، یەکەمین کەس کە ناوی لە تۆماردا هاتووە (فخر العلما- قازی)یە !

شەشەم: پلە و پایەی فەرمیی ئەم زاتە چی بووە؟ بەپێی هەندێک بەڵگەنامە فخر العلما، جێگەی ڕێزی تایبەتی خەڵک و میریی بووە و ئەم لەقەبەشی لەلایەن دەسەڵاتەوە پێدراوە، یەک لەو بەڵگەنامانە، لە بیرەوەریی حسین بن ڕەزا عەلی دیوان بێگیدا هاتووە، کە چۆن محەمەد باقر خانی فەرمانداری مەریوان، بە جلوبەرگی ژنانەوە ڕایکردووە بۆ شاری سنە و پەنای هێناوە بە ماڵی مەرحومی شیخ محەمەدی فەخرولعولەما؟! کەسێک پلە و پایە و ڕێزی تایبەتی نەبێت لەناو خەڵکیدا، بەو شێوە پەنای بۆ نابەن و کەسیش بەو ڕێز و حورمەتەوە دوای مەرگی ناوی نابات، دیارە ماڵی فەخرولعولەما نە تەنها لە ژیانی خۆیدا، بەڵکو دوای وەفاتیشی هەر جێگەی ڕێز و حورمەت بووە .

حەوتەم: هێشتا وەکو پێویست گەلەکەمان ئاوڕی نەداوەتەوە لە ئەرشیفی دەسەڵاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کە دڵنیام زۆر لەو بەڵگەنامانە تەپوتۆزیان لەسەر نیشتووە و چاوەڕێی هیمەتی توێژەرانی دانان، هەربۆیە جێی سەرسوڕمان و نیگەرانییە، کە ئێمە ئێکتیفا بکەین بە زانیاری دەماودەم و سەنەدە مێژووییەکان نەدۆزینەوە، تەنانەت زانایەکی گەورەی وەکو مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس لە یادی مەردانەدا زۆر بەخێرایی بەسەر ژیاننامەی فەخرولعولەمادا گوزەر دەکات، لە پەراوێزی باسی مەولەویدا ئاماژەی پێدەکات .

هەشتەم: بەرهەمی شیعریی حەیران لە کوێیە و بۆچی بەردەست نییە؟ شیعرە فارسییەکانی، کوردییەکانی، بە هەر دوو شێوەزاری هەورامی و سۆرانی، شیعرە عەرەبییەکانی، جگە لە عیرفانی نەزەری و کردەیی، ئەو شارەزای حیکمەت و فەلسەفە و فیقهو تەفسیر و حەدیس

بـــووە، هەر بـــۆیە پێیـــانوتووە (فخـــر العلمـــا)، ئەدی کـــوا بەرهەمە زانستییەکانی؟ بۆچی بەو شێوەیە فەرامۆش کراون؟

دەکرێ لە بۆنەیەکی ئاوەهادا نووسـەران و توێژەرانمـان پەیمـانێکی زانستی و ئاکاریی بدەن بە یەکتر کە پێکەوە کار بکەن بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری زانایانمان، نەک تەنها بە تەکاندنی تەپوتۆزی سەر بەرهەم و دەستنووسـەکانیان، بەڵکـو بە خوێنـدنەوەی مەنهەجییـانە و بابەتییـانەی کەسایەتی و نووسین و کەلەپووریان سەرلەنوێ .

هەر سەبارەت بە حەیرانی شاعیر و فەخرولعولەمای زانا و بیرمەند، کـافییە سـەردانێکی زانسـتیی بـۆ دەڤەری سنە ڕێکبخەین و ڕوو بکەینە کتێبخـــانە و مۆزەخـــانە و کەلەپوورخـــانەی ئەردەڵان و بنەمـــاڵەی مەردۆخییەکـــان و تۆمـــاری پـــڕ لە شـــانازییان هەڵـــدەینەوە، پاشـــان ڕووبکەینە کتێبخانەکانی تاران و چاوبگێڕین بە بیرەوەری گەشتیاران و تەزکیرەنووسـانی فارسـدا، لە سـەدەکانی هەژدە و نـۆزدەدا، دڵنیـام زۆر شتمان دەستدەکەوێت سەبارەت بە ڕابـردووی زانایـان و هەڵکەوتـووانی گەلەکەمان .

ئەم دیـدارە و چەنـد دیـداری تـریش، ناتوانێت تەنـانەت گۆشـەیەک لە دنیای پڕ لە جوانیی و هونەری ئەم زانا مەزن و شـاعیرە ناسک خەیـاڵە نیشان بدات، تەنهـا و تەنهـا بەم دیدارە دەتـوانین بزانین لە سـەردەمێکی تاریکدا، لە گۆشـەیەکی ئەم جیهـانە مەزنەدا، لەنـاو گەلێکی بەشـخوراوی مەینەتبـاردا، شـاعیرێکی حەیـران هەبـوو، کە بیرێکـی قـووڵ و هەسـتێکی گەورە و بڵندی هەبوو، لەناو زانایاندا جێگەی شـانازیی و لە نـاو خەڵکدا بەڕێز و پایەدار بـوو، لە سـەردەمی خۆیـدا ناسـراوو بەناوبانـگ، بەڵام لە ئەنجـــامی قەهـــری دەوران و غەدری ڕۆژگـــار، خەریـــکە گەلەکەی نەیناسـێتەوە، چـونکە هێشـتا بۆیـان سـاغ نەبـۆتەوە نـاوی محەمەد سـاڵح بووە، یان محەمەد؟!

سا نەیچی، دەی نەی، سا دەروێش، دەفــێ
قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفــێ
تۆ وەصەدای دەف، ئەو وەناڵەی نەی
جەرگم لەت لەت کەن، ڕیشەی دڵ کەن پەی
بەڵا وەها کەمێ زامم ساکن بۆ
ساتێکیچ دنیا وەکام من بۆ
نەموت بێشەی عیشق خاری شێر گیرە
چلەی چەنگەڵی قولاپەی تیرە
چنگی لەناو دڵ هەرکەس مەحکەم کرد
دەسی هەڵنەگرت ڕیشەی دەرهاورد...

# شەمسەدینی شارەزووری
# گەورە ڕاڤەکاری حیکمەتی ئیشراق

ڕەوتی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامدا لە ئەنجامی تەرجەمەی بەرهەمە فەلسەفییەکانی یۆنان و بیر و بیرۆکە عیرفانییەکانی هیندستان و ئێران، لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەویی و سەرەتای عەبباسییەکاندا دەستی پێکرد، لە کاردانەوەی سەرهەڵدانی فەلسەفە بە ڕیوایەتە عەرەبییەکەی کە ژمارەیەک مەسیحیی دانیشتووی حەرران و بەغدا تۆماریان کرد، بزاڤێکی عەقڵانی لە هەناوی شارستانێتی ئیسلامەوە پەیدا بوو، بۆ داکۆکیکردن لە بڕوا ئایینییە بنەڕەتییەکان و پێدانی فۆڕمێکی ژیربێژانە بە سیستەمی تێگەیشتنی فیقهی و ئەخلاقی، بۆ ئەوەی باشتر و خێراتر وەربگیرێت.

ناوەندیی زانا موسڵمانەکان بە حەزەرەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ڕەوتە کرد و چەمکی حیکمەت کە بۆخۆی چەمکێکی قورئانییە، بوو بە چەتری ئەو زانایانەی پێشوازییان لە فەلسەفە و مەنتیقی یۆنان کرد . لە بەرامبەردا شەرعزانەکان هاتن وتیان مەبەست لە حیکمەت سوننەتی پێغەمبەرە نەک فەلسەفەی هاوردە لە یۆنانەوە. بەهەرحاڵ سەرەنجام فەلسەفەی ئیسلامیی لەسەر دەستی کیندیی و فارابی دامەزرا و بە ڕاڤە و داهێنانەکانی ئەبوعەلی سینا گەیشتە لوتکە، تا ئەو ئەندازەیەی غەزالیی لێی هاتە دەنگ و تەهافوتی فەیلەسووفان، واتە دارمانی ئەوانی ڕاگەیاند.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بگوترێ، لە ڕەوتی فەلسەفەی ئیسلامییدا، کوردان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی، ئەویش لەسەر دەستی شێخ شیهابودینی سوهرەوەردیی، یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی میرەک (٥٤٩-٥٨٧ک)، کە لە بەرامبەر فەلسەفەی سەردەستی ئەو زەمانە، واتە فەلسەفەی مەشائییان، حیکمەتی ئیشراقی هێنایە مەیدان و توانیی لێکدانەوەیەکی فەلسەفییانەی

نوێ بۆ جیهانی بوون و خیلقەت بکات، بە پشتبەستن بە توراسیی کۆنی ئێرانیی و سوودوەرگرتن لە ئیلهاماتی عیرفانیی . فەلسەفەی ئیشراقیی سوهرەوەردیی دواتر لەلایەن زۆرێک لە بیرمەندانی جیهانی ئیسلامەوە پەسەند کرا و بڵاوبوویەوە و تەکانێکی گەورەی بە هزری فەلسەفیی دا، لە دوای سەدەی حەوت و شەش ڕێی خۆشکرد بۆ فەلسەفەی موتەعالیی سەدرایی، کە سەدرەدینی شیرازیی، محەمەدی کوڕی ئیبراهیمی قەوامیی (٩٨٠-١٠٥٠ک) دایڕشت، کە ئەمیش تێکەڵەی چوار ڕەوتی فەلسەفیی پێش خۆیەتی: حیکمەتی مەشائی، حیکمەتی ئیشراقی، عیرفانی ئیبن عەرەبی و کەلامی ئیسلامی.

کەواتە ئەگەر حیکمەتی ئیشراقی نەبا، فەلسەفەی ئیسلامیی بەمڕۆ نەدەگەیشت، خۆ ئەگەر لە پاش سوهرەوەردیی فەیلەسووفێکی وەک شەمسەدینی شارەزووری نەهاتبا، ڕاڤە و لێکدانەوە و شیکاریی بۆ بکات، ئەوا ئەمیش نەدەناسراو بەو شێوەیە بڵاو نەدەبووەوە .

مێژوونووسانی فەلسەفە هەرچەند زۆر لەسەر شارەزووری نەوەستاون و تەنها ئاماژەیەکیان بۆ مێژووی فەلسەفەکەی کردووە بەناوی (نزهة الأرواح وروضة الأفراح)، بەڵام هنری کۆربان لە نووسینەکانیدا باسی هەر دوو کتێبی (شەرحی حیکمەتی ئیشراق) و (شەرحی تەلویحات) ی شارەزووری کردووە و یەکەمین کەس لە ئیشراقییەکان ناو دەبات کە هاوهۆز و هاوڕەگەزی سوهرەوەردییە .

بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم فەیلەسووفە کوردە بە گومناوی و بێ ناونیشان ماوەتەوە، جگە لە چەند ئاماژەیەکی کورت لێرەو لەوێ زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەری نییە، نە ساڵی لەدایکبوون و مردنی دەزانین، نە ناوی مامۆستا و شاگردەکانی، هەر ئەوەندە دەزانین لە گوندێکی دێرینی شارەزوور لەدایکبووە و لە ساڵی ٦٨٧ کۆچیدا لە ژیاندا بووە .

لەگەڵ ئەوەدا کە هیچ زانیارییەکمان لەسەر ژیانی تایبەتی ئەو نییە، بەڵام بەرهەمە فەلسەفییەکانی ناسێنەری پلەی بەرزی فەلسەفیی و

عیرفانیی ئەون، کاریگەریی ئەو بەتەواویی لەسەر فەیلەسووفێکی گەورەی وەکو قوتبەددینی شیرازی (کۆچ ٧١٠ ک) یەوە تەواو دیارە . پاش ئەویش کتێبەکانی ئەو دەستاودەست لە ناوەندە زانستییەکاندا خوێندراوە و کەسانی وەکو میرفندرسکی (٩٧٠-١٠٥٠ک) میرداماد (کۆچ ١٠٤١ ک) و مەلا سەدرا لێی بەهرەمەند بوون .

بەرهەمەکانی شارەزووری ئەوەی کە بەدەستمان گەیشتووە بریتین لە:

١- نزهة الأرواح وروضة الأفراح، کە مێژووی فەلسەفەیە و یەکەمجار لە ١٩٧٦ لە هیندستان چاپکراوە .

٢- شەرحی حیکمەتی ئیشراق، بە زمانی عەرەبی، کە ١٩٩٣ لە تاران چاپکراوە.

٣- رسائل الشجرة الإلهية في علوم الحقائق الربانية، کە بۆ یەکەمجار لە میسر و پاشان بە ساغکردنەوەی دکتۆر نەجەف قولی حەبیبی، ساڵی ٢٠٠٤ لە تاران چاپکراوە.

٤- التنقيحات شرح التلويحات .

٥- الرموز والأمثال اللاهوتية في الأنوار المجردة الملكوتية .

ئەم دوانەی کۆتاییان هێشتا چاپ نەکراون .

ئەم فەیلەسووفە کوردە، بەم ڕەسەنایەتییە فیکریی و فەلسەفییە، مافی ئەوەی هەیە بەسەر زانکۆکانی کوردستانەوە کە ئاوڕ لە بەرهەمەکانی بدەنەوە و کار بۆ توێژینەوە و ناساندنیان بکەن.

بەو هیوایەی لە داهاتوودا بتوانین پوختەیەک لەسەر حیکمەتی ئیشراقیی بدوێین و جیای بکەینەوە لە ڕەوتەکانی دیکەی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلامییدا.

# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
# دەریایەکی زانست و گەنجینەیەکی نەتەوەیی

مـــودەڕیس کەســـایەتییەکی خۆمـــاڵی، نیشـــتمانیی، نیـــونەتەوەیی و جیهانیی بوو. گەورەتر بوو لەوەی زانای تەنها گەلێک و جیلوەبەخشی تەنها وڵاتێک بێ. کەسێک بوو لە پەیوەندیی و ناخی خۆیدا وابەستە بە خودا، خودایی (ربانی)، لەهەمان کاتدا خۆرێک بوو ڕووناکییەکەی بۆ هەموو خەڵک و هەموو دەوروبەری بوو.

قسەوباس لەسەر مرۆڤە گەورەکان هێندەی دۆزینەوەی مرواری لە ناخی دەریا قووڵەکاندا دژوارە، نەک لەبەر ئەوەی خەسڵەتە دیارەکانیان بۆ هەموو کەسێک کراوەیە لێیان بدوێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی خەڵک لەو دیوی خەسڵەتە دیارەکانەوە بەدوای گەوهەری نەبینراودا دەگەڕێ.

لە باوەڕی هەر گەلێکدا زانایان و دانایان نزیکترین کەسایەتین لە شوناســی ئەوان، خەڵــک ئەوانیــان وەک بەرجەســـتەبوونی گیـــان و وزەبەخشی بەردەوامبوون و مێژووی خۆیان لەوان دەڕوانن، تەنانەت دەسەڵاتداران مەشرووعییەت لەوان وەردەگرن بۆ ئەوەی خەڵکیان پێ قایل ببێ، چونکە بە تەبیعەت زانایان و دانایان وەک یاریی منداڵان لە کـایەی دەســەڵات دەڕوانــن واتە تەنهــا بــۆ کــاتێکی تێــپەڕەو چەنــد ساتەوەختێکە و دەبێ کۆتایی پێ بێت. دەسەڵاتی راستەقینە بریتییە لە دەسەڵاتی زانست و مەعریفە، کە دەسەڵاتی هەمیشەیی و نەبڕاوەیە. لە ئیقلیمێکدا کە گەورەتر و بایەخدارترە لە ئیقلیمی ماددی. لە ئاسۆیەکی

گەلێک بەرزتر لە ئاسۆکانی سیاسەت و ئابووریی. ئەوان لە ئاسۆکانی بیر و ئەندێشەدا هەناسە دەدەن و پەرواز دەکەن. لەو ئاسۆیانەدا کە خەڵکی دیکە هەناسەیان سوار دەبێ و ناتوانن ببزوون.

گەلی کورد لەم سەد ساڵەی دواییدا، ژمارەیەک زانای دانای پێشکەش بە کاروانی زانست و مەعریفەی ئینسانی کردووە، کە سەردەستە و پێشەنگیان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسە. مودەڕیس کە بە مەلاکەریمی بیارە و لە فەقێیەتیدا بە فەقێ حەمەکەریم دەناسرا، ڕۆژگارێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بەسەربرد، لە کاتێکدا ڕێگای زانست و ئەدەبی گرتەبەر، کە سەردەمی نەهاتی و جەنگ و نەهامەتی بوو، خوێندەواریی تەنها و تەنها بایەخێکی مەعنەویی بوو، شەهادەی مەلایەتی تەنها و تەنها پەیژەیەک بوو بۆ نزیکبوونەوە لە ئاسۆکانی خواناسی و عیرفان. ئەو بە حوجرەکانی کوردستاندا گەڕا، لە هەر شوێنێک تۆشەیەکی وەرگرت و بە کۆڵێک ئەزموون و دنیایەک خەون و هیواوە خۆی گەیاندە خانەقای مەولانا، خزمەتی شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی، لە مەدرەسەکەیدا گیرسایەوە و بڕیاریدا بیکاتە پیری مەعاریفی خۆی.

هەرواش بوو، کاریگەریی ماموستاکەی تا دواساتەکانی تەمەنی بەسەریەوە مابوو. وەک ئەو هیوایەتی نووسین و موتاڵا و تەحقیق و تەدریسی کەوتە گیانی و ئارامی لێبڕی. هەر لەوەوە فێر بوو عەقڵانیی و هۆشمەندانە بیر لە تێکست و دەقەکان بکاتەوە و ورد بۆ پرس و باسەکان بچێت. سەرەنجام مەلا عەبدولکەریم بووە زانایەکی هەڵکەوتوو لە زانستەکانی ئایین و وێژەوانی، لە زمان و لۆجیک و حیکمەت، لە فیقە

و ئوسوڵی فیقە، لە تەفسیر و فەرموودە، لە ئەخلاق و عیرفان، لە مێژووی کەسایەتی و بنەماڵەکان.

مودەڕیس هەرچەند بە جەستە لە کوردستان دووربوو، بەڵام ئەوینی وڵاتەکەی بە ڕەگ و دەمارەکانیدا جمەی دەهات، بە گیان و هەست و بە ئینتیما هەمیشە دڵی لە کوردستان بوو. هەر بۆیە هەرگیز لە گەلەکەی، لە زانایانی کورد لە بنەماڵە و کەسایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و لە مەردوومی دڵپاک و زەحمەتکێشی کوردەواری دانەبڕا و بەردەوام بە نامە و هەواڵپرسین و میوانداریکردن بەسەری دەکردنەوە، لە بەرامبەردا گەلەکەیشی ئەویان بە پیری موراد و شێخی شەریعەت و ئوستادی مەعریفەتی خۆیان دەزانی و لە بۆنەگەلی جیاوازدا قووڵیی ئەم پەیوەندییەیان دووپات کردووەتەوە. مودەڕیسی گەورە لەپێناوی ئەم ئینتیما قووڵ و پەلوپۆدارەدا زۆر خزمەتی شایانی بە گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی و عیرفانی کوردی و ئیسلامناسیی کوردیی و فەتوای کوردیی کردووە، لەم پێناوەدا ساتە بەنرخەکانی تەمەنی سەرفی ساغکردنەوە و ڕاڤەکردنی دیوانی شاعیرە گەورەکانی وەک مەولەوی، نالی، سالم، مەحویی، فەقێ قادر و بێسارانی کردووە.

فەتوا پڕ لە زانست و مەردومناسییەکانی زانا کوردەکانی وەک نۆدشی و پینجوێنی و قەرەداغی و حەیدەریی و مەریوانییەکانی کۆکردۆتەوە و لە پەلاماری ڕۆژگار دەربازی کردوون.

شەریعەتی ئیسلامی وەکو دەورەیەکی کاملی فیقهی مەزهەبی شافیعی لە چوار بەرگدا بەرهەمهێناوە، تا ببێتە ڕێنمایەک بۆ زانایانی کوردەواری لە نزیکترین سەرچاوەوە فیقهی ڕۆژانەی عیبادات و موعامەلات وەربگرن. لە هەمان کاتدا کەلەپووری زانا گەورە

ناودارەکـانی وەک مەولانـا خالیـد و کـاک ئەحـمەدی شـێخ و شـێخانی هەورامان و مەولەوی تاوەگۆزیی زیندوو کردەوە. هەر کام لە کارەکانی مـودەڕیس پڕۆژەیەکـی فیکـری و فەرهەنگـین و ئامـاژە و سـەنگی مێژوویی و پەروەردەیی و زانستی خۆیان هەیە.

بوارێکی زانسـت و مەعریفەی ئیسـلامیی نییە کە مودەڕیسی گەورە کاری تێدا نەکردبێت و بەرهەمی شـاکار و شایسـتەی تێدا نەنووسـیبێت. ئەو بەتـایبەتی لە زانسـتە عەقڵییەکانـدا باڵادەسـت بـوو، لە جەدەل و مونـازەرەی عیلمـی لەگەڵ غەیـرەدین و غەیـرە مەزهەبەکانـدا کـورتی نەدەهێنا و دەیتـوانی بەرامبەرەکەی دەستەوسـتان بکـات. وەک لە کتێبی ڕۆژگاری ژیانمدا دوو نموونەی لەسەر هێناوەتەوە. لە خـودی خۆیشـیدا مـودەڕیس ئەدیـب و هـۆنەرێکی ئەویـنداری حەزرەتـی فەخـری کائینـات مـوحەممەدی موسـتەفا بـوو (درووود و سـڵاوی خـوای لەسـەر). لە سۆنگەی ئەم ئەوینەوە ئەدەبێکی پڕ لە سۆز و کاریگەری بۆ گەلەکەی بەجێهێشـتووە، کە لە شـیعر و پەخشـانەکانیدا، لە بەهـار و گـوڵزار و مەولوودنـامە و میعراجنامەکەیـدا بەجـوانی بەرجەسـتە بـوون. ئەو لە ئەدەبیاتدا ڕێبازی تەریقەتی نەقشەبەندیی و بەتایبەت فێرگەکەی مەولانـا عەبدوڕەحمانی جامی پەیڕەو کردبوو.

مـودەڕیس جـگە لە زانسـتەکانی ئیسـلام و زمـانی عەرەبـی و وردبـوونەوە لە دەقە ئەدەبـی و عیرفانییەکـان، جـگە لە نووسـینی فەرهەنگی زمان و نووسین بە سێ زمان کوردی و عەرەبی و فارسی، جگە لە فتوادانی ورد و دانانی وتاری کوردیی بۆ ڕۆژانی هەینی، جگە لە پێگەیاندنی دەیان زانا و مەلای باش بۆ کۆمەڵی کوردەواری، لە هەمـان کاتدا دانیشتن و گفتوگۆ زانستی و کۆمەڵایەتییە گەرمەکانی و ڕۆڵی ئەو

له ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگای ئەهلی سوننەی عێراقدا و میانڕەویی ئەو لە هزر و سلوک و هەڵوێست و پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی بیر و مەزهەبی خۆی نیشانەی درەوشاوەن لەسەر کەسایەتییە گەورە و گرانقەدرەکەی.

ئەم زانا مەزنە ڕۆژێک لە ڕۆژان عەمامە سپیە کوردانەکەی و سیما خاکییە جوانەکەی و ڕەوشتە بەرزە نوورانییەکەی، ئالوودە نەکرد و ئامادەنەبوو دینی خۆی بە دنیای دنیاخۆران بگۆڕێتەوە. ئەو لە حوجرە موتەوازیعە پڕ لە زانستەکەی خۆیەوە هەژموونی ڕۆحی و عیرفانی بەسەر زۆرینەی گەلەکەی و خەڵکێکی زۆری ترەوە هەبوو، ئەو هەژموونە لە بۆشاییەوە نەهاتبوو، بێ دەلیل و بێ سەبەب نەبوو. لەو ڕۆحە بەرز و دڵە ئەویندار و عەقڵە مەزنەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە بە قورئان و سوننەت و حیکمەتی زانایان و وێژەی وێژەوانان ئاودرابوو، بە دڵسۆزیی و ئەمەکداریی گۆشکرابوو...

بۆیە بە سەربەرزی ژیا و بە سەربەرزی و دڵنیایی بۆ لای خودا گەڕایەوە.

# زانا و بەهرمەندی گەورە: ئەحمەدی تورجانی زادە

یەکێکی تر لە ناودارانی بنەماڵەی قزڵجی ئەحمەدی تورجانی زادەیە، ئەم زاتە لە ساڵی ١٩٠٢ زاینی لە شاری مەهاباد لەدایکبووە.

هەر لە منداڵییەوە نیشانەی وریایی و هەڵکەوتوویی لێدەرکەوتووە، لە ژێر چاودێری برا گەورەکەی مەلا محەمەد دەستی بە خوێندن کردووە، شان بەشانی خوێندنی ئایینیی ڕووی لە خوێندنی زانستە نوێیەکانی حساب و ئەندازە و جەبر و فیزیک و کیمیا کردووە و تێکۆشاوە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی. لە ساڵی ١٩٢٢ تا ساڵی ١٩٣٦ خەریکی وتنەوەی وانەی ئایینی و بابەتەکانی ئەدەبیاتی عەرەبی و زانستەکانی ئیسلام بووە، پاشان ڕوویکردۆتە قوتابخانەکانی پەروەردەی نوێ لە شارەکانی مەشهەد و تەورێز و ورمێ . ئەم قۆناغەش تا ساڵی ١٩٤٩ بەردەوام بووە. دوابەدوای ئەمە لەلایەن زانکۆی تەورێزەوە بانگێشت دەکرێ بۆ وانەوتنەوە لە کۆلێجی ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەم کارەدا بەردەوام دەبێ تا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ١٩٨١ بەرامبەری ساڵی ١٤٠١ کۆچی.

ئەو کوڕی مەلا محەمەد حسێنی کوڕی مەلا عەلی قزڵجییە، باوکیشی وەکو خۆی یەکێک بووە لە زانا ناودار و بەرجەستەکانی سەردەمی خۆی.

**تورجانی زادە لە بارەی منداڵی خۆیەوە ئاوا قسە دەکات:**

لە بنەماڵەی ئێمەدا هەمیشە قسەوباس لەسەر زانست و خوێندەواری و شیعر و ئەدەب بووە، بۆیە خوێندن لە پێش هەموو شتێکەوە بوو لای ئێمە، من بە منداڵی بۆ مەکتەبی قوتابخانەکەی خۆمان دەڕۆیشتم بە تاسە و حەزێکی زۆرەوە لە شەڕەشیعر و دانیشتن و کۆڕی شیرین و حەلکردنی مەتەڵ و موعەمماکان بەشداریم دەکرد. لە ماوەیەکی کورتدا فەقێیەتیم لەو فێرگەیە تەواو کرد. چواردە ساڵ بووە کە باوکی کۆچی دوایی دەکات و دەکەوێتە ئەستۆی برا گەورەکەی مەلا محەمەد، کە ئەویش بە جوانترین شێوە دەبێتە مامۆستا و ڕێنمای.

لە ڕووی توانای زانستییەوە پێی وتراوە دائیرەتولمەعاریفی گەڕۆک و لە ڕووی توانای وتاردانیشەوە بە خەتیبی گەڕۆک ناسراوە. زیاتر بەهرەمەندیی مامۆستا لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبیاتی کوردی و فارسی و عەرەبیدا بووە و توانایەکی باشی لە فەلسەفەی ئیسلامی هەبووە. ئەوەی گرنگە لەم گوزەرەدا ئاماژەی پێبکەین، بەرهەمە ئەدەبی و زانستییەکانی ئەوە کە وەکو سیرەنووسانی ئەو باسیان کردووە، کۆمەڵە بابەتێکی لە ساڵانی ١٩٥١-١٩٥٦ لەبارەی زانایان و شاعیرانی کورد: بێتووشی، زەهاوی، نالی، مەحوی، مەولەوی، حاجی قادر و وەفایی ئامادە کردووە، کە لە ڕادیۆی تەورێزەوە لەلایەن عەلی تابانییەوە پێشکەش دەکران .

لە ساڵی ١٩٧٤ زانکۆی تەورێز خەڵاتی دەکات و تەندیسی پرۆفیسۆری نموونەی پیدەبەخشن.

بەرهەمەکانی مامۆستا خۆی لە دیوانی شیعر، تەرجەمە و نووسین و توێژینەوەی زانستیدا دەبینێتەوە.

شیعرەکانی زیاتر بە زمانی فارسی و کوردین.

ئەو لە شیعردا کاریگەریی شاعیرانی گەورەی وەک سەعدی و حافز و مەولانا و نالی و مەحوی و حاجی قادری بەسەرەوە بووە. بۆ خۆشی شیعرناسێکی گەورە بووە، هەندێک لە نووسینەکانی تایبەتکردووە بە لێکدانەوەی شیعرە دژوار و گرانەکانی حافز و مەولانا. جگە لەوەی چەندین چەکامەی بە پێشوازیی لە قەسیدە ناودارەکان وتووە.

تەرجەمەکانیشی فرەچەشنن و هەندێکیان کراونەتە پڕۆگرامی خوێندن لە بەشەکانی زمانی فارسی و عەرەبی لە زانکۆکانی ئێران، لەوانە:

١. التصوف في الاسلام، نووسراوی عومەر فروخ.

٢. القصیدة في الأدب الفارسی، نووسراوی ئەمین عەبدولمەجید بەدەوی.

٣. موعجیزاتی قورئان.

٤. موعەررەباتی جوالیقی.

٥ . تەرجەمەی مێژووی ئەدەبیاتی عەرەب لە کۆنەوە تا سەردەمی نوێ.

٦. تەرجەمەی تەفسیری جوزئی عەمە و سەرسوڕهێنەرەکانی گەردوون.

٧. تەرجەمەی شەرحی موعەللەقات.

٨. تەرجەمەی مەجازاتی نەبەوی، نووسراوی شەریفی ڕەزیی.

جگە لە دەیان وتار و توێژینەوە کە لە گۆڤاری زانستی زانکۆی تەورێز چاپکراون. کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١. مامۆستای گەورە سەعدی شیرازی بە عەرەبی.

٢. فارابی مامۆستای دووەم گەورەترین فەیلەسووفی ئیسلام، بە فارسی.

٣. پێشەوا عەبدولقاهیری جورجانی و زانایانی ئێرانی، کە زانستی ڕەوانبیژییان دامەزراند .

٤. دەرخستنی نیشانەکانی هەڵکەوتوویی مەولانا.
کارلێکرانی خاقانی لەلایەن شاعیرانی عەرەبی و فارسیەوە.
٥. خواناسی لە شیعری فارسیدا.
٦. زانستگەی تورجان. ئەو زانستگەیەی بە ئیمکاناتی ماددی کەم، بەڵام بە سەرمایەیەکی مەعنەوی و زانستی بەرز توانی بۆ ماوەی سەدەیەک یان زیاتر، ڕووگەی زانستخوازانی شەریعەت و حیکمەت بێ و لە دوور و نزیکەوە شەیدایانی زانستی ڕاکێشاوە.
٧. زمانی شیعر.
٨. پەیڤێک لەسەر زانست و هونەری ئێرانییەکان.
٩. زانستی ئادابی باس و گفتوگۆ. ئەم زانستە باس لە چۆنیەتی دایەلۆگی زانستیی لە نێوان دوو کەسدا دەکات و مەرجێکە بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ هەر دایەلۆگێک بکرێت، چونکە بۆ هەر کام لەو کەسانەی دەڕۆنە ناوباس و مونازەرەوە ئەرک و فرمانێک هەیە کە دەبێ ڕەچاوی بکەن و هەنگاو بە هەنگاو بۆی بڕۆن. ئەو لەم نامیلکەیەدا بە جوانی ئەرکەکانی کەسی بیرمەندی ڕوونکردۆتەوە کاتێک دەیەوێت پێناسەی چەمکێک بکات، یاخود نەقڵی مەعلوماتێک بکات، یان بیەوێ بەڵگە بهێنێتەوە، یاخود بیەوێ ڕەخنە لە کەسی بەرامبەر بگرێ و ڕەخنەکانی پووچەڵ بکاتەوە. ئەم زانستە وێڕای ئەوەی زۆر گرنگە و سەردەمانێک لە ناوەندەکانی زانستیی حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێنرا، هەنووکە فەرامۆش کراوە و تەنانەت ناویشی نازانرێت.
١٠. زانستی وەزع. ئەمەش زانستێکی دیکەی ناوازە و وردە، کە مامۆستا گرنگییەکی زۆری پێداوە، لەو ڕووەوە کە باس لە فەلسەفەی دانانی وشە و زاراوەکان و بنەڕەتی دانانی وشە بۆ مانا و بەکارهێنانی هەیە لە دووتوێی قسە و گفتوگۆی مەردوومدا. ئەم زانستە قسە لەسەر ئەو ئیشکالیەتە دەکات، مرۆڤ چۆن توانیویەتی بۆ بێ ژمار مانا و

مەبەست وشە و زاراوە دابنێ و ئەو ڕێکارە لۆجیکی و کرداریيانە چین کە لە پرۆسەی دانانی زماندا پەیڕەو دەکرێن. چ پاساوێک لە پشت ئەوەوە هەیە کە هەندێک وشە بۆ چەمکی گشتی و هەندێکیان بۆ چەمکی تایبەتی و هەندێکی تر بۆ چەمکی هاوبەش بەکاردێن.

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە تورجانی زادە پەروەردەی زانستگەیەکی لۆکاڵی وەکو زانستگەی تورجانە، ئێمە ئەو پرسیارەمان لا دروست دەبێت بۆچی ئێستاکە وێڕای گەشەسەندنی ئامڕازەکانی فێر بوون و فراوانبوونی بازنەکانی زانست کەمتر کەسانی واشارەزا دێنە بەرچاو.

دوای وەفاتی تورجانی زادە ناوەندیی زانستی و ئەدەبی و زانکۆکانی ئێران زیاتر قەدر و پلە و پایەی ئەویان زانی و بیرەوەری تایبەتیان بۆ دانا و لە زانکۆی تەوریز ڕێزلێنان و کۆنگرەی بۆ سازدرا. بۆیە جێی خۆیەتی ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستانی ئازاد پێش خەڵکانی تر یاد و بیرەوەری ئەم کەسایەتییە و نموونەکانی زیندوو بکەینەوە و لەسەر ڕەهەندەکانی کەسایەتی و بەرهەمەکانی بدوێین.

سڵاو لە گیانی پاکی ئوستاد ئەحمەدی تورجانی زادە و باب و باپیرانی بەرزی ئەو.

# خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ
# بزاڤی ئیجتیهاد لە بیری نوورسیدا

ئیجتیهاد وەک ئیقباڵی لاهووری دەڵێت: دینەمۆی بزاڤی کۆمەڵایەتییە لە ئیسلامدا، ئەم بزاڤە لە قورئانی پیرۆز و سوننەت سەرچاوەی گرتووە و بە کاریگەریی عەقڵ و ژیریی درێژەی بەخۆیداوە. کۆمەڵگای ئیسلامی لە سەردەمی زێڕیندا، ژمارە زانایەکی گەورەی وای بە خۆوە دیوە، کە هەمیشە لایەنگری ڕاستی و ڕێنمای خەڵک بوون لە کاروباری ڕۆژانەیاندا. بوونی ئیجتیهاد بووەتە پێویستییەکی زانستی و کۆمەڵایەتی، تەنانەت زانایانێکی وەک سیووتی ئیبن دەقیقولعید و شەرعزانەکانی ڕێڕەوی حەنبەلی بڕوایان وایە، کە ناگونجێت لە هیچ سەردەمێکدا نەتەوەی ئیسلام بێ بەهرە بێت لە بوونی موجتەهید و لە بزاڤی ئیجتیهاد و بۆ ئەم بڕوایەش بەڵگە بە فەرموودەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) و لۆجیکی عەقڵ دەهێننەوە:

١- بوخاری و کەسانی تریش دەگێڕنەوە لە پێغەمبەری خودا کە فەرموویەتی: "لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق حتى تقوم الساعة"[١]. واتە بەردەوام تا ڕۆژی قیامەت کەسانێک لە نەتەوەی من دەمێننەوە بە یاوەریی ڕاستیی، کە بێگومان ئەم یاوەرییە بەبێ زانست و توانستی ئیجتیهاد ڕوونادات.

٢- لە ڕووی لۆجیکی ژیرییشەوە دەڵێن: وەک زانراوە ئیجتیهاد فەرزی کیفایەیە، کەواتە ئەگەر لە سەردەمێکدا کەسێک یان کەسانێک بەو ئەرکە هەڵنەستن ئەوا دەبێت هەموو نەتەوەی ئیسلام گوناهبار بن،

---

١. حاکمی نیشابووری لە عومەری کوڕی خەتتابەوە گێڕاویەتەوە، بڕوانە: فيض القدير، ج٦، ٣٩٦-٣٩٧.

واتە ئەبێت ئوممەت لەسەر کارێکی ناڕەوا ئیجماعیان کردبێت، کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ڕوو نادات و ژیریی قبووڵی ناکات.

٣- تەنانەت شێخی سیووتی لەم بارەوە پەڕاوێکی داناوە بە ناوی (الرد على من أخلد إلى الأرض وجهل أن الإجتهاد في كل عصر فرض).

وێڕای بوونی بیروبۆچوون و تیۆری پێویست سەبارەت بە ئیمکانی ئیجتیهاد و ئەو ڕاستییە مێژووییە هەیە، کە ئەگەر موجتەهیدان لە چرکە ساتەکانی مێژوودا ڕۆڵی نوێگەری و گۆڕانکارییان نەدیبا، فیقهی ئیسلامی نەیدەتوانی بەو ئەندازەیە کارا و فراوان بێت، بەجۆرێک کە بووەتە سیستەمێکی یاسایی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، توێژەران بە ڕەچاوکردنی ڕاستییە تیۆرییەکان و ڕووداوە مێژووییەکان، بڕوایان وایە کە فیقهی ئیسلامی لەبەر ئەوەی خاوەنی دوو ڕەگەزی نەگۆڕ و گۆڕاوە (الثابت و المتغير)، ئەوا دەتوانێت وەڵامدەرەوەی ویستەکانی مرۆڤ بێت، مەبەست لە نەگۆڕ هەموو ئەو بنەما و یاسا جەوهەرییانەیە کە پەیوەستن بە کەینوونەی نەگۆڕی بوون و ژیان و مرۆڤەوە، گۆڕاویش هەموو ئەو یاسا و ڕێکارانەن کە بەستراون بە سەیرورەی ژیانی تاک و کۆمەڵگاوە.

بیری نوێگەریی ئیسلامی لەسەر بنەمای ئیجتیهاد دامەزراوە، واتە لە ١٥٠ ساڵی دواییدا بیرمەندانی ڕاستەقینەی ئیسلام، بوونی ئیجتیهادی نوێیان بە پێشمەرجی گەشەسەندنی کۆمەڵگای موسڵمان داناوە.

لەم بوارەدا بەسمانە ئاماژە بە ژمارەیەک زانای هەڵکەوتوو بکەین، کە ئاڵا هەڵگری ئیجتیهاد و نوێگەری بوون و خەڵکیان ڕێنمایی کردووە، بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی دەق و واقیع.

لەوانە ئەفغانی، محەمەد عەبدە، ڕەشید ڕەزا، محەمەد ئەبو زەهرە، محەمەد غەزالی و یوسف ئەلقەرزاوی. لەناو زانایانی کوردیشدا دەتوانین ئاماژە بکەین بۆ بەدیعووزەمان سەعیدی نوورسی، مەلای

گەورەی کۆیە، دکتۆر مستەفا زەڵمی و دکتۆر محەمەد سەعید ڕەمەزان ئەلبووتی. هەرکام لەم زانایانە لە دووتوێی کتێب و نووسینەکانیاندا، باسیان لە گرنگیی ئیجتیهاد و مەرج و حوکمەکانی کردووە و حەقوایە لاوانی توێژەر ئاوڕیان لێ بدەنەوە و باس و توێژینەوەی ورد و مەنهەجییان لەسەر بکەن. ئەوەی من لەم نووسینە کورتەدا ئەمەوێت لەسەری بڕۆم، ئاماژەیە بۆ گۆشەنیگای وردی بەدیعوززەمانی نووڕسی لەمەڕ بابەتی ئیجتیهاد، ئەویش لە دوو تەوەردا.

تەوەری یەکەم: پوختەی بۆچوونی نووڕسی لەسەر ئیجتیهاد.

تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی بۆچوونەکەی نووڕسی.

## تەوەری یەکەم:

نووڕسی بۆخۆی زانایەکی کوردی هەڵکەوتوو بووە، لە هەر دوو بواری مەعقوول و مەنقوولدا، واتە لە زانستەکانی لۆجیک و کەلام و فەلسەفە و ڕیازییاتدا شارەزا بووە، لە هەمان کاتدا لە زانستەکانی قورئان و حەدیس و فیقهو ئەدەبیاتدا خاوەنی دەستی باڵا بووە. جگە لەوەی هاومەشرەبی زانایانی ئەهلی عیرفانی وەک غەزالی، ڕۆمی و ڕەببانی بووە. ساڵانێکی دوورو درێژ سەرقاڵی پەروەردەی نەوەی نوێ بووە و دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و ڕووکردنە خۆرئاوا، ڕووی کردۆتە بووژاندنەوەی بیر و هزر و نوێگەریی لە ڕاستاندنی بیر و بڕوای ئیسلامیی لە بیر و زەینی نەوەی نوێدا .بیر و بۆچوونەکان نوورسی سەبارەت بە ئیجتیهاد لە نامیلکەیەکدا خستووەتە ڕوو بەناوی (الإجتهاد في العصر الحاضر)، کە بێگومان لە چەند خاڵێکدا پوخت دەبێتەوە:

١- ئەو پێیوایە دەرگای ئیجتیهاد هەمیشە کراوەیە و کەس بۆی نییە بڕیاری داخستنی بدات، واتە بەشێوەیەکی ڕاشکاو دژی ئەو بیرۆکەیەیە کە پێیوایە دەرگای ئیجتیهاد داخراوە و هەنووکە کەسی موجتەهید لە ناو ئوممەتدا نییە.

٢- بەڵام چەند کۆسپێک هەن، کە ڕێگرن لەوەی زانایان بە کردەوە مومارەسەی ئیجتیهاد بکەن، نەک لەبەر ئەوەی توانای ئیجتیهادیان نەبێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرژەوەندیی دینداری ئەوە دەخوازێت.

٣- نوورسی ئاماژە بۆ ئەو کۆسپانە دەکات و پێیوایە کە بڵاوبوونەوەی کاری خراپ و هێرشی کەلتووری بێگانە، ئەوە دەخوازێت کە دەرگا و پەنجەرەکانی کۆمەڵگا ببەستین و چاوەڕێ بین تا هەلومەرجەکان ئاسایی دەبنەوە، واتە لە هەلومەرجی زریان و قەیراندا داخستنی دەرگا و پەنجەرەکان دەبێتە ئەرکێکی پێویست و پاراستنی کەلەپووری پێشینان لە دەربڕینی بیری نوێ گرنگتر و پێویستترە.

٤- نوورسی پێیوایە هەنووکە خەڵک بنەما و حوکمە بنەڕەتییەکانی ئیسلام و ئایینیان فەرامۆش کردوە، کە ئەمانەش بەهیچ شێوەیەک ئیجتیهاد و نوێگەرییان تێدا ناکرێت، کەواتە ئەرکی سەرشانی زانایانە، هەوڵ و هیممەتی خۆیان لە بووژاندنەوەی ئەم بنەمایانە و سەلماندنی ڕاستییەکانی ئایین بەکاربهێنن، نەوەک خۆیان بە ئیجتیهادی نوێ سەرقاڵ بکەن، وەک بڵێیت ئەو زۆر گرنگیی بە ئیجتیهادی جوزئی نادات.

٥- ئاڵۆزیی ژیان لە سەردەمی نوێدا و فرەبوونی خواست و نیازەکانی خەڵک و بیر و بۆچوونی جیاواز و تێکەڵبوونی خەڵک بە کاروباری ماددی ڕۆژانە، کارێکی کردووە کە هیچ زانایەک توانای ئیجتیهادی نەبێت، چونکە ئیجتیهاد جگە لە زیرەکی و توانای سروشتی پێویستی بە نیازپاکی و ڕۆشنیی دڵ و ئاسوودەیی بیر هەیە. ئەمانەش لەو کاتانەدا وەک نوورسی دەفەرموێت بۆ کەس فەراهەم نەبووە.[1]

٦- بە بۆچوونی نوورسی ئیجتیهاد تەنها کاتێک دەبێتە نیشانەی گەشەسەندنی کۆمەڵگای ئیسلامی، کە زانایان لە ڕووی خواناسی و پارێزگارییەوە، لە پێناوی بەجێهێنانی پێداویستییە ئایینییەکان ڕووی

[1]. بڕوانە : الإجتهاد في العصر الحاضر، ل٧-١٢.

تێبکەن، واتە مەبەستیان لە ئیجتیهاد ئەوە نەبێت کە  بە خاتری ژیانی دنیا و ئالوودە بوون بە ماددییەت ئایین فراوان بکەن، چونکە ئەگەر ئیجتیهاد بەو مەبەستە ئەنجام بدرێت، ئەوکاتە دەبێتە هۆی تیاچوون و لاوازبوونی ئیسلام خۆی.

٧- نوورسی لەو نامیلکەیەدا بە ئاشکرا دەڵێت: ئیجتیهادی نوێ نابێت حیکمەتی حوکمی شەرعی، بکاتە جێگرەوەی عیللەتەکەی. بەڵگەش بەوە دەهێنێتەوە کە حیکمەت و مەسڵەحەت نین کە حوکم بەدی دەهێنن، ئەوان تەنها هۆکاری بەباشتر دانان (ترجیح)ی حوکمی شەرعین، خەڵکی ئەم سەردەمە لە باتی ئەوەی ڕوو لە ژیانی دوارۆژی ئاخیرەت بکەن زیاتر هەڵوەدای ژیانی دنیان، لە ئەنجامدا شەریعەت دەکەنە هۆی بەختەوەری دنیایی و نازانن لە بنەڕەتدا شەریعەت بۆ دەستەبەرکردنی بەختەوەری دوارۆژ هاتووەتە خوارەوە.، کەواتە نابێت زانایان بنەمای (الضرورات تبیح المحظورات) بە ڕەهایی وەربگرن، ڕوو بکەنە ڕوخسەتە شەرعییەکان و هەرکاتێک گەیشتن بە حەرام، بەپێی ئەم یاسایە حەڵاڵی بکەن.

٨- زانایانی رابردوو بەتایبەت لە سەردەمی پێشەوایاندا، چونکە لە چاخی یاران و بەرەبەیانی ئیسلامەوە نزیک بوون، دەیانتوانی حوکمە شەرعییەکان ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە شەرعییەکانەوە وەربگرن بەبێ دڵەڕاوکێ، چونکە ڕاستگۆ و ڕێناسیش بوون، ئیجتیهادەکانیان پشتی پێدەبەسترێ و متمانەیان پێدەکرێ، بە پێچەوانەی ئەمڕۆ، کە بەهەموو شێوەیەک لە سەردەمی ڕووناکی و ڕۆشنایی دوورکەوتووینەوە و درۆ و فێڵبازی تێکەڵی ڕاستی و دڵسۆزی بوون، بەشێوەیەک کە جیاکردنەوەی مروارییەکانی حوکمی شەرعیی لە کاڵا ساختەکان کارێکی دژوار و زەحمەتە، بۆیە نابێت هیچ ئیجتیهادێک بەبێ لێکدانەوەی ورد و زانستی وەربگرین.[1]

[1]. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢-٢٠.

**تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندن**

١- وەک بەرچاو دەکەوێت نوورسی وەک تیۆر بڕوای بە بزاڤی ئیجتیهاد هەیە و هیچ مانعێکی شەرعی و عەقڵی لەبەردەم بوونی بنەمای ئیجتیهاددا نابینێت، بەڵام هەڵوێستی ئەو لە ئیجتیهاد و نوێگەری زۆر بە ئیحتیات و هۆشیارانەیە، واتە هەمیشە بیر لە بەرهەم و ئەنجامەکانی نوێگەریی دەکاتەوە.

٢- لە لایەکی ترەوە ئەو پێیوایە بەهێزکردنی بنەما بڕواییەکان لە سەردەمی نوێدا لە ئیجتیهادی فیقهیی گرنگتر و لەپێشترە، لەم بۆچوونەدا ئەو چاوی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان پۆشیوە. ئەمەش دەرەنجامی ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی تورکیایە کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی بنەما ئیسلامییەکانی تێدا کراوە، بۆیە ئەو ڕەخنەیە لێدەگیرێت کە بۆچوونەکەی ڕەنگە بۆ وڵاتی تورکیا لەو سەردەمەدا ڕێک و ڕاست دەربچێت، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو شوێن و کاتێک بەو شێوەیە بێت.

٣ - ڕەخنەیەکی تر کە لەم بۆچوونانە دەگیرێت ئەو بێ متمانەییەیە کە نیسبەت بە موسڵمانانی ئەم سەردەمە و زاناکانی بۆی دروستبووە، کە ئەمە پێچەوانەی واقیعی بوونی بیر و ئەندێشەی ئیسلامییە بۆ هەموو ئان و سات و سەردەم و کۆمەڵگایەک، واتە مەرج نییە هەموو کەس و هەموو زانایەکی ئەم سەردمە سەرقاڵی دنیا و ماددیگەریی بێت وەک نوورسی فەرموویەتی.

٤ - کاتێک باس لەوە دەکات کە شەریعەت بۆ ئاسوودەیی ئاخیرەت هاتووە نەک بۆ بەختەوەریی دنیا، کەواتە نابێت شەریعەت بکەینە ئامڕازێک بۆ بەختەوەریی دنیایی، نوورسی لەڕاستیدا فیقهو شەریعەت لە لایەک و ئامانج و ئەنجامی هاتنی شەریعەتی لە لایەکی تر، تێکەڵ کردووە.

ڕاستە شەریعەت وەک جەوهەر و ناوەڕۆک و ئامانجی سەرەکی بۆ ئەوە هاتووە تا مرۆڤ لە ئاخیرەتدا بەختەوەر بکات، بەڵام چ مەحاڵێکی شەرعی و عەقڵی تێدایە کە لەگەڵ ئەوەشدا دەستگرتن بە یاساکانی شەرع، ژیانی

ئەم جیهانەی تاک و کۆمەڵ ڕێک بخات و ببێتە مایەی ئاسوودەیی مرۆڤ، ئینجا فیقهـە کە خوێندنەوەیەکی یاسایی و تەنزیمییە بۆ دەقە کردەییەکان، بۆخـۆی زانسـتێکە پەیوەسـت بە ژیـانی دنیـا و هەڵسـوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤەکـانەوە. کەواتە هـیچ مەحـاڵێکی عەقڵـی و شـەرعیش لەوە دروسـت نابێت کە شەریعەت وەک کۆبەندی سیستەمی ئیسلام کار لەسەر ڕۆح و جەستە و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکـان بکـات، لە هەمـان کاتـدا فیقهـیش ببێتە زانستێک بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی.

٥ - کاتێـک بـاس لە داخسـتنی دەرگـا و پەنجەرەکـان دەکـات، ئەم قسـەیە ڕەنـگە بـۆ ئەو سـەردەمە ڕەوا بووبێـت، بەڵام ئەمـڕۆ بە هـیچ شێوەیەک مومکین نییە کە بتوانین دەرگا و پەنجەرەی کۆمەڵگا لەسـەر بیـر و ئەندێشـە و کەلتوورەکـانی دیکە دابخەیـن و ڕۆژانە بیـر و هـزرە جیاوازەکـان دێـنە بەردەسـت و چاومـان و چارەیەکمـان نـیـیە جـگە لە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆیان.

# لایەنە بەرجەستەکانی کەسایەتی مامۆستا هەژار

**پێشەکی:**

مامۆســـتا هەژار کەســـایەتیەکی گەورەی ئەدەبیـــات و کەلتـــووری کوردییە، کە ناوبانگ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە لەسەر زۆرێک لە نووسەران و شاعیران و تەنانەت سیاسەتوانانی کوردستان، ئەو لە یەک کاتـــدا شـــاعیر و نووســـەر و وەرگێـــڕ و ڕۆژنـــامەوان و مێژوونووس و چالاکێکی نەتەوەیی بووە. کۆبوونەوەی ئەم ڕەهەندانە لە تاکە کەسێکدا، هەم مایەی سەرنجە و هەم مایەی ئیعجاب و وامان لێدەکات ئافەرین بنێرین بۆ ئەو گەل و کۆمەڵگا و ژینگە و فەزایەی لە ئامێزیدا کەسێکی وا هەڵکەوتوو پەروەردە بووە. بۆیە پێویستە لە یادی شازدە ساڵەی کۆچی دوایی ئەودا ئاوڕێک لە ڕەهەندەکانی کەسایەتی ئەدەبی و کەلتوورییەکەی بدەینەوە بۆ ئەوەی باشتر و زیاتر بە نەوەی نوێی بناسێنین. لەو ڕووەوە کە ژیاننامەی کەڵەپیاوانی ئەدەبی و هزری و ڕووناکبیری گوڕوتینێکی بێ وێنە دەدات بە ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی و نیشتمانی. بەستنی ئەم بیرەوەریی و میهرەجانە پاش ١٦ ساڵ لە کۆچی دوایی ئەو، نیشانەیەکی زیندووی و نەمریی ئەوە لە ویژدان و هەستی نەتەوەکەیدا و جێی دەستخۆشی و پیرۆزباییە لە هەموو ئەو خوشک و برایـــانەی ڕێکیانخســـتووە و بەم جـــوانی و تەرزە پێشـــکەوتووە ئەم کۆڕەیان پێکهێناوە.

## ژیانی هەژار[1]

ژیانی هەژار بۆ خۆی مایەی تێڕامان و سەرنجی قووڵە و کاروانێکی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە تا بووە بەو هەژارەی هەنووکە بە لوتکەیەک لە لوتکەکانی زمان و وێژەی کوردی هەژمار دەکرێت. لێکۆڵینەوە لە وێستگەکانی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتی ئەو گەلێک دەرهاویشتەی گرنگی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان قۆناغی خوێندنی بووە لە حوجرەکانی کوردستان، لای بابی کە بۆخۆی زانایەکی ئایینی شارەزا بووە لە ئەدەب و وێژەی کوردی و عەرەبی و فارسی، لە فەزای پڕ لە سۆز و ڕاستگۆیی حوجرەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان، کە شوێنی فرچکگرتنی خوێندەوارانی کورد بووە بە شیعر و ئەدەب و حیکمەتی بەرز و قسەی نەستەق و پەندی قووڵ. لە ڕێگای ئەدەب و شیعری نالی و حاجی قادری کۆییەوە بڕوای پتەوی بە ڕێبازی کوردایەتی هێناوە و بڕیاریداوە ژیانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و ئامانجیشی بەدەستهێنانی مافە سیاسیی و کەلتوورییەکانی نەتەوەکەی بووە و لەم پێناوەدا ڕووبەڕووی ڕژێمی شاهەنشاهی پەهلەوی و ڕژێمی پان عەرەبیزمی بەغدا بووەتەوە، ئەم دوو ڕژێمە کە لە ڕووی بنەما و بۆچوونی فیکری و سیاسیی و سیستەمەوە زۆر دژ بەیەک بوون، کەچی لە دژایەتی و پیلانگێڕان نیسبەت بە خەباتی گەلی کورد هاودەنگ و تەبا بوون. هەژار بە هۆشیارییەوە دەستدەکات بە خەبات و لە قۆڵی ڕۆشنبیری و کەلتوورەوە دێتە مەیدان بە چەکی پێنووس ڕووبەڕووی دوژمنان و ناحەزان دەبێتەوە و لەم پێناوەشدا تووشی

---

١. عەبدوڕەحمانی شەرەفکەندی، هەژار کوڕی مەلا محەمەد لە بنەماڵەی حەسەن خالییە، کە تیرەیەکی ماقووڵ و نێوبەدەرەوەی کوردی موکریان بوون، لە ساڵی ١٩٢٠دا لە سابڵاخ لەدایک بووە. هەر لە منداڵییەوە عاشقی چیای بەرز و هەوای ساف و دیمەنی جوان و بێهاوتای کوردستان بووە و بە چاوێکی شاعیرانە و دڵێکی پڕ لە میللیەت ڕوانیویەتە کێوو کەژ و دەشت و دەری کوردستان. بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، پاشکۆی ژمارە ٤، ژمارە ٣، گۆڤاری هەڵاڵە.

چەنـدین گیروگرفـت و ڕاوەدوونـان و دەربەدەری و ئـاوارەیی بـووە. تـا ماوەیەکی زۆر مامۆستا هەژار شوێنێکی جێگیری نەبووە و ساتێک نەبووە بە ئاسـوودەیی بـژی و دووربێـت لە پاڵەپەسـتۆ و فشـاری سیاسـی و قورسـایی ژیـان و هەژاریـی، بەڵام ئەم تەرزی ژیـان و کۆسـپ و گرفتـانە نەک سەریان پێ نەوی نەکرد لە بەرامبەر دوژمن و نەبووە هۆی ئەوەی ڕادەستی ئیرادەی داگیرکەران ببێ و لە خەبات و بەرخۆدان ببەزێت، بەڵکو بووە بۆتەیەک و ئەوی زیاتر قاڵ و ساغ کردەوە بۆ ئەوەی خزمەتی گەورە و شایان بە گەل و وڵات و ئەدەب و ژیارەکەی بکات.

**بەشداریی سیاسیی**

ئەو بەشـدارێکی چـالاکی شۆڕشـی کـورد بـووە و لانـیکەم سـی سـاڵ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شـایەتی زیندووی ئەو شۆڕشـە بـووە لە هەردوو بەشـە کوردسـتانی ئێـران و عێراقـدا پەیوەنـدییەکی نزیـک و دۆسـتانەی هەبووە بە سـەرکردایەتی شـۆڕش، هەربۆیە کەسێکی بەئەمەک و وەفـادار بووە بۆ هەردوو ڕەمزی نەتەوەیی پێشەوا قازیی و مەلا مستەفای بارزانی، شـیعری جـوان و گەرم و گـوڕ و پڕ لە سـۆزی بـۆ گوتـوون و بە مانـای کەلیمە لە ویژدانی گەلدا بە نەمریی هێشتوونیەوە. ڕۆڵی ئەو تەنها ڕۆڵێکی پیاهەڵدان و شـاعیری مەدح و پەسـەنکردن نییە، ئەو زیـاتر لە ڕاوێژکـار و تیۆریسیەنی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی شۆڕش دەچێت، باوەکو ناحەزەکانی زۆر جار ویستوویانە لە پلەو پایەی ئەو کەم بکەنەوە و بە شاعیری دەربار نـاوی ببەن. لەبەر ئەو شـیعرە داشـۆرین و گاڵتەجاڕییـانەی لە دیـوانی بـۆ کوردسـتاندا دژ بە بـاڵی مەکتەب سیاسـی پـارتی نووسـیونی، کە بە قیاسـی ئەو سـەردەمە پێویست بوون و بە قیاسی ئەمڕۆ ناپێویست بەڵکو بێزراون. ئەو بە مانای کەلیمە لە کەسایەتی بارزانیدا توابووەوە، لە ڕوخسـاری ئەودا هەمـوو ڕاسـتییەکانی سیاسـەت و هەمـوو چارەسـەرەکانی کێشـەی دۆزی کوردی دەبینی، نەک بۆ ئەم دنیا بەڵکو بۆ ئەو دنیـاش هیـوایەکی زۆری بە

بـارزانی هەیە، ئەم ڕاسـتییە لە وەسـیەتنامەکەیدا بە ڕوونـی و بە جـوانی دەردەکەوێت، کاتێک دەنووسێت: منی هەژار لە هەموو تەمەنی ژیانمدا هیچ کەسـێکم بە قەدەر مەلا مسـتەفا بـارزانی خۆشنەویسـتووە، کە بەرامـبەر بەوحەدیسـە دەبـێ حەشـرم دەگەڵ ئەوبـێ[1]. تـا لە ژیانـدا بـوو یـار و یاوەرێکی دڵسۆز و گیانفیدا و دوای مەرگیشی کەسێکی بە ئەمەک و بەوەفا بـوو بـۆ بـارزانی. ئەم جـۆرە مـامەڵەکردنە لەگەڵ سیاسـەت هـی کەسـانی خاوەن بڕوا و نەگۆڕە و هەموو کاتێک مایەی ستایشـە، پەیوەندییەکەش لە پەیوەندی شێخ و مورید دەچێت، تا سەرکردە و سەرباز، چونکە پەیوەندیی نێوان شێخ و مورید پەیوەندییەکی ڕووحی و دەروونی و بڕواییە، بەڵام هـی سـەرکردە و سـەرباز پەیوەندییەکی شکڵی و ڕۆتینی و فەرمییە، هـی یەکەمیـان بە جەوهەر و نـاوەڕۆکە، بەڵام ئەویتـر بە عەرەز و بە ڕواڵەت، بەڵام بۆ کەسێکی بیرمەند ناشێت ئا بەو شێوەیە مامەڵە لە تەک سیاسـەت بکـات و ئاوەهـا ببێتە دەروێشـی سـەرکردەیەکی سیاسـیی، کە دیـارە ئەمە ڕەخـنەیەکە لە مامۆسـتا دەگیرێـت، و پێویسـتی بە وەڵامێکـی مـوقنیعە، وەڵامەکەش ئەوەیە، کە هەژار هەر لە سـەرەتاوە نەیویسـتووە کەسـێکی سیاسـەتمەدار بێـت بەو ئەنـدازەیەی کە ویسـتوویەتی لە ئـێش و ئـازاری گەلەکەی بەشداربێت و لە کاروانی شۆڕشەکەی دوانەکەوێت. پێیوابوو یەک سیاسەتی گشتی هەیە کە پێویستە هەموو کەسێک پێوەی پابەندبێت ئەویش بەرگریی و داکۆکییە لە مافە ڕەواکان، بۆیە وەک سیاسییەکی پیشـەیی ئەم حیزب و ئەو حیزب و پەتپەتێنی حیزبایەتی نەکردووە و نەیویستووە بە پلە حیزبییەکاندا سەربکەوێت تا بگاتە پۆستی گەورە و گرنگ و سەرنجڕاکێش، چـونکە ئەو بەڕاسـتی هەژار بـوو، بـۆیە حـورمەتی هەژاریـیەکەی خـۆیی نەشکاند، بە هەژاریی ژیا و بە هەژاریی مرد.

---

[1]. بۆ کوردستان، ل٣٦٧.

**باری ئەدەبی و ڕووناکبیری**

بنەڕەتیترین پایەی کەسایەتی هەژار بریتییە لە بارە ئەدەبی و ڕووناکبیری و کەلتوورییەکەی، بەجۆرێک ئەگەر کەسێک لە بەرهەم و نووسینەکانی ورد ببێتەوە، هەست بە فرەچەشنی و قووڵیی و فراوانییەکی سەرسوڕهێنەر دەکات، کاتێک دەبینێت ئەو لە هەموو بوارەکانی زمان و ئەدەبیات و مێژووی کورد و ئایین و جوگرافیای کوردستاندا ئەسپی تاوداوە و شاکاری کردووە، شایانی وتنە بەهرە و ناوبانگی مامۆستا هەژار هەر لە تافی لاوییەوە لە لایەن کەسێکی شارەزای وەک مامۆستا حەسەن قزڵجییەوە لە ژمارە ٣ گۆڤاری هەڵاڵەدا لە بانەمەڕی ١٣٢٥ هەتاویدا ئاماژەی بۆ کراوە، هەر ئەویش لەو وتارەدا باس لەوە دەکات کە ئەفسەری زانا و بەرزی سۆڤیەتی (جەعفەری خەندان)، کە عاشقی شیعرەکانی هەژار بووە، شیعرەکانی ئەوی بە زمانی ئازەری تەرجەمە و چاپکردووە[١].

لە بواری زماندا فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی نووسیوە، کە فەرهەنگێکی کوردی – فارسییە و پتر لە ٧٠ هەزار وشەی لە خۆی گرتووە و بۆی هەیە ببێتە بناغەی ئەنسکلۆپیدیایەکی کوردی بایەخدار، ئەگەر دەزگایەکی پانوپۆڕی بۆ دابمەزرێت و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە زمان پەرە بە بابەت و دەروازەکانی بدەن و زانایانیش کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن، وەک ئەوەی بۆ لوغەتنامەی دیهخودا کراوە و دەکرێت. بۆ ئەوەی ئەم فەرهەنگە ڕۆژ بە ڕۆژ تازە ببێتەوە، جگە لەوەی لە هەناوی نووسین و تەرجەمەکانیدا، مامۆستا هەژار توانیویەتی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکات و تازەی بکاتەوە.

---

١. بڕوانە: سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، پاشکۆی ژمارە ٤.

ئەم بـارە ئەدەبـی و ئاسـتە زانسـتییە بەرزە، گەیانـدیە ئەوەی ببێـتە ئەنـدامی کـارای کـۆڕی زانیـاری کـورد لە بەغـدا، لە کەنـاری کەسـانی گەورەی وەک شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدین سـەججادی و مامۆسـتا مەسـعود مـحەمەد. ئەو لە کـۆڕدا پـلە و پـایەیەکی تـایبەتی هەبـوو، بە سـەنگی خـۆی و بە حـوکمی توانـا و بەهـرەی خـۆی، ئەو شـەرەفەی پێبڕابوو، نەک بە خـاتری خـاتران، هەربۆیە لەو مـاوەیەدا زۆر بە چاکی جێی خۆی کردەوە و بەرهەمـی باش و بەپێزی خسـتە سـەر خەرمـانی وشە و کەلتووری کوردی، یەک لەوانە تەرجەمەی شـەرەفنامە بـوو. ئەو کەسـەی سـەیری تەقریزاتـی سـەرەتای شـەرەفنامەکە بـکەن، کە زانـا مومتازەکـانی وەک مەسعود مـحەمەد و سـەججادی و کەمـال مەزهەر و ڕۆژبەیـانی و مـام هـێمن نووسـیویانە، زیـاتر لە پـێگەی هەژار حـاڵیی دەبێت، ئەم پێگەیەی هەژار لە لایەن خەڵکانی تـرەوە لە زانایانی غەیـری کـوردیش پەی پێبـراوە، کە بێگومـان قسـەی ئەوان لە هـی ئـێمە زیـاتر دەبێــتە بەڵــگە و ســەنەد. وەک ئەوەی دکتــۆر حەقشــناس و دکتــۆر فریهوەشی لەبارەیەوە بە گەورەیی و شکۆوە باسیان کردووە و جێی خۆیەتی دۆستان و هۆگرانی مامۆستا هەموو ئەو شایەتی و بۆچوونـانە کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بچێتە سەر تۆمـاری شـانازییەکانی ئەم کەسـایەتیە مەزنە. کاتێک لە بەغدا لە خەستەخانەی تویسـە دەیخەوێنن و لەویَ بە مەلا مــحەمەدی چرۆســتانی ئاشــنا دەبێــت و پــێکەوە دیــوانی نــالی دەخــوێننەوە، مامۆســتای چرۆســتانی بەم مــولاتەفەیە هەســت و هەڵسەنگاندنی خۆی بۆ هەژار تۆمار دەکات:

کەبیَ (ژیَ) هارییو بــیَ (هـیَ) کە ژاری
وەها وریــا و و ژیری، چۆن هــــەژاری؟[1]

[1]. بڕوانە: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، ل١٠.

دوای ئەوەی توانی بە سەرکەوتوویی قانوونی ئەبو عەلی سینا لە عەرەبییەوە بکاتە فارسییەکی ڕەوانی ئەمڕۆژی، بە سەربەرزییەوە بووە ئەندامی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، کە بێگومان ئەمەش شانازییەکی ترە ئەچێتە سەر تۆماری شانازییەکانی.

**شاعیرێتی هەژار**

بەپێی گێڕانەوەی قزڵجی بێت، هەژار لە تەمەن ٢٢ ساڵیدا دەستی داوەتە شیعر و لە ماوەیەکی کەمدا ٢٠٠٠ بەیتی نووسیوە[١]. بێگومان مەبەست ئەوە نییە کە هەژار یەکسەرە لەو تەمەنەدا شیعروتنی دەستپێکردووە. بەبێ ڕێخۆشکردن و بەبێ پێشەکی، چونکە مەحاڵە بەبێ بوونی مەوهیبەی شیعری هەر لە منداڵییەوە شاعیرێتی لە کەسێکدا چرۆ بکات.

لەئەدەبیاتدا خزمەتێکی گەورەی بە کاروانی شیعری کوردی و شیعری فارسی کردووە، دیوانەکانی (ئاڵەکۆک ١٩٤٥) و (بۆ کوردستان ١٩٦٦) شایەتن لەسەر توانا و قەریحەی بەرزی شیعریی ئەو. چوارینەکانی خەییامی بە جوانترین شێوە و بە هەمان دەریای عەرووزیی گۆڕیوەتە سەر کوردی و بووەتە توحفەیەکی ئەدەبی لە کتێبخانەی کوردیدا و بەڵگەیەکی ڕۆشنە لە سەر توانا و باڵادەستیی ئەو لە هونەری هۆنەریدا.

بەم هونەرە و بە پابەندبوونی بە هێڵە سەرەکییەکانی ئیلتیزامی سیاسی چووەتە ناو دڵی خەڵکی خەباتگێڕ و زەحمەتکێش و گوزارشتی لە دەرد و مەینەتییەکان و هەروا لە هیوا و ئاواتەکانی گەل کردووە، تا گەیشتووەتە ئەوەی لەگەڵ هێمنی شاعیر نازناوی شاعیری میللی پێدراوە، شیعرەکانی ڕەنگاوڕەنگن و پڕن لە تابلۆی جوان و دیمەنی

---

[١]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ناوازەی ژیانی کوردەواری و حیکمەتی ژیان و نەفەسی بە ئەزموونی خۆی، وێڕای قسە و نوکتەی خۆش. چاوگێڕانێک بە دیوانی بۆ کوردستاندا ئەو ڕاستییەمان لەلا بەرجەستە دەکات، کە ئەو لە هەموو مەبەستە شیعرییەکاندا لە نیشتمانی و نەتەوەیی و دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی منداڵان و گاڵتەجاڕی و تانە و توانج و داشۆرین و پیاهەڵداندا شیعری جوان و تەڕ و پاراوی هەیە، لە ڕووی فۆڕمەوە پابەندبووە بە قاڵبی کێشی عەرووزی و بێزار بووە لە شیعری نوێ، شیعرەکانیشی پارچە و غەزەل و قەصیدە و مەسنەوین. لە کێش و سەروادا هیچ گرفتێکی نییە و ئوستادانە و بەجێ وشەکان و دێڕەکان لە جێی خۆیان داناوە، بۆ نموونە با تەماشایەکی ئەم کۆپلەیە بکەین لە بەیتی درێژی (بەرەو موکریان):

مانگ ئەوا تازە لە ئاسۆ دەردێ
کۆمەڵێ هەورە سپیلکەی بەردێ
وەک مناڵی کزی باب ئاوارە
چاوەڕێ بوون وەگەڕێ دووبارە
وا ڕەوی مژ لەبەر ئەو پیوارە
گەش و ڕوون بوونەوە بەو دیدارە
بەلەز و هەڵپە هەموو زۆر بەدەون
هێندێ پێشڕەون و برێ دوا ئەکەون
گش بەرەو پیری ئەچن زووی بگەنێ
مانگ لە خۆشیان دەگری و پێش دەکەنێ
دیمەنی ڕوون و جگەر سووتاوە
ئاگری دووری بەتین و تاوە
یەک یەکی گرتنە هامێز ڕووخۆش
هەورییە هەور و لە ڕوودا ڕووپۆش

پاش گەلێ ماچ و لە باوەش کردن
تیشکی زیوینی لەسەر بەش کردن
چاک و خۆشی لەگەڵ ئەستێران کرد
کەوتە خۆ و بووکی زەمینی جوان کرد
ئاوی کانیاوێ کە وێنە نوێنە
دڵی خری داوەتێ دڵبزوێنە[١]

ئەو توانیــویەتی هەردوو غەرەزی دڵــداری و نیشــتمانپەروەری لە زۆرێک لە شیعرەکانیدا پێوە گرێداوە. بۆ نموونە لەم غەزەلەدا:

ئەرێ ئەی کیژە کوردەی چاوکەژاڵە
ئەرێ ئەی شۆخ و شەنگی چاردەساڵە
ئەتۆ خوت کورد و خوێنی لاوی کوردان
بە (تورک)ی چاوی مەستت کرد حەواڵە
بەخوێنی مەی دەدەی ئاوی مژۆڵت
بژانگت بۆچی سەرنێزەی (کەماڵ)ە
رنووی سەر (ئاگریی)ن لاجانگ و کوڵمەت
لە خوێنی نەوجەواناندا شەڵاڵە[٢]

یان لە غەزەلێکی تردا دەڵێت:

نەسرینی قوندیلانە و نازداری نەوجەوان
چاتر نموونە سوورە گوڵی باخی کوردسان
کوڵمت گەش و بەتینە وەکو جەوری موستەبید
پرچت ڕەش و درێژە وەکو ڕۆژی کوردەکان
بەژنت هەقی ژیانی هەموو میللەتی بچووک
ئازادی کوردسانە دەمت لێی دەدا نیشان

---

١. بۆ کوردستان، ل١١٤-١١٥.

٢. هەمان سەرچاوە، ل١١.

دوژمن بە تانگ لەسەرتە ئەتۆ تازە سازدەکەی
لەم قەڕنی بیستە تیری مژۆڵ و برۆی کەوان
چاوت هەواڵی بەختی منە ڕۆژ و شەو بەخەو
نازت میسالی دەردی منە دەم بەدەم گران
ئەگریجەکەت کە دێتە نەزەر ڕووتی گرتووە
دڵ ژان دەکات و دێتەوە بیر وەزعی نیشتمان
بەم کیژییەش دەزانی کە هاوخوێنی خۆت نەبێ
نابێ بە یاری بگری، (هەژار) بەسیەتی ئەمان[1]

بەڵگەیەکی تر لە سەر توانای شاعیری هەژار، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامە، لەو ڕووەوە کە پێش ئەو کەسانێکی تریش وەریانگێڕاوەتە سەر کوردی، بەڵام هیچیان هونەر و پاراوییەکەی ئەمیان تیا بەدی ناکرێت، ئەوەی ئەوان لە کوێ و ئەمەی هەژار لە کوێ. با چەند نموونەیەک لە چوارینە نایاب و ناوازانە بهێنینەوە.

پەندێکی مناڵەکەت بدە مامەی پیر
با بازی بە خاک و گڵ نەکا ژیری بەبیر
بێژنگی لەدەس دەرێنە بەس دابێژێ
کەللەی سەری پاتشاهو میر و وەزیر[2]

لە چوارینەیەکی تردا:

بۆ گۆزە کڕین دەچوومە لای گۆزەکەرێک
سەد گۆزە بە من پێکەنی هەریەک لە بەرێک
ئێمەی وەکو خۆت ئەبەی سبەینێ خۆشت
وەک ئێمە دەبی بە گۆزە لای بێ خەبەرێک[3]

---

1. هەمان سەرچاوە، ل١١-١٢.
2. چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، ل١١.
3. هەمان سەرچاوە، ل١٤.

چوارینەیەکی تر:
ڕۆزی و تەمەنت پتر بکەی ناتوانی
بۆ زۆر و کەمیش پەرۆش و سەرگەردانی
زۆر دەستەوسانیت و بزۆزیشی بەدەم
ئاواتی دڵت لە مێو بکەی نازانی[1]
چوارینەیەکی تر:
ڕابرد تەمەنم هەموو بە نافەرمانــی
نەینۆکی دڵم لە چەوتی ژەنگی هانی
هێشتا بە ئومێدی بەزەییم چون هەرگیز
پێم وانەبوو دوانی، هەر بەتاکم زانی [2]
چوارینەیەکی تر:
بەخشین لە گوناهـ و هەڵە چاوپۆشینە
تۆ چۆن هەڕەشەت بە ئاگری پڕ تینە؟
بمبەخشی بە نوێژانەوە کەسمان لە کەسە
بە گوناهەوە بمبەخشە دەڵێم بەخشینە ! [3]

هەژار شــاعیرێکی زۆر ورە بەرز و ئومێــدەوار بــووە، لە تــاریکترین ڕۆژگــاری ژیانیــدا هیــوای ژیــان و سەربەســتی لە دەســت نەداوە و بە گەشــبینییەوە لە دواڕۆژی ڕوانیــوە، چــاکترین بەڵــگەش بــۆ ئەم ڕاســتییە پــارچە شــیعرێکی بڵنــدی ئەوە، کە ســاڵی ١٩٥٧ کاتێــک لە ســووریا پەنابەربووە وتوویەتی، لەم شیعرەدا هەم هـونەری شـاعیری و نەفەسـی درێژ و ئایدیای فیکری و سیاسی ئەومان بۆ دەردەکەوێ، هەم گەشبینی ڕادەی دڵنیــابوونی لە دواڕۆژی گەلەکەی. ئەم شــیعرە بەلای مــنەوە

١. هەمان سەرچاوە، ل٧١.
٢. هەمان سەرچاوە، ل٧٨
٣. هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

بەڵگەنامەیەکی گەورەی سیاسی مێژوویی و جوگرافیاییە، جگە لەوەی کەشکۆڵێکی میللی و فۆلکلۆرییە و سەرگوزەشت و تۆمارێکی مرۆڤناسانەیە لەمەڕ کورد و کوردستان.

**هەژار و هونەری وەرگێڕان**

وەرگێڕان هەم هونەرە و هەم زانست و هەم تێگەیشتن لە هەلومەرجەکانی کات و شوێن و بابەت، کەواتە بۆ وەرگێڕێکی سەرکەوتوو پێویستە چەند مەرجێک فەراهەم ببێت:

١- زانینی زمانی ئەسڵ و زمانی فەرع، وەکو یەک یان لە ئاستێکی نزیک بە یەکدا.

٢- شارەزابوون لە ژانرەکانی گەیاندن و هونەرەکانی ئەدەب و ڕەوانبێژیی و ئیدیۆم و میتافۆر و... لە هەردوو زماندا.

٣- بوونی سەلیقە و بۆچوونێکی تایبەت بە هەڵبژاردنی بابەتی پێویست و زیندوو.

٤- زانینی زمانێکی سێهەم و یاریدەدەر لە نێوان ئەسڵ و فەرعدا. بۆ دەستخستنی وەرگێڕدراوی دیکە و بەراوردکردنیان بە یەکتر.

لەم ڕووەوە ئەمڕۆ لە هەموو وڵاتان و هەموو ناوەندەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوەدا گرنگییەکی زۆر بە وەرگێڕان دەدرێت، وەکو پسپۆڕییەکی تایبەت و ورد حسابی بۆ دەکرێت و لەم بارەوە چەندین کتێب و لێکۆڵینەوە و وتار نووسراوە.

کە دێینە سەر مامۆستا هەژار دەبینین ئەو سەرەڕای بوونی هەموو ئەم مەرجانە لە ئاستێکی زۆر باشدا، تەرجەمەکانی، سیما و ڕوخسارێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەجۆرێک بە ئاسانی دەتوانی تەرجەمەی ئەم لە هی دیکە جیا بکەیتەوە.

گەورەترین بەرهەمی لە ڕووی ناوەڕۆک و پیرۆزییەوە تەرجەمەی قورئانی پیرۆزە بە زمانی کوردی، لە ماوەیەکی نزیکەی هەشت مانگدا ئەم کارەی بە ئەنجامگەیاندووە. تەرجەمەی قورئان کارێکی ئێجگار دژوارە و زۆر ئەستەمە موتەرجیم بتوانێت تەرجەمەی قورئان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا هەژار ویستوویەتی خزمەتێکی مێژوویی بە زمانی کوردی بکات لە ڕێگەی قورئانەوە. بۆ ئەوەی لە قودسیەتی قورئان پشکێک بەر دەقە کوردییەکە بکەوێت، لەکاتێکیشدا بەو کارە هەستاوە، کە بۆ خۆی خاوەنی مێژوویەک لە ئەزموونی وەرگێڕان بووە، لە لوتکەی تەمەنیدا کە دیارە تەکامولێکی زیاتری کردووە و تەفاعولێکی زیاتری لەگەڵ ڕۆحی قورئان کردووە. بۆ خۆشی چاک دەرکی بە گرنگیی کارەکەی کردووە، هەربۆیە سەرەتا بە حەزەرێکی زۆرەوە لێی ڕوانیوە، بەڵام کە چووەتە سایە و سێبەری قورئانەوە، ئیتر مەجزووبی بەیان و بەلاغە و ئیجاز و ئیعجازی قورئان بووە و خوای پەروەردگار ئەو فەیزەی بە نسیب کردووە کە ئەو شاکارە بەرهەم بهێنێت، بەڵام چونکە وەرگێڕان جودایە لە تەفسیر و تەئویل خوێندەواری کورد ناتوانێت بە تەنها ئەم تەرجەمە لە مەبەستەکانی قورئان شارەزا ببێت بەبێ گەڕانەوە بۆ کتێبەکانی تەفسیر، کە توێکاری و شیکاری ئایەتەکانیان کردووە لە ڕووی جیاوازەوە، لەگەڵ ئەمەشدا وەرگێڕاوەکەی هەژار بۆ ئەوە دەشێت کە هەموو زانایەکی ئایینی بیکاتە کلیل و ڕابەر بۆ چوونە ناو جیهانی دەقەوە، بۆ تەفسیر و لێکدانەوەکانی، بۆ نزیککردنەوەی ئەو مەبەستانە لە زەین و عەقڵی جەماوەر.

ئەوەی کە لەم وەرگێڕانەدا زۆر سەرنجمان ڕادەکێشێت تەفەننونی مامۆستایە لە هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکان، بۆ هەر جارێک بە وشە و ئیقاعێکی نوێوە دێتە مەیدان و خۆ دەنوێنێت، بۆ ئەم مەبەستەش لە زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی سوودوەردەگرێت، وەک ئامادەکاران و

تـوێژەرانی ئەم کـارە دەڵـێن: لە قورئانـدا وشـەی وا هەن کە زۆر جـاران دووپاتە کراونەتەوە، مامۆستا بۆ مانای فرەیەک لەمـانە یەک بەرامـبەری دانەنـاوە و بە چەشـنێکی زانایـانە، لە زۆربەی ئەو جێگایـانە وشـەی وای بۆ دابین کردووە کە پڕبەپڕی مەبەستی ڕستەکەیە. بەم وێنە جارێکی تر و جۆرێکی تر هێز و توانای زمانە شیرینەکەمانی نیشانداوە. بۆ نموونە وشـەی کـافر، ئەم بەرامـبەرانەی هەیە: خوانەنـاس، سـپڵە، دیـن دوژمـن، خـۆبەزلزان، لەدیـنلادەر، ناشـوکریکەر، ئێـرەییبەر، لەڕێـی خـوا لادەر، بێبـاوەڕ، لە دیـن پەژیـوان، پێنەزان و حاشـاکەر..[1]، هەندێک وشـەی کە بینیـوە لە کوردیـدا پڕاوپـڕی نیـیە، مانـای بەپێـی مانـایەکی پەیوەسـت لێکردووە، بۆ نموونە وشـەی (وحی) لە سـوورەی نەجمدا: بە تێگەیانـدن مانـا کـردووە، وشـەیەکی تـر لەو بـابەتە وشـەی (تسـبیح)ە، کە مانـای کـردووە بە پەسـەنـدکردن، ئەم شـێوازە لە نـاو زانایـانی تەفسـیردا زۆر بـاش پەیـڕەوی لێکـراوە، هەربـۆیە مامۆسـتا بـێ سـێ و دوو بە کـاری دەهێنێت و بۆ ئەوە دەشێت وەرگێڕەکانمـان چاوی لێبکەن، بەتـایبەتی لە دەقە ئـایینی و فەلسـەفی و زانستییەکاندا، چـونکە زمـان بەمە دەوڵەمەنـد دەبـێ و گەشـەی زیـاتر دەکـات. لە ئایەتەکـانی میراتـدا لە سـەرەتای سـوورەتی (النیسـاء) دا، کاتێک خـوای پەروەردگـار ئەفەرموێت: (مِنْ بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصـي بِهـا أَوْ دَيْنٍ)، مامۆسـتا هەژار بەم شـێوەیە تەرجەمەی دەکـات: پـاش دانەوەی قەرز و قـوڵە و پێکهێنـانی وەسـیەتەکە. وەک دەبینـین ئـایەتەکە وەسـیەتی پێشخسـتووە، بەڵام تەرجەمەکە دانەوەی قەرزی خسـتووەتە پـێش وەسـیەتەوە، وادیـارە مامۆسـتا ئاگـاداری تەفسـیری فوقەها بووە، کە لە هەموو مەزهەبەکاندا دانەوەی قەرز بە خاوەنەکانیان پـێش دەخرێـت بەسـەر جێبەجێکردنـی وەسـیەتدا. هەرچەنـدە لە ئـایەتی دواتردا ڕەچاوی ئەم نـوکتەیەی نەکردووە و دەقـاودەق وەک قورئـانەکە

[1] بڕوانە : پاشەکی وەرگێراوی قورئانی پیرۆز.

هێناویەتی. ئەو بە شێوەی سەجع تەرجەمەیکردووە، بەبێ ئەوەی مانای دەقە ئەسڵییەکە بفەوتێنێت، بەڵکو جوانتر و شیرینتری کردووە.

لە زمانە زیندووەکانی ناوچەکە شارەزابووە و بەتایبەت لە زار و زارۆکەکانی زمانی کوردی ئاگادار بووە - هەرچەندە بە ئیقراری خۆی زاری هەورامی نەزانیوە و خۆزگەی فێربوونی خواستووە، بۆ نزیککردنەوەی زارەکانی زمانی کوردیش دوو کاری نایابی ئەنجامداوە، یەکەم حەماسەی مەم و زینی ئەحمەدی خانیی بە هۆنراو هێناوەتە سەر زاری موکریانی و ئەلحەق جوانی وەرگێڕاوە و دووەم شەرحێکی زانستی و ئەدەبی لە دیوانی مەلای جەزیری کردووە و دەستی خوێندەوارانی کوردی گرتووە بۆ چوونە جیهانی جوان و فراوانی ئەم شێخە مەزنەوە. ئەم زمانزانییەشی تەرخانکردووە بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و کتێبی گرانمایەی پێوەرگێڕاوە و فەرهەنگی پێنووسیوە. لە بواری وەرگێڕاندا کتێبێکی نایابی دکتۆر مستەفا جەواد (پیری سەردەستەی مێژوونووسانی هاوچەرخی عەرەبی)ی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی سەبارەت بە (هۆزی لەبیرکراوی گاوان) و بەشێک لە (آثار البلاد و أخبار العباد)ی قەزوینی کردووە بە فارسی، کە بۆ خۆی کتێبێکە کاتی خۆی لە پەراوێزی (الحیوان الکبری)ی دمێریدا چاپکراوە و مامۆستا بە پێویستی زانیوە وەک شاکارێکی جوگرافیای مێژوویی بیکاتە فارسی. لە هەمان کاتدا ئەو ئەرکەی گرتووەتە ئەستۆ، کە کتێبی (القانون)ی ئەبو عەلی سینا بکات بە فارسی و حەقی مێژوویی ئەو زانا و حەکیمە گەورەیەی خۆرهەڵات بەسەر گەلانی ئێران و ئیسلامەوە ئەدا بکات و بەشێوەیەکی ئوستادانەی وا ئەنجامی بدات، کە دوور و نزیک سەرسام بکات. زووتر مامۆستا هەژار تەرجەمەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی کردبوو، کە ئەم کارەش لە ڕووی قەبارە و ناوەڕۆکەوە بە شاکار و داهێنانێکی تری ئەم زاتە

دەژمێردرێت، لەو ڕووەوە کە ئەسڵی کتێبەکە بە فارسی بە پەخشانێکی ئیجگار زانایانە و ئەدیبانە نووسراوە و کەسی تر جگە لە هەژار نەیدەوێرا خۆی لە تەنگە بدات، هەم بابەتە مێژووییەکان پێویستیان بە جۆرێک دەربڕینی حەماسی و هاندەرانە هەبوو کە تەنها هەژار دەرەقەتی دەهات. لە درێژەی گرنگیدان بە مێژووی کورد، کتێبە بەنرخەکەی مەستوورەی (تاریخ أردلان)یشی کرد بە کوردی و پەراوێزی جوانیشی لەسەر نووسی.

مامۆستا هەژار لایەنی هزری کۆمەڵایەتی و ئایینیشی لە تەرجەمەکانیدا ڕەچاو کردووە، هەربۆیە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا چوار نامیلکەی دکتۆر عەلی شەریعەتی بیرمەند و نووسەر و ئایدۆلۆگی گەورەی ئێرانی بە نەسرێکی موسەجەع وەگێڕایە سەرزمانی کوردی، ئەو نامیلکانەش بریتی بوون لە:

١- دایە باوە کێ خراوە؟.
٢- عیرفان بەرامبەری، ئازادی.
٣- ئارێ برا وا ڕابرا.
٤- یەک لە پەنای خاڵ و سفری بێبرانەوە.

ئەم کتێبانە لەو سەردەمەدا بەنیسبەت لاوانی ڕۆشنبیری کوردەوە تازەو سەرنجڕاکێش بوون و ڕۆڵێکی باشیان بینی لە قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و بۆ سڕینەوەی بیر و بۆچوونە پووچ و ئەفسانە و خورافات، چونکە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە واقیعی کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەڕوانن.

زمانی هەژار بە گشتی زمانێکی دەوڵەمەند و پاراوە و خاوەن ئیقاعێکی مۆسیقایی سەرنجڕاکێشە. لەم ڕووەوە نووسینەکانی بوونەتە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرز، یەک لەوانە تێزی دکتۆرای کەریمی

ئەییوبییە کە پێشکەشی ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی جارانی کردووە بۆ بەدەستهێنانی دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەبدا. بە گوتەی نووسەر و ڕووناکبیر فەلەکەدین کاکەیی، هەژاری موکریانی کۆڵەکەیەکی بزاڤی ڕووناکبیریی کوردی هاوچەرخە، ئەو بیرمەند و پیتۆڵێکی کەلتووریی میلليی کوردە پێش ئەوەی شاعیر و وەرگێڕ و پەخشاننووس بێت.

**هەژاری نوکتەبێژ و قسەخۆش**

کۆمەڵی کوردەواری هەمیشە شانازیکردووە بە کەسانی حازر جواب و نوکتەسەنج و قسەخۆش و مەجلیس ئارا، کە بێگومان یەک لەوانە هەژاری ڕەحمەتی بووە. ئەمەش لایەنێکی تری کەسایەتی هەژاری نەمرە و بۆ ئەوە دەشێت بەدواداچوون و توێژینەوەی تایبەتی لەسەر بکرێت و هەموو نوکتە و قسەخۆشەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا کۆبکرێنەوە.

دیوانەکانی پڕن لە تەنز و لە قسەی نەستەق و بەتام، جگە لەوەی لە ژیانی ئاسایی خۆیدا زۆر قسەی خۆشی لێدەگێڕنەوە (چێشتی مجێور)ەکەی زۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرە و سەرنجڕاکێشی تێدایە. وادیارە مامۆستا ویستوویەتی بەو تەنز و بزە خستنە سەرلێوانە ئەندازەیەک لە رەنج و مەینەتیەکانی خۆی و دەوروبەری کەم بکاتەوە و جاروباریش تانە و توانجێک بگرێتە دیاردەیەکی ناشیرین، وەک ئەمەی لە بەشێکی دیوانی بۆ کوردستاندا هێناویەتی:

**هەڵەی زمان:**

سالێک لە دێیەک کۆلکە فەقێیەک<br>
لەناو کتێبێک دیتی لە جێیەک<br>
دەڵێ شێخ فەرمووی هەتاهەتایە

پێستی پیسی سەگ دەباغی نایە
ئەمەی هەژنۆ جار پاتە کردەوە
پاش ڕەوان کردن ئاوای خوێندەوە
سەگ فەرموویەتی هەتاهەتایە
پێستی پیسی شێخ دەباغی نایە [1]

ئایەتی گۆپاڵ
بۆ سەفەر ئەچوو مەلای مەزموورە
دەشیگوت ڕێگام گوندێکی دوورە
ژنەکەی وتی: ئایەتەلکورسی
بۆتۆ زۆر باشە لە سەگ دەترسی
ئەگەر بۆت هاتن بۆیان بخوێنە
وتی عافرەتێ بەسم بدوێنە
سەگەلی لادێ نەخوێندەوارە
لە قورعان ناگا چارە هەردارە
سوورەی گۆپاڵیان لەسەر دەخوێنم
ئەگەر تێم نەگەن دەمیان دەشکێنم[2]

بە کۆچی مامۆستا هەژار ئەستێرەیەکی پرشنگداری زمان و ئەدەب و حیکمەت و ئەزموونی کوردی کوژایەوە، بەڵام بە بوونی بەرهەم و شاکارەکانی، ناوی ئەو هەتا هەتایە لە مێژووی کورد و ئێران و ڕۆژهەڵاتدا دەدرەوشێتەوە.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەو هەژارەی خۆی بووە سەرمایەیەکی گەورەی نەتەوەیی بۆ کورد.

[1] بۆ کوردستان، ل٣٦٩.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٥٧.

**سەرچاوەکان:**

١- بۆ کوردستان، هەژار، انتشارات هەژار، سنە، پاساژ عیززەتی.

٢- چوارینەکانی خەییام، وەرگێڕاوی مامۆستا هەژار، انتشارات سروش، چاپ سوم، ١٣٨٣.

٣- دیوانی نالی، لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم، تجدید چاپ انتشارات صلاح الدین ایوبی، ١٣٦٤.

٤- سەرجەمی بەرهەمی حەسەن قزڵجی، ئامادەکردنی موحسین قزڵجی، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٥- وەرگیراوی قورئانی پیرۆز، مامۆستا هەژار.

# عەللامەی زەڵمی، هەڵکەوتووی ڕۆژگار

-١-

گفتوگۆکردن لەسەر کەسایەتی زانای گەورەی کوردستان عەللامە موستەفا زەڵمی کارێکی ئاسان نییە، جونکە کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندە و تەمەنێکی درێژ و پڕ لە هەوراز و لێژی بۆ خزمەتکردن بە گەل و ئایین بەسەربردووە و چەندین قۆناغی لە پێگە و جێگەی جیاوازدا تێپەڕاندووە و باش وایە بۆ هەر بوار و پێگەیەک کەسێک توێژینەوەی لەسەر بکات.

بەڵام هێشاکو وەکو ئەوەی پێویستە و چاوەڕوان دەکرێت ئاوڕ لەم زانا مەزنە نەدراوەتەوە و جێی خۆیەتی شێگرد و قوتابیەکانی زیاتر باس لە کەسایەتی و تایبەتمەندییەکانی بۆ نەوەی نوێ بکەن، بۆ ئەوەی شارەزای ئاکاری کەسیی و زانستیی و کۆمەڵایەتی ئەو ببن و ببکەنە نموونەی زیندووی هەڵکەوتوویی بیر و هزر و ئەخلاقی عیلمی.

لە منداڵیمەوە لە ڕێگەی مەرحومی باوکمەوە "مامۆستا شێخ محەمەد بەرزنجی" بە ناوناوبانگی باش و سیفاتی بەرزی ئەم پیاوە ئاشنام، هەر ئەو ساتانە کە باوکم دەیفەرموو: "بەو هەموو زانابییەوە هێشتا خەریکی تەحقیق و بەدواداچوون و موتالآیە."

دەیفەرموو: " بەو هەموو زانستەوە کەسێکی خۆ بەکەم زانە."

دەیفەرموو: "کەسێکی ڕەوشتبەرز و کوردپەروەرە.".....

تەنانەت نامەی دکتۆراکەی و ماستەرەکەی مامۆستا زەڵمی لەلای خۆی دانابوو هەر زانایەک بهاتایە بۆ سەردانی نوسخەیەکی بەدیاری پێ دەبەخشی....

دواتر که چوومه زانکۆی تاران، لەو کتێبانەی پێشنیارم کرد ببێتە پرۆگرامی خوێندن بۆ خوێندکارانی فیقهی شافیعی، کتێبەکەی مامۆستا بوو، بەناوی "أصول الفقه في نسيجه الجديد" کەخوشبەختانە بەڕێز دکتۆر شێخ الاسلامی سەرۆکی بەشی فیقهی شافیعی پەسەندی کرد، چونکە بۆ خۆی لە سەردەمی فەقێیەتیدا جاروبار دەرسی لای مامۆستای زەڵمی خوێندبوو، کە هەردووکیان پێکەوە لە شاری سنەی کوردستان، سوختە و موستەعید بوون... دکتۆر شێخ الاسلامی زۆر یادگاری خۆشی ئەوکاتەی خۆیانی بۆ دەگێڕاینەوە.

دوای ئەوەش لە نامەی دکتۆراکەمدا بەپێویستمزانی باسێکی کورتی مامۆستا زەڵمی بکەم لە ڕیزی ئەو زانایانەی باوەڕیان بە نوێگەری هەیە لە کاروانی فیقهی ئیسلامیدا.

-٢-

ئەوەی لەم ماوە دوورو درێژەدا منی بەم پیاوە سەرسام کردووە، لە چەند خاڵێکدا پوخت دەبێتەوە:

یەکەم: توانای لەڕادەبەدەری لە تەوزیفی زانستەکانی لۆجیک و فەلسەفەی ئیسلامی لە بواری یاسا و هزری یاسایی و فەلسەفەی یاسادا.

دووەم: تێگەیشتنی قوڵ لە ناوەڕۆک و جەوهەری شەریعەتی ئیسلام و هەموو قوتابخانە فیکری و فیقهیەکانی، هەر بۆیە لە بڕیار و بۆچوون و گۆشەنیگاکانیدا هیچ جۆرە دەمارگیری و وابەستەگیەک بە ڕابردوو نابینرێت.

سێیەم: کەسێکە زۆر بڕوای بە تازەگەری و ئیجتیهادی بەردەوام هەیە و لایوایە بزاڤی هزر و ئەندێشەی فیقهی ئیسلامی ناکرێت لە

چوارچێوەی چوار پێنج مەزهەب، یان زیاتردا، قەتیس بکرێت و پێویستە ڕەوتی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتیانە درێژەی پێ بدرێت.

چوارەم: لە هەموو نووسینەکانیدا قورئان و فەرموودەی ڕاست و دروستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) بنەما و پێوەرن و لە سۆنگەی ئەوانەوە بۆ چەمکە جیاوازەکانی ژیان و کۆمەڵگا دەڕوانێت و بەپێی زانست و مەقاصیدی شەریعەت ڕێکاری گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە، بۆ نموونە زۆر گیروگرفتی یاسایی ئەمڕۆ بە دیدگای کراوەی خۆی و بیری مەقاصیدی چارەسەر کردووە، وەکو کێشەکانی ژنان و هەڵگەڕاوەکان و یاسای باری کەسیی.

پێنجەم: ئێستاش ئەو پیاوە مەزنە وێڕای نەخۆشی و تەمەنی زۆر هەر لە بەخشینی زانستی و هزری و عەقڵانی خۆی بەردەوامە و درێژە بە چالاکی و داهێنان دەدات.

لەهەمان کاتدا ئاگاداری خزمان و دۆستان و قوتابیان و ناوچەی هەورامان و شارەزوور و هەموو گەلی کوردستانە و لەڕاستیدا زانکۆیەکی زیندووە کە خوا لە کەسێکدا بەرجەستەی کردووە.

بەلای منەوە کەسایەتی عەللامە زەڵمی کەسایەتیەکی مەوسوعی فرە ڕەهەندە، ئەو لە یەک کاتدا شەریعەتزان، یاسازان، فەیلەسوف و موتەکەللیم و بیرمەندیشە، کەسێکی وایە هەموو شەیدایەکی ئەدەب و زانست لەخزمەتیا فێری عەقڵ و ژیان و حیکمەت و زانست دەبێ.

لە کەسایەتی مامۆستا زەڵمیدا ڕەسەنایەتی مودەڕیس و نۆدشی و نوێگەرایی قەڕزاوی و عەبدولکەریم زەیدان و هەڵکەوتوویی یاسایی سنهوری و زەرقا بەرجەستە بووە.

لە خوای گەورە داواکارم ئەم کەسایەتییە مەزنە بە تەندروستی و بەختەوەریی و تەمەنێکی زیاترەوە خۆری وجودی درەوشاوەتر بێت.

# سەججادی، بیرێکی گەورە و قەڵەمێکی نەمر

لە سەرەتای هۆگربوونمەوە بە وشە و فەرهەنگی کوردی، بە عەلائەددین سەججادی ئاشنا بووم و لە ڕێگای ئەوەوە هاتمە ناو جیهانی فراوانی ئەدەب و شیعری کوردی. ئەوەی ئەمڕۆ مایەی سەرنج و تێڕامانە و وردبوونەوەیە لە کەسایەتی زانستی و ئەدەبی مامۆستا سەججادی و ڕۆڵی مێژوویی ئەو لە خزمەت بە زمان و ئەدەب و کەلتووری کوردیدا. کاتێک باس لە سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردی و شکۆفەکردنی نووسین بە زمانی کوردی دەکرێت، بێ یەک و دوو ناوی سەججادی و بەرهەمەکانی ئەو بە خەیاڵدانی مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت، بەتایبەت مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی ئەو، کە بە شایەدی کەسانی ورد و شارەزا، تائێستاش یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی میللەتەکەمان.

سەججادی نەمر لە تافی لاوێتییەوە هۆگری ئەم بوارە و ڕێبواری ئەم کاروانە بووە، هەربۆیە لە زێدی خۆی (سنە) ی مەڵبەندی کوردستانی ئێرانەوە، دوای فێربوونی سەرەتاکانی زمان و ئەدەبی فارسی و عەرەبی، ڕوو لە شار و دێهاتەکانی کوردستانی باشوور دەکات و سەرەنجام دەچێتە بەغدا و لای زانایانی ئەو سەردەمەی ئەوێ درێژە بە خوێندن دەدا، بەڵام بۆ وەرگرتنی ئیجازەی عیلمی دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە خزمەت مامۆستا شێخ بابەعەلی تەکیەییدا مۆڵەتنامەی زانستی وەردەگرێت. ئەم مامۆستایە لە ناو مەلاکانی کوردستاندا بە وردەکاری و قسەی خۆش و نەستەق و حازر جەوابی مەشهوور بووە.

بەشی زۆری سەلیقەی زمانەوانی و ئەدەبی مامۆستا دەگەڕێتەوە بۆ توانای زانستی و ئەدەبی مامۆستاکانی، وەک لە ژیاننامەکەیدا بەرچاو

دەکەوێت. شێخ نووری شێخ بابەعەلی (کە بێگومان یەکێک بووە لە مامۆستاکانی) بۆ خۆی شاعیر و عەرووززان بووە و باشترین شەرحی لە سەر مەنزوومەی عەرووزیی شێخ مەعرووفی نۆدێ نووسیوە، شێخ عومەری ئیبنولقەرەداغی کە لەو سەردەمەدا سەردەستەی زانایانی دەڤەری سلێمانی بووە، باشترین ڕاڤەکاری زانستەکانی مەنتیق و سەرف و نەحوو بووە.

لە بەغدا لای دوو هەڵکەوتووی ڕۆژگار شێخ ئەمجەد زەهاوی و مەلا محەمەدی قزڵجی، قۆناغە بەرزەکانی زانستی مەعقوول و مەنقوولی بڕیوە. لەوێوە کانیاوی هونەر و ئەدەبیاتی تەقیوە، لە کەسایەتی ئەودا ڕەهەندەکانی زانستی شەریعەت و زمان و ڕەوانبێژی و مێژوونووسی و ڕۆژنامەنووسی کۆبوونەتەوە.

لە کۆڕی زانیاری کورددا، سەجادی کۆڵەکەیەکی گەورە و بناغەدانەری زمانی ئەدەبیی و ڕێنووسی یەکگرتووی کورد بووە، کتێبەکانی کە نزیکەی ٣٠ کتێبی بەنرخن، تا هەنووکەش لە بابی خۆیاندا تاقانە و دانسقەن و بەشەکانی زمان و ئەدەبی کوردی زانکۆکانی پێدەبووژێتەوە. هەرکام لە کتێبەکانی بگریت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەیت بۆت دەردەکەوێت، کە ئەو بەبێ سەرچاوە هیچی نەنووسیوە، هەربۆیە بەرهەمەکانی بەپێز و خاوەن نرخی زانستین، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا پتر لە ٨٠ سەرچاوەی بەکارهێناوە و بەشێوەیەکی مەیدانی گەڕاوە بە دوای داتا و ڕووداوەکاندا، بە هەمان شێوە لە دەقەکانی ئەدەبی کوردیدا پشتی بە دەستنووس و دۆکیۆمێنتی مێژوویی بەستووە و ویستوویەتی بیسەلمێنێت کە کورد دەقی ئەدەبی شیعر و پەخشانی ڕەسەنی هەیە و گەلێکی سەربەخۆیە لە عەرەب و فارس و تورک، کە ئەمە پوختە و جەوهەری خەباتی سیاسی و بزووتنەوەی کوردایەتییە لە هەموو چاخ و زەمانێکدا.

کـورد جـگە لە ئەدەبـی نووسـراو، خـاوەنی نەریـت و کەلتـوور و فۆلکلۆری تایبەتە و ئەم ڕاستییەشی لە پەڕاوی گرانقەدری (کوردواری) دا، بە زمـانێکی پـاراوی بێگـرێ بەرجەسـتە کـردووە، لە هەمـان کاتـدا ئەوەشی لەبیر نەکردووە، کە هەمـوو گەلێکی زیندوو پێویسـتە خـاوەنی قسـەی خـۆش و کۆمیـدیا و گـاڵتە وگەپ بێـت، لەم ڕوانـگەوە ٨ بەرگـی (ڕشتەی مرواری) کۆکردووەتەوە و بە چاپگەیاندووە. بەڕاسـتی بەدوور لە بیرکردنەوەی هەندێک مەلای وشک و بێئاگا لە واقیعی ژیانی ئەدەبی توانیویەتی زۆر قسـە و ڕووداوی عەنتیکە و نەسـتەقی نـاو کوردەواری بە نەمریی بهێڵێتەوە.

سـەجادی ئاگـاداری بـاری سیاسـی گەلەکەشـی بـووە، لەو پێنـاوەدا زەحمەتــی زۆری کێشــاوە و ڕووبەڕووی فشــاری دوژمنــانی کــورد بـووەتەوە، بـۆ زینـدووڕاگرتنی ئەم ئینتیمـا سیاسـییە لای خـۆی و لای خەڵکی دیش (مێژووی شۆڕشـەکانی کورد)ی نووسـیوە. ئەم کتێبەی بە یەکێـک لە سـەرچاوە ڕەسـەنەکانی مێـژووی کـورد نـاوزەد دەکرێـت و توانیـویەتی دەرەنجـامی گرنـگ لە ڕووداوە مێژووییەکـان وەربگرێـت. سـەجادی جـگە لە نووسـینی مێـژووی ئەدەب، بـۆ خۆیشـی خـاوەنی بەرهەمی ئەدەبییە وەک ئەو کۆمەڵە چیرۆکەی بەنـاوی (هەمیشـە بەهـار) لە ساڵی ١٩٦٠ دا بڵاوی کردەوە.

لە زنجیـرە کـارە گرنگەکـانی سـەجادی، دەتـوانین ئامـاژە بـۆ سـێ کتێبی تری بکەین، یەکەمیان کتێبی (نرخ شوناسی)یە، کە یەکەمـین کتێبە لە بـارەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، دووەمـین (خۆشـخوانی)یە، سـەبارەت بە زانسـتەکانی ڕەوانبێـژی، لەم کتێـبەدا هەوڵیـداوە هاوتاسـازی بـۆ زاراوەکـانی زانسـتی بەلاغەی عەرەبـی ئەنجامبـدات و تـا ڕادەیـەکیش سـەرکەوتوو بـووە، سـێیەم کتێـب (مێـژووی پەخشـانی کـوردی)یە، کە

ساڵی ٢٠٠٠ دەزگای ئاراس بڵاوی کردەوە و ژێدەرێکی زۆر باشە بۆ خوێندکاران و توێژەران.

لە بواری لێکدانەوەی دەقی ئەدەبیشدا، دەمەوێت ئاماژە بۆ دوو بەرهەمی دیکەی مامۆستا بکەم:

یەکەمیان: دوو چامەکەی نالی و سالم، کە تێیدا خوێندنەوەیەکی زانایانە بۆ هەردوو چامە شیعرییە مێژووییەکی مەلا خدری نالی و ئەوڕەحمان بەگی سالم دەکات.

دووەمیان: سۆفیزم لە شیعری کوردیدا، کە لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری کۆڕدا ساڵی ١٩٧٨ بڵاوی کردەوە.

ئەم دوو کارەی دەلالەت دەکات لە سەر بیر و هزر و ئاستی لێکدانەوەی ڕەخنەگرانەی مامۆستا.

سەجادی لە هەمان کاتدا رۆژنامەنووسێکی دیار و بەرجەستە بووە، توانی دوو گۆڤاری (گەلاوێژ) و (نزار) دەربچوێنێت، بۆ خزمەت بە ڕەوتی هەڵکشاوی بیر و کەلتووری کوردی، بۆ خۆی چەندین وتاری تێدا بڵاو کردەوە و شانازییەکی ترن بۆ مێژووی بزاڤی ڕووناکبیری.

ئەوەی مایەی سەرنجە لە کاروانی ژیانی ئەم زانا ڕووناکبیرە گەورەیەدا، گرنگیدانیەتی بە تۆماری مێژوو، لە پێگەیاندنی تاک و نەتەوە و باڵاکردنی هەستی ئینتیما بۆ خاک و بۆ وڵات، هەربۆیە گۆشەیەکی لە هەردوو گۆڤاری گەلاوێژ و نزاردا تەرخانکردبوو بۆ مێژوو بە گشتی و مێژووی کورد بەتایبەتی. هەمیشە بانگێشەی ئەوەی دەکرد کە پێویستە ڕۆژ بە ڕۆژ خوێندنەوەی نوێ بۆ مێژوو بکرێت. لە ڕووی خەسڵەتە مرۆییەکانیشەوە مامۆستای سەجادی نموونەی کەسایەتی ڕاستگۆ و دڵسۆز و بەڕێز و عالیجەناب بووە، کە هەمیشە داوای برایەتی و خۆشەویستی و دادگەری کردووە بۆ هەموو مرۆڤێک، هەربۆیە تا دێ لەبەرچاوی گەلەکەیدا گەورەتر دەبێت و وەک لوتکەیەکی زانست و

ئەدەب و ڕووناکبیری ئەژمار دەکرێت. ئەوەی گوتمان و نووسیمان کەمترین جۆرە لە وەفا بۆ سەجادی زانا و دانا و مێژوونووس و ڕەخنەگر و ڕۆژنامەنووس، بۆ ئەو بیرە مەزن و قەڵەمە نەمرەی بە مێزەری سپیەوە، بە فرووتەنی و تەوازوعیەوە، خزمەتی بە گەلە کەی و ئاینەکەی و کەلەپوورەکەی کرد و بەبێ موبالەغە لە تۆماری گەورە پیاوانی کورد و کوردستاندا ناوی بە جوانی و بە گەورەیی دەنووسرێتەوە. گیانی شاد و سەوز و ڕێگاکەشی پر ڕێبوار و هەتا سەر بێت.

## له ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستای زانا و نووسەری دانای کورد: (ئەحمەد کاکە مەحموود)دا، پەیڤێک بۆ قەدردانی لە مەلای کورد

زۆر جار لە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، کە باسی زانای ئاینی دەکرێت، بە زمانێک و بە دەربڕینێکی دوور لە راستی و دادگەری گوزارشت، لەم کاراکتەرە گرنگەی ناو کۆمەڵگای مسوڵمان دەکرێت و تەنانەت لە ناو حیزبە ئیسلامییەکاندا وەکوو پێویست قەدر و حورمەتی لێناگیرێت، وەک بڵێیت قەدر نەگرتن لە (مامۆستا) بووبێتە خاڵی هاوبەشی ناو (سیاسی و سیاساوییەکان). غافڵ لەوەی زانای ئاینی (راستەقینە) وەک ئەوەی لە میراسی فەرهەنگیی و ئەدەبیماندا نەقشی بەستووە، هەمیشە سەردەستەی کەسانی ژیر و زانا و ئەدیب و نووسەر و هەڵکەوتوو بووە. بەشێک لەم بێ میهری و کەم لوتفییەی خەڵکی (رۆشنبیر) وابەستەیە، بە (کەمتەرخەمی) و (سەنگەر چۆڵکردنی) مامۆستایان خۆیان، و خۆدوورخستنەوەیان لە کایە فەرهەنگی و سیاسی و رووناکبیرییەکان، کە دیارە (شەقی زەمان) و (پیلانی) دەسەڵاتدارانیش کاریگەریی زۆریان لەسەر ئەم وێناکردنە سەلبییە هەبوە. ئەم نووسینە پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی تتائێستاش نازانن (مەلا)ی کورد کێ بووە و کێیە و مەلای (تەواو) دەتوانێت چ رۆڵێکی هەبێت لە بنیاتنانی کۆمەڵ و خزمەت بە گەل و بەرگریی لە بوون و شوناس. بە تایبەتی بۆ ئەو (کۆلکە خوێندەوار) و (فەریکە رۆشنبیرانە)ی، بێباکانە بە تەوسەوە پلار و بەرد دەگرنە زانای ئاینی و بە وشەی(مەلا)، کە دیارە لە چەمکە بنەرەتییەکیەوە گۆڕێنراوە، وەسفی دەکەن. بێئاگا لەوەی مەلایەتی لەکاتی خۆیدا پلەیەکی زانستی و مەعریفی بەرز بووە و تەحەددای هەموو رۆشنبیرانی سەر ساحەی کوردستان دەکەم هەر هەموویان بە ئەندازەی (مەلای گەورە) بیارە و

(حاجی مامۆستا)ی نۆدشە و (ئیبنوئادەمی باڵەکی) و (مەلا گچکەی هەولێر) و (مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی) و (مەولانا خالید) باری مەعریفی زانستی و ئەدەبییان پێبێت.

ئیتر باباسی (مەلای گەورەی کۆیە) هەر نەکەین، کە لەسەردەمی خۆیدا، ریفۆرمخواز، شاعیر، فەیلەسووف، موتەکەللیم، زمانەوان و پێشەوای میللیی گەلەکەی بووە. لەسەردەمێکدا کە کەس ئاگای لە کاریگەریی وشەو زمان نەبووە، (مەلای کورد) خاوەنی (دیوان) و (دەوات) و (قەڵەم) بووە و (رشتەی مرواری) و (فەرهەنگی خاڵ) و (ئەحمەدی) و (دووڕشتە)ی نووسیوە.

(سەیید ئەحمەد فائیز) لە ئەستەمبووڵ ئەندامی ئەنجومەنی بالای مەعاریف بووە و شاکاری (كنز اللسن) ی بە یادگار بۆ بەجێهێشتووین. (مەلا خدری نالی) لە مەککە بووەتە (مەرجیعی) زمانەوانی و سەفیری (عولەمای کوردستان بووە، لە ناو زانایانی (حەرەمەین) دا.

(مەلا مەحموودی حەمزاوی) موفتی شام بووە و تەفسیری بێ نوقتەی لە قورئان کردووە، لە دووبەرگی گەورەدا، کە کارێکی ئێجگار سەرسوڕهێنەرە، لە رووی ئەدەبی و عیرفانییەوە.

شانازییە ئەدەبی و کەلتوورییەکانی ئێمە لە سەرەتای (خۆناسین)ی کورد و (دەفتەر نووسین) ەوە، زۆرینەی زۆری، لە حوجرەکانی کوردستاندا بەرهەمهاتووە، لەو حوجرانەدا هەرکەسێک کەمێکیشی خوێندبێ، دوایی لە زمان و ئەدەبیاتدا لە (مەکتەبلییەکان) پڕتر و زاناتربووە. بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە، هەموو پێشەواکانی ئەدەبیات و شیعری نوێی کوردی، پەروەردەی بەردەستی زانایانی حوجرە و فەقێ هەژار و لانەوازەکانی ناو مزگەوتەکانی کوردستان بوون، (عەبدوڵڵا بەگی گۆران)، فایەق بێکەس، قانیع، زێوەر، پیرەمێرد، هەردی، شێخ نووری شێخ ساڵح و دەیان و سەدانی تر لە نووسەرانی هەر چوار

پـارچەی کوردسـتان، ئەگەر لاپەڕەکـانی ژیانیـان هەڵـدەینەوە، دەبینـین سـەرەتا بە کەلتـوور وفەرهەنـگ و ئەدەبیـاتی حوجرەکـان زمانیـان پـڕاوە.هەژاری موکریـانی و هێمنـی هـاوڕێی ئەو ئەدەبە بەرز و زمانەپاراوەیان لە کوێوە هێنا؟ و کێ فێری کردن؟ زەبیحی و قزڵجی و موفتیزادە کێ فێری فەرهەنگ نووسین و مەولەویناسی و پێکەنینی گەدای کردن؟ ئەم قسانە تەنها مشتێکن لە خەرواری ئەو ڕۆڵە بنەڕەتی و دامەزرێنەرەی زانایانی مزگەوت بە گەلی کوردیان کردووە. ئەو زانایانەی بە تەوازوع و تەسـاموحێکی زۆرەوە، هەم پەیامـداری ئیسـلامەتی و هەم مەشـخەڵداری زانسـت و ڕووناکبیری و هەم عەلەمداری شۆڕش و بەرخۆدان بوون. هەربۆیە کەمکردنەوە لە نرخ و بایەخیان، لە ڕاستیدا بە مانای سڕینەوەی شوناسی ڕاستەقینەی گەلی کوردە لە تۆماری مێژووی گەلانی ڕۆژهەلاتدا.

لەم ڕوانـگەوە پێویسـتە بـڕوانینە میـژووی رابـوونی ئیسـلامی کوردستان، کە بەبێ پێچ و پەنا درێژەی کاروانی سپی و سەوزی زانا گەورەکـانی پێشـوومانە لە هەرسێ ڕەهەندی ئاینداری و سیاسـەت و کەلتـوور دا. رابـوونی ئیسـلامی دووبـارە گێـڕانەوەی پـێگەی زانایـانی ئاینییە، بۆ کاریگەربوون لەسەر ئاکار و ئاینی خەڵک، لەسەر سیاسـەتی وڵات و لەسەر رەوتی هۆشیاری و ڕووناکبیریی نەوەی نوێ.

لە بنەڕەتدا ئەم بزاڤە بۆ ئەوە دروسـتبوو، کە ئەم گەلە لە هەمـوو ڕوویەکەوە سەربەخۆ بێت، لە تێگەیشتنی چەمکەکانی ئیسلامدا نەرۆین بۆ فتـوای دەرەوەی کوردسـتان و خۆمـان مـوفتی و حەکیمـی حاڵی خۆمان و باری دینداری خۆمان بین. لە سیاسـەتدا سـەربەخۆو خـاوەنی ئیرادە و ئیدارەی خۆماڵی بین، لە کەلتوور و ئەدەبیشدا خودانی ئەدەب و فەرهەنگی رەسەن و سەربەخۆبین. چاولێکەر و لاساکەرەوەی تووتی ئاسـا نەبـین. ئەگەر سیاسـییەکان، ئەدیبەکـان، دینـدارەکان، بە باشـی

سوودیان لەم رابوونە وەرگرتبا، دەستباریان گرتبا و ڕێزیان لە مەلای ڕاستەقینەی کورد وەکوو پێویست گرتبا، بە دڵنیایی کارمان هەنووکە لە هەموو ڕوویەکەوە باشتر دەبوو. ئەو دەستەبەندی و ریزبەندییە سیاسییە دەستکرد و نامۆیە پێشنەدەهات و ئەو هەموو پێشهاتە ناهەموارە نەگونجاوەش رووی نەدەدا.

من ناڵێم هەموو (مەلایانی کوردستان) بە پێی مەرج و مواصەفاتی زانا پێشینە گەورەکانن، بەڵام خۆ هەرهەموویان ئەو ویست و تمووحەیان هەیە رێبوارێکی ئەو ڕێگایە بن و زۆربەشیان ئەوەندە تەوازوع و تەساموحیان هەیە، کە لەو کەسانەی زاناتر و داناترن فێری ئیتیکی خوێندنەوە و نووسین و توێژینەوە بن.

لە ساڵیادی کۆچی دوایی زانای ئاینی و نووسەری خامە ڕەنگینی رابوونی ئیسلامی (مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود) دا دەمەوێت جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەمەوە، کە ئەم پیاوە نموونەیەکی بەرجەستەی زانای سەردەمیانەی بە هەڵوێست و بوێر بوو، ئیمتیدادی زانایانی پێشین و سەردەستەی زانا گەنجەکانی هاوتەمەنی بوو، لە دووبارە گەڕانەوە بۆ تەدوین و توێژینەوە و خزمەت بە زمان و فەرهەنگ. تەفسیری رامانی نووسی، وەک بڕوایەکی لەبنەهاتوو بە پەیوەستبوونی پەیامی ئیسلامەتی و ئینتیمای نەتەوایەتی.لەم تەفسیرەدا تێکۆشاوە، بیر و بڕوا ئاینییەکان بەلۆجیکی سەردەمیانە و زمانێکی کوردی پاراو دابڕێژێت. بە حوکمی ئەوەش لە قۆناغی کامڵبوونی تەمەنی هزری خۆیدا ئەم بەرهەمەی نووسیوە، هەستدەکەین، پوختەی ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەسایەتی شەخسی خۆیی تێدا تۆمار کردووە.

ئەوەی کە گرنگە لەم وتارەدا ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە ئەم زانا ئاینییە لە کوێ خوێندی و چی خوێند؟ لەکام زانکۆ فێری ئەو زمانە

بوو؟ لەچ کانگایەکەوە ئەم بەهرەیەی تەقیبەوە؟ بۆچی زانکۆکانمان بەو هەموو پلان و بەرنامە و مامۆستا و ئیمکاناتەوە، بەو هەموو ئیددیعا و فەلسەفەلێدانەوە، لە بەشەکانی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و فیقهو یاسا ومێژوو دا تەنانەت لە قۆناغەکانی ماستەر و دکتۆراشدا ناتوانن، نووسەر و زانای وەها، بەو بارە زانستی و مەعریفییەو بەو سەنگە سیاسی و کەسایەتییە دامەزراوەوە پەروەردە ناکەن؟

من نالێم: مامۆستا ئەحمەد رەخنە لێناگیرێت و هیچ کەم و کورتییەک لە سیرەی ژیانیدا یان لە هەڵوێست وکارەکانیدا نەبوە، چونکە هەر کەسێک بگریت هەندێک خاڵی لاواز، لە تۆماری ژیانیدا دەدۆزیتەوە. بەڵام کاتێک ئەم (مەلا) حوجرەدیدە و ئیمامی مزگەوتە بەراورد دەکەم بە رۆشنبیران و دەرچووانی دەرەوەی مزگەوت و هەموو ئەو کەسانەی لەقەبی گەورە و بروانامەی گەورەیان هەیە، هەستدەکەم مامۆستا ئەحمەد شتێکی ترە ! ئەم لە کوێ و ئەوان لە کوێ؟ کاتێک بە دوای راز و سەبەبی ئەم موفارەقە و جیاوازییەدا دەڕۆم، دەبینم دەگەڕێتەوە بۆ دووسەبەبی سەرەکی:

یەکەم: ئەو کاریگەرییەی مەدرەسەی قورئان و پەیامی ئاینپەروەرانەی ئیسلام، لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤ هەیەتی، بە جۆرێکی وا کە ماهییەتی ئەو ساغ دەکاتەوە و مرۆڤێکی نەوعیی لێدروستدەکات.

دووەم: بەهێزیی ئەو مەنهەجە پەروەردەییەی کە لە حوجرەکانی کوردستان پەیڕەو کراوە، کە خوێندکار بۆ خۆی بە دوای مامۆستا و مودەرریسدا دەگەڕا و بەوردی کتێبە مەنهەجییەکانی دەخوێند و هەوڵیدەدا لە هەموو رشتە زیندووەکانی زمان و ئەدەب و مەنتیق و کەلام و اصول و فیقهو تەشریع و مێژووی ئیسلامی و ئینشا و موراسەلات، شارەزا و بەهرەمەندبێت. بە رەچاو کردنی ئەو راستییانەی

سەرەوە پێویستە نەوەی نوێی کوردستان، وێنای راستەقینەی مەلای کورد لە نموونەی زیندووی کەسانی وەک مامۆستا ئەحمەدەوە بکەن، بۆ ئەوەی هەڵە کوشندەکان دووبارە نەکەنەوە.

مەلای کورد هەرچی بێت، دەتوانێت مەرجیعی ئاینی و فیقهی و ئەخلاقی گەلەکەی بێت، مەرجیعێکی باشتر لەو موفتییە عەرەب و موفەککیرە داغنەدیدانەی بە بێ ئاگاداری لە واقیعی کوردستان فتوای ئامادەمان بۆ دەنێرن و هەموو میراسی و عیلمی و ئاینی و فیقهیمان دەسڕنەوە و مافی پێشەوایەتی بە زانایانی خۆمان نادەن. لە هەمان کاتدا مەلای کورد بۆ نووسەران و ئەدیبانی کوردستان ڕێنمایەکی باشترن لەو خۆرهەڵاتناس و بەناو موفەککیرانەی لەسەر خوانی فەیلەسووفانی خۆرئاوای کەچدیدەی بەدوور لە مەعریفەی قورئانی، دەیانەوێت لە هەموو رابردووی خۆمان لە میراتی فەرهەنگیمان بێگانە و یاخی ببین.

باسیاسییەکانیش بە ئیسلامی و نائیسلامیشەوە، جارێکی تر بگەڕینەوە بۆ بایەخدان بە عەقڵ و ژیری و زانستەکانی ناو حوجرەکانی کوردستان، گرەنتییان دەدەمێ، کە بەهرەی زۆریان لە خزمەت زانایانی ئاینی دەستبکەوێت، و بیریان بکەوێتەوە، بە تەنها دانیشتن لەگەڵ مەلایەکی خواناس و زانای کورد بۆ یان لە سەد کۆرسی وڵاتانی دیکە بەسوود تر بە ئەنجامترە!

## پە یمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی

دامەزراوەیەکی فیکریی ئیسلامیی ڕۆشنبیریی سەربەخۆیە، لە سەرەتای سەدەی پانزەیەمی کۆچی (١٤٠١ك ـ ١٩٨١ز) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزراوە، تا کار بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

ـ فەراهەمهێنانی تێڕوانینی گشتگیرانەی ئیسلام، لەپێناو تەئسیلکردنی مەسەلە هەنووکەییەکانی ئیسلام و ڕوونکردنەوەیان، هەروەها لەپێناو پێکەوەگرێدانی بەش و لقەکان بە هەمەکییەکان (الكليات) و مەبەست و ئامانجە گشتییەکانی ئیسلام.

ـ گێڕانەوەی ناسنامەی فیکریی و ڕۆشنبیریی و ژیاریی بۆ ئوممەی ئیسلامی، ئەویش لە میانەی چەند هەوڵ و کۆششێکی بەئیسلامکردنی زانستە مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەرکردنی مەسەلەکانی فیکری ئیسلامی.

ـ چاکسازی لە پرۆگرامەکانی فیکری ئیسلامی هاوچەرخدا، بۆ ئەوەی ئوممەی ئیسلامی توانای دووبارە گەڕاندنەوەی شێوە ژیانە ئیسلامییەکەی خۆی و هەروەها ڕۆڵی خۆی لە ئاڕاستەکردنی کاروانی ژیاریی مرۆڤایەتی و بەرچاوڕۆشنکردنی و گرێدانی بە بەها و ئامانجەکانی ئیسلامەوە، هەبێت.

پەیمانگا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چەند هۆکارێک دەگرێتەبەر لەوانەش:

ـ بەستنی کۆنگرە و سیمیناری زانستی.

ـ هاوکاریی هەوڵ و کۆششی زانا توێژەرەوەکانی زانکۆ و بنکەکانی توێژینەوەی زانستیی و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە زانستییە نایابەکان.

ـ ئاڕاستەکردنی توێژینەوە زانستی و ئەکادیمییەکان لەپێناو خزمەتکردن بە فیکر و مەعریفە.

هەروەها پەیمانگا چەند نووسینگە و لقێکی لە پایتەختی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی تریش هەیە، کە لە ڕێگەیانەوە کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئەنجام دەدات، هەروەها چەند ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ ژمارەیەک زانکۆی عەرەبی و ئیسلامیی و خۆرئاوایی لە سەرانسەری جیهاندا بۆ هاوکاریی زانستی هاوبەش، هەیە.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەلایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

### بوارەکانی کارکردن:

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.